لینکی کتێبخانەی کوردستانی سوور
https://t.me/Red_Kurdistan_Library

# ناوەرۆک


وەڵامێک بۆ یەک نامە.......... ٧
کـورسـان.......... ٩
باڵەوازە.......... ٣٣
خەبات.......... ٤٠
پەروەندەی بارمتەگرتن.......... ٥٩
زیندان.......... ٦٦
قەڵشێک لە دیواردا.......... ٨٤
شۆڕش.......... ٩١
کـوردستـان.......... ٩٧
شەڕی سێ مانگە.......... ١٠١
وەرچەرخان.......... ١١٤
پشوو.......... ١١٨
تێکچوونی هەلومەرج.......... ١٢٨
شەڕی هەتاهەتایی.......... ١٣٠
بوون و نەبوون.......... ١٣٧
شەڕ و ناسیاری.......... ١٤٠
یەکەم کەرتبوون لە حیزبی دێمۆکراتدا.......... ١٤٧
شەڕی ئێران و عێراق.......... ١٤٨
شەڕی نێوخۆ.......... ١٦٥
دەورانی داهێزان.......... ١٧٣

کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق........................................................١٧٩
تێرۆرکردنی دوکتور قاسملو.........................................................١٨٢
شەڕی کوەیت.........................................................................١٨٨
کارەساتی برلین.......................................................................١٩١
هەندەران...............................................................................١٩٣
سۆڤیەت.................................................................................٢٠١
هەرێمی کوردستان.....................................................................٢١٤
داگیرکردنی عێراق.....................................................................٢٢١
سەفەری کوردستانی باشوور..........................................................٢٢٨
چاوهەتەری کێشەی نەتەوایەتی.......................................................٢٤٥
بڵاوکراوەکانی ئەم قەڵەمە..............................................................٢٥٤

لینکی کتێبخانەی کوردستانی سوور
https://t.me/Red_Kurdistan_Library

«کێشـــەی ئەم دنیـــا ئەوەیە کە پـــڕە لە ناتەبـــایی. جەنایەتکـار لە کورسـی دادوەری دانیشـتووە و قوربـانی لە زینداندایە. درۆزن سواری دەوڵەتە و راستی وەکوو نەخۆشێک لە دواگەڕیدایە . زانستکاران زینـدانین و دز ئازادە . نەزان کورسیی مامۆستایی پێشکەش دەکرێ و زانـا پشـتگوێ دەخـرێ. تەنـبەڵ خـاوەن سـەرمایەیە و گـارگەر هیچـی نیـیە . کەمیـنە فەرمـان دەدا و زۆریـنە بەڕێوەی دەبا. ئەوەی زۆری هەیە، زیـاتر دەبا و ئەوەی کەمی هەیە، بێ بەشە. خراپ خەڵات دەکرێ و چاک جەزا دەدرێ.»

**[مارکوس فەرماندەی جووڵانەوەی زاپاتیستی[*]]**

[*۳۳] وەرگیراو لە کتێبی "ئاگر و کەلام" گلوریا مونیوز/ وەرگێڕان بهرام قدیمی/ بڵاوکروەی ربلدییا

لینکی کتێبخانەی کوردستانی سوور
https://t.me/Red_Kurdistan_Library

## وەڵامێک بۆ یەک نامە

*ئێوارەیە و لە هاتوچۆی نێو کۆڵان و شەقامەکان دێمەوە. ناویشم لێی ناوە پیاسە. بیرم لە نامەکەت دەکردەوە و ئەو وەڵامانەی کە دەبێ، یان نابێ، بیاندەمەوە. تۆ لە رابردوویەک دەگەڕێی منی تێدا ببینییەوە و رەنگە لەوێوە خۆت پێناسە بکەی. من کێم؟ بۆ لێرەم و لە شوێنێکی تر نیم. چ بووە کە ژیانی ئێمە وای لێ هاتووە و...*

*رازی پێشکەوتنی مرۆڤ هەر لەمەدایە. کە بەرەی لاو دەیەوێ خۆی بناسێتەوە و هۆی چۆنیەتیی ژیان تێبگا، بەڵام بەرەی ئێمە کەمتر لە بیری تێگەییشتنی هەلومەرجی ژیانی ئێوەدایە. رەنگە وا بیر بکاتەوە کە بە کەڵکی ئەو نەیێت. رەنگە ماندوو بێ یان لە تێنەگەییشتن بترسێ. بە داخەوە هەموو کاتێک هەر بەرەی روو بە رۆژئاوای ژیانە کە کۆمەڵی بە دەستەوەیە و لە کورسیی دەسەڵات دانیشتووە و بە ئاسانی مەیدان چۆڵ ناکا. بەرەیەک کە لە رابردوودا دەژی.*

*ئەو کاتەی کە هەنگاوەکان قورس دەبن، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا خەیاڵیک دەتبات و بیرەوەرییەک بزەیەکت بەسەر لێوەوە دەنەخشێنێ، یان ئەگەر تاڵە نێوچاوانت گرژ دەکات. خۆتی لەگەڵ خۆت، تەنیا، نە خەیاڵەکان و نە هەنگاوەکان، نە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان، تەنانەت نە ئەو کورسییە تاک کەوتووەی بەر چایخانەش، هیچیان تەنیاییەکەت ناشکێنن. جار ژانێک دڵت دەگووشێ، جار کزەیەک بە جەرگتدا دێ، ژانی زانین و نەگوتن، دەردی نەزانین و کرداری نابەجێ، ئەو گوتانەی کە نەدەبوو گوترابان و ئەو کردارانەی کە دەبوو و هەل نەبوو بکرێن، هەلی لە دەست چوو، نەمانی مەودا، ئەمانەن هەنگاوەکان قورس*

*دەکەن، ئاوا بوونی خۆرت لێ تاڵ دەکەن و ئەتۆش نازانی لەگەڵ شەو چ بکەی. شەوێکی چڵکن کە کۆتایی نایێ.*

*نا، نامەوێ بیرەوەری بگێرمەوە. بیرەوەرییەکان تەنیا ئەو بەشەیان بە کار دێن کە ئاکامی رووداوەکانن. ئاخۆ رووداوێک یان بەسەرهاتێک چ گۆڕانێکی بە بیر و بۆچوونی مندا هێناوە و بۆ ئەمرۆی تۆ کەڵکی چییە. قسە هەزارە یەکی بەکارە). گرنگ ئەوەیە کە هەر چێکمان پێ دروست بوو تا ئەو جێگا کە توانامان هەبوو شانمان بە بەریەوە دا. ئەوەی کە نەمانتوانی بوردنخوازیی پێ ناوێ) چونکە خۆمان یەکەم قوربانییەکەی بووین.*

لینکی کتێبخانەی کوردستانی سوور
https://t.me/Red_Kurdistan_Library

# کــورســان

ئێمـەی کـورد لە پڕکێشـەترین بەشـی دنیـادا دەژیـن. ڕۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت. لـە ڕاستیدا نێوەڕاستی دنیایە، چونکە لەسـەر گـەنجێک هەڵکـەوتووە کـە دووسـەد ساڵە مـرۆڤ سـەرمایەی لەسـەر داناوە. «نـەوت». هـەموو ئـەو تەکنۆلۆژییـە کـە ئـەورۆ مرۆڤ، بڵێین خاوەن تەکنۆلۆژییەکان، شانازیی پێوە دەکەن بە نەوت هەڵدەسووڕێ. زیاتر لە حەفتا لەسەدی کەلوپەلی ژیانی ئەورۆیی لە نەوت پێک دەهێنرێ. نـەوت وەکوو خوێنە لە دەمارەکانی جەستەی دنیادا. بێ هۆ نییـە شـەڕی لەسـەر دەکرێ. وڵاتـە پیشـەییەکان کـە بەشـێکی زۆریـان بـۆ خۆیـان نـەوتیان نییـە، ڕاسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ (بـە هـۆی دەوڵەتـە ملکەچەکانیـان لـە وڵاتـە نەوتییەکانـدا) نەوتەکـەیان بـردووە. نـەوت کارخانـەکان دەگێـڕێ، کارخانە بەرهـەم دەدا و بەرهەمەکـە دەبێ بفرۆشرێ! بە کێ؟ بەوەی کـە پارەی هەیـە. ئـەویش وڵاتـە نەوتییـەکانن. یانێ ئـەو بـڕە پارەیـەش کـە بەشـی وڵاتـە خـاوەن چاڵـە نەوتییەکانـە، بـەشـێوەی جۆربـەجـۆر دەگەڕێتـەوە گیرفـانی خـاوەن سـەرمایەکان. لـە فرۆشـتنی چـەک و فڕۆکـەوە هـەتا شـیری منـداڵ و کـەلوپـەلی نێـو مـاڵ. بەشێکیشـی دیکتاتۆرەکـان دەیـدزن و لـە بانکەکانی کڕیارەکانی نەوتـدا دایـدەنێن، هـەرکاتیش گەییشـتنە قـەیران پارەکـە بـە بیانووی دزیەتەنی بوونەوە زەوت دەکرێ و بۆیان دەخۆن.

پێشبینی دەکرێ کـە ئـەم سـەرچاوە پڕبایەخـە لـە سـی ساڵی سـەرەتای سـەدەی ۲۱دا لـە کـەمی بـدا. هـەر ئێسـتا بەرهـەمی چاڵـەکانی بـاکووری ئۆروپـا و ناوەنـدی ئەمریکا بە ڕادەیەکی بەرچاو کەمی کـردووە. ئـەوەی دەمێنـێ خـەزێنە نەوتییـەکانی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بۆیە وڵاتە پیشەییەکان هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە ستراتژییەکی پڕکێشەیان بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچە نەوتییەکاندا دارشتووە. شەڕی باڵکان کە بە ڕواڵەت کەس نەیزانی بۆ هەڵگیرسا، لەبەر ئەوە بوو کە هێزەکانی ناتۆ بە بیانووی ئارامکردنەوەی ناوچەکە، داگیری بکەن و ئەو دەمارانە بپارێزن کە نەوت وگاز لە ئازەربایجان و ئەرمەنستانەوە بە مەدیتەرانە دەگەیەنن. بە سەدان هێلی بۆڕی بەو وڵاتانەدا داکێشراوە کە دەبێ ئەمنییەتیان دابین بکرێ. عێراق دەبوا داگیر بکرێ کە دیکتاتۆرەکانی دیکەی دەستکردی خۆیان نەوێرن لە بازنەیان دەربچن و سەربزێوی بکەن. ئێران دەبێ یان بە چۆکدا بێ و ئەمنییەتی چاڵە نەوتەکان بداتە دەستی ئەوان، یان ئەوەی پێ دەکەن کە ئێستا خەریکن بیکەن. قەزافی بە هیچ قەسەم و بەڵێنێک نەیتوانی ئۆروپا ڕازی بکا، کە نەوتەکەش بەرن و لێی گەڕێن. کێشەی ئەوان ئەوە نییە کە لە ڕۆژێکدا چەند کەس لە دار دەدرێ، یان مافی ژنان و منداڵان دەخورێ، بەڵکوو کێشە، کێشەی خەزێنە نەوتییەکانە. دەبێ دەستەبەر بکرێ کە پێش بە بڕدنی ناگیرێ.

ئێمە لەو وڵاتانەدا دەژیاین کە هەم خاوەن نەوت و گازن و هەم بازارێکی گەورەی بەکارهێنان، لەگەڵ دیکتاتۆرانی بێوێنەدا. پاروویەکی هەرە چەور بۆ خاوەن سەرمایە و هێزەکان. لەم وڵاتانەدا کێشەی کۆمەڵایەتی و دێمۆکراسی و مافی نەتەوایەتی و شتی لەم بابەتانە، بە سانایی ناڕوا. بڕێ جار وەکوو گاڵتەیە. هەموو جارێک دەگوترێ مێژووی خوێناویی ئێمە. دەشکرێ بگوترێ مێژووی نەوتاویی ئێمە. ئەگەر ئەوە نەبا، ڕەنگە ئەو خوێنڕژانە پێویست نەبووبا. هەروا کە لە زۆر وڵاتاندا بە بێ خوێنڕشتن، یان بە کێشەی کەمتر چارەسەر بووە، بەڵام کێشەی ئێمە هەر ماوە و پێم وایە دۆخەکە بە هاسانی و بە وتوویژ و پیاوچاکی و مەسڵەتکردن، ناگۆڕدرێ. بۆیە ئینسانەکانی من خەم دایگرتوون. خەمێکی خەونشکێن، خەونی خەبات، خەونی خاوێنکردنەوەی ئەم وێرانەیە، خەونی ئاخر تەقینەوە، خەونی کۆتایی خەمەکان.

نامەوێ بە بیرەوەری و دیمەنی منداڵی و لاوەتی، تاڵ یان شیرین، ماندووت بکەم، تەنیا باسی هەلومەرجی رۆژگارێک دەکەم کە بە جێمان هێشتووە.

ئێمە خەڵکی «سنە»ین. شارێک کە لە رۆژئاوای «ئێران»دایە. لە زاراوەی ئەردەڵانیدا بە کوردستان دەگوترێ کورسان. ئەمە بووەتە نێوی تایبەت بۆ سنە. خەڵکی سنە ناڵین سنە یان سنندج، بەڵکوو دەڵێن کورسان. ئەم شارە لە کاتی "سوڵتان سەنجەرەوە" نێوی نراوە کوردستان و تەنیا شارێکی کوردستانە کە ئەم ناوەی هەبووە و ئێستاش وەکوو رابردوو ناوەندی ئۆستان (پارێزگا)ی کوردستانی رۆژهەڵاتە.

لەم دە ساڵەی دواییدا (تا ئەو جێگا من بزانم) چەند کتێب سەبارەت بە سنە نووسراون. «آینە سنندج» بە فارسی. «شارەکەم سنە» بە شێعری کوردی. شاعران سنندج، معلمان سنندج و... بەڵام هیچیان و هەمووشیان پێکەوە وێنەیەکی تەواویان لە هەلومەرجی ژیانی رابردووی خەڵکی ئەو شارە نەداوە. تێدەگەم کاتێک دەمانەوێ باسی شتێک بکەین کە خۆشمان دەوێ، کەم و کوورییەکانی نابینین یان نایخەینە بەرچاو، با ناحەزەکانمان پێی شاد نەبن. ئەمە هەر ئەوەندە کە باشە، خراپیشە. چونکە شاردنەوەی بەشێک لە راستییەکانە.
نامەوێ رەخنە لەوکتێبانە بگرم، یان تەنانەت بیانخەمە بەر باس، ناشمەوێ باسی ئەو شتانە بکەم کە ئەوان باسیان کردووە. کە هەموو لە جێگای خۆیاندایە و بۆ خوێنەر بە کەڵکن. بەڵکوو دەمەوێ لە روانگەیەکی دیکەشەوە بڕوانم بە شارەکەمدا و زیاتر باسی ئەو شتانە بکەم کە ئەوان - بە هەر هۆیەک بووبێ- خۆیان لێی نەداوە. هەڵسەنگاندنی چاک و خراپەشی بۆ تۆ بهێڵمەوە. هیواشم ئەوە نییە کە ئەم نووسینە ئەو دیمەنە تەواو بکا کە گوتم بە ناتەواوی ماوەتەوە.

نامەکەت رێکەوتی رۆژی لە دایکبوونی منی پێوەیە. (٨ ی مارس- ١٧ی رەشەمە) رۆژی ژن، رۆژی رێزگرتن لە تۆ. رۆژی خەبات دژی پیاوسالاری لەم دنیا پیاوانەیەدا کە ئێمە پێکمان هێناوە. هەرچۆنێک بێت رۆژێکە لە زستان. با چیرۆکی کورسان لە زستانەوە دەست پێ بکەم.

شار لـه ژێـر بـەفردا نـوقم دەبـوو. شـار لـە دۆڵـی نێـوان دوو کێـوی ئاویـەر و کوچکـەرەشـدا جـێ گرتـووە، بۆیـە بـەفر جاروبـار کوچـە و کـۆڵانی تەسـک و خواروخێچەکانی تا سەربانی ماڵەکان دەتەپاند و سەرمایەکی وشکیش دەیڕچاند. خانووی دوونهۆم زۆر کەم بوون، دوو سێ خانووی سێنهۆمیش هەبوو. خەڵک قورسییان هـەبوو. مەنگـەڵێـک ئـاگری زوخاڵیـان لـە ژێـر قورسـییەک دادەنـا و لێفەیـەکی قورسیان پێیدا دەدا و هـەر کەسـە لـە پاچکەیەکەوە دەخزانە ژێریـەوە. سۆبە لەبەر گرانیی نەوت بۆ هەژاران دەستی نەدەدا، لە خوێندنگەکان نەبێ سۆبە نەبوو. نازانم ئەگەر ماڵە دەوڵەمەندەکان لـە میوانخانەکانیاندا هەیانبووبێ. هـەموو سنه دە ماڵە دەوڵەمەند (کە پێی بگوترێ دەوڵەمەند)ی نەبوو. ماڵی ئاسەفەدیوان و وەکیل و مشیردیوان و خەسراوا و موعتەمەو و چەندی لەوان خوارتر. ئەوانەش بە نێوەکانیاندا دیارە دەست و پێی حوکوومەتی قاجار ببوون و موڵکدار و دەرەبەگ ببوون و خەڵک زۆر کەم دیانیـان دیـت. مەگەر ئیمام جومعە و موشتەهێدی و موفتی و کەسانی لەم بابەتە کە بۆ جەژن و پڵاوخواردن بانگ دەکران. ئەویش ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێ کە لای خەڵک باسی چاکەیان بکەن.

هـەر کـە دەگەیشـتە ناوەڕاسـتی پـاییز خـەڵک دڵنیگـەرانی پەیـداکردنی ڕەژوو (زوخاڵ) دەبوون کە زستان منداڵەکانیان لەسەرما هەڵنەلەرزن. زۆر جار دیتوومە ئاوی سەر قورسی کە بۆ خواردنەوە دانرابوو، بەستوویەتی. خۆ لە ژێر قورسی دەرێنان و هەستان و بە ئاوی سەرد سەروچاو شوشتن و بە نێو بەفردا چوونە مەکتەب دڵەکوتەی خەونی منداڵیمان بوو. گەرچی ئێمە بە تۆپەڵەشەڕی نێو کۆڵان خۆمان گەرم دەکردەوە. بەڵام سینگئێشە و کۆکەڕەشە ئەو ناخۆشییانە بوون کە لە بیر ناچنەوە. فلَقەی نێوپێڵاوی دڕاویش هێشتا لە گوێمدایە.

نەورۆز دەهات، تایبەتی سنە لە نەورۆزدا ئەوە بوو کە شەوی نەورۆز هەموو ماڵێک لەسەربانان ئاگریان دەکردەوە. پووشی ئاگرەکە پێشتر دەهێنرا و لە سەربان کۆ دەکرایەوە. کەسانی فەقیریش هەبوون کە کۆڵەپووشیان بە کۆڵەوە دەگرت و بە گەڕەکدا دەگەڕان و هاواریان دەکرد، "پوش بۆ ئاگری شەوی نەورۆز" و لەو ڕێگاوە پارەیەکیان دەست دەکەوت. شەوی نەورۆز، ئەگەر لە دەرەوەی شارەوە

بتروانیبا، وات دەزانی شار ئاگری گرتووە، یان شەڕ هەڵگیرساوە. چونکە تەقە و هەراش زۆر بوو.

جێژنی هاتنی بەهار و گەرمیی هەوا بوو. خەڵکی فەقیر جەژنیان دەگرت کە خەرجی زوخاڵکڕینیان لە کۆڵ دەبێتەوە و زکی خۆیان بە گیای بەهار تێر دەکرد، کە ژنان دەچوون لە داوێنی کێو و تەپکەکانی دەور شارەوە دەیان هێناوە. منداڵان هەر چۆنێک بوایە دوو هێلکەی سووریان دەست دەکەوت کە بچنە کۆڵان و هێلکەشکانێیان پێ بکەن. گەورەکانیش ئەم ماڵ و ئەو ماڵیان دەکرد و خۆیان بە نان و شیرینیی جەژن تێر دەکرد.

دەڵێن ساڵی تازە و جلی تازە، بۆ ئێمە وا نەبوو. جل هەر ئەوە بوو کە لە سەرەتای پاییزدا دەکڕدرا یان بە درون دەدرا، یان دایکمان دەیدروو، یان بە خۆڕایی لە مەکتەب ( لە رێگای گەلاڵەی ئەسل چواری ئەمریکاوە)* بە هەژاران دەدرا. هەتا ساڵێکی دیکەش هیچ لە گۆڕێدا نەدەبوو. تاکە تاکەیەک ئەگەر جلکڕینەکەیان خستبایە نەورۆز، یان نەورۆزیش دەستێکی تازەیان هەبا، ئەوە دەکەوتنە بەر تانە و تەشەری هەوالانی شڕە لەبەر و پەلاری ژیگول و منداڵە لوسیان پێدا دەدرا. یەکێک لە منداڵە هاوگەڕەکەکانی ئێمە بە جلە تازەکانییەوە خۆی لە قور و چڵپاودا تلاندەوە هەتا بەر تانە و تەشەر نەکەوێ.

بەهار بۆ ئێمە وەرزی قوڕ و چڵپاو شێلانی نێو کوچەکان بوو. کەوشەکان ژێریان کون دەبوو، پێمان لە چڵپاوی نێو کەوشەکاندا پیرۆک دەبووەوە. هەموو سنە، چوار خیابانەکەی نەبێ، یەک کۆڵانی ئەسفاڵتە(قیرتاو)ی نەبوو. هێندێک لە کوچەکان کە ماڵی دەوڵەمەندانی لێ بوو، بەردفەرش کرابوون، بەڵام بەردفەرشەکانیش وا نەبوون کە پێشی قوڕاو بگرن.

بەم کۆڵەوارییە، زۆربەمان بە زکی برسی دەگەییشتینە مەکتەب کە رێگاکەی دوور بوو. ماڵی ئێمە هەتا مەکتەب نیوسەعات رێ بوو. لە حەوشی مەکتەب دەبوا بە ڕێز راوەستین هەتا نازم بێت چاو لە پشتدەستمان بکا، ئاخۆ چڵکنە یان نە. زۆر

* (ئەسڵ چوار بەشیک لە گەلاڵەی مارشال بوو کە لە کاتی سەرۆک کۆماری ترۆمەن دا ۱۹۴۸/ ۱۹۵۲ بە ڕێوە دەچوو. ئەم گەلاڵەیە بۆ یارمەتیدان بەو وڵاتانە بوو کە لە شەڕی دووهەمدا زیانیان لێ کەوتبوو. زۆرترین یارمەتی ئۆروپاییەکان وەریان گرت.

کـەس هـەتا ئـەو دەگەییشـت بـە تـف و هەڵسـوان بـە پشـتکۆتەکەیاندا، هێنـدێ خاوێنیان دەکردەوە، دەنا شـەلاخی نازم سـەر و گوێلاکیانی دادەگرت. لێدان هـەر ئەوەنـدە نـەبوو. لـە کـۆلان کایـەت کردبـوو، لـە لایـەن جاسووسـەکانی مـودیرەوە راپۆرت دەدرا و لێدانت دەخوارد. شـەو نـەوت نـەبووە بیکەنـە چـرا لامپاکـەوە بـۆیە وانەکانت نەنووسیوەتەوە، لێدانت دەخـوارد. درەنـگ گەییشتبای لێدانت دەخـوارد. بەگشتی تەنیا شێوەی پـەروەردە، لێدان بـوو، جـار جاریش دەرکـردن. دەرکـردنیش بـە مانـای ئـەوە بـوو دەچـووی دەبوویـە شـاگردی دوکانێـک یـان بەردەسـتی وەستاکارێک، ئەوجا ئەو بوو کە بـە هـەر بیانوویـەک لێـی دەدای. کـە دەگەییشـتییە ماڵەوە نۆبەی باب یا دایک بـوو کـە بتکوتێ. لـەسـەر چـی؟ بیانوویـەک هـەر پەیـدا دەبوو. جا بە تەمای منداڵی ئاوەها ببێ بە پرۆفسۆر؟

فارسینەزانین بیانوویەکی دیکە بوو بۆ لێدان. ساڵی یـەکی سـەرەتایی بـە کـوردی قسەمان دەکرد و بە فارسی دەمانخوێند. هەر هەڵەیەک دەبووە هۆی ئەوە مامۆستا قەڵەم لەنێو پەنجـەمان دابنـێ و بیگوشـێ هـەتا فرمێسـکمان شـۆر بێتـەوە و بـە هـەر زمانێک بووە بگرین. یان چێوخەتی لە سەرمان دەکوتا. لـە سـاڵی دوودا، ئیتـر دەبـوا بە فارسی قسـە بکـەین و کـوردی قەدەغـە بـوو. مامۆسـتا کـە بـۆ خـۆی فارسـییەکی تەواوی نەدەزانی، زۆری لە ئێمـە دەکـرد دروسـت قسـە بکـەین. مەکتـەب بـۆ ئێمـە گێرەوکێشـە بـوو لەگـەڵ زمـانێکی تـردا، دەبـوو بـەو زیندانـەی کـە هـەموو کاتێـک دەمانەویسـت لێـی هـەڵێین. ئـەم بگـرە و بـەردە زۆر جـار دەبـووە هـۆی ئـەوە کـە منداڵان چەند ساڵ دەر نەچن و خوێندن بە جێ بهێڵن. دەرنەچوون شـادی لەگەڵ بوو، ساڵی دواتر دەبووین بە گەورەی پۆلەکە.

لـە سـاڵەکانی دەیـەی سـیدا (١٩٥٠- ١٩٦٠) دوای سـەرکوتکردنی جووڵانـەوە سیاسییەکان، (دوایە باسی دەکەم) بەزمێکیان بۆ منداڵە مەدرەسەیی هێنایـە پێشـێ. منـداڵی مەدرەسـە دەبـوا یـان ببـێ بـە پێشـاهەنگ یـان ببـێ بـە شیروخورشـید. پێشـاهەنگی رێکخراوێـک بـوو کـە شـا پێکـی هێنـابوو. وێنەیـەکی خـۆی بـە جلـی پێشاهەنگییەوە لە مەکتەب هەڵاوەسرابوو. ئەمانـە بـە نـاو فێـری ئـەوە دەبـوون کـە یارمەتی خەڵک بدەن. بەڵام لە راستیدا فێرکردنی شاپەرستی بوو.

سازمانی شیروخورشید (نێوی ڕێکخراوی تەندروستیی ئێران بوو) دەبوا هەموو منداڵە مەدرەسەیی (جگە لە پێشاهەنگەکان) ببن بە ئەندامی و ساڵێک پێنج تمەن بدەن. پوولێکیان دەدانێ کە نیشانی شیروخورشیدی پێوە بوو. دەبوا پانتۆڵێکی کەسک و کراسێکی سپی بکڕن و هەرکات جێژنێک دەبوو یان یەکێک لە سەرکردەکانی حوکوومەت دەهاتنە سەردان، لەبەری بکەن و بەم جلە یەکڕەنگەوە لەسەر ڕێگای ڕاوەستن و چەپڵەی بۆ لێدەن. ئەمانە بەرجەوەند و ئامانجی گەلاڵەکەیان بوو، بەڵام بە کردەوە، منداڵی سنە بەشی هەرە زۆری هەژار بوون و نە پێنج تمەنیان هەبوو و نە پارەی جلی پیشاهەنگی و شیروخورشید. ماوەیەک بە زۆر و بە تکا و ڕجا ڕوویان لە باب و دایکانی منداڵان کرد، کەچی شتێکی وای لێ شین نەبوو و پاش یەک دوو ساڵ لە بیر چووەوە. من یەکێک لەوانە بووم کە ئەو جلانە بە بەرمدا نەچوو. هاتنی گەلاڵەی شۆڕشی سپی (کە دواتر باسی دەکەم) ئەو ڕێکخراوانەی خستە پشت گوێ. گەرچی بە نێو هەر مابوون و پارەکەی دەچووە گیرفانی هێندێ کەسەوە.

ئەوکاتە لە سنە کارەبا نەبوو. من گەییشتبوومە پۆلی شەش و حەوت، کارەبا گەییشتە شاری ئێمە و ئەو چوار خیابانەی شاری ڕوون دەکردەوە، ئەویش سێ، چوار سەعات بە شەو. تاکە تاکەیەک ماڵە دەڵەمەندان بەرقیان هەبوو. جار وا بوو تێلێکیان بۆ هاوساکەیان دەکێشا و پارەکەیان لەگەڵ بەش دەکرد. باخچەی پێش جێگای ماتۆری کارەباکەش شەوانە چراخان دەکرا و خەڵک دەچوون دادەنیشتن و بەستەنییان دەخوارد. نێویان نابوو «باخی میللی».

ئاوی بە بۆڕی کێشراویش نەبوو (لوولەکەشی شار دوای ساڵەکانی ١٣٤٠ (١٩٦٠) دەستی پێ کرد) لە گەڕەکەکاندا یان کانی هەبوو، یان گونج. گونج ئاوی قەنات بوو کە بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان یان مزگەوتەکان دەچوو و لە دەرەوەی شارەوە دەهات. خەڵک لە شوێنێک دەیانشکاند و پلوسکێکیان پێوە دەنا و ئاویان لێی دەبرد. هەر کانی یان گونجێک ژنە پاڵەوانێکی گەڕەک ئیدارەی دەکرد و نۆبەی بە ئاوکێشەکان دەدا. ئەوانەی نەیاندەویست ژن و کچیان بچێتە نێو هەرا و چەنەلێدان و جنێودانی سەرکانی و دەستیان دەڕویشت، ئاوکێشیان دەگرت. بڕە

پارەیەکیان بە ژنە ئاوکێشێک دەدا کە ئاویان بۆ بێنێ. ئەمەش کارێک بوو بۆ ژنانی هەژار.

کەسانێک ژوورێکی زیادیان هەبوایە، دەیاندا بە ژێرماڵە. کەسانێک کە پارەی کرێخانوویان نەبوو، دەبوون بە ژێرماڵە. ئەویش وا بوو کە لەباتیی کرێخانووەکە، کاری نێو ماڵی خاوەن ماڵەکەیان دەکرد. گسگدان و ئاوهێنان و تاد... پیاوی ئاوکێشیش هەبوو کە ئاویان بۆ نانەواخانەکان دەبرد و دەچوون راستەوخۆ لە مزگەوت دەیانهێنا. کوڕ نەدەچووە سەرکانی. نانکرین و هەرای بەر نانەواخانە، ئیشی کوڕان بوو. مەتەڵێک هەیە دەڵێن ئەو ماڵە کچی زۆر بێ، ئاوی نییە و ئەو ماڵە کوڕی زۆر بێ، نانی نییە. یانێ ئەوە ئیشی ئەوانە و نایکەن.

کچان جگە لە چوونە مەدرەسە، بۆیان نەبوو بچنە کۆڵان. هەر لە ماڵەوە لە بەردەست دایکدا دەمانەوە. یان بووکەپەڕۆیان دروست دەکرد و ئەگەر هاویارییان هەبوایە هەر دەبوا لە حەوشی خۆیاندا یاری بکەن. کوڕان بەڵام لە کۆڵانی دەور ماڵی خۆیاندا لەگەڵ منداڵی هاوگەڕەک خەریک کایە دەبوون. کایەش بەپێی وەرز جۆربەجۆر بوو. هەلووکان و چاوشارەکێ و کەرخول و مەزرەق و جارجاریش بە گۆرەوییە کۆن و پەڕۆوەشڕە تۆپێکمان دروست دەکرد و تێمان هەڵدەدا.

لە هەموو سنە یەک مەیدانی وەرزش هەبوو، ئەویش لە دەرەوەی شار بوو و تایبەت بە گەورەسالان بوو کە بچن تۆپێنی تێیدا بکەن. سالۆنێکی زۆرەبانیش هەبوو کە نە دووشی هەبوو نە توالێت. سنە تەنیا شارێکی کوردستان بوو کە بە دابی شارە فارسەکانی ئێران، زۆرخانەی هەبوو. کە ئێواران لەوێ وەرزشی میل و شنەو بە زەرب و زەنگەوە دەکرا. ئەوانەی لەوێ وەرزشیان دەکرد، زۆربەیان ئەو لات و چەقۆکێشانە بوون کە بە دەست و پێوەندی شارەبانی و ساواک دەناسران و ئەو رەوشتبەرزی و مەردایەتییەی کە دەگوترا پاڵەوانەکانی قەدیم هەیانبووە لە هەرکوێ دیترابا لای ئەوان نەدەدیترا. لە دەبیرستانەکان، (سانەوی) مەیدانی والیبال و بەسکێتباڵ هەبوو، بەڵام تەنیا لە ساتەکانی وەرزشدا مافی ئەوە هەبوو کە تۆپەکە (ئەگەر هەبوایە) لە بەرپرسی وەرزش بستێنین و یاری بکەین. زۆربەی لاوەکان لە ماڵی خۆیاندا کەرەسەی وەرزشیان هەبوو. جووتێک دەمبڵ یان جووتێک مێل و تەختە شنەوێک. (ئامرازی وەرزش) هەرزان بوو، پێیان پەیدا

دەبوو. بەم شێوە دیارە چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا کە بە دەگمەن نەبێ یانەی پاڵەوانی، یان تاکەکەسی پاڵەوان هەڵکەوێ.

*- لەساڵی چواری سەرەتاییدا بووم. ئەو کاتە بۆ جێژنی ڕۆژی لەدایکبوونی شا ڕێورەسمێک بە ڕێوە دەچوو، هەموو منداڵانی قوتابخانەکانیان لە مەیدانێک کۆ دەکردەوە. ئەو ساڵە لە مەیدانی مەشقی سەربازخانەدا ڕێورەسمەکە بە ڕێوە دەچوو. مانگی دووی پاییز بوو، هەوا سارد و ئاسمان پڕ لە هەور بوو. هێندێ ڕێژەرویشتن و شەیپورلێدان و قسەی زل کردنی خاوەن دەسەڵاتە بچووکەکانی نیزامی و ئەهلی ئەنجام درا، دوایە گوتیان مەکتەبەکان شتێک بکەن. ئەوان خۆیان بۆ هیچ ئامادە نەکردبوو. مودیرەکان هاتن و ڕۆیشتن و سەریان پێکەوە نا و ئاخری هاتن گوتیان هەر کلاسێک و چەند کەس ئامادە بکەن پێشبڕکێی هەڵاتن لە نێو مەکتەبەکاندا بە ڕێوە بچێ! منیش هەڵبژێرام. ریزمان گرت، منیش وەکوو چەند کەسێکی دیکە پێڵاوەکانم بۆ هەڵاتن نەدەبوو، بە پێخواسی راوەستابووم. هەڵاتین. ئێستاش ژانی وردکە بەردەکان کە دەچەقی بە پێمدا لە بیرم ماوە. من دووهەم هاتمەوە. بانگیان کردین و سێ کەسی یەکەم، هەرکامە ئاڵایەکی چکۆلەی ئێران کە لەسەر پایەیەکی زەرد دانرابوو، خەڵاتیان کردین. هەر گەییشتمەوە ریزی مەکتەبی خۆمان مامۆستا ئاڵاکەی لێ ستاندم. رۆژی دوایی دیتم لە سەر مێزی ژوورەکەی خۆی قنجی کردووەتەوە. یەک باریقەڵاشی پێ نەگوتم .*

*- ئەوسا تۆپێن ئەوەندە برەوی نەبوو کە ئێستا بە هۆی تلەڤزیۆنەوە، هەیەتی. پێم وایە لە پۆلی حەوتدا بووم. منداڵی گەڕەک گوتیان دەمانەوێ لەگەڵ گەڕەکی دیکە یاری بکەین. ئاخۆ کێ بیباتەوە. من یاریزان نەبووم، لەنێو گۆڵیان دانام. چەند تۆپ هات گرتم. نەمهێشت هیچ گوڵ بکەن. دیارە ئەوان یاریزانی باش نەبوون. لە ئاخرەوە منداڵانی گەرەکی دژمان بەرۆکیان پێ گرتم کە بۆ نەتهێشتووە ئێمە گۆڵ بکەین. تانێکیان کوتام. هەواڵەکانم یەکیان نەبێ هەموو هەڵاتن و لەسەریان نەکردمەوە. ئەوە ئاخر تۆپێنی ژیانی من بوو.*

کار کەم بوو. ئەوندەی من لە بیرمە، خەڵکی دانیشتووی شاری سنە، یان کارمەندی ئیدارەکان بوون یان پەیوەندییان بە بازاڕەوە هەبوو. هەر لە دوکاندار و

دەستفرۆشەوە بگرە، هەتا حەماڵ و شاگرد دوکان. کارگەی پیشەیی لە چەند دوکانێکی چکۆلەی ئاسنگەری و خەیاتی و مسگەری و شتی لەم بابەتانە، تێنەدەپەڕی. کرێکاری بیناسازی. کە پێی دەگوترا بەنا و عەمەڵە. جگە لە بەنا و ئاجۆرتاشەکان، باقییان بە زۆربەیی خەڵکی دێهاتی دەوروبەر بوون کە بۆ کاری وەرزی دەهاتنە شار. لە ساڵەکانی دواتردا کۆچکردن بۆ شار زیادی کردبوو و بەو پێیە بێکاریش زیاد ببوو.

کاری ژنان بە گشتی منداڵداری و کاری نێو ماڵ بوو. ئەوەی دەستکورت بوایە و ناچار ببا کار بکا، ئەگەر مافورە (قاڵی) چنینی زانیبا ئەوە دارێکی لە ماڵ خۆی هەڵدەخست و مافورەی دەکرد، یان لە لای کەسێکی دیکە مزەکاری دەکرد. لە سنە بەڕە (سوجاا- بە زاراوەی ئەردەڵانی)چنین زۆر باو بوو و بەڕەی سنەیی ئێستاش بەناوبانگە. ئەگەر ئەم هونەرەیان نەبوایە ئەوە کارێکی وەها نەبوو جگە لە ئاوکێشی، کلفەتی و کارەکەری ماڵە دەوڵەمەندان، دەلاکی حەمامی ژنان، یان روومەتگرتن. لە هەر گەڕەکێک یەک دوو خانمە خەیات هەبوون کە لە ماڵی خۆیان جلی ژنانەیان دەدرو. هەر گەرەکە مامان و مردەشۆرێکی هەبوو. چەند ژنە مامۆستایەکیش هەبوون کە زیاتر مامۆستای پۆلی یەک و دووی سەرەتایی بوون. دواتر پاش رێفورمی زەویوزار و دانی مافی دەنگدان بە ژنان و زیادبوونی خوێندەواری، ئەم هەلومەرجە گۆڕا و ژنان زیاتر لەکاری ئیداری و نەخۆشەوانی و فێرکاریدا دەستبەکار بوون.

بە هاوین کە مەکتەب نەبوو، منداڵان دەبوونە شاگردی باب و خزم و ئاشنا لە بازاڕدا، یان دستفرۆشییان دەکرد، دەنا لەنێو کۆڵانان و لەسەر سەریوانان، لە نێو خاک و خۆڵدا دەتلانەوە و چاوئێشەیان دەگرت. ژنە دەرمانکەرێک لە گەڕەکی ئێمە «جەورئاوا»دا هەبوو کە دەرمانی زەرد و سەوز و سووری دەکردە چاو منداڵان. دەرمانەکە بە شوشتنی ئاسایی پاک نەدەبووەوە. هەر منداڵێکت دەدیت چرۆچاوی بووەتە حەوترەنگیلە. باسی نەخۆشیم کرد. کەچەڵی هەر زۆر بوو. پێم وایە لە ئاوی خەزێنەی* گەرماوە (حەمام) دەهات. خەزێنەی حەمامەکان ئاواڵە

* خەزێنە سەرچاوەی ئاوی گەرماوەکە بوو. دەرکەیەکی چکۆلەی هەبوو کە خەڵک لەوێەوە دەچوونە ژوورەوە. دواتر ئیدارەی تەندروستی ئەو دەرکانەی داخست. گەرماوی نومرە ←

بوو و هەموو کەس خۆی پێدا دەقوڵتاند. یانێ غوسڵیان دەکرد و دەتگوت ئەگەر لە خەزێنەوە نەچن ئیمانەکەیان لەق دەبێ، میزیشیان تێدەکرد و ئیتر کەچەڵی و گەڕی وگولی دیاریی گەرماوەکانی ئەو زەمانە بوون. لە نزیک پردەکەی قشڵاخەوە چەند ماڵێک هەبوو کە گولەکان لەوێ دەژیان و خەڵک خێری پێ دەکردن. بالوکی دەست و پێی منداڵانیش دیاریی خۆڵ و خاکی نێو کۆڵان و سەر سەریوان بوو.

سنە، بە گشتی شارێکی ئایینی بوو. ڕەنگە هەموو شارەکانی کوردستانی ئێران پێکەوە بە ئەندازەی سنە تەکیە و مزگەوتی لێ نەبووبێ. ئەوە تەکیەی خەلیفە ئەولەیە و ئەوە تەکیەی خەلیفە فەتاحە و ئەوە هیی خەڵیفە میرزاغەیە و تەکیەی سەی وەفا و سەی تەوفیق و... هەموویانیش بە دەروێش کردنی خەڵکەوە خەریک بوون. مزگەوتیش لە ژمارە نەدەهات. هەتا ساڵەکانی پەنجای هەتاوی مەیخانەیەک نەبوو و ئارەقخۆر وەکوو گول چاوی لێ دەکرا، کەچی ماڵێ هەتیوخۆر و سووخۆر بەڕێز بوون.

سنە تەنیا شاری کوردستان بوو کە مانگی موحەڕەم دابی سینگکوتانی ڕۆژانی عاشوورا و تاسۆعای تێیدا بە ڕێوە دەچوو. ڕەنگە هۆی ئەوە بووبێ کە والییەکانی سنە بۆ خۆیان شێعە بوون، دەنا هەموو کاتێک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی سنە سوننە بوون.. زۆربەی سینەکوتەکان لە شاری قروە یان دێهاتی دەوروبەری کرماشانەوە دەیانهێنان. جۆرێک نیشاندانی دەسەڵات بوو. ئەو کارە کە شێخەکانی کورد بە دەروێشەکانیانەوە دەیانکرد. دەنا شێعەی خەڵکی سنە ئەگەریش ویستبایان سینگ بکوتن دەچوونە شارەکانی دیکە و لە سنە نەیاندەکرد. دەستەی سینەکوت لە ماڵی سەییەکانەوە (بنەماڵەیەکی شێعە بوون) بەڕێ دەکەوتن و دەچوونە مەزاری«پیرومەر» دەستەی سینەکوتی پادگانی ئەرتەش و سەربازە سەرتراشراوەکانیش دەهاتن، بەڵام ئەوان بۆ خۆیان عەلەم و کوتەڵیان نەبوو. ئەو

---

← جێگایانی گرتەوە کە پێک دەهات لە چەند دوشی جیاجیای دەورگیراو. وەکوو گەرماوی ماڵەوە. دەوڵەمەندە گەورەکان بۆ خۆیان گەرماوی تایبەتییان هەبوو کە ڕۆژێک یان دوان لە حەفتەدا قۆرخی خۆیان بوو، باقیی ڕۆژەکان خەڵک بە پارە دەچوون. نێوی گەرماوەکانیش هەر بە ناوی بنەماڵەی خۆیانەوە بوو. وەکوو حەمامی مشیردیوان، حەمامی وەکیل یان حەمامی خان و...

دوو رۆژە خۆخڵافانـدنی بـاش بـۆ ئێمـە پەیـدا دەبـوو. بـە دووی دەسـتەکاندا دەڕویشـتین و ئـەو هـەموو شـتە سـەیرەمان چـاو لـێ دەکـرد. جـار وایـە حـەلوا و شەربەتیشـمان گیـر دەهـات. لـە سـاڵی ٥٧و ٥٨ (١٩٧٩)دا کە شـار بە دەسـتی پێشمەرگەوە بوو، ئەم دابە بە ڕێوە نەچوو.

*رۆژێک ژنێکی بەتەمەن هاتە ماڵی ئێمە و گوتی من لە بنەماڵەی...م. ئێمە هەموو ساڵێک ئازیەتیی مانگی مەحەڕەممان گرتووە. ئەو ساڵ نازانین چ بکەین. دەترسین خەڵک لێمان قەبوڵ نەکا و ئازارمان بدەن. دەمزانی ئەوان لەو بنەماڵانە بوون کە یارمەتیی بەڕێوەچوونی دەستەی سینەکوتانیان دەدا. گوتم: هەر جۆر پێتان باشە دابی خۆتان بە ڕێوە ببەن. کەس کاری بە ئێوە نابێ. ئەگەریش کەس بەرۆکی پێ گرتن، بینێرن بۆ لای من. نازانم لە ماڵی خۆیان چییان کرد، بەڵام دەستەی سینەکوت بە ڕێ نەکەوت.*

یـەک دوو سـاڵ دواتـر کـە شـار کەوتـە دەسـت کۆمـاری ئیسـلامی، چەنـدین حوسەینییە دانرا و بانگی شێعانەش بەردەوام لە منارەکانیانەوە دەدرێ. پێشتر تەنیا نیوەڕۆی عاشوورا ئەم کارەیان دەکرد کە دەبووە هۆی رەخنەی عولەمای سوننە.

لـە سـنەش وەکـوو هـەموو شـارەکانی دیکـە، نەخوێنـدەواری و کەمخوێنـدەواری هەرە زۆر بوو، بە تایبەت لە نێو ژناندا.

لە ساڵەکانی ١٨-١٣٢٠(١٩٤١)دا کە دەسەڵاتی رەزا شا کـەم ببـووەوە، هێنـدێ مـەلا لـە سـنە هـەوڵیان دا دۆخەکـە وەکـوو پێشـتر بـە قـازانجی دەسـەڵاتی خۆیـان وەرگێڕنەوە. چونکە رەزا شا (گەرچی بە شێوەی دیکتاتۆری) بـەڵام دەسـتی مـەلای لە ژیانی مەدەنیی خەڵک کورت کردبووەوە و یاسای مەدرەسـەی نـوێ و لابردنـی حیجاب لە کارە باشەکانی دەوری ئەوە.

سەی عەلی رەحمانی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ:

*باشم لە بیرە لە سالەکانی ١٣١٨- ١٣٢٠دا کاتیک کە مەدرەسـە لـە سـنە کرابوونـەوە بـۆ خوینـدن بـۆ منـاڵانی دەورەی سەرەتایی، برێک لە مەلا کۆنەپەرستەکانی سنە*

*موخالیفی ناردنی منالان بۆ مەدرەسە بوون! ئەیانوت ئەوانە دەرسی کوفر ئەخوێنن! منال هەر ئەبێت لای مەلا دەرسی قورئان بخوێنێت نابێ فێری عیلمی تازە بێ! تەنانەت بە هۆی فەقییەکانیانەوە کەلیمەی (وشەی) مەدرەسەیان لە رووی (سەر) کارتۆنێک دەنووسی و لە ملی سەگیان ئەکرد! کە گوایە هەر کەس بڕواتە مەدرەسە دەبێ بە سەگ!! دیارە ئەوە نەزەری بەشێک لەو مەلایانە بوو، زۆریشیان وا نەبوون.**

لە ساڵەکانی دواتریشدا مەکتەب بە گوێرەی دانیشتوان نەبوو. کلاسی یەکەم چل کەس بوو، کلاسی شەشەم لە پازدە بیست کەس تێنەدەپەڕی. یانێ زۆربەیان لەو سالانەدا وازیان لە خوێندن دەهێنا. لە هەموو شاردا سێ دەبیرستانی کوڕانە و یەک کچانە هەبوو کە پۆلی حەوتەمیان سی کەس و پۆلی دوازدە شەش حەوت کەس دەبوون. هەژاری، خراپیی شێوەی پەروەردە و نالەباریی ژیان دەبوو بە هۆی ئەوە لاوەکان خوێندن بە جێ بهێڵن و بە شوێنی کاردا بگەڕن یان بچن ببن بە گروبانی ئەرتەش یان پاسەبان.

لەو سالانەدا دوو رۆژنامەفرۆشی و یەک کتێبفرۆشی لە سنە هەبوو. کتێبفرۆشییەکە زیاتر کتێبی خوێندنی مەدەرەسە و کتێبی ئایینی دەفرۆشت. دواتر کتێبفرۆشییەکی دیکە دانرا کە ساواک دایناوو و بۆ خوێندنەوە کتێبی بە کرێ دەدا. مەبەستیشیان تاقیکردنەوە بوو بزانن ئاخۆ کێ سەری لەکاری سیاسی دەخورێ. ئەو رووناکبیرییەی کە باس دەکرێ لە سنە هەبووە، یەکەم هەڵسەنگاندنێکە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستاندا، چونکە بە گشتی لە لایەن دەسەلاتەوە سیاسەتی دواخستن بۆ کوردستان رەچاو دەکرا. دووهەم، هەرچێک

* لە یەکێک لە ماڵپەڕەکانی ئینتێرنێتدا خوێندمەوە کە ئیمام جەماعەتی سنە گوتوویە کە هەڵپەڕکێ کوردی دەبێ قەدەغە بکرێ چونکە جۆرێک ئاکاری تێدایە کە خیلافی شەرعی ئیسلامە. حەفتا ساڵ دوای ئەو کاتە عەلی رەحمانی باسی دەکا فتوایەک بەم شێوە دەدرێ. ئەمەش نموونەیەکە لە حاکمبوونی مەلاکان.

هەبوو، ئایینی و باسی کۆنی شێعە و سنی و شێعری پێداهەڵکوتنی کۆن بووە. دواتر بە هۆی ڕۆیشتنی لاوەکان بۆ زانکۆکانی تاران و تەبریز بیری نوێ و باسە نوێیەکانی ڕووناکبیرانی ئێران، تا ڕادەیەک، هەرچەند کەم و کورت گەییشتە سنەش. کە دواتر باسی دەکەم.

پۆلیس سێ کەلانتەری (بنکەی پۆلیس) و سەنتەری شارەبانی و ئاگاهی، هەبوو. بە شەو هەرچەند کۆڵان پاسەوانێکی گەشتی لێی بوو کە زۆربەیان شەریکەدز بوون. بە دەوری شاریشدا پاسەوانی سوار، بە سواری ئەسپ دەگەڕان، کە من نازانم کاریان چ بوو. (ڕەنگە بەناو ئەمنییەتی شار) بەڵام دەزانم لە دەوری شار نەواقل هەبوو. ئەو ڕێگایانە کە لە دێهاتەوە دەگەییشتنە شار، پۆستێکی شارەدارییان لێ دانرابوو کە باجی گومرکی لە هاوردەی دێهاتەکان، دەستاند.

لە شارێکی وەک سنەدا کەم دەبیسترا دزییەک کرابێ یان شەڕی تایفەیی هەبووبێ. ئەی پۆلیس کاری چی بووبێ باشە؟ جگە لە دز و لات و چەقوکێش پێک هێنان بۆ ترساندن و باجسەندن لە خەڵک. بە دەگمەن هەڵدەکەوت کەسێک چووبایە مەقەری پولیس و بە بێ باجدان هاتبایە دەرەوە. ئەم لاتولوتانەی دەستەبرای دەسەڵات، لە زۆرخانەکان و جەژنە حوکوومییەکانیشدا (وەکوو دەستەبرا لاتولوتە تارانییەکانیان) هاواری زیندەباد (بژی) شاهەنشایان دەکرد و خەڵکیان دەتۆقاند. منداڵ نەیاندەوێرا لەبەر ئەمانە لە کۆڵانی خۆیان دوور کەونەوە. ئەتککردن بە پاڵەوانی دادەنرا و ئەتککراو ئابڕووی دەچوو. ئەمە ببوو بە کولتورێکی بێ بەزییانە کە دەسەڵاتی شاهەنشاهی و ئاخوندی پێکیان هێنابوو. لاوەکان لە ترسی لات و مناڵبازە ملەستوورەکانی شار بە کۆمەڵ نەبوایە نەیاندەوێرا بگەڕێن و هەرکەسە چەقویەکی زامنداری بۆ بەرگری لە گیرفان دەنا. لە سایەی ئەم کولتورە دەستکرد و کردەوە شارەوانییەوە، خەڵک لێک دابڕابوو و هەرکەس بۆ خۆی بوو. کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ نەدەدیترا. ڕەنگە هەر ئەو کولتورە بێ کە نووسەری «آینەی سنندج»ی هەلخڕاندووە ئەو هەموو خۆشەویستییەی بۆ گەورە لات و مناڵبازانی سنە بنوێنێت و بە پاڵەوانیان دابنێ و وێنەی ئەوان کتێبەکەی پڕ بکاتەوە. کەچی یەک دێڕی سەبارەت بە کەسانی تێکۆشەر و سیاسی و زانا نەنووسیوە.

منداڵی سنه هەر زوو فێری شەڕەگەڕەک دەبوون. نازانم ئەم کولتورە لە کەیەوە هاتبووە سنە، بابەکان دەیانگوت ئێمەش شەڕەگەڕەکمان کردووە.* منداڵ و لاو لە دەرودەشتەکانی نێوان گەڕەکەکاندا بەرانبەر یەکتر دەوەستان و زۆر جار بە قەڵماسک بەردیان بۆ یەکتر دەهاویشت و سەر و گوێلاکی یەکتریان دەشکاند و ئەگەر لە یەکتر نزیک ببانەوە، بە گۆپاڵ و بەرد و مشت دەکەوتنە گیانی یەکتر. هیچ ئاکامێکیشی نەبوو، جگە لە مانەوەی رق و رقەبەری. منداڵی گەرەکێک لەگەڵ باب و دایکی نەبێ، نەیدەوێرا بچێتە گەرەکی دیکە.

*رۆژێک بابم پێیگوتم بچمە ماڵی خزمێکمان کە باپیریان نەخۆش بوو، هەواڵی بپرسم. ماڵی ئەوان لە گەڕەکێکی دیکە بوو کە لەگەڵ ئێمە شەڕەگەڕەکیان هەبوو. هەتا نزیک کۆڵانەکەیان رۆیشتم، بەڵام کە منداڵانم لەوێ دیت ترسام و گەڕامەوە و گوتم کە گوتوویانە حاڵی باشە و سپاس بۆ لێپرسینەوەتان. دوای نیوەڕۆی هەر ئەو رۆژە دەرکەوت کە باپیر بەیانی هەر ئەو رۆژە پێش رویشتنی من کۆچی دوایی کردووە.*

ئازاردانی «جوو» یەکێک لە رابواردنەکانی منداڵە موسڵمانان بوو. تەماتە گەنیو فڕێدان بۆ نێو دوکانەکانیان، یان لێدانی منداڵەکانیان و... کەس نەیدەزانی ئەم دابە خراپە لە کوێیەوە هاتووە، یان ئەم کولتوورە کێ سازی کردووە. رەنگە ناراستەوخۆ مەلاکان. لە بیرمە لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیلدا، هێندێ خەڵک کوتایانە سەر ماڵ و دوکانەکانیان و بوو بە هۆی بشێوە و بە پۆلیس و سەرباز دامرکایەوە.

جووەکان لە گەڕەکێکی شاردا پێکەوە دەژیان کە پێی دەگوترا "مەحەلەی موساییەکان. ئەم لەپاڵ یەک خزانە رەنگە لەبەر ئەمنییەت بووبێ. هەتا ئەم شارە هەبووە، ئەوانیش تێیدا ژیاون. یەکەم مەکتەبی مۆدێڕنی شاریش (مەدرەسەی

---

* بە گوتەیەک لە سەردەمی قاجارەکاندا، ماڵی خەسراواییەکان کە لە قەتارچیان بوون لەگەڵ ماڵی ئاسەفەکان کە لە جۆراوا بوون. رقەبەرییان هەبووە و نەیان وێراوە بە ئاشکرا پێکەوە شەڕ بکەن. بۆیە هەرکام گۆپاڵ بەدەستی خۆیان ناردووە بۆ شەڕی گۆپاڵ بەدەستی ئەو لایەنەکەی دیکە. ئەم دابەی شەڕە گەڕەک لەوێوە ماوەتەوە.

ئیتحاد) ئەوان بنیاتیان ناوە. ئەم مەکتەبە ئەهلی بوو و بە پارەی خوێندکارەکان دەگەڕا.

دوو شت تایبەتی کۆمەڵی جووی شاری ئێمە بوو. یەکەم، قەت ژنیان نەدەهاتە نێو کۆلان و بازاڕەوە. دووهەم منداڵیان تەنانەت لە دەبیرستانیشدا لەگەڵ هاومالانی موسڵمانی مەکتەب نەدەگەڕان. لە خوێندندا زۆر زیرەک بوون و زۆربەیان بوون بە پزیشک و دەرمانساز.

کەسێک دەیگێڕایەوە کە لە دانشسەرای عالی تاراندا. ڕۆژێک لە نێوان سوننە و شیعەدا دەبێ بە هەرا و لێدان. یەکێک لە جووەکانی سنە، دەچێتە نێو هەراکە و پشتی سوننەکان دەگرێ. دواتر لە لایەن مودیرەوە لێپرسینەوە دەکرێ. مودیر لە کوڕە جووەکە دەپرسێ: ئەمانە لەسەر عەلی و عومەر بووەتە شەڕیان، تۆی جوو چت پێ داوە؟ ئەویش دەڵێ: من جوولەکەی عومەریم.

لەم ساڵانەی دواییدا، هێندێ فیلم لە ئینتێرنێت دادەنرێ کە سەبارەت بە جێژنی نەورۆزە لە ئیسرائیل. کوردەکانی کۆچبەری ئێران و عێراق بەڕێوەی دەبەن. هەموو کاتێکیش ئالای کوردستان و دروشمی بژی کوردستان هەڵاوەسراوە. هەستەکان هەر ماون.

یەکێک دەیگوت ڕۆژێک دوکانداریکی جوو بانگی کردم و گوتی: دەزانی لە ئێمە سێ ماڵ و لە ئێوە سی ماڵ لەم شارەدا ماوە؟ دوایی چیرۆکی کۆچپێ کردنی سنەییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە باس دەکەم.

لە باری سیاسیشەوە وەنەبێ زۆر باشتر بووبێ: لە سەدەی بیستەمدا گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران زیاتر لە تاران بووە و کەمتر گەییشتووەتە شارە چکۆلەکان. باسی ئاڵوگۆڕکردن و شەڕی عەشایر لە دەورەی ڕەزا شادا ناکەم چونکە لە سنە نەبووە. تەنیا بیستوومانە گەڵواخییەکانیان بە سنەدا کۆچ پێ کردووە و خەڵک تەنیا توانیویانە بچنە تەواشای نەهامەتی و بێچارەییان. لەکاتی کۆماری کوردستاندا، لە سایەی دەسەڵاتی شێخ و مەلا و ئاغای سەر بە ئینگلیسەوە، نەیانهێشتبووە خەڵکی سنە پەیوەندییان بەو کۆمارەوە هەبێ. تەنیا یەک دوو نامیلکەی چکۆلە بە کوردی و لە چاپخانەی نەدای غەربدا بە پیتی فارسی چاپ کراوە، کە ئەویش پاش

داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجان لە لایەن سپای ئێرانەوە نووسەرەکان لە ترسی گرتن و کوشتندا بۆ خۆیان کۆیان کردووەتەوە و سووتاندوویانە.*

بەرەی دوایـیش وەها بێخەبەر راگیرابوو کە هەتا نەچوایە زانکۆ و تێکەڵی سیاسەت نەبوایە، نەیدەزانی شۆڕشی ئازەربایجان و کوردستان چ بووە و چ کراوە و قازی موحەمەد کێ بووە، و هتد...

دواتر بوو کە زانیمان: ئەوکات «فرقەی ئازەربایجان» و «حیزبی دێمۆکراتی کوردستان» بەشێک لە «حیزبی توودە بوون»، گەرچی حیزبی توودە هیچی بۆ نەدەکردن، بەڵام چونکە تەنیا حیزبی چەپی ئێران بوو و لە لایەن سۆڤیەتەوە پشتیوانیی لێی دەکرا و ئەمانیش لە مەڵبەندی خۆیاندا لە ژێر چەتری نیزامی سۆڤیەتدا بوون، بە بنەماڵەیەک دەژمێردران. دوای شەڕی دووهەم کاتێک کە سۆڤیەت هێزەکانی کشاندەوە و ئەمان کەوتنە بەر تەوژمی سپای ئێران و ئینگلیس، حیزبی توودە تەنانەت یەک خۆپێشاندانیشی بە پشتیوانیان ساز نەکرد، چونکە سیاسەتی سۆڤیەت ئەوە بوو کە ئەو دوو حوکوومەتە ناوچەییە هەتیو بخا و حیزبی توودەش وەکوو بەشێک لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت ئەو چارەنووسەی بە رەوا زانیوە.

دواتریش لەساڵەکانی٣٢- ١٣٣٠ (٣-١٩٥١)دا کە هەلومەرجی سیاسی لە بار بووە و دەکرا خەڵکی سنە لەو کارەساتەی کۆماری کوردستان ئاگادار بکرێنەوە، حیزبی توودە و شوڤینیستە ئێرانییەکان کە دەوری سیاسییان هەبووە، خۆیان لەو بابەتە نەداوە. گوتەیەکی «سەی عەلی رەحمانی» پڕ بە پێستی هەلومەرجەکەیە. دەڵێ:

*دەمانزانی دایکی "ماتیاس راگووشی" سەرۆکی ئەوکاتەی مەجارستان لیباسشۆری دایەکەی خۆیان بووە! "مائو تسە تونگ" و "لیوشاوچی" کرێکاری کانی خەڵووزی بەردی وڵاتی خۆیان بوون! بە چاکی دەمانزانی "موریس توریز" سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی*

---

* یەکێک لەو نامیلکانە "پەند و مەسەلی کوردییە" کە لە لایەن "موحەمەد ئەمین بەتحایی"یەوە کۆ کراوەتەوە و لەساڵی ١٣٢٥(١٩٤٦)ی هەتاویدا لەسنە لە چاپ دراوە ئەم نامیلکە لە ساڵی ١٣٨٨(١٩٩٩)دا لە لایەن عەلی بەتحاییەوە بە هاوکاریی من لە هەندەران لە چاپ درایەوە.

*فەرانسە کرێکاری شیرینیپەزی بووە!! بەڵام نەماندەزانی ئەماراتە کوردییەکان چی وکێ بوون!؟ یان "شێخ سەعیدی پیران" کێ بووە و چی کردووە؟ یان کۆماری ئازەربایجان و کوردستان ریشە و ماهیەتیان چ بووە؟ چۆنکە ئەو کاتە لایان وا بوو ئەوانە قسەی ناسیۆناڵیستین نابێ باسیان لێ بکرا.)*

یانێ بەم شێوە خەڵکی سنە و رەنگە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستانیش لە نائاگاییدا راگیرابوون. ئەوەش بگوترێ کە ساڵێ جارێک لە رۆژی ٢١ی سەماوەزدا لە لایەن حوکوومەتەوە یادی ئەو سەرکوتکردنە دەکرایەوە و رێورەسمی رێژە بە رێوە دەچوو. لە پێش باشگای ئەفسەران، لە خیابانی شاپوردا سەکۆیەکی بەرزیان دروست دەکرد، وێنەی شایان دادەنا و ئوستاندار و فەرماندەی ئەرتەش و شارەبانی و رەییسی ئیدارەکان تێیدا دادەنیشتن. ئەرتەش بە تانک و تۆپەکەیەوە دەهات و رێژە دەچوو. دوایە پیشەکار و دوکاندار هەر کام لە سنف و سەفی خۆیاندا دەهاتن و تێدەپەڕین. پاشان عەشایر بە سواری ئەسپ و بە ئاهەنگی دوو تەپڵە، خیابانەکەیان پڕ دەکرد لە قەرسەقول. خەڵک دەچوون بۆ تەواشا. دەگوترا رۆژی سەرکوتی چەتە و ئەشرارە و گەڕانەوەی ئازەربایجان (مەهاباد و ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان، لە باری دابەشکردنی پارێزگاوە خراوەتە سەر ئازەربایجان) بۆ دایکی نیشتمانە. نە مامۆستاکان و نە باب و دایکەکان نەیاندەوێرا راستییەکەی بە خوێندکار و منداڵەکانیان بڵێن.

ساڵی٣٢- ١٣٢٨(٥٣-١٩٤٩) بە هۆی هاتنە سەرکاری «موسەدیق»ەوە لە سنەش هەر وەکوو شارەکانی ئێران، بگرە زۆر کزتر، سەرەتایەکی نوێ بۆ خەبات دەکرێتەوە، هێندێ حێزب و تاقم پێک دێن کە ناسراوەکانیان بریتین لە «حێزبی سەعادەتی میللی کوردستان» کە «سەجادییەکان» و «حەبیب موحیت» سەرۆکایەتییان کردووە. ئەم حێزبە زیاتر پڕوپاگاندەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی کردووە و لە دێهاتدا چالاکیی نواندووە. لە سنە چەند خۆپێشاندان و رێپێوانێکیان هەبووە و باسی هەژاریی خەڵکیان کردووە. هەروەها چیرۆکی بە میللیکردنی نەوتیش هاتووەتە گۆڕێ.

بە پێچەوانەی ئەمانە حیزبێک لە لایەن ئاغا و مالکەکانەوە ساز دەبێ بەناو حیزبی «وەحدەت» [یەکێتی] کە کاریان ئەوە بووە هەر پەخشانێک حیزبی سەعادەت بڵاوی کردووەتەوە، ئەوانیش یەکێکیان بە دژی بڵاو کردووەتەوە. ساڵێک جووتیارەکان بەرەچەی مالکانە بە دەرەبەگان نادەن. حیزبی دەرەبەگ و مەلا لە مزگەوتی جامیعەدا سێ چوار ڕۆژ مان دەگرن. دواییش کەس نەبووە وەڵامیان بداتەوە، واز دێنن. «ئایەتوللەی مەردۆخ» کە بۆ خۆی مالکی گوندی «نەوەڕە» بوو، لەگەڵ ئەم حیزبە دەکەوێ.

چەند کەسیش* بە توودەیی ناسرابوون و دواتر هەر بەو بۆنەوە کەوتبوونە زیندان. لاوەکانی لایەنگری حیزبی توودە پێیان گوترابوو کە شەوانە لەسەر دیوارەکان بنووسن «صلح» (ئاشتی) ئەمەش ئەودەم دروشمی سۆڤیەت بوو. دیارە خەڵک نەیدەزانی ئاشتی لەگەڵ کێ، ئەوان شەڕیان نەبوو. هەرچۆنێک بێ کاربەدەستانی حوکوومەت دەیانزانی ئەمە دروشمی حیزبی توودەیە، پاکیان دەکردەوە.

چەند کۆبوونەوەیەک لە دەرەوەی شاردا، بە دزیی حوکوومەتەوە بە لاوەکان کرابوو کە پێیان گوتووە "جمبوری". ئەم ناوە لە چییەوە هاتووە دیار نییە، ڕەنگە لە جەمبوونەوە هاتبێ. یان لە لایەن ئەو تاقمەوە بووە کە ناوی جەوانانی ئیسلاح تەڵەبی کوردستانیان لە خۆ ناوە و نزیک ٢٠ کەس ئەندامیان هەبووە. هەرچۆنێک بێ سەرەڕای ئەوە کە گوایە بە نهێنیی کارکراوە، دەردەکەوێ وێنەی لێ گیراوە و کەوتووەتە دەستی ئەمن و دواتر هەر بەپێی ئەو وێنە خەڵکیان گرتووە.

لەو کاتانەدا گەرچی حوکوومەت لاواز بووە، بەڵام حیزبەکان زیاتر بە دزییەوە پەخشانی خۆیانیان بڵاو کردووەتەوە. دەست و پەیوەندەکانی شارەوانی و ڕوکنی

---

* محمد نیک پەی و قوسەیری (کە هەردووکیان مامۆستا بوون) عوبەید خالقی، وەفا فەلسفی، ڕەحمەت شەریعەتی، لوتفوڵڵا شێخانی، عەبدولحەمید نێعمەتیان، عەتاوڵڵا سەیدیونسی، باقر خۆشبین، ڕەحیم بەغدادی، محەمەد شەکیبا، عەبباسی، عەلی و سدیق ڕەحمانی، کەرباسی، ئیستوار ڕەجەبی... جێی سەرنجە لەوکتێبانەدا کە سەبارەت بە سنە نووسراون و ناوی هەموو جۆرە مەلا و شێخ و چاک و خراپیان تێدایە. یەک وشە سەبارەت بە سیاسییەکان نییە.

دووی ئەرتەش کە پۆلیسی ئەمنی ئەو کاتە بوون سیخۆریان هەبووە و خەڵکیان دەستنیشان کردووە و لاتولووتیان بە گژی خەڵکدا کردووە.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢دا کە بە "کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ لە مێژووی ئێراندا بەناوبانگە،" شای ئێران کە هەڵاتبوو بە یارمەتی ئەمریکا و ئینگلیس گەڕایەوە و بەساتی موسەدێق و حیزبەکان هەڵپێچران. لە سنەش ئەرتەش و پۆلیس، لات و چەقۆکێشیان پێش خۆیان داوە وکەوتوونەتە تۆقاندن و ترساندنی خەڵک و تالانکردنی دوکان و ماڵی توودەیی و حیزبەکانی لایەنگری موسەدێق. ئاغاکانی حیزبی وەحدەتیش بەیانێکیان بە پشتیوانیی شا و بە دژی موسەدێق دەرکردووە. بەشێک لەوانە کە تا دوێنێ مەرگ "بۆ شایان" گوتبوو، ئەوڕۆ لە داروەستەی زیندەباد شادا بوونە و لە هەموو زیاتر هەرایان کردووە. ئەم کردارە لە کاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیشدا دووپات بووەوە. کۆمەڵ هەموو جۆرە مرۆڤێکی تێدایە، ناکرێ شارێک تەنیا بە پیاوچاکەکانییەوە (کە هەمووکاتێک زۆر کەمن) بناسرێ.

ڕۆژی دواتر رادیۆ سنە کە بە دەزگای بێسیمی ئەرتەش بڵاو دەکرایەوە، نێوی ٢٠ کەس لە لاوەکان و مامۆستاکان دەخوێنێتەوە کە دەبێ خۆیان بە ئەمن بناسێنن. دیارە هەموویان پێشتر خۆیان شاردبووەوە، یان هەڵاتبوون. دواتر گیراو و نەگیراو، زۆربەیان پەشیمانی دەردەبڕن و بەشێکیان دەبن بە داردەستی ڕژیمی پاشایەتی. هەر وەک گوترا چونکە حیزبی توودە و دێمۆکرات تێکەڵاو بوون، دیار نییە کامانەیان تەنیا باوەڕیان بە حیزبی دێمۆکرات هەبووە. ئەوەندە هەیە لە ساڵەکانی پاش شۆڕشی ١٣٥٧(١٩٧٩)دا لەو ناوانەی سەرەوە تەنیا دوو کەس عەلی ڕەحمانی و ڕەحیم بەغدادی خۆیان وەکوو دێمۆکرات ناساندەوە.*

لە ساڵی ١٣٣٥(١٩٥٦)دا ساواک (سازمانی ئیتلاعات و ئەمنییەتی ئێران) بە دەستی تەیمور بەختیار دادەمەزرێ کە ژنەراڵێکی پەروەردەی ئەمریکا بوو. ساواک

* بەشێک لەم زانیارییانە لە ژیاننامەی سەی عەلی ڕەحمانی و یادنامەی دوکتور محەمەد عەلی بەتحایی وەرگیراوە کە ئەوکات بۆ خۆیان لاو بوون و تێکۆشانیان هەبووە.

کەوتە کۆکردنەوەی ئەو کەسانە کە توانیبوویان لە ساڵی ۳۲دا خۆ بە دەستەوە نەدەن. لە سنەش چەند کەسێک گیران.

ساڵی ۱۳۴۲ (۱۹۶۳) بەو لاوە هاوکاتە لەگەڵ دوو رووداو، یەکێک بەرپابوونی چاکسازی یان بە وتەی خۆیان (ئینقلابی سپی) کە خاڵی هەرە گرنگی دابەشکردنی زەوی بە سەر جووتیاران و نەهێشتنی دەرەبەگایەتی (فئۆدالیسم) بوو. دووهەم دەستپێ کردنی شۆڕشی ئەیلوول لەکوردستانی عێراق.

بڕیار بوو زەویی خاوەن موڵکەکان بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێ. ئەم دروشمە کە ببوو بە چەقەخۆشەی زاری شا و بە هەر بیانوویەک باسی دەکرد، خۆ بە خۆ کێشە نەبوو. کێشە ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە موڵکی ئاغاکانی سەر بە دەربار پارێزرا. شا بۆ خۆی موڵکە باشەکانی بەش نەکرد. هەمووی بە زۆر و بە رەزا بە دەوڵەمەندەکان فرۆشت. لە یاسای دابەشکردنی زەویدا هاتبوو: ئەو زەویيانە کە بە شێوەی میکانیزە کشتوکاڵ دەکرێن وەبەر یاسای دابەشکردن ناکەون. واتە ئەگەر فئۆدالەکان ببن بە سەرمایەدار، کەس کاری پێیان نییە. ئەوە بوو کە هەر خاوەن موڵکێک دەچوو تەراکتۆرێکی دەکڕی و خۆی لە دابەشکردن دەرباز دەکرد. لە لایەکی دیکەوە میکانیزەکردنی زەوییەکان دەبوو بە هۆی زیادهێنانی هێزی کار لە دێهاتەکاندا و ئەوانیش روویان دەکردە شار بۆ کار پەیداکردن. دیارە ئامانجیش هەر ئەوە بوو کە ئەو بەشە لە هێزی کار روو بکاتە بە شی پیشەیی لە کارگە و کارخانەکاندا. لە کوردستان بە گشتی و سنە بە تایبەتی نە کارگە و نە کارخانە، هیچ نەبوو. کرێکاری پێمەڕە بەدەست زیاد ببوو. بەشی هەرە زۆری کۆچبەرانیش لە خیابانی سیروس‌دا تەسبێحیان بە یەکتر دەفرۆشت. ئەمە نموونەی بەشی هەرە زۆری شارە چووکەکانی ئەوکاتەی ئێران بوو.

لە راستیدا ئەم چاکسازییە گەڵاڵەی ئەمریکا بوو بۆ پێکهێنانی بازاڕی بەکارهێنانی پێشەیی لە وڵاتانی ژێردەستی خۆیدا. ئەم گەڵاڵە تەنیا بۆ ئێران نەبوو، لە هێندێ وڵاتی ئەفریقا و لاتین ئەمریکاش کە تەنانەت دەرەبەگایەتی لە شێوەی ئێرانیان تێیدا نەبوو، دابەزێندرا. ئاکامەکەی لاوازکردنی کشتوکاڵ بوو. پاش جێبەجێبوونی گەڵاڵەکە ئێران بوو بە یەکێک لە کڕیارەکانی گەنمی ئەمریکا. لەو

ولاتە ژێردەستانە کە کێشەی زەویوزاری لە شێوەی ئێرانی تێیدا نەبوو، بەڵام دۆلاری نەوتییان هەبوو، هاتن بە دەستکرد نرخی دراویان زیاد کرد، بۆ نموونە لە نیجێریە هەتا پێنج بەرانبەر بەرزیان کردەوە. ئەوجا دەوڵەت بەم دراوە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی لە جووتیاران دەکڕی و ئەوان لە راستیدا بە پێنج قات کەمتر لە جاران دەیانفرۆشت، بۆیە هەموو زەویوزاریان بە جێ هێشت و روویان کردە شارەکان و ولاتیش بوو بە کڕیاری گەنمی ئەمریکا.

یەکێک لە دەرەبەگە هەرە زەلامەکانی کوردستان نیشتەجێی سنە، "حەمە حسێن خان ئاسەف" بوو کە نوێنەری پارلەمان بوو. پارلەمان لە لایەن شاوە داخرا و ئاسەفەکانیش ناردرانەوە ماڵی خۆیان. گوایە حەمە حسێن خان نارەزایی دەربڕیبوو. بە میوانی بردیانە تاران، دەرمانخواردیان کرد و کوشتیان. دواتر "حەمە سەعی خان"ی براشی لە کاتی ڕاودا بە گوللەی وێل کوژرا. ئەم شێوە کوشتنانە لە شێوەی باوکی شا بۆ لە نێوبردنی دژەکانی دەچوو.

جێگای سەرنجە راست لەو کاتەدا کە شا دەیەویست دەرەبەگایەتی هەڵوەشێنێتەوە، ئەو کەسانە کە بە دژی دەرەبەگایەتی خەباتیان کردبوو و لە زیندان راگیرابوون، بەر نەدران.*

لە بەهاری ساڵی ١٣٤٢دا دوو مەلا، خومەینی و گیلانی کە دوو مەلای گەورەی شیعە بوون دژ بەم چاکسازییانەی شا وەستانەوە. بە تایبەت دژی دەنگدانی ژنان و دابەشکردنی زەوی بوون. (سەیر ئەوەیە کاتێک خومەینی دەسەڵاتی گرتە دەست ئەو دوو خاڵەی هەڵنەوەشاندەوە. سەردەمەکە گۆڕابوو). ئەوان لە رۆژی عاشووورادا دارودەستەی سینەکوتیان هان دا حوکوومەت بڕووخێنن. دەستەی سینەکوت کە لە لایەن گەورە باجخۆرەکانی تارانەوە رێک دەخران، هێرشیان کردە سەر ئیزگەی رادیۆ تاران، بەڵام پێیان نەگیرا و بە توندی سەرکوت کران. "تەیب حاجی رەزایی" گەورە لاتی تاران کە بۆ خۆی لە کودەتای ٢٨ی گەلاوێژدا

---

* عەزیز یوسفی یەکێک لەو زیندانیانە بوو. لە وەڵامی بەرپرسی زینداندا کە داوای پەشیماننامە نووسینی لێ کردبوو. گوتبووی " بۆ شا بووەتە پاڵەوانی دژی دەرەبەگایەتی و من کە هەر بەو تاوانە گیراوم ئەوە حەڤدە ساڵە لە زیندانم؟

پشتیوانیی لە شا کردبوو، ئیعدام کرا و خومەینی بۆ نەجەف شارەودەر کرا. ئەم کەف و کۆە بەڵام هیچ دەنگدانەوە و رەنگدانەوەیەکی لە کوردستان نەبوو. رەنگە هۆەکەی سوننیبوونی کورد بووبێ.

هەر لەو ساڵانەدا هێندێ دڵسۆزانی کێشەی کورد کەوتنە جموجۆڵ و یارمەتییان بۆ شۆڕشی کوردی عێراق کۆ دەکردەوە. ساواک ئاگاداری ئەم یارمەتی کۆکردنەوە دەبێ، دەگوترا لیستی ناوەکان لای خەڵیفە ئەولە بووە کە لە سنە تەکیەی هەبوو، ئەویش بۆ خۆی پیاوی ساواک بوو. بە شەوێک ١٧ کەس لە سنە و بە گشتی ٢٤٥کەس لە هەموو کوردستان گیران. یەک دوو مامۆستای ئێمەشیان تێدا بوون. پاش ماوەیەکی کورت زۆربەیان بەر دران و دواتر ئەوانەیان کە کارمەندی دەوڵەت بوون گوێزرانەوە بۆ شارەکانی گەرمێنی ئێران. چوار کەس بە چەند ساڵ زیندان حوکم دران. (سدێق و عەلی رەحمانی، رەحیم غەریقی و مەلا ئەمین موحەمەدی)*

دیسان لە باری سیاسییەوە سنە کپ و بێدەنگ بوو، و شار بووە مەیدانی مەلا و دەروێش و لات و چەقۆکێش.

گۆڕان، گۆڕان بە دووی خۆیدا دێنێ. حوکوومەتی شا دەیەویست هەموو گۆڕانێک لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بکرێ. بەڵام هیچ دیکتاتۆرێک ناتوانێ پێشی ئەو گۆڕانە بگرێ کە لە قووڵایی کۆمەڵدا روو دەدا.

وڵاتە رۆژئاواییەکان بە تایبەت ئەمریکا پارەیان دەخستە سەندوقی دەوڵەتەوە. ئەمریکا لە رێگای گەلاڵەی "ئەسڵی چوارەوە، کە یارمەتیدان بە وڵاتانی دواکەوتووی لایەنگری خۆی بوو، هێندێ یارمەتیی جۆراوجۆری دەدا بە ئێران. بۆ نموونە لە سنە پادگانێکی نیزامی دروست کرا و لە مەدرەسەکان شێری ئیشک و بیسکویت دەدرا بە منداڵان. گەرچی نیوەی پارەکە دەدزرا، بەڵام بە نیوەکەی دیکە دەست بە ئاوەدانکردنەوەی شارەکان کرا. لە ماوەی ساڵەکانی ٤٠هەتا ٥٠دا، (٦٠-٧٠م) جادە و تلەفوون و کارەبا و ئاو و سیلۆی گەنم دروست کرا و برێکیش

* ئەو کات هێشتا دەوڵەتی ئێران بۆ خۆی نەکەوتبووە یارمەتیدان بە ڕاپەرینی ئەیلول- دیارە هەموو کاتێک باسکردنی کورد و مافی کورد لە ئێران قەدەغە بووە. ئێستاش کە ئێران بە رواڵەت دانی بە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ناوە، لە ئێران هەرکەس خەونی لەو شێوە ببینێ هەڵداوەسرێ.

مەدرەسە و خوێندنگە زیاد بوون. مانگانەی کارمەندەکان زیادی کرد و بەپێی ئەوە بازاڕیش بووژایەوە و دیمەنی شار وردە وردە گۆڕدرا و ماڵی دووقات و سێقات زیادی کرد. رادیۆ ترانزیستۆری لە هەموو ماڵێک پەیدا بوو، خەڵک بەرە بەرە فێری رۆژنامەخوێندنەوە بوون. هێندێ رۆژنامە و گۆڤاری تازە لە تاران لە چاپ دەدران و کەم تا کورت دەگەییشتە سنەش. بڕێک لە لاوەکان گۆڤارێکی نیوەرووناکبیریی وەکوو "فێردەوسی" و "نگین"یان دەدا ژێر باڵیان یانێ ها ئێمەش... باش بوو لە باتی پێشبڕکێ لە ئارەقخواردنەوەدا، پێشبڕکێ لە زانیندا ببوو بە سەرگەرمیی هێندێ لە لاوەکان.

که خەڵک هەلومەرجی ژیانی باشتر بوو، لە باری رووناکبیریشەوە دەچێتە پێشێ. ئەوکات هەست بەوە دەکا کە دەبێ کەسایەتیی بۆ خۆی پەیدا بکا، کەسایەتییەک کە لە لایەن دەسەڵات و دارودەستەی ئەمن و دەست و پەیوەندەکانیانەوە پێشێل دەکرا. ترس و تۆقاندن هەر بەردەوام بوو.

سەرەڕای ئەمانە سنە وەها بە بێدەنگ دەژمێردرا کە لەساڵی ۴۶ (۶۷م)دا کاتێک جووڵانەوەی چەکداریی گرووپی شەریفزادە و ئاوارە و..." **کومیتەی انقلابی حزبی دیموکراتی کوردستان**" (کە هیچیان سنەیی نەبوون) تێک شکا، تەرمی کوژراوەکانیان هێنا لە سنە ناشتنیان. ئەوێیان بە جێگای ئەمن زانیبوو. دواتر لە ساڵی ۵۷دا گلکۆکەیان لە زیارەتانی تایلە دیاری کرا و پەیکەرەیەکی مستی گرێکراو لەسەری دانرا. لە بەرانبەری زیارەتانەکەش لە لاپاڵی کوچکەرەشی بچووکدا بە بەردچن نووسرا "بژی سمکۆ". پاشتر کە شار کەوتەوە دەستی کۆماری ئیسلامی ئەو دروشم و گڵکۆیە تێک درایەوە.

*ئەمە دیمەنێکی کورت لە جێگای لەدایکبوونی من بوو. شوێنێک کە دوازدە ساڵ دەرسم تێیدا خوێندووە، بە هاوینان دەستفرۆشی و شاگرددوکانیم کردووە. کە گەورەتر بووم کرێکاری و ئاسنکاریم کردووە. دیپلۆمم وەرگرتووە و چوومەتە سەربازی. دواتر بەختم نەبوو لێیدا نیشتەجێ ببمەوە. ئێستاش کە ئەم دێڕانە دەنووسم سی و دوو ساڵە لێی دوورم.*

# باڵەوازە

*لە پشت پەنجەرەیەکی شەق و شڕی ئاسینیندا دانیشووم. لەوبەری شەقامەکەدا سێ چرا لە بنمیچی بەرهەیوانێکدا، ڕووناکییەکی مردوو لە شەوێکی تاریک و خۆڵاویدا بڵاو دەکەنەوە. بەرهەیوانەکە بە پەرژینی سمنتی ناکۆڵۆکار بە شێوەی مێعماری دەورەی عەباسییەکان، گیراوە. ئێرە شارێکی بچووکە، لە نزیک هەولێر پایتەختی کوردستاندا. ڕاگەیاندنە گشتییەکان پێداگرییان هەیە کە بە دوای نێوی هەولێردا بڵێن پایتەخت. بۆ؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە کە چونکە تەختی تێیدا نییە کە پێتەختی هەبێ. بەڵام شای بێ تانج و تەخت زۆرن. من نە شام و نە رایەت. لە پشت ئەم پەنجەرە دانیشتووم و چرای ساندویجفرۆشییەکی داخراو لە دوورە دەبینم کە بێخۆ چاو دەتروکێنی. با- لق و پۆی دارە جەوهەرەکەی حەوش بە پەنجەرەکەدا دەسوێ و دیمەنەکە خەوشدار دەکا. من بەوە ڕاهاتووم کە تەنیاییەکانم لەگەڵ پەنجەرەدا دابەش بکەم.*

*وەکوو هەموو شەوان ماڵەکەی من کارەبای نییە. ماتۆری کارەبای خۆشمم نییە. چرایەکم هەیە بە باتری کار دەکا، هەموو ئەوانەی وەکوو منن هەیانە. بۆ شەوی مەبادا، کە ئەم مەبادا هەموو شەوێک ڕوو دەدا. بە ڕۆژدا، ئەو کاتەی کە کارەبا هەیە، باترییەکەی پڕ دەکەمەوە کە شەو دوو سەعات ڕووناکییەکی کزم بداتێ. لە ڕووناکایی ئەم چرایەدایە کە بۆت دەنووسم.*

یەکێک لە خاڵەکانی چاکسازیی "شۆڕشی سپی" شا، پێکهێنانی سپای دانش (سپای زانیاری) بوو. ئەو لاوانە کە دیپلۆمیان وەرگرتبوو، لە باتی سەربازی دەنێردرانە سپای دانش. شەش مانگ لە پادگانە سەربازییەکاندا مەشقیان پێ دەکردا و دوایە بۆ ماوەی ساڵێک دەچوون لە دێهاتدا دەبوونە مامۆستای سەرەتایی. سنە ناوەندی تیپی ٢١ی سپای ئێران بوو و ناوەندی تالیمی سەربازیی تێیدا بوو کە بەشێکی بۆ سپای دانش تەرخان کرابوو. من لەگەڵ دەورەی ١٢ی

سپای دانش ئەو شەش مانگەی سەرەتایی لە سنە بووم و دوایە لەگەڵ هەموو سنەییەکانی دیکە ناردراینە تورکەمەن سەحرا.

تاقیکردنەوەی لەم شێوە پێشتر لە هێندێ لە وڵاتانی لاتین ئەمریکا و ئەفریقادا بە شێوەی جۆربەجۆر کرابوو و سەرکەوتنی بە دەست هێنابوو. بەڵام لە ئێران نەگەییشتە ئەو ئامانجەی کە بۆی دیاری کرابوو. گەرچی دەستکەوتیشی هەبوو. دواتر چەند سپای دیکەش زیاد کرا. سپای تەرویج بۆ کشتوکاڵ و سپای بێهداشت بۆ تەندروستی. ئەمەی دوایی، ئەو کەسانە بوون کە لە زانکۆ پزیشکییەکاندا خوێندبوویان و دەهاتنە سەربازی. ئەم بەشە لە هەموو ئەوانی دیکە زیاتر خزمەتی بە کۆمەڵ دەگەیاند، چونکە ئێرانی ئەودەم پڕ بوو لە نەخۆشین و گوندەکان هیچ دەرمانگە و دوکتوریان تێدا نەبوو و خەڵکی هەژار بۆی نەدەکرا بچێتە شار و سەری نەخۆشخانە بدا. رادەی مردنی منداڵان لە گوندەکان، چەند قاتی منداڵانی شار بوو.

لاوێک کە دەهاتە سەربازی لەگەڵ دنیایەکی تازە بەرەوڕوو دەبوو. دنیایەک کە دیمەنی راستەقینەی کۆمەڵی پێی نیشان دەدا. دیمەنی دەسەڵات و هێز، دەسەڵاتی بێ بەزەیی و بێ بایەخبوونی کەسایەتی و تاکەکەسی. دنیایەک کە پڕبوو لە فەرمانی هیچ و پوچ و پرسیارکردنیش قەدەغە بوو. تالیم لەسەر ئەوە بینا نرابوو کە مرۆڤی گوێڕایەل و بێکەسایەتی دروست بکرێ بۆ ئەوە کە دیکتاتۆری پاشایەتی قەت نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. فەرمان لە سەرەوە، لە شاوە بۆ تیمسارەکان و دوایە ئەفسەرەکان و گروهبان و ئاخر کەس سەرباز، دادەبەزی بە بێ ئەوە بیری لێ بکرێتەوە. رەنگە ئەمە سروشتی ئەرتەش بێ و لە هەموو جێگایەک کەم تا زۆر هەر وا بێ. واتە لە هەموو شوێنێک هەر پڕوپووچ و بێ مانا بێت. هەرچۆنێک بێت لە وڵاتانی دنیای پێشنەکەوتوودا چونکە بەشی زۆری خەڵک نەخوێندەوارن یان زانیاری کۆمەڵایەتییان نییە، دەبێتە راهێنانێکی تایبەتی و خەڵک بە شتێکی سروشتیی دادەنێت و کاتێک ئەو فەرمانە بە دژی خۆی و بنەماڵەکەی و خەڵکەکەی دەدرێ، ئەنجامی دەدا. ئەوەیە کە سەرباز یان پۆلیس بەبێ بیرکردنەوە خەڵک گوللەباران دەکەن، یان جووڵانەوەکان سەرکوت دەکەن. ئەم راهێنانە سپای دانشیشی دەگرتەوە. دەبوا لە پێشدا ئەو کەسایەتییە کە

خوێندکارێک لە مێشکی خۆیدا بۆ خۆی دروستی کردووە، بشکێندرێ و پێی بسەلمێندرێ کە ئەو لەو نیزامە دەست باڵادەستەدا، سفرە، هیچ نییە. گروبانێک کە شەش کلاسی خوێندبوو دەیتوانی بیرەتێنێ، لە قوڕی بگەوزێنێ، بیکا بە پاسەوانی توالێت و لە زیندانی بکا. دیارە کەم نەبوون ئەوانەی کە نەیاندەویست ملکەچ بن. بەڵام هەرچی زۆرتر نافەرمانیی کردبا زیاتر و توندتر تەمێ دەبوو. منداڵە شارییەکان، بە تایبەت سنەییەکان کە شاری خۆیانیان لە بەردەستدا بوو، لەوانیش ئەوانە کە هێندێ تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتییان لە ڕێگای کرێکاریکردن و وەرزشوانی و... هەبوو، زیاتر سەرپێچییان دەکرد و زیاتر سزا دەدران. کاتێک شەش مانگەکە تەواو بوو، من سەد و دە شەو نیگاوانی قەرزدار بووم. بە گشتی بۆ هەموو لاوێک دیتن و تاقیکردنەوەی ئەو دنیایە باش و پێویست بوو. مرۆڤ بە ناسینێک لە کۆمەڵ دەگەییشت کە پێشتر ئیمکانی ئەو ناسینەی نەبوو و نەیدەزانی. نەیدەزانی بۆ ژاندارمە شیرەییەک لە کێو و بەندەنەکانی هەورامان دەتوانێ باج لە خەڵکی عەشایر بستێنێ. تێدەگەییشت کە ئەوە ئەو ترسەیە کە شەوقدانەوەی ڕمی تفنگەکانی سەربازخانەکان دەیخاتە دڵی خەڵک.

بێجگە لە هەموو ئەمانە، لاو فێری ڕێکوپێکی، دژواری و خۆناسین و رق و تووڕەیی لە دەسەڵاتێک دەبوو کە جگە لە زۆرەملی هیچ نازانێ و ئەمە لە هەموو تاقیکردنەوەکانی دیکە گرینگتر بوو و لە ژیانیدا بەکاری دەهات.

سیاسەتی ناردنە شوێنی دوور لە زێدی خۆت. تەنیا بۆ سپای دانش نەبوو، بەڵکوو باقیی بەشەکانی سپاشی دەگرتەوە و ئامانجەکەی ئەوە بوو کە خەڵک لە نێو ئاشنا و خزم و خەڵکی خۆیدا نەبێ، کە هەرکات ویستیان دژی خەڵکەکە بەکاریان بەرن و کەس بەزەیی بە کەسدا نەیەتەوە. تەنانەت لە شارەکانیش گەڕەکی تایبەتی بۆ ماڵی ئەرتەشییەکان هەبوو کە تێکەڵی خەڵک نەبن. لەوێش خانووی ئەفسەرەکان جیا لە خانووی گروبانەکان بوو، بۆ نموونە کاتێک هێزیان نارد بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی کوردستان لە ساڵی ۴۶دا (کە پێشتر باسمان کرد) لە بەلوچستانەوە هێزیان هێنابوو. ئەڵبەت ئەم سیاسەتە ڕوویەکی دژ بە خۆیشی هەبوو، ئەویش ئاشنابوونی خەڵک لەگەڵ ناوچەکانی دیکە و ناسینی خەڵکانی دیکە بوو.

ئێران لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەرزەوینێکی زۆر تایبەتییە. پڕە لە سروشت و کولتور و زمان و ئایین و ڕەنگ و ڕووی جیاواز. لە هەر پەنجا کیلومێترێکدا هەموو ئەمانە دەگۆڕدرێ. کورد، تورک، لور، عەرەب، گیلەک، مازندەرانی، تورکەمەن، فارس، بەلوچ و... موسڵمانی شیعە و سوننە بە هەموو لقەکانیانەوە، زەردەشتی، کاکەیی، ئیزەدی، جوو، مەسیحی و... کێوی هەرە بەرز و دەشتی نزم، سەحرا، لێڕەوار، شۆرەزار وکێڵکەی پڕ پیت و... هەموو ئەمانە لە لایەکەوە بووەتە هۆی جیاوازی و یەکنەگرتنی خەڵک و ئاسانبوونی دەسەڵاتداری و پاوانکردنی ئەم دەسەڵاتە و کەڵکوەرگرتن لە جیاوازییەکان و بەگژ یەکدا کردنی خەڵک. ئەم بە گژ یەکتردا کردنە - شیعە بە دژی سوننە، تورک بە دژی کورد، فارس بە دژی عەرەب، موسڵمان بە دژی ئایینەکانی دیکە و...- ئەمانە ئەوەندە لە مێژوودا دووپات بوونەتەوە کە بوونەتە شێوە کولتورێک و خەڵک بە ئاسایی وەری دەگرێ. بۆ نموونە کاتێک خومەینی دژی کوردستان جیهادی دا، شیعە بە فەرمانی ئەو فیربوونە مێژووییە (و نە بە فەرمانی خمێنی، چونکە ئەو تازە هاتبووە سەردەور) بە هەڵە و داوان خۆیان گەیاندە کوردستان کە بە کوشتنی کورد سەوابێک بۆ ئاخەرەتی خۆیان پەیدا بکەن و ڕەنگە تۆڵەی قینە کۆنەکانیان بکەنەوە.

لە لایەکی ترەوە بووەتە هۆی دەوڵەمەندی کولتوری دانیشتوانی ئەم سەرزەوینە پان و بەرینە. ئەو شتەی کە ئۆروپاییەکان ئێستا باسی دەکەن و نێویان ناوە فرەکولتوری ئێمە لە هەرە کۆنەوە هەمانبووە. دیارە ئەوەش لایەنی چاک و خراپی خۆی هەیە، کە بە کورتی باسمان کرد.

ئێمەی لاوی ١٨-١٩ ساڵان کە شتێکی زۆرمان لەم کۆمەڵە هەمەرەنگە نەدیبوو و شەش مانگ لە ژێر گوشاری سەربازخانەدا مابووینەوە، ناردراینە گوندێک کە هیچمان لێی نەدەزانێ. بەشی هەرە زۆرمان هەتا ئەودەم لە ژێر چاوەدێری و بەخێوکردنی دایک و بابدا بووین و ئێستا دەبوا بۆ خۆمان خواردن بکەین و جلەکانمان بشۆین و ماڵەکەمان گسک بدەین و هتد... ڕاستە لە سەربازخانە هێندێکیان پێ کردبووین، بەڵام چونکە لە ژێر گوشاردا بوو، لێێ بێزار بووین. ئەوە بوو کە ئێمە دەبووین بەو گروبانە کە وا لە پادگان فەرمانی دەدا و هەرای بە

سەردا دەکردین. سەربازەکانیشمان ئەو منداڵە بەستەزمانانە بوون کە دەهاتن دەرس بخوێنن.

من کەوتمە گوندی "حەکیم ئاوا" لە پێنج کیلومێتری عەلی ئاوای کەتول، سەر بە شاری گونبەد کاووس. لەگەڵ یەک سپاهی دانشی دیکەی خەڵکی سنە و یەک سپای تەرویج خەڵکی تەورێز، پێکەوە لەو گوندە بووین. سێ کەس لە یەک گونددا بۆ خۆی نیشانەی زۆریی دانیشتوانی گوندەکەیە. ئەم گوندە موڵکی دابەشکراو بوو بەڵام خاوەن موڵکەکە (میرفێندرسکی- باڵوێزی ئەوکاتی ئێران لە سۆڤیەت) بەشێکی زۆر لە زوینەکانی بە نێو میکانیزە، بۆ مابووەوە. زۆربەی کشتوکاڵ لەو ناوچەدا لۆکە بوو کە لەو کاتەدا، بەراورد  بە کشتوکاڵی دیکە، قازانجی باشی بە خاوەن زەوی دەدا. دەکرا بڵێی یەک وەرزێڕی ئەوێ دە قاتی وەرزێرێکی کوردی دەست دەکەوت. لەم داهاتە دەبوا بەر لە هەر شتێک بەشی ئیمام و سەفەر بۆ مەشهەد کەم کەیەوە. پاشان بەشێکی بۆ تریاک دەڕویشت و ئەوجا خەرجی بنەماڵە و قەرزی بانک و هتد... ئەمە هەلومەرجی ژیانی ئەوانە بوو کە "قزلباشیان پێ دەگوترا و زمانیان مازندرانی بوو. تورکەمەنەکان سوننەی حەنەفی بوون و موریدی شێخ عوسمانی نەقشبەندی بوون. هەموو ساڵێک مافوورە و پارەیان کۆ دەکردەوە و دەیاننارده کوردستان بۆ ماڵی شێخ. لە وەرزی هەڵگرتنی بەروبوودا کرێکاری وەرزی لە زابول و بەلوچستانەوە دەهاتنە ئەو ناوچانە و ژیانێکی سەگمەرگییان هەبوو. وەکوو ژیانی ئەفغانستانییەکان کە چەند ساڵ دواتر هاتنە نێو ئێرانەوە. بەڵام بە گشتی رادەی ژیانی خەڵکی ئەوێ زۆر لە سەرەوەی رادەی ژیانی خەڵکی دێهاتی کوردستان بوو.

بەشێکی زۆر لە زەوینەکانی تورکەمەن سەحرا و دەشتی گورگان موڵکی تایبەتی دەربار بوو. گاردی شاهنشاهی پێی ڕادەگەییشت. یەکێک لە ئەرکەکانی ژاندارمێری ناوچە ناردنی کرێکاری بێمزە بۆ کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەو موڵکانە بوو. ژاندارمەکان بە هەر بیانوویەک خەڵکیان جەریمە دەکرد و دەیان ناردنە مەزرای شاهنشاهی. ئەوانەی کە رۆیشتبوون دەیانگوت جەهەنەم لەوێ باشترە. خۆرهەڵات هەتا خۆرئاوا دەبێ کار بکەی. خواردن بەس نانەڕەقەیە و

شـەویش لە گەورِ دەنـووی. بەرپرسـەکان بـەم شـێوە ئـەو پارەیـە کـە دەبـوا بـە کرێکاری بدەن لە گیرفانی خۆیان دەنا.

لە نزیـک گوندەکەی ئێمـەوە یـەکێک لـە وەزیرەکان هێنـدێ زەوینـی کشـتوکاڵی میکانیزەی هەبوو. کارخانەی "تەختەی نئوپان"ی گورگان موڵکی ئەو بوو. بە لق و پۆی بنـەپـەمۆ کـە بـە خـۆڕایی لـە وەرزێڕەکانیـان دەستاند، تەختـەکانیان دروسـت دەکرد. بۆ دابینکردنی ئاوی باخەمیوە و زەوینە کێڵدراوەکان پێنج گۆلی دەستکردی لێ دابوو کە هەموو ئاوی زەویەکانی دەوروبەری مژی بوو. وەرزێـری ناوچـە ئاویـان بـۆ کشـتوکاڵ نـەمابوو و ئـەویش پێـی نەدەفرۆشتن. ناچـار ئـەوان زەوینـەکانیان بـە جەنابی وەزیر دەفرۆشت و بۆ خۆیان دەبوون بە کرێکاری رۆژمزی ئەو.

یەکـەم کێشـەی جـەنابی سـپایی ئـەوە بـوو کـە زمـانی ئـەو خەڵکـەی نەدەزانـی. رەنگە چەند کەسێک لە دێدا هەبان کە فارسی (بە ناو زمانی هاوبـەشی هـەموان) بزانن، بـەڵام منـداڵان نەیانـدەزانی. تەنانـەت ئەگـەر فارسـیش بـان بـە زاراوەیـەک دەدوێن کە کـاکی سـپایی تێـی نەدەگەییشـت. لانـی کـەم شـەش مـانگی دەویسـت هــەتا پێــک رابــێن و لــە یــەک تێبگــەن، کــەچی بــەپێــی دەســتوور، منــداڵانی مەدرەسەکانی لادێ دەبوا هـەر شـەش مانـگ پلەیـەک تـەواو بکـەن. لـە شـارەکان ساڵێک پلەیەک بـوو. ئاخۆ ئـەوە ئـەو دەستوورەی دانابوو بیـری نـەکردبووەوە کـە منداڵی لادی نە تەنیا بلیمەت نین بەڵکوو لە چاو منداڵی شاردا بـە هـۆی نـەبوونی ئیمکانات و رادیۆ و تلەڤزیۆن و... لە دواترن و دەبێ زیاتر مەودایان پێ بدرێ.

مامۆستای ڕەبەن بە جلکی نیزامییەوە، تەنیا شتێک کە نەیدەزانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵان بوو. منداڵەکان بـەر لـەوە کـە خوێنـدکاری ئـەو بـن، نۆکـەرییان بـۆ دەکرد. خەڵکەکەش کە بـە زوڵـم و زۆری ژاندارمـە راهاتبوون، لـە هەرکـەس کـە جلوبەرگی نیزامی لەبەردا بوایە دەترسان و گەرچی لە دڵەوە رقیان لێی بوو بـەڵام رەخنەیان لێ نەدەگرت. تەنیا ئەو کات دەمارگرژییان دەبزوا کە جـەنابی سـپایی چـاوی لـە کچـەکانیان بکـردایە. لـە نێـو سـپاییەکاندا کەسانێکیش هـەبوون خـەمی منـداڵانیان دەخـوارد و وانەکانیـان بـە هەنـد دەگـرت. بـەڵام زۆرینـە ئـەو کەسـانە بوون کە تەنیا خەمیان ئەوە بوو هەرچی زووترە ئەو ساڵەی تەواو بکەن و لە کێچ و ئەسپێ دێهات رزگاریان بێ.

دەرسپێدانی پۆلی سێهەم و چوارەم و پێنجەم بە ئەستۆی من بوو، بەڵام ژمارەی منداڵانی پۆلی یەکەم و دووهەم زیاتر لە هەرسێ پۆلەکەی من بوو. دەکرا بڵێی منداڵانی پۆلی پێنجەم بە ئەندازەی پۆلی دووهەمی شار شت فێر نەببوون. سپاهییەکان رەنجی فێرکردنیان لە بەر خۆ نەنابوو، بەس بۆ رازیکردنی دایک و بابیان، یان بۆ وەرگرتنی بەرتیلێک کارنامەیان پێ دابوون و ناردبوویاننە پۆلی سەرەوەتر. من بڕیارم دا لەو ساڵەدا هەر خوێندکارە و یەک کارنامەی زیاتری نەدەمێ. یانێ یەک پۆل زیاتر نەڕوا. پێم وا بوو ئەوانە دوایە بۆ خوێندنی پۆلی شەش دەچنە شار و لەوێ تووشی کێشە دەبن. تەنیا یەک کەس دوو کارنامەی وەرگرت، ئەویش کوڕێکی وردیلەی زیرەک بوو کە ساڵانی دواتر لە زیندانی ئەوین چاوم پێ کەوتەوە. چووبووە زانکۆ و لەوێ پەیوەندیی لەگەڵ چریکەکان گرتبوو و هاتبووە زیندان. پێم وایە پێنج ساڵ زیندانی وەرگرتبوو.

لە ئاخر ساڵەوە چەند کەس لە بابەکان سفارشیان ناردبوو و قەولی دیارییان دابوو. من وەڵامم نەدانەوە. ئەو سپاهییەکەی دیکە پاش من چەند رۆژێک لەوێ مایەوە و پێم وایە بەرتیلەکانی وەرگرتبوو و کارنامەکانی نووسیبوو. ئەو زیاتر لە من لە سیستەمی شاهەنشاهی تێدەگەییشت. بە گشتی ئەمانە هۆی شکستهێنانی پرۆژەی سپای دانش بوون.

# خەبات

*نووسیبووت: خیابانەکان چۆلن، ئەتۆ لێرە نیت پیاسەیان تێدا بکەی ئەم دێرە هەستی غریبیی لێم زیندوو کردەوە. غەریبی، هەستێک کە شی ناکرێتەوە. هەستێک کە لە کاتی لاوەتییەوە هەمووکاتێک لەگەڵمدایە و لە هیچ کوێ نەمتوانیوە بیتارێنم.*

*چووم بەو یادەوە پیاسە بکەم، بەڵام لەم شارەدا و لە هەموو شارەکانی دیکەی ئەم وڵاتە تازە لەخۆ گەییشتووەدا، شوێنێک بۆ پیاسە نییە. شوێنی پیادەی خیابانەکان داگیر کراون. دوکانەکان سەندووقە میوە و کەلوپەلی دیکەیان لە دەرەوە داناوە. تەنانەت هێندێ لە ماڵەکان کردوویانەتە باخچە. سەنگەربەندی نیگاوانەکانی ئیدارە دەوڵەتییەکان لە بەرانبەر دەرکەی چوونە ژوورەوەشدا، پیادەڕەوی نەهێشتووە. ئێرە وڵاتی تێرۆرە. ئەگەر هیچکام لەمانە نەبوو، ئەوە خەڵک ئۆتۆمۆبیلی تێیدا راگرتووە. کۆڵانەکانیش دیمەنێکی باشتریان نییە. حەوشی ماڵەکان بە دیواری سێ مەتری دەور گیراون. راست لە کۆڵانەکانی منداڵییەکانی ئێمە دەچێ. ناوەڕاستی کۆڵان جۆگەلەی گەنکاوی سەرئاواڵەیە. ئەگەر خانوویەک دوو نهۆمی بێ، پەنجەرەکانی نهۆمی دووهەمیان شووشەی رەنگیی وەکوو ئاوێنەیان تێگرتووە، نەکا هاوساکان نێو ماڵەکەیان ببینن. زیندانێک بۆ ژنان. کچی گەورەساڵ و دایکیان دەبێ لە پشت ئەم دیوارانەوە بن. کچە چکۆلەکان دەکرێ لەبەر دەرکە کایە بکەن. ئەگەر دوو جار لە کۆڵانێکەوە تێپەڕی، خەڵک شکت لێ دەکەن. دەبێ بە شێوەیەک رێ بکەی وەکوو بۆ شوێنێک دەچی و جگە لەوێ رێگایەکی تری نییە. کوڕە لاوەکان موبایل بەدەست لە پێش دوکانان و لەسەر کۆڵانان، بە کۆمەڵ رادەوەستن. بێکاری لە نێو لاوەکاندا هەرە زۆرە، گەرچی لە هەر گەڕەکێک مەیدانی فوتباڵ دروست کراوە و هەر چەند کەس کە تیپێک پێک بێنن، دەتوانن لە وەزارەتی وەرزش جل و کەوش و تۆپ وەرگرن، بەڵام ژمارەی ئەم تیپانە*

*هێندە زۆرە هەر تیپێک لە حەفتەدا یەک جاری و هەر جارە دوو سەعاتی وەبەر دەکەوێ. کوڕە دەوڵەمەنـدان سـواری ئۆتۆمـۆبیلی بابیـان دەبـن و لە خیابانەکانـدا دەسـووڕێنەوە و بێنزینـی هەرزان دەسـووتێنن و پـۆز دەدەن. نە کـارگە هەیە و نە کارخـانە. کـار تەنیـا لە ئیـدارە دەوڵەتییەکانـدا هەیە و ئەویـش تـیکمە بـووە لە کارمەند. جێگا بۆ لاوەکان نەماوە. هەموو ئەمانە بیری مـن دەباتەوە بۆ ئەو کاتەی لە شاری ئێمەدا لاوی خوێندەواری بێکار زۆر بوو. پۆل پۆل لەسەر سووچی کۆڵان بۆ خیابانەکان دەوەستان و کاتیان بە قسەی پڕوپووچ دەبردە سەر. دەڵێی هەموو دەبێ ئەم قۆناخە تێپەڕێنن هەتا دەگاتە کاتی سەربازی. ئەوجا کارێک بدۆزنەوە و بەرەو ژیـان وەڕێ کەون. لێـرە بەڵام سـەربازی ئیجبـاری نیـیە. لە راسـتیدا لێـرە سەربازی پیشەیە و سەرباز وەکوو کارمەند دادەمەزرێ.*

*هەوای ژوورەکە پیشیاوە. بۆ تاقەتهێنان، دەچمەوە لای نووسراوەکە.*

کە سەربازیت تەواو دەکرد، دەهاتییەوە شاری خـۆت و دەبـوا کارێـک بـۆ بژیـوی خـۆت بدۆزییـەوە. کـار هـەبوو بـەڵام نـەک بـۆ لاوی بـێ ئـەزموون. بێکـاریی لاوە دیپلۆمـەکان هـەتا کۆتـایی ساڵەکانی چـل بەردەوام بـوو. ئەوانـە کە دەورەی سپای دانشیان تەواو کردبوو، دەیانتوانی ببنەوە بە مامۆستای دێهات. زۆر نـەبوون ئەوانـە کە ئەمـەیان هەڵدەبژارد، چونکە تاقیکردنـەوەی تاڵیـان لـەو یەکساڵە مامۆستاییەدا هەبوو. بۆ ئەوانە کە دەستڕۆیشتوو بوون یان دەرسخوێنی باش بـوون، رێگـای دیـکە چوونە زانکۆ بوو. ئەو کات تـاران و چەنـد شـاری گـەورەی وەکوو تـەبرێز و شیراز نەبێ زانکۆ لـە جێگـای دیکـە نـەبوو. چوونـە ژوورەوەش بـە تاقیکردنەوەیـەکی دژوار بـوو و هـەڵبژاردن بـەپێـی ریـزی نـومرە. بـەو مامۆسـتا کەممایـە و دەبیرسـتانە شپرزانەی کە ئێمە هەمانبوو، زۆر کەس چەند ساڵ لە پشت دەرکەی داخـراوەدا دەمانـەوە و ئاخرەکـەی کـارێکی دیکـەیان بـۆ بژیـوی ژیـان پەیـدا دەکـرد. مـن لە ئارماتۆرکاریـدا ببـوومە وەسـتا، بیـرم لەو کـارەش دەکـردەوە. هەر چۆنێـک بـێ، بە یارمەتی و رێنوێنیی کاکم هەوڵێکم بۆ زانکـۆش دا. ئەو گـوتی تـاقیکردنەوە زەرەری نییە، کاری مامۆستایی و کرێکاری لە دەست ناچێ. رۆیشتم و لە ناوەندی راهێنانی تلەڤزیۆندا وەرگیرام. باشی ئەم ناوەندە ئەوە بـوو کە هەر لە سـەرەتاوە دادەمەزرای و لە ساڵانی خوێندندا بڕە پارەیەکی کەمیشیان دەدا.

لاوێک کە لە شارە چکۆلەیەکدا گەورە بووە و ئەگەر یەکسەر لە دەبیرستانەوە نەهاتبێ، ئەوە دوای سپایی بۆ خوێندن یان کار دەچووە شارە گەورەکان. من چوومە تاران.

تەنانەت ئەودەمیش تاران شارێکی زەبەلاح بوو و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیشی جیاواز بوو. کەسێک وەکوو من کە لە سارشتانێکی وەکوو سنەوە دەهات، ئەگەر خزم و کەسێکی نەبا بچێتە لایان، لە دەوروبەری ناوەندی شار کە پێی دەگوترا تۆپخانە، لە میوانخانە چڵکنەیەکدا دەگیرسایەوە، هەتا دوایە ژوورێک بە کرێ بگرێ. کورد زیاتر لەو میوانخانانە دەبوون کە لە کوچەی عەرەبەکاندا بوو. سنەییەکان دەچوونە هوتێلێک کە لە "کووچەی کوردان" لە "باب هۆمایۆن" بوو. تەنانەت بازاڕییەکانیش کە پارەیان لا گرینگ نەبوو هەر دەچوونە ئەو میوانخانە هەرزانانە، چونکە ئەوان خەڵکی سوننە مەزهەبیان ڕێگا دەدا. دەنا زۆربەی میوانخانەکان هەر کە دەیانزانی لە کوردستانەوە هاتووی و سوننەی، دەیانگوت ژووری بەتاڵمان نییە. پێیان وا بوو (ئێستاش هەر پێیان وایە) کە سوننە سپڵۆتە. ئەمەش پەیوەندیی بە حوکوومەتەوە نەبوو. دەبوا شێعەکان لە ئێران بێنە سەر دەور ئەودەم لە کارەساتەکانی کوردستاندا دەرکەوێ کە ئەو قینە مێژووییە چۆن خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونەی روونکەرەوەی ئەم قینە مێژووییەیە: لە شیراز چەندین قەبری (پیرۆز؟) ی بە قوبە و بارەگا هەیە بە ناوی چل تەن (کەس) و حەوت تەن. بە گوتەی کتێبی مێژووی فارس ئەم کەسانە ئەرکیان کوشتنی سوننە مەزهەبان بووە. شەوانی سێشەممە و چوارشەممە خەڵک دەچنە زیارتیان و مۆم لەسەر قەبرەکانیان دادەگیرسێنن. چیرۆکی عومەرکوژانیش بەناوبانگە. ڕۆژێک لە ساڵدا جێژن دەگرن و داوڵێک کە گوایە عومەر خەلیفەی دووهەمە، دروست دەکەن و ئاگری دەدەن. بەند و باویش دەڵێنەوە. جنێوی بەردەستیشیان کەللەی عومەرە.

تاران یەکێک لەو شارە نموونەییانە بوو کە دەتتوانی بە هێڵێک بیکەی بە دوو بەشەوە، باکوور و باشوور. نموونەیەکی تەواو بۆ نیشاندانی جیاوزیی چینایەتی. دەربار و دەست و پەیوەندەکانیان و دەوڵەمەندەکان کەوتبوونە باکوور کە پاڵی بە

کوێستانی تووچاڵەوە دابوو و سەرسەوز و پاک و خاوێن بوو، چونکە پێ رادەگەییشتن. باشوور، هەژار و چلکن و بێ خزمەتگوزاری و پڕ لە خەڵکی ئاوارەی هەژاری شارستانی. چەند گەڕەکێکی بەربڵاو کە لە ماڵە تەپیلکەی بە تەنەکە و مقەبا دروستکراو پێک دەهات، وەکوو دەروازە غار و جەوادییە و... بەناوبانگ بوون کە هەرچی سواڵکەر و کرێکاری وەرزی و هەژارە، لەوێ کۆ دەبوونەوە. دیارە ئەوێ مۆڵگەی لات و چەقۆکێش و قاچاخفرۆش و خۆفرۆشیش بوو.

لە ناوەڕاستی ئەم دوو بەشەدا تارانی کۆن، بازاڕ و بەشی ئیداری و چینی نێوەنجی جێگر ببوو. خوێندکاری شارستانی لە خوارەوە (باشوور) دانەدەنیشت، چونکە لەوێ ژیانی پێ نەدەکرا و لەنێو ئەو جەماعەتە ئەرقەیەدا هەڵی نەدەکرد و لە سەریشەوە (باکوور) جێی نەدەبووەوە. دەبوا کەوشی لێ هەڵکێشێ و لە ناوەندا بۆ ژوورێک بگەڕی کە بە کرێ بگرێ. هەرکەسیش ئامادە نەبوو ژوور بە کەسێکی رەبەن بدا. بەتایبەت بە ئێمەی کورد، چونکە خاونماڵ هەر زانیبای کوردی و سوننەی، ماڵی نەدەدایێ. کرێماڵ بەپێی داهات و خەرجی ژیان هەرە زۆر بوو - رەنگە هەر وەک ئێستا- و بۆ لاوێکی خوێندکار دابینکردنی ئەو پارەیە ئاسان نەبوو. زانکۆ لە ساڵی یەکەمی خوێندندا نە بە پارە و نە بە خانوو یارمەتیی خوێندکارانی نەدەدا. کەم نەبوون ئەوانە کە نەیاندەتوانی خۆیان بژێنن و خوێندنیان بە جێ دەهێشت. سیاسەتیش ئەوە بوو کە نەدارەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و گەشە نەکەن. گەڕان و پشکنین بە دووی خانوودا و پەیداکردنی چەند هەواڵ کە بتوانن پێکەوە خانوویەک بگرن و کرێیەکەی دابەش بکەن و مەرجەکانی خاوەنماڵ قەبووڵ بکەن کە دەیگوت نابێ کارەبا زۆر هەڵکەن و جل لە ماڵ بشۆن و میوانتان هەبێ و... دەبووە هۆی ناسین و چاوکردنەوە لە پاتەختی وڵاتێکی نموونەیی لە دنیای دواکەوتوودا کە پڕ لە شتی دژبەیەک و بێقەوارە و نارێک و جیاوزازیی چینایەتیی زەق بوو. چەندە بچووک بووی ئەوەندەی دیکە بچووک دەبوویەوە و تەواو هەستت بە کەمی و بێدەسەڵاتی و بێکەسیی خۆت دەکرد. لە شاری خۆت چونکە خزم و دۆست و ئاشنات هەیە و هەموو کون و کەلەبەرێک دەناسی هیچ کات ئەو هەستەت نییە. لێرە کەس ناناسی و کەس ناتناسێ. بۆیە هاوشارییەکان با لە شاری خۆشیاندا زۆر هۆگری یەک نەبووبێتن،

یەکتریان دەدۆزییەوە و پاڵیان بە یەکترەوە دەدا. هەر ئەمە دەبووە هۆی ئەوە کە کەمتر تێکەڵی خەڵکی شارەکانی دیکە بن و ئەو لێکدابڕاوییەی خەڵکەکان هەر وەک خۆی بمێنێتەوە. خەڵکی شارە گەورەکانیش بە تایبەت پاتەخت، هەر وەکوو خەڵکی هەموو پاتەختەکانی دنیا، لوتبەرزن و خۆیان بە جیاوز دەزانن و گاڵتە بە ئەوانی دیکە دەکەن. ئەمانە کە باسم کرد بۆ کوڕەکان بوو. بۆ کچ ئەم هەلومەرجە ئەگەر نەڵێم نامومکین بوو، دەبێ بڵێم زۆر دژوارتر بوو. کچ ئەگەر خزمێکی نەبوایە کە بچێ لە لایان بمێنێتەوە. هەڵی نەدەکرد. بۆیە رادەی کچانی خوێندکاری شارستانی لە زانکۆکان زۆر کەم بوو. بۆ ئەوان دەمارگری باب و براش کۆسپێکی دیکە بوو کە دەترسان کچ یان خوشکیان تێکەڵی کوڕان ببێ. ئەودەم خوێندنگەی سەرەتایی و دەبیرستانی (سانەوی) کوڕان و کچان جوێ بوو، تەنیا لە زانکۆ تێکەڵاوی هەبوو، کە ئێستا خەریکن لەوێش جیایان دەکەنەوە. ئەگەر تا ئێستا نەیانکردووە لەبەر نەبوونی ئیمکاناتە.

*یەکەم خانوویەک کە من پاش سێ مانگ گەڕان لە تاراندا دۆزیمەوە، ژوورێکی گەورە بوو لە گوندی ''ئەوین دەرەکەدا. ئەوکات جێگای خوێندنم کە نێوی سەنتەری فێرکردن و بارهێنان تلەڤزیۆن بوو و دواتر بوو بە مەدرەسەی عالی تلویزیۆن و سینەما، لە مەحموودیە بوو کە لە دەرەکەوە نزیک بوو. پێم وا بوو هاتوچۆم ئاسانتر دەبێ. ئاخرەکانی پاییز بوو، ئەوین زۆر لە تاران سەردتر بوو. ژوورەکەی من نە تەنیا هۆڕێک بوو، بەڵکوو دەرکە و پەنجەرەکەی شەق و شڕ بوون. منیش تەنیا چرایەکی سێ فتیلەم هەبوو کە دایگرسێنم، باشتر بڵێم لە باوەشی بگرم. شەوانە هەرچی لێفە و جاجم و جلکم هەبوو بە خۆمدا دەدا و دوو دەست جلم لەبەر دەکرد و دەخزامە نێو جێگاکەوە. پشیلە لە کونەبانی پەستووەکەوە دەهاتنە ژووری و لەسەر لێفەکەم دەنووستن. منیش چونکە گەرمیان دەکردمەوە، نارازی نەبووم. هیوای هاتنی بەهار و گەڕان لە داوێنی کوێستاندا هەلومەرجەکەی لێم سووک دەکرد. خاوەنماڵەکە شاتر بوو، ئێواران نانێکی تافتونی تازەم لێی دەکڕی و بەقاڵی سەر کۆڵانەکەش ببوو بە ئاشنام. خەڵکێکی زووگرۆ و خۆشڕوو بوون. جیاوازییان لەگەڵ خەڵکی تاران گەلێک بوو. کێشەی سەرەکیی ئەم*

خانووه بۆ منی خوێندکار ئەوە بوو کە شەوانە پاسی نەبوو. دەبوا شەشی ئێوارە خۆم بگەیەنمـە مەیـدانی تـەجریش و سـواری ئـاخر پـاس بـم. ئەمـەش بـە مانـای لـە دەستدانی هەموو گەشت و گوزارێکی شەوانەی تاران بوو. ئەگەر شەوێک چووبامە سینەما دەبوا لە شاردا لە لای دۆستێک بمێنمەوە.

بەهاری هەر ئەو ساڵە کاری شـەوانەیان لـە تلـەڤزیۆن پـێ دایـن و ئـەوە بـوو بـە هۆی چاوپۆشین لە بەهاری کوێستان. شاتر گوتی هاوین وەرەوە سەرمان بـدە، ئێـرە پڕ دەبێ لە خەڵک. پاییزیش بەشە خورمالوەکەت رادەگرم! بەڵام هیچ کات هـەلی دیداری دووبارە دەستی نەدا.

لەوێیەوە کۆچم کرد بۆ یوسف ئاوا. ژوورێکم لە ژێرخانێکدا بـە دوو قـات گرانتـر لـە ژوورەکـەی پێشـوو بـە کـرێ گـرت. لـەم ژێرخانـەدا چـوار ژوور هـەبوو. تـەنیا ژوورێـک کـە رۆژنەیـەکی بـە تێلگیـراوی لە ژێـر پلەی دوکانەکەی بان سـەرماندا هەبوو، ژوورەکەی من بوو، هەر لەبەر ئەوەش سی تمەن گرانتر بوو. شەوی یەکەم لە ماڵ نەبووم، ئێوارەی رۆژی دووهەم کە هاتمەوە، دیتم کەلوپەلەکەم، دەستکاری کراوە. زۆری نەخایاند چوار جیرانەکەم هاتنـە دیتـنم و گوتیان ئێمـە دەستمان لـە شتەکانت داوە. ویستمان بزانین ئەم تازەهاتووە کێیە و چ کارەیە. بـەپێی کـەمی و هەژاریی شت و مەکەکاندا وایان دانابوو کە کەسێکە هاتووە بۆ کۆرسێکی کاتی لـە تاران.

هەر چواریان خوێندکاری زانکۆ بوون. دوو کەسیان لە ژوورێکدا پێکەوە دەژیان و ئـەو دووەکـەی دیکـە هـەر کـام ژووری خۆیـان هـەبوو. یـەکیان کـە بـە زاراوەی مازندرانی قسەی دەکرد و دەرکـەوت خـەڵکی گورگانـە، سـەرئەژنۆی دەرپێیەکەی دڕابوو و هەر دەیسووڕاند و دەیخستە پشت ئەژنۆیەوە کە دیار نـەبێ. دیسان هـەر کـە دەجووڵایـەوە ئـەژنۆی دەردەهاتـەوە. ئاخری گوتم بابـە خـۆ مـن مودیرعـام نـیم شەرمم لێ دەکەی، دە لێی گەڕە.

ژوورەکانیان پێشانم دا، هەموو هەژار بوون، بەڵام ژیانی کاکی مازنـدرانی شتێکی تایبەتی بوو. ئەو پارەی نەبوو کتێب بکـڕێ. دەچـوو کاغـەزی فڕێدراوی میوەی لـە نێـو ئەشغاڵەکاندا کـۆ دەکـردەوە. دەیشـۆردن و ئیشـکی دەکردنـەوە و لـە سـەریان دەرسـەکانی دەنووسییەوە و دوایـە هـەر باقـەیەکی کە دەبوو بە کتێبێک بـە قـایش

*دەیبەست. ئەو ژێرخانەی ئێمە ئاشپەزخانەیەکی چکۆلەی هاوبەشی هەبوو کە لیستەیەکی درێژ لەسەر ڕێورەسمی بەڕێوەبردنی ئاشپەزخانەکەیان تێیدا هەڵواسیبوو. خانووەکە پڕ بوو لە مشک کە لە رەهەندی زێراوی ژێر خانووەکانەوە دەهاتن و دواییان نەبوو. خوێندکارە گورگانییەکە، توێکڵە تۆی کۆ دەکردەوە و لە نێو ژوورەکەی خۆیدا بڵاوی دەکردەوە کە مشکەکان ئەوە بخۆن و کاریان بە کتێبەکانییەوە نەبێ. دەیگوت موزیکی شەوانەی من چرکەچرکی مشکانە.*

*پاش شەش مانگ ئەو ماڵەشم بە جێ هێشت. یەک دوو مانگ دواتر شەوێک هەوای ئەو کوڕانە لە سەری دام و چووم بیانبینم. هەرچی لە دەرکەم دا کەس نەیکردەوە. پێم وا بوو رەنگە بۆ جێگایەک رۆیشتوون و دواتر دێنەوە، چەند جار چووم و گەڕامەوە. پاسەوانی گەڕەک هاتە پێشەوە و پرسی لێرە چ دەکەی؟ و داوای هەویەی کرد. کارتی خوێندکاریم پێشان دا کە خۆ بە خۆ شکی پێک دێنا. گوتی دەبێ بچینە پاسگە. بە بێ هیچ راوەستان گوتم فەرموو. چەند هەنگاو رۆیشتین پەشیمان بووەوە، تاقەتی نەبوو. ئیزنی دا بڕۆم. ماوەیەک دواتر بە ڕێککەوت چاوم بە یەک لە جیرانەکانم کەوت. چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە. گوتی: دوو سێ رۆژ پێشتری رژانە ئەوێ و هەموومانیان گرت، بەڵام تەنیا دۆستە گورگانییەکەیان گل داوە، ئێمە پاش چەند رۆژ بەر دراین. پاش شۆڕشی ۵۷ لە خۆپێشاندانێکدا دیتمەوە. گوتی ساڵێک لە زیندان بووە، بەڵام دەرسەکانی تەواو کردووە و ئێستا لە ئیدارەی بازرگانیدا کار دەکا.*

لە زانکۆدا بوو کە لاو چاوی دەکردەوە و دنیای بە شێوەیەکی دیکە دەدیت. زانیاری و زانستی پەیدا دەکرد و لەگەڵ تەنگوچەڵەمەی ژیان بەرەوڕوو دەبوو و بە چاوی خۆی ئاکامەکانی ئەو ناتەباییانەی کۆمەڵگای دەدیت و تێیدا دەژیا. لە ئەساسدا دوو بۆچوون دروست دەبوو کە بەرانبەر یەکتر دەوەستانەوە. یەک لە بەرەی دەسەڵاتدا و یەک لە بەرانبەریدا کە من زۆر بە کوڵ و کورتی ئاماژەیان پێ دەدەم. لە لایەک ئەوانە بوون کە لە هەر دەرفەتێک بە قازانجی خۆیان کەڵکیان وەردەگرت و بە هیوای ئەوە بوون کە خوێندن تەواو بکەن و بەرەو باکوور، بەرەو دەسەڵات هەڵکشن و بە وتەی خۆیان تۆڵەی برسیەتی بکەنەوە.

ئەمانــە بەشــێکی هــەرە زۆریــان دەبوونــە دەســت و پەیوەنــدی حوکوومــەت و هێندێکیشیان دەبوونە ئەمن. دەستەی دووهەم پێیان وا بوو دەبێ خەبات بکەن بۆ نەهێشتنی ئەو ناتەباییانە. ئەمانە دەبوون بە دوو دەستەوە. یەک ئەوانە بوون کە بە هیوای چاکسازی بوون. دەیانگوت هەرکەس ئەگەر خۆی لە خراپە بپارێزێ، ئـەوە کۆمـەڵ چـاک دەبـێ. ئەوانـە دەیانەویسـت یـەک بـە یـەک دان و ئـاو بـە مریشکەکان بدەن. کە قەت نەکراوە و ناکرێ. بەشێکی دیکە پێیان وا بوو ئەگەر بێگانە لە وڵات نـەمێنێ - ئـەمریکا و ئینگلیس و..- و کولتووری ئێرانی بپارێزرێ وەکوو کولتووری نەتەوەیی و کەس باسی نەتـەوەکانی دیکـەی دانیشتووی ئێران و باسی چینایەتی و شتی وا نەکا و تەنیا بیر لە سەربەرزیی ئێران بکرێتەوە ئەوە دنیا دەبێتە ئەو بەهەشتەی لە کۆندا (مەبەست پێش هاتنی عەرەبان) ئێران تێیدا بووە. ئەمانەش دەبوونە دوو دەستەوە، بەشێکیان کشانە لای حوکوومەتەوە لەبەر ئەوە شا بۆ خۆی کەوتە سەر ئەو ڕێبازە و باسی "تمەدون (شارستانییەت)ی گەورەی" دەکرد و سپاسی کوروشی دەکرد و ئیتر وەک هەموو دیکتاتۆرێک خۆی زۆر بە زل دەزانی. بەشەکەی دیکە لەسەر ڕێبازی موسەدیق و بەرەی میللی بوون کە ئەودەم بۆ ئێمە ئەمانە زیاتر مێژوو بوون و هیچ ئاسەواری کردەوەییان نەمابوو. وەکوو ئەوە بوو بڵێی من لەسەر ڕێبازی شێخی بەستامیم. (ئەمانە دواتر پاش رووخـانی شـا هـەموو سـەریان هـەڵێناوە و بـوون بـە بەشـێک لـە کێشـە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە باسیان دەکەم.)

بیرۆکەیەکی دیکەش کە هەر وەکوو میللیچییەکان لە گیانکەنشتدا بوو، بەڵام بە حوکمی بوونی سۆڤیەتەوە هەر مابوو، ڕێبازی توودەییەکان بوو. ئەوانیش وەکوو بیرەوەریی کۆن باسیان دەکرا و ئاسەوارێک لە کار و کردەوەیان نەمابوو. دواتر کە لە بشێوەی ٥٧دا وەدەر کەوتنەوە، زانیمان کە لە سۆڤیەت خۆیانیان مۆڵ دابووە و ئەو وڵاتەیان وەکوو تەنیا وڵاتی سوسیالیستی و دایکی سوسیالیسم دەزانی و - بە وتەی سەرکردەکانیان- بە کردەوە بەشێک بوون لە وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەت و سیخوڕییان بۆ ئەوان دەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر بەو شێوەیە کەس ئاگای لێی نەمابوو.

ئـەوەی لـە خوانـدا بـوو، چـەپی نـوێ، بریتـی بـوون لـە دوو کـەرت. یـەکەم مائوئیستەکان کە بەپێی دەستوورەکانی مائو خەباتیان دەکرد. کەرتی دووهەم لایەنگرانی شۆڕشی چەکداری بوون. مائوئیستەکان پێیان وا بوو کە خەبات لە لادێیەکانەوە سەر هەڵدەدا و شارەکان دەخاتە گەمارۆ و رژیم دەرووخێنێ. ئەوان هێشتا نیزامی ئێرانیان بە نیوەفیودالٚ نیوە موستەعمەرە لێک دەداوە. سۆڤیەتیان بە سوسیال ئەمپریالیست دەزانی و پێیان وا بوو لە ئەمریکا مەترسیدارترە. چەند گرووپ لەمانە گیران و دادگایی کران. تاقمێک لەوانە دەیانگوت ساواکی شا و ئەمریکا دژی سۆڤیەتن، ئێمەش دژی سۆڤیەتین، کە وا بوو دۆستی یەکترین! بەو بیانووە لەگەڵ ساواک پێکهاتن و ئازاد کران.

دیمەنی ئەوسای دنیا لە پێش چاوی ئێمەی خوێندکار کە زانیارییەکی زۆر ناتەواومان بە دەست دەگەییشت، ئاخۆرانێک بوو کە هەرکەس بەپێی عەقڵی خۆی لێکی دەدایەوە. ساڵەکانی ۴۰ هەتا ۶۰ (۶۰- ۸۰ی زایینی) دنیا لە قەیرانێکی تایبەتیدا بوو. شەڕی سەرد لەنێوان دوو جەمسەری ئەمریکا و سۆڤیەتدا گەییشتبووە ئەوپەڕی خۆی. وڵاتانی ئۆروپایی ببوون بە دوو بەش. ئۆروپای رۆژئاوا لە کەمپی ئەمریکادا و رۆژهەڵات لە بازنەی سۆڤیەتدا بوون. ئەمریکای لاتین بە گشتی لە ژێر چەپۆکی دیکتاتۆرەکانی سەر بە ئەمریکادا بوون و ئەفریقا هێشتا هەر کۆلۆنیی وڵاتانی ئۆرۆپا بوو. لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر وڵاتێک سەر بە دەولەتێک بوو. ئەمریکا بەرە بەرە جێگای ئۆروپپییەکانی دەگرتەوە و سۆڤیەت هەولی دەدا بەشی خۆی وەرگرێ. لەلایەکی دیکەوە شەپۆلێکی ئازادیخوازی و جوولانەوەکانی رزگاریخوازی، وڵاتە ژێردەستەکانی داگرتبوو. وڵاتانی ئەفریقا دەیانەویست لە موستەعمەرە بوون رزگاریان بێ. میسر بە سەرۆکایەتیی عەبدولناسر، لیبیا و قەزافی. جەزایر و شۆڕشی دژ بە فەرانسە. ئەفریقای باشوور، موزامبیک، ئانگۆلا، سوودان، ئەتیوپی، سەحرا و... هەموو لە شەڕی رزگاریخوازیدا بوون. لە رۆژهەڵاتی ناویندا شەڕی فەلەستین لە لووتکەی خۆیدا بوو. عێراق لە کودەتایەکی نیزامیدا کۆتایی بە دەسەڵاتی شای دەستکردی ئینگلیس هێنا. یەمەن سەربەخۆیی وەرگرت و لە عەمان شەڕی زوفار دەستی پێ کرد. وڵاتانی کەنداو بە فەرمی سەربەخۆییان وەرگرت و بەحرەین لە ئێران جوێ

بووەوە. شۆڕشی ئەیلوول کوردستانی عێراقی هەژاند. شەڕی ڤیتنام بە پشتیوانیی سۆڤیەت و چین و بە دژی فەرانسە و دوایە ئەمریکا، بە توندی بەردەوام بوو. لە ساڵی ٦٨ دا جووڵانەوەی خوێندکارانی زانکۆکان ئۆروپای هەژاند و بوو بە هۆی لادانی "ژنراڵ دۆگۆل" لە دەسەڵاتی فەرانسە. پشتیوانیی ئەم خەباتگێڕانە لە شۆڕشەکانی وڵاتانی دنیای سێهەم، بە تایبەت ڤیتنام و فەلەستین هۆی دڵگەرمیی ئەمان بوو.

یەکێک لە رووداوە هەرە چارەنووسسازەکانی ئەو ساڵانە سەرکەوتنی شۆڕش لە کووبا بوو. تایبەتی ئەم شۆڕشە ئەوە بوو کە کووبا لە پاڵدەستی ئەمریکادا بوو و بە بێ پشتیوانیی ئۆردوگای سۆڤیەت و چین سەرکەوتبوو. ئەمە روانگەیەکی تازەی لە تیۆرییەکانی شۆڕشدا هێنایە پێشەوە کە تا ئەودەم بێ وێنە بوو. ئەم سەرکەوتنە بوو بە هۆی کێشەیەکی گەورە لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتدا. هەروەها کارتێکەرییەکی زۆری لەسەر بیروبۆچوونی شۆڕشگێڕانی وڵاتانی دیکە هەبوو. دەگوترا: دەکرێ بە بێ پشتیوانیی سۆڤیەت شۆڕش بکرێ و سنووری هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی سۆسیالیستیدا مەرج نییە و ئەمریکاش ناتوانێ پێشی بگرێ. لە هەموو گرنگتر خەباتی چەکداری (کە ئەودەم ئۆردوگای سۆڤیەت و حێزبە لایەنگرەکانی وەکوو حێزبی توودە بە ئاوانتوریسم و ئاژاوەگێڕییان دەزانی) رێگای سەرکەوتنە. تا ئەودەم دوو تیۆری زاڵ بوو. تیۆری رێگای غەیرە سەرمایەداری سۆڤیەت و تیۆرییەکانی مائۆ بۆ وڵاتانی نیوەفیۆدال- نیوە موستەعمەرە.

ئەمریکا و ئۆروپا بۆ دووپات نەبوونەوەی تاقیکردنەوەی کووبا لە شوێنەکانی دیکە، وەخۆ کەوتن. لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا دیکتاتۆرە نیزامییەکانیان دەهێنایە سەرکار و بە هەموو شێوەیەک پڕچەکیان دەکردن و یارمەتییان دەدان کە بەرەنگاری جووڵانەوەکانی شۆڕشگێڕانەی نێوخۆییان ببنەوە. لەولاشەوە سۆڤیەت و چین کە ئێستا ببوون بە دژی یەکتری هەر بەو تاکتیکە هەر گەندەڵێک دەهاتە دەسەڵات، تەنیا بەو مەرجە لەگەڵ جەمسەری ئەوبەر نەبا پشتیوانییان لێی دەکرد و لە پێناو ئەم سیاسەتەدا شۆڕشەکانیان قوربانی دەکرد. بۆ نموونە ئەو کاتە پۆلپۆتییەکانی کامبوجیا کە بە یارمەتی ئەمریکا دروست ببوون، خەریک قەڵاچۆکردنی خەڵکی خۆیان بوون، پشتیوانیی چینیان لەگەڵ بوو، تەنیا

لەبەر ئەوە کە دژی سۆڤیەت بوون. یان سوورییە و عێراق چونکە گوتبوویان لەگەڵ ئەمریکا نابن، پشتیوانیی بێدرێخی سۆڤیەتیان بە دژی جووڵانەوە ئازادیخوازەکانی نێو خۆیان لێ دەکرا و بۆ سەرکوتکردنی جووڵانەوەی ئازادیخوازی وەکوو کوردستان، ڕێگا درابوون.

لە سەرەتای پەنجاکان (حەفتای زایینی) ئەمریکا کەوتە قەیرانی ئابوورییەوە، نەوتێکی زۆر لە ئەمبارەکانی ئەمریکادا پاشکۆ کرابوو و شەریکە نەوتییەکان داویان دەکرد دەوڵەت نرخی نەوت بەرز بکاتەوە. شای ئێران هان درا بۆ یەکەمجار و ئاخرجار بچێتە کۆبوونەوەی "ئۆپێک" (یەکێتی وڵاتانی نەوتی) و داوای زیادکردنی نرخی نەوت بکا. نرخی نەوت چوارقات زیادی کرد. ئەمریکا بەو نرخە تازەیە نەوتەکەی خۆی بە ئۆروپا و وڵاتانی دنیای سێهەم دەفرۆشت. وڵاتانی خاوەن نەوتیش هەرچێکیان بە دەست دەهێنا لە ڕێگای کڕینی چەک و پرۆژەی نیزامییەوە لە گیرفانی ئەمریکا و ئوروپایان دەکردەوە.

شای ئێران هەتا ددان پڕچەک کرا و وەکوو هاوپارییەک بۆ ئیسراییل لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کرابوو بە ژاندارمی ناوچە و بۆ سەرکوتکردنی زوفار لەشکری دەنارد و دژی عێراق بە رواڵەت یارمەتیی نیزامیی بە کورد دەکرد.

خەباتگێڕانی ئێران دەبوا ئەم هەلومەرجە شێواوە لێک بدەنەوە و ڕێگایەک بۆ خەبات بدۆزنەوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە دابەشکردنی زەوی و چاکسازییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی و پشتیوانیی بێمەرجی ڕۆژئاوا لەم دەسەڵاتە، هەلومەرجێکی تازەی لە ئێراندا پێک هێنابوو. ئەو لێکدانەوەی کە هێندێ لە گرووپە مائوئیستەکان، لەوان گرووپی کورد (کومیتەی انقلابی حزبی دیموکراتی کوردستان)* هەیانبوو بە ڕاست دەر نەدەچوو. ئەمان گۆڕانی سیستەمی ئێران لە فیۆدالی بۆ بۆرژواییان بە دەستی دەسەڵاتی پاشایەتی پەسەند نەبوو، کە چی ئەم ڕیفۆرمانە گەییشتبوونە ئامانجی خۆیان و دەرەبەگایەتی و کۆمەڵی عەشیرەتییان پێ لەنێو برابوو. بۆیە ئەم جووڵانەوە لە لایەن جووتیارانەوە (کە ئامانجی ئەم خەباتگێڕانە بوو) پشتیوانیی لێ

---

* لە هێندێ سەرچاوەدا ئەم گرووپە بەم ناوە ناسراوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە کە ئەوان بۆ خۆیان ئەو ناوەیان هەڵبژاردبێ یان بە کاریان هێنابێ.

نەکرا. ئەوەش دەستنیشان بکەین کە مەبەستی ئەم گۆڕانکارییە لە نێوبردنی هەژاری و نابەرانبەری نەبوو گەر بمانەوێ بەو تەماوە بەراوردی بکەین.

ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەی ئێران گۆڕانی کولتوریشی بە دواوە بوو، زۆر لەوانەی لە ئۆروپا خوێندنیان تەواو کردبوو، گەڕانەوە ئێران و لە زانکۆکاندا بوونە مامۆستا. شاعێر و نووسەر و فیلمساز بە ئەندیشەی نوێیەوە هاتنە مەیدانەوە، بەڵام ئیدارەی سانسور و دیکتاتۆری مەودای گەشەکردنی باشی نەدەدان. کەسانێک سەریان لە زیندانەوە دەرهێنا و هەوڵی زۆر دەدرا هەر دەنگێکی دژ لە هەر بوارێکدا بێ، بێدەنگ بکرێ.

ئەوکات و ئێستاش هەڵەی لێکدانەوەکانی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان، نە تەنیا بە هۆی ناکۆکیی تیوری لەگەڵ هەلومەرجەکەدا بوو، بەڵکوو لە سەپاندنی هیوا و ئاواتەکان بەسەر واقعدا سەرچاوەیان دەگرت و شۆڕشگێڕەکانیان چەواشە دەکرد و بەرەو هەڵدێر دەبرد و دەیبەن. ڕاستی بۆ ئەوان ئەوەیە کە لە زەینیاندایە، نەک ئەوە کە لە دەرەوە ڕوو دەدا. ئەمە ئەو ئیدەئالیسمە کۆنەی ئێمەیە لە قاوخێکی دیکەدا. ئەگەر گوتبات دابەشکردنی زەوی هەلومەرجەکەی گۆڕیوە، دەیانگوت ئەگەر وایە ئەتۆ شا بە شۆڕشگێڕ دەزانی. ئەم شێوە لۆژیکە کە لە نەناسینی دەورانەکانی کۆمەڵناسییەوە سەرچاوە دەگرێ، ئێستاش کێشەی گەورەی دیاریکردنی خەباتە.

بەر لە باسی شێوازەکانی دیکەی خەباتی ئەم ساڵانە دەبێت بزانین کە جێگیربوونی سەرمایەداری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هیچ کات نەبووەتە هۆی گۆڕانی قووڵی هەلومەرجی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئەمە لە خەسڵەتی ئەم جۆرە سەرمایەدارییە بازرگانییە بێریشەیەدایە. کە هیچکات نەریتە کۆنەکان فڕێ نادا، چونکە کەرەسەیە بۆ چەوسانەوە و دیکتاتۆریش لەم بارەوە یارمەتی پێی دەدا. (ئەمانە لە کوردستانی تازەپێگەییشتوویشدا بە ڕوونی دەبینرێن) ئەم هەلومەرجە، یەکگرتوویی چینایەتی و خۆدیتنەوە - هەست بە کەسایەتیکردن- زۆر لاواز و جار وایە ئەستەم دەکا. کۆمەڵ زۆر بە زەحمەت و درەنگ پۆلبەند دەبێ. بۆیە جووڵانەوەکان زۆربەیان خەسڵەتی ڕووناکبیریان هەیە.

وەکوو باسمان کرد، لەم شێوە جووڵانەوە لە کوردستاندا جووڵانەوەی ساڵی ۴۶ بوو. لە ئێراندا لە ساڵی ۴۹ بەولاوە " ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران" و "ڕێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران" هاتنە مەیدانەوە. فیداییەکان زیاتر بڕوایان بە مودێلی کووبا بوو. دروشمی هەرە سەرەکییان خەباتی چەکداری بوو. بەشێکیان بە شێوەی پارتیزانی شار و بەشێکیان لەسەر ڕێبازی شار و دێ بوون. سۆڤیەتیان بە رویزیۆنیست (گۆڕانخواز- مەبەست گۆڕان لە مارکسیسمدا) دادەنا، بەڵام بە دوژمنیان نەدەزانی. ئێرانیان بە سەرمایەداری گرێدراو بە ئەمپڕیالیسمەوە لێک دەداوە و پێکناکۆکییەکانی نێو ئێرانیان بە دژبەیەکیی دیکتاتۆری شا و خەڵک دەزانی. ئەمانە لەساڵی ۴۹ دەستیان دایە چەک و پاسگای ژاندارمری "سیاکەل" یان چەک کرد کە کەوتووەتە باکووری ئێرانەوە. ئەوان دەیانەویست لە کێوەکانی باکووری ئێرانەوە دەست پێ بکەن و لە شاریشدا شانەی چەکداریان هەبێ. بەڵام ڕەوتەکە بەو شێوە نەچوو کە ئەوان بۆی چووبوون. مانگ و ڕۆژ نەبوو ڕۆژنامەکان باسی شەڕ و پێکدادانی پۆلیس و "سازمانی چریکە فیداییەکان" و "موجاهێدین " کە ڕێکخراوێکی مەزهەبیی چەکدار بوون، تێدا نەبێ. لە ساڵی پەنجا دیوارەکانی تاران بە وێنەی نۆ چریک ڕازابوونەوە کە حوکوومەت مزگێنیی بۆ سەریان دانابوو و داوای لە خەڵک دەکرد لە هەر کوێ دیتیانن خەبەر بە پۆلیس و دەزگای ئەمن بدەن. ئەمە بۆ خۆی بوو بە پڕوپاگەندەیەکی گەورە بۆ ئەوان. ئەوان بوون بە پاڵەوانی خەڵک. سیاسییەکان کە پاش شکانی بەرەی میللی و هەڵاتنی حیزبی توودە متمانەیان لای خەڵک نەمابوو، بە هۆی ئەمانەوە ئابڕوویان کڕدرایەوە و بوون بە هیوای خەڵکی هەژار و قیبلە و مودێلی لاوە ئازادیخوازە خوێنگەرمەکان.

گرووپە ئایینییەکان هەر لە کۆنەوە کەم و زۆر دژایەتیی شایان کردبوو. لەوانە گرووپی "فیدایيانی ئیسلام" کە چەند تێرۆریان کردبوو بۆ نموونە تێرۆری سەرۆکوەزیران (عەبدولحوسەین هەژیر ۱۳۲۷ و محمد عەلی مەنسوور۱۳۴۲). ئەندامانی فیدایيانی ئیسلام یان گیران و کوژران و بەند کران، یان هەڵاتن بۆ نەجەف و کەربەلا کە دواتر بێنەوە و حوکوومەتی ئێران بە دەستەوە بگرن. گرووپە ئایینییەکان لە جووڵانەوەی چەکداریی ئەو ساڵانەشدا بەشدار بوون و "ڕێکخراوی موجاهێدینی گەل"یان پێک هێنا و چەند تێرۆر و بانکبڕینیان بە ئەستۆ

گرت، بەڵام پاش رووخانی رژیمی شا، هەرچی هەوڵیان دا لە دەزگای خومەینیدا جێیان نەکرایەوە و پاش دوو سێ ساڵ دژ وەستانەوە.

یەکێک لەو کەمایەسییانە کە دواتر لە شۆڕشی ٥٧دا دیاری دا ئەوە بوو کە هیچکام لەو حیزب و سازمانانە بایەخیان بە کێشەی کەمەنەتەوەکانی نێو ئێرانیان نەدەدا. وەک دەبینین خۆیان بە چریک و موجاهیدی گەلی ئێران نێو نابوو، نەک گەلانی ئێران. هەر بۆیە بزووتنەوەکە نەیتوانی لە تاقیکردنەوەکانی کوردستان کە چەند ساڵ پێشتر دەستی پێ کردبوو کەڵک وەرگرێ و ئەو شکستەی ئەوانیان لە بەرچاو بێ و بە هەمان هەڵدێردا نەچن. بۆیە پاش شۆڕشی ٥٧ ، دەبینین کاتێک راپەڕینی کورد و تورکەمەن و بەلوچ و... دێتە کایەوە، ئەوان تێ ناگەن. دەستەیەک بە دژی شۆڕشیان دەزانن و دەستەیەکی دیکەش کە ئەم بۆچوونەیان نییە، بێ کردەوە دەمێننەوە و نازانن چ بکەن. مێشکی ئەوان بۆ ئەمە نەنرابووەوە. هێشتاش لەم بارەوە بە لێکدانەوە و پشکنینێکی وەها نەگەییشتوون کە بۆ خەڵک و هێزە ناوچەییەکان جێگای سەرنج بێ. هێندێک دەڵێن ئێران کێشەی نەتەوایەتیی نییە و سەری خۆیان دەکەنە ژێر بەفرەوە و هێندێک گرێی دەدەن بە سەرکەوتنی سوسیالیزمەوە و جەبهەی راستیش بە بیانوی پیرۆزبوونی سنوورەکان و چەپەکانیش بە بیانوی لێکدانەبڕانی هێزی پرۆڵتاریا، لە ژێر وەڵامدانەوەی رێگاچارەی کێشەکە دەردەچن. چەپەکانیش بە دووپاتکردنەوەی گوتەی "مافی داریکردنی چارەنووس" لە "دیاریکردنی مافەکە" خۆ دەپارێزن.

لەو ساڵانەدا کەش وهەوای نێو زانکۆکان پڕ بوو لە قسە و باس و چەوداخستن و لایەنگریی نهێنی ئەم رێبازانە. لە هەمان کاتەدا نەبوونی سەرچاوە و کتێب بۆ زانینی رێگای راست و چەوت، هۆی نەزانینەکان بوو.

یەک وشە لە گۆڤار و رۆژنامە و کتێبدا نەدەنووسرا دەزگای سانسور و ئەمن چاوەدێرییان نەکردبا. یەک بیروباوەڕ جگە لەو شادۆستییە درۆزنانەیە کە لە لایەن خۆیانەوە بڵاو دەکرایەوە رێگا نەدەدرا و جێگای ئەو کەسانە کە بە شێوەیەک بیاندرکاندبا بیر و بۆچوونێکی دیکەیان هەیە، زیندان بوو. لە لایەکی ترەوە وا نیشان دەدرا کە ئێران دوورگەی ئارامییە و ناڕازی تێیدا نییە. تا ئەو جێگا کە

گوتیان هەرکەس نارازییە با بچێتە دەرێ! هەر ئەو کاتەش وێنەی یەک کەسیان دایە رۆژنامەکان کە دەیەویست بڕوا و گوتیان یەک کەس پەیدا بووە.

*رووناکبیران و خوێندکارانی زانکۆ یەکەم کەسانێک بوون کە دەزگا ئەمنییەکان گومانیان لێ دەکردن. لە کاتی خوێندکاریدا من و سێ هەواڵی دیکە پێمان خۆش بوو سەرێک لە پاوە بدەین. ئۆتۆمۆبیلێکمان بە کرێ گرت. شەو گەییشتینە پاوە. لە میوانخانەیەکدا خەوتین و رۆژی دوایە سەرێکمان لە چاوکەی بەناوبانگی "هەوڵێ" دا و چووین بۆ "نەوسوو" لەوێ بردمانیان بۆ ژاندارمری. پرسیار: بۆ هاتوون بۆ ئێرە. وەڵامی ئێمەش: کە ئێرە وڵاتی خۆمانە و مافی ئەوەمان هەیە پێیدا بگەڕێین و گەڵاڵەیەکمان بۆ فیلم هەیە و هتد... قانع نەبوون، چونکە خوێندکار بووین، بە سواری کامیۆنێکی ئەرتەشی گەڕاندیانینەوە پاوە و دایانینە دەستی ساواک. هەر ئەو پرسیار و وەڵامانە دووپات بووەوە. سێ رۆژ لە زیندانـدا، کە لە راستیدا گەورێک بوو، راگیراین. ئاخری تلەفونیان بۆ خوێندنگەی تلەڤزیۆن کردبوو و پرسیبوویان کە ئایا ئەوان ئێمەیان ناردووە بۆ ئەو ناوچە؟ بەرپرسی دەفتەر گەرچی هیچ ئاگادار نەبوو و ئێمە لە پشووی هاوینیدا بووین گوتبووی ئەرێ ئێمە ناردوومانن. گوتبوویان بۆ ناردووتانن بۆ ناوچەی قەدەغەکراو؟ ئەویش وەڵامی دابووەوە کە ئێوە لیستەی ناوچە قەدەغەکراوەکانتان بە ئێمە نەداوە. ئەمە بوو کە ئێمە ئازاد کراین، بەڵام لە تاراندا خانووەکەمانیان پشکنی بوو.*

*ئەم ناوچە قەدەغەکراوانە تەنیا لە کوردستان نەبوو. جارێک بە مۆڵەتنامەی جێگری بەرپرسی تلەڤزیۆنەوە بۆ وێنەگرتن چووبووینە دوورگەی "هۆرمۆز". ژاندارمی باجگەی ئەوێ کە گروبان سووەمێک بوو، گوتی ئێوە دەبێ لە بەرپرسی ژاندارمرییەوە نامە بێنن. منیش چوومە بەندەرعەباس کە نامەی بۆ بێنم. یەکەم کارێک کە لەوێ کردیان ئەوە بوو کە فیلمی کامێراکەی منیان دەرهێنا و سووتاندیان. دوای ماوەیەک لە گەرمای بەر خۆردا رایان گرتم، بردمیانە ساواک. لەوێش بە بێ هیچ پرس و جۆ دوو رۆژ بەستمیان بە لاقی مێزێکەوە. دواتر بردمیانە لای فەرماندەی هێزی دەریایی. ئەویش تا ئەمنی دیت گوتی: کورە خۆ بێچمی ئەو کابرایە لە دوورەوە هاوار دەکا جەماعەتی تلەڤزیۆنە. کاتی رۆیشتن*

*سفارشی کرد سەرێک لە بەرپرسی تلەڤزیۆن بدەین. من دەمزانی بەرپرسی تلەڤزیۆن ساواکییە. کە وا بوو هەموو چیرۆکەکە ئەمەیە کە ئێمە لە پێشدا نەچووینەتە خزمەتی ئەو و ئەویش گوتبووی من ئاگام لەمانە نییە. مۆڵەتنامەی جێگری بەرپرسی تلەڤزیۆن بایەخی ئەرێ گوتنێکی ئەوی نەبوو.*

*هەر لەم سەفەردا جار جار من بۆ کڕینی کەلوپەل، بەیانی بە گەمییەک دەچوومە بەندەرعەباس و ئێوارە دەگەڕامەوە. ڕۆژێک گەمییەکە درەنگ دەگەڕاوە. منیش لە نێو بازاردا پیاسەم دەکرد و کاتم دەکوشت. نزیک ئێوارە بوو پیاوێکی لاواز دەستی لە شانم دا و بە ملکەچییەوە گوتی. ببوورە ئەتۆ ئەوشەو دەگەڕییەوە یان دەمێنییەوە، چونکە هۆتێلت نەگرتووە. پرسیم بۆ؟ گوتی. پێم هاتە ژان هێندە لە دووت بە ڕێدا چووم. زانیم پیاوی ساواکە و ئەرکیان داوەتێ چاودێریی من بکا. گوتم دەگەڕێمە. سپاسی کرد و ڕۆیشت.*

*وەنەبێ ئەم توندگرتنە هەر بۆ ناوچە سنوورییەکان بووبێ. گرووپی فیلمی "مەغولەکان" کە منیش یەکێک لەوان بووم گەرچی مۆڵەتنامەی تلەڤزیۆنی هەبوو، دوو حەفتە لە بیابانی کاشان ماتڵ بوو کە مۆڵەتنامە لە ژاندارمری وەرگرێ.*

بێدەنگییەکی تاساو باڵی بەسەر وڵاتدا کێشابوو. بۆیە ئەوانەی کە ئەو بێدەنگییەیان دەشکاند و گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا فیدا دەکرد، دەبوونە پاڵەوانی خەڵک و ئەوەی کە نەیدەویست بە دووی خۆشگوزەرانیی خۆیدا بێ، دەیەویست ڕێگای ئەوان بگرێتە بەر.

هەر لەو ساڵانەدا لە سنەش جووڵانەوەیەکی هەرچەند کز هاتە گۆڕێ. سەی سدیق ڕەحمانی کە چایخانەیەکی لە دەرەوەی شار هەبوو و پێشتر چەند جار بە بۆنەی چالاکیی سیاسیەوە چووبووە زیندان، لەگەڵ عیسا مەجیدی و چەند هەواڵی دیکە چەند تەقینەوە و کاری چەکدارییان بە نهێنی کردبوو و دڵەخورپەیەکی چاکیان خستبووە نێو هێزی پۆلیس و ئەمنی سنەوە. زۆری پێ نەچوو گیران. تەنانەت سێ چوارێکیان هێنرانە تلەڤزیۆنی سنە و داوای پەشیمانییان کرد. وایان دەزانی ئەگەر ئەو کارە بکەن نایانکوژن.کەچی بەیانی هەر ئەو شەوە (١۴ی

بەفرانباری ۱۳۵۱) تیرباران کران. لە رۆژنامەکاندا دوو دێڕ زیاتر نەنووسرا (چوار کەس لە چەتە چەکدارەکان لە سنە تیرباران کران).

*من و عیسا ماوەیەک لە کارگەیەکی جوشکاریدا پیکەوە کارمان دەکرد. یەکێک لە هیواکانی من بۆ خەباتی چەکداری پەیوەندیی لەگەڵ ئەوان بوو. بەر لە تیربارانکردنی لە زیندانی ژاندارمریدا چوومە سەردانی. کە ئێمە گیراین و وێنەکانمان بڵاو بووەوە، عەلی نێویێک کە لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەواندا گیرابوو و لە زیندانی ورمێدا بوو، لای زیندانییەکان خۆی هەڵکێشابوو کە گوایە دۆستی منە و پەیوەندیی لەگەڵم هەبووە. ئەم گوتەیە ئەوی لە ورمێ و منیشی لە زیندانی ئەوین خستە ژێر ئەشکەنجەوە. هەر چۆنێک بێ من ئەوم وەبیر نەهاتەوە.*

خەباتی چەکداری جێگیر ببوو، وەک جووڵانەوەیەکی لێ هاتبوو. هەر کەس کە ویستبای خەبات بکا، لە هەر کوێیەک با، هەوڵی دەدا ئیمکانێک پەیدا بکا و گورزێک لە حوکوومەتی دیکتاتۆر بوەشێنێ. چاوەڕوانیی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە ناسراوەکاندا نەدەکرد و هەوڵی دەدا خۆی ڕێکخراو پێک بێنێ. ئەوە بوو گرووپی لوڕستان و هەمەدان پێک هات. گرووپی شیراز (گرووپی ئێمە)کە بە گرووپی تێرۆڕی شا ناوبانگی دەرکرد و گرووپی ئەستێرەی سوور و ... هەموو لەسەر ڕێبازی چەکداری دەڕویشتن کە تیوریەکەی ئەمە بوو: ماتۆڕی چوک (ڕێکخراوی چەکدار) ماتۆڕی گەورە (خەڵک) بە گەڕ دەخا و شۆڕش دەست پێ دەکا. وەکوو ئەوەی کووبا. کە وا بوو هەرکەس لە لایەکەوە و بەش بە حاڵی خۆی هەوڵی بەگەڕخستنی ماتۆرە گەورەکەی دەدا. خەڵکەکەش ئەگەر نەڵێین خەوتبوو، دەبێ بڵێین لە قەیرانێکی تایبەتیدا بوو.

وەکوو پێشتر باسم کرد لە سەرتای ساڵەکانی ۵۰دا لەپڕ نرخی نەوت لە بەرمیلێک ۷ دۆلارەوە گەییشتە ۳۵ دۆلار. ئەو پارە زۆرە هەرچێکی لێ دزرابا هێشتا هەر لێی دەمایەوە. شا و دەربار لە لایێکەوە بەشێکی زۆریان دەکردە خەرجی خۆیان و سپاکەیان. دیارە بەشی چەک و چۆڵ دەچووەوە گیرفانی زلهێزەکانی دنیا. ئەوەی لەبەر ئەوان دەمایەوە لە نێو وڵاتدا خەرج دەکرا و دەبووە هۆی پێکهێنانی کار. هەر لە بیناسازییەوە بگرە هەتا دەگاتە پێڵاو و جل و... هەتا

ئەو رادەیە کە کرێکار و خزمەتکار و دوکتوریان لە فیلیپین و هێند و پاکستانەوە دەهێنا. ئەمە لە لایەک خەڵکی سەرقاڵ کردبوو. دەگوترا: ئەگەر کارت هەبوو و پارەت لە گیرفاندا بوو چت بە سیاسەت داوە؟

سەرمایەداریی بازرگانی، خۆی لە ژێر مەترسیدا دەدیت، چونکە کۆمپانیا دەرەکییەکان خەریک بوون جێگای خۆیان دەکردەوە و مەیدانیان بەوان چۆڵ دەکرد. ئەمە یەکێک لە هۆکانی لایەنگریی بازار بوو لە موجاهدین و دواتریش لە جەماعەتی مەلاکان. سەرمایەداریی ئەهلی پەرەی ئەستاندبوو، بەڵام لە ژێر تەوژمی سەرمایەی دەرەکیدا بوو و دەربار بە هەر بیانوویەک باجی لێ دەستاندن. بۆ نموونە نەتدەتوانی کارخانەیەک دامەزرێنی ئەگەر یەکێک لە شاپورەکان (خزمەکانی شا) شەریکت نەبوایە. دیارە بە بێ ئەوە کە پارە بدا. دەستەودایرەی دەربار بەرپرسایەتییە سەرەکییەکانیان گرتبوو و مزایدەیان دەبردەوە و یەک لە چواریان بۆ خۆیان هەڵدەگرت و ئەوجا دەیاندا بە شەریکەی دەستی دووهەم کارەکە ئەنجام بدا. زۆرجار خاوەنی شریکە دەستی دووهەمەکەش هەر بۆ خۆیان بوون. دەڵێی ئەو ئاوەی ئەوسا رژاوە هێشتاش لەم لاو لەو لا (و لە کوردستانی باشووریش) پێی لەسەر دەخلیسکێنن- ئێستا کوڕە مەلاکان ئەو کارە دەکەن.

گەنمیان لە جووتیار دەکڕی بە دە تمەن، دەیاندا بە بازاڕ بە یەک تمەن. ئەو سوبسیدە (یارانە) چەند قەڵەم پێداویستیی سەرەتایی ژیانی دەگرتەوە و بەو شێوە نرخەکان رادەگیرا. مانگانەی کارمەندانی دەوڵەت زیادی کردبوو و ئەوانیش خەریک ئۆتۆمۆبیلکڕین وماڵکردنەوە بوون. بەڵام هەموو ئەمانە دوو لایەنی هەبوو. لایەنێک باشتربوونی ژیانی خەڵک بوو، لایەنی دیکە نەبوونی هیچ جۆرە ئازادییەکی سیاسی بوو. ئازادیی بەرەڵایی هەتا بڵێی هەبوو. کافە و کابارە و مینیژوپ و رابواردنی دەوڵەمەندان و ئاغازادەکان. باکووری شار بە مودێلی ئۆروپا و ئەمریکا دەجووڵایەوە و پڕ بوو لە رستورانی سەیر و گران و دیسکۆ و ئەستێر و کلوب بۆ لاوەکان و باشووریش لە نێو زبڵدا دەتلایەوە.

شا خۆی بە ژاندارمی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پاڵەوانی رەگەزی ئارییایی دەزانی و پێی وا بوو هەر ئەو بە تەنێ، دژی کۆمۆنیسم راوەستاوە. خۆلێباییبوونی شێتانەی شا کە لە جێژنەکانی دووهەزار و پانسەد ساڵەوە ١٩٧١-(١٣٥٠) دەستی پێ

کردبوو گەییشتە ئەو رادەیە کە تەنانەت دوو حیزبی دەستکردی لایەنگری خۆی داخست و یەک حیزبی بۆ خۆی دروست کرد و نێوی نا رەستاخیز (بەعس).

ولاتێک کە بەرەو گەشەکردن دەڕوا، دەبێ هەموو لایەنێکی هاوپەرا و هاوتەریب کەم تا کورت پێکەوە بڕوا. دەنا تووشی لارەسەنگ دەبێ. ئەگەر بازرگانی چووە پێشێ ئەگەر خەڵک هەستی بە کەسایەتی کرد، دەبێ هەر بەو پێیەش ئازادی و دیمۆکراسی دابین بکرێ. ئەمە راست ئەو شتە بوو کە شا و دەزگاکەی نە تەنیا دژایەتییان دەکرد بەڵکوو نەشیان دەدیت. دەزگایەکی تۆقینەری ئەمنی بە یارمەتی ئەمریکا و ئیسراییل پێک هێنابوو کە هەر سرتەیەکی ناکۆکیی دەخنکاند و کەس لە خۆی ئەمین نەبوو. پاسەوانێک دەیتوانی وەزیرێک بداتە بەر شەقان و ئەو نەیدەوێرا هیچ بڵێ. (دواتر کە باسی حوکوومەتی سەدامم بیست، زانیم راست لاسایی حوکوومەتی ئێرانی کردووەتەوە.) تەنانەت تەڵەیان بۆ خوێندکار و رووناکبیرەکان دادەنا، رێکخراوی درۆییان پێک دێنا و لایەنگریان کۆ دەکردەوە و دوایە بە شەوێک هەموویان دەگرتن. دەیانەویست بزانن ئاخۆ دژێک هەیە کە رەنگە رۆژێک کردەوەیەک بکا. کتێبی قاچاخیان بڵاو دەکردەوە و خەڵکیان تێوە دەگلاند. خەڵک گوتەنی: ئاویان لێڵ دەکرد، ماسی بگرن.

خوێندکارێک لە کتێبفرۆشییەکی پێش زانکۆ کتێبی کڕیبوو. کابرا پێی دەڵێ کتێبی کۆنی مێژوویی باشم هەیە. هی دەورەی موسەدیقە. ئەویش حەوت کتێبی لێ دەکڕێ. ناگاتەماڵەوە دەیگرن. لە زیندان دەزانێ کە ئەوانە کتێبی توودەییەکانە. تەنانەت نێو بەرگەکەی چاو لێ نەکردبوو. یازدە ساڵ زیندانی وەرگرت.

هەموو ئەمانە نیشانەی یەک شت بوون. رژیمی شا (وەکوو هەموو دیکتاتۆرێکی دیکە) باوەڕی بە مانەوەی خۆی نەبوو. هەتا سەر ئێسکان دەترسا و بە شێوەی جۆربەجۆر خەڵکی دەترساند و لەگەڵ ئەو ترساندنەدا باجی بەوانە دەدا کە لە هەموو زیاتر لێیان دەترسا. ئەوەش مەلا ئایینییەکان بوون. بۆ هەموو ئایەتوڵڵا و مەرجەع و دەزگا و مەکتەبەکانیان مووچەی زۆر و زەوەندی بڕیبووەوە و بۆ خۆشی هەموو ساڵێک دەچووە زیارەتی ئیمام رەزا لە مەشهەد و لەم ئاخرانەوە تەنانەت چووە حەجی عەمرەش.

# پەروەندەی بارمتەگرتن

لە هەلومەرجێکی وەهادا منیش وەکوو زۆر کەسانی دیکە بیرم لەکاری سیاسی بە دژی رژیم و گۆڕانی کۆمەڵگا دەکردەوە و لەگەڵ هێندێ دەستەبرادا خەریک خوێندنەوە و خۆفێرکردن بووم. کتێبی وەکوو: "بنیاتە سەرەتاییەکانی فەلسەفە"، "شۆڕش لە شۆڕشدا"، "کێشەکانی لێنینیسم" و هتد...مان بە قاچاخ پەیدا دەکرد و لە روومان دەنووسییەوە و بە کەسانێکمان دەدا کە پێمان وا بوو بە دووی خوێندنی ئەم جۆرە کتێبانەوەن. ئەم کارە درێژەی هەبوو هەتا من خوێندنم تەواو کرد و بۆ کار لە تلەڤزیۆندا چوومە شاری شیراز. لەوێ لەگەڵ "کەرامەتی دانشیان" بووم بە هاورێ، کە پێشتر لە زانکۆکەی ئێمە خوێندکار بوو، فیلمێکی دێکومێنتیی سەبارەت بە لادێیەکی هەژاری تەنیشت تارانی چێ کردبوو، لەسەر ئەوە وەدەر نرابوو. لەوێیەوە بوو بە مامۆستای گوندێک لە لۆڕستان. گرتیان و ساڵێک لە زیندانی سیاسیدا بوو. دوایەش ساواک لێی نەدەگەڕا و بە هەر بیانوویەک ئازاری دەدا، لەم ئاخرانەوە چەکدار ببوو و بڕیاری خەباتی چەکداریی دابوو. جار کە دەهاتە لای من چەکەکەی خاوێن دەکردەوە. ئەو رۆژەی کە گیرا چەکەکەی پێ نەبوو، بۆیە لەگەڵ ئەو کەلوپەلانە نەبوو کە لە دادگادا نمایش کران. لە لێکۆڵینەوەکاندا نە من و نە خۆی باسی ئەو چەکەمان نەکرد. دیارە "ئەمیر فەتانەتیش" ئاگای لێی نەبوو دەنا لە گوشاریان دادەنایین. زۆر حەزی لە موزیک بوو، شەوێک کە لە ماڵی ئەوان پێکەوە نانمان دەخوارد، "ئۆپێرای کورئۆغلـو"ی دانابوو و لەگەڵی دەگوتەوە. ئەو مرۆڤێکی زۆر ئینساندۆست و بە جەرگ و شارەزای خەبات بوو*.

---

*سەبارەت بە کەسایەتیی کەرامەت لە کتێبە بیرەوەرییەکاندا زۆر نووسراوە، کتێبێکی تایبەتیش بە ناوی "راوی بەهاران" سەبارەت بەو لە چاپ دراوە. منیش بۆ کتێبێک کە سەبارەت بەو نووسراوە، چەند دێڕم نووسیوە کە بەشێکی بەم شێوەیە:

سی ساڵ لەوکاتەی لەگەڵ کەرامەت بووم بە هاورێ و بیست و هەشت ساڵ لە تیربارانی تێدەپەڕێ. بەڵام هێشتا ئەو لە بیر و هۆشی خەڵکی ستەملێکراودا جێگای تایبەتی خۆی هەیە. ←

له قسه و وتوویژدا گەیشتینه ئەو ئاکامە کە گرووپێک پێک بێنین و خەباتی چەکداری بکەین و ئەگەر کرا پەیوەندی بە چریکە فیداییەکانەوە بکەین. ئەو لەگەڵ دوو کەسی دیکەش پەیوەندیی هەبوو (ئەمیر فەتانەت و یۆسف ئالیاری) ئەمانە هەردووکیان لەگەڵ کەرامەت لە زینداندا ببوون. منیش چەند کەسم لە بەرچاو بوو. هێندێک گوتیان خەباتی چەکداریمان قوبوڵ نییە. هێندێک گوتیان

---

← بیست و هەشت ساڵ دەرد و مەینەت، ستەم و چەوساندنەوە، زیندان و ئەشکەنجە و قەدەغەبوون لە رژێمەکانی شاهەنشاهی و کۆماری ئیسلامیدا نەیتوانیوە نێوی ئەو لە بیری خەڵک بباتەوە. ئەم هەموو گیانبازی و خۆبەختکردنەی قارەمانانی دیکە لە زیندان و دادگاکانی دوو رژێمدا، ئەم هەموو خەباتە لەم سی ساڵەدا بە شێوەی جۆربەجۆر هاتووەتە پێشەوە و هیشتا کەرامەت لە جێگای بەرزی خۆی راوەستاوە و بە زۆرداران دەڵێ:" ئەگەر باوەڕتان بە لەنێوچوونی خۆتان نییە، مێژوو نیشانتان دەدا"

مـن لەم سی ساڵەدا خۆبەختکەرانی بوێر و مێهرەبان و یەکڕەنگ و راستگۆ و پڕ لە هەستی خۆشەویستی بۆ خەڵک و نەفرەت لە دوژمنم، بەو شێوەیە کە کەرامەت بوو، زۆر دیتووە. فرە بوون ئەوانەی کە لە کاتی تیرباراندا هاواریان کرد، بژی گەل، بژی سۆسیالیزم، مەرگ بۆ جەلاد و... و بە بزەی سەر لێوانەوە پێشوازییان لە گوللەکان کرد. زۆرن ئەوانەی بە کرداری شایانی خۆیان سەرباز و پاسداری رژێمیان لە کردەوەی چەوت پەشیمان کردەوە. کەم نەبوون ئەو بیرمەندانەی بە باوەڕی راستەقینەی خۆیان شکیان خستە دڵ شاپەرەست و مەلاپەرەستەکانەوە. زۆر بوون، زۆر. کەرامەت وەکوو خۆی هیچی لەوانە زیاتر نەبوو. لەخۆبردوویی و ئاشتینەخوازی بوێرانە، ئیمانی پتەو بە باوەڕ و زانیارییەکانی کە هەموویان پشتیوانی راوەستان و خۆبەختکردنە، بە بڕوای من زیاتر لەوە نەبوو کە بۆ هەنگاوهەڵێنانەوە پێویستە. مانەوەی ئەو بەڵام لە زەینی چیرۆکەپاڵەوانییەکانی گەلدا بە بۆنەی تێگەییشتنی دروست لە ئەرکێک بوو لە خاڵێکی دیاریکراوی مێژوودا و بە ئەنجامگەیاندنی ئەو ئەرکە. ئەو بە کەرەسەی مارکسیستی چەکدار ببوو و دەیزانی، بڕوا و ویستی گۆڕانی کۆمەڵ بەس نییە، دەبێ بە کردەوە بگۆڕدرێ و لەم ڕێگایەدا هەر مرۆڤێک لە برکەیەکی مێژوویدا بارێکی لەسەر شانە. ئەگەر گەیاندییە جێگا ئەوە سپاسی هەتاهەتایی ریزەکانی خەڵک شاباشی دەبێ و ئەگەر نەیکرد گومناوی و بێئومێدی دەبێتە چاشنی ژیانە بەتاڵەکەی.

لەو کاتانەدا کە رژێمی شاهەنشاهی هەموو ئیدارەکانی بۆ سیرکی بەناو " شارستانییەتی گەورە" کۆک کردبوو و خەریکی بە مەڕ کردنی مرۆڤ بوو و لەم بوارەدا لە هیچ درۆ و فێل و کوشارێک سڵی نەدەکردەوە، کەسانێک وەکوو کەرامەت (مینهای ئایدولۆژی) راوەستان، بێدنگییان شکاند و پووشی کایەی فێڵبازیان پژاند.

پێمان ناکرێ، بەڵام دوو لەوانە "عەباس سەماکار" و "شکوە میرزادگی" ئامادە بوون. لەگەڵ عەباس لە یەک زانکۆ دەمانخوێند و دۆستی نزیک بووین. پێشتر سەبارەت بە تەقاندنەوەی ئانتێنی تلەڤزیۆنی شیراز لە کاتی جێژنی هونەردا هێندێ باسمان کردبوو و بڕیار بوو من دینامیت پەیدا بکەم و ئەویش کارەکە بکا. ئەودەم من لە تاران بووم. دوایە ئەو چووە تاران و من چوومە شیراز. من دینامیتم پێ پەیدا نەکرا. بە بۆنەی راوەماسییەوە لە کابرایەک بەڵێنم وەرگرتبوو کە ئاخرەکەی پێی نەدام. لە لێپرسینەوەی ساواکیشدا ئەم باسە نەهاتە پێشەوە.

شکوە لەگەڵ گرووپێکی دیکەدا کاری کردبوو کە کاریان کتێب خوێندنەوە و باسی خەبات بوو. ئەو گرووپە گیرابوون، بەڵام ناوی ئەو دەرنەکەوتبوو. بۆیە لەوە دەگەڕا لەگەڵ گرووپێکی دیکە کار بکا. لە سەفەرێکدا کە بۆ شیرازی کردبوو، ئاشنا بووین و پاش ماوەیەک باسی سیاسی هاتە گۆڕێ. ئەو لە رۆژنامەی "کەیهان" و گۆڤاری "ژنی رۆژ"دا کاری دەکرد. ئەوان پێشتر بە یارمەتیی "مەریەم ئێتحادیە" هێندێ شوێنناسینیان بۆ رفاندنی کچەزای شا کردبوو. لەگەڵ ئەو بیرمان کردەوە گەڵاڵەیەک بۆ ئەو کارە دابڕێژین. هێشتا لە باری چۆنیەتیی رێکخراو و پەیداکردنی کەرەسەی پێویستەوە ئامادەکاریی تەواومان نەکردبوو، کە عەباس لە منی پرسی ئاخۆ دەکرێ چەک پەیدا بکەین؟ من بیرم کردەوە ئەو گەڵاڵەیەکی تایبەتی هەیە، بۆیە دەپرسێ. چونکە هاتنەگۆڕێی چەک، پرسی ئەمنی دەبردە قۆناخێکی دیکەوە. من داوام کرد کە ئەگەر دەکرێ پێم بڵێ کارەکە چییە؟ ئەو زۆر بە کورتی گوتی هەلێک هەیە دەتوانین کەڵکی لێی وەرگرین. بڕیارە خەڵاتێک بدرێ بە رەزا عەلامەزادە لە جێژنی سینەماییدا و ئەو خەڵاتە لە لایەن شاژن، یان وەلیعەهدەوە دەدرێ. رەزا کە لە گیرانی دۆستێکی زۆر تووڕە بوو، ئامادەیی دەربڕیبوو کە ئەگەر یارمەتی بدرێ، لەوێ کارێک بە دژی ئەوانە بکا و داوای بەردانی زیندانییە سیاسییەکان بکا. پێشنیارەکە گواسترایەوە بۆ لای من و کەرامەت و ئەمیر. باس هاتە سەر ئەوە کە ئەگەر بتوانین چەند کەسێک بەرینە نێو ئەو سالۆنە، دەکرێ هەرکام لەوانە هاتن خەڵاتەکە دابەش بکەن، بە بارمتە بگیرێن و داوای بەردانی زیندانییە سیاسییەکان بکرێ. لە ئامادەکاریدا بەر لە هەر شتێک دەبوا چەک پەیدا بکەین. من سەرێک چوومەوە کوردستان و یەک دوو

کەسـم دەناسـی، نەمدیتنـەوە. دەسـتبەتاڵ گەڕامـەوە. کەرامـەت گـوتی ئـەمیر پەیـداکردنی چـەکی بـە ئەسـتۆ گرتـووە. پەیوەندییـەکان لـە ڕێگـای لاپـەڕەی سەرەخۆشیی ڕۆژنامەوە کە لە بەردەست شکوەدا بوو دەگیرا. شکوە بۆ خۆی دوو کەسی بۆ یارمەتی دیاری کردبوو. کرامەت و شکوە دیدارێکیان بە نهێنی کرد و من و ئەمیریش بە ناوی نهێنییەوە چاومان بە یەک کەوت و باسی گەڵاڵەکە کرا.

لە کۆتایی جێژنی هونەردا من لەگەڵ کارمەندەکانی تلەڤیزیۆنی شیرازدا چوومە میوانی شەوی ئاخری جێژنەکە کە شاژن لەوێ بەشدار دەبوو. دەمەویست بزانم گاردەکانی چۆن دەورەی دەدەن و ئەگەر کەسێک هێرشی بۆ بکا، چەندە شانسی هەیە. لـە کـاتی چوونـە ژوورەوەدا نەیانپشـکنین. ئـەمـە دەکـرا بڵێـی نیشـانەی متمانـەکـردن بـە میوانەکانـە و دەشـکرا بڵێـی زۆر متمانـەیان بـە گاردەکـان هەیـە. میوانـان بـە ریـز ڕاوەسـتابوون و ئـەو یـەک بـە یـەک تەوقەی لەگـەڵ دەکـردن و هەرجارەش وێنەیەک دەگیرا. من لە ریزدا ڕانەوەستابووم و خۆم خڵافاندبوو. دواتر لـە لێپرسینەوەی ساواکدا لێیـان دەکۆڵییـەوە کـە بـۆ لەگـەڵ سـاژن دەسـتم نـەداوە. ڕەنگە وێنەکانیان پشکنی بێ.

لێـرە ئامـاژە بەوەش بـدەم ئاخرجـار کە مـن شـکوەم بینـی گـوتی چەنـد ڕۆژە ئۆتۆمـۆبیلێکی سـپی لە دوی دەکەوێ. گـوتم جـووڵانەوەی نائاسـایی مەکە! ڕەنـگە گومانێکی ئاسایی بێ. دەنا دەبێ خۆ بشارینەوە کە ئێمە هێشتا ئیمکانی ئەوەمان نییە. گەڵاڵەکەشمان بە مرۆڤی گومانلێکراو جێبەجێ نابێ.

ئەو ڕۆژە کە دەبوا چەکەکان لە تاران وەرگیرابان، پەیامی ڕەمز بۆ ڕۆژنامەی کەیهان نێردرابوو و شکوە وەری گرتبوو. بڕیار بوو یەکێک لە کەسەکانی شکوە چەکەکـان وەرگـرێ کە لە ئۆتۆمۆبیلێکـدا دادەنـرێ دەرکەی دانـاخرێ. دوایە چەکەکان یان لای خـۆی دەبـێ یان دەیدا بە شکوە هەتا من دەگەمە تاران و دەیدەم بە عەباس. دواتر لە زینداندا دەرکەوت کە ئەو کەسەی دەبوا چەکەکان وەرگرێ "جەمشیدی" بوو. بەڵام ئەو هەتا نزیک ئۆتۆمـۆبیلکە ڕویشتبوو، ترسابوو و بێ ئەوەی بەکەس بڵێ، بۆ هەمەدان هەڵاتبوو. ئەگەر هەواڵی بە ئێمە دابا، ڕەنگە ئێمە بەو هاسانییە نەگیرابایین. من بۆ وەرگرتنی چەک و ڕێکخستنی کارەکان بەرەو تاران دەچووم، بەڵام پیش سواربوون بە ئۆتوبوسی شیراز تاران، گیرام.

له ماڵ هاتمه دەرەوە که بچم بۆ دوکانێک لەوبەر شەقامەکەوە. له نێوەڕاست خیابانەکەدا سێ کەس دەورەیان دام و ناومیان پرسی. کەلەبچه و دەمانچەم له دەستیاندا دیت. سەرم هەڵێنا رەشاشی سەربانی بەرانبەرم بینی. بێ یەک و دوو دەست و چاویان بەستم و بردمیان بۆ زیندانی قەڵای کەریم خانی زەند. شێوەی گیرانەکەم وەکوو ئەوە بوو که پێیان وا بوو من چەکم پێیه. له کاتی گیرانی کەرامەت دانشیانیشدا هەر وایان کردبوو.

هەر ئەو رۆژە شکوه له تاران گیرا. باقیی کەسەکانیش (جگه له ئەمیر فەتانەت) به ماوەی دوو تا پێنج رۆژ گیران.

له ژێر یەکەم ئەشکنجەکاندا داوای ناوی نهێنیمیان دەکرد. من چەند ناوی هەڵەم گوت، هەر توندیان دەکرد و دەیانگوت درۆ دەکا. هەتا ناوە راستییەکەم گوت، لێیان قوبوڵ کردم، دیار بوو دەیزانن. گوتیان جا ئێستا باقییەکەی بڵێ. ئەم ناوە تەنیا کەرامەت و ئەمیر دەیانزانی. بۆیه من بیرم لەوە کردەوە که یەکێک لەو دوانە پێش من گیراون. به تایبەت کەرامەت ئاخرین قەراری سڵامەتی که دوو رۆژ پێشتر بوو، نیشانه نەکردبوو. بەڵام دواتر له زیندانی ئەویندا بۆمان دەرکەوت که کەرامەت دوای من گیراوە و ئەمیر نەگیراوە. ئەی ئەو ناوەیان چۆن زانیبوو. ئێمه دەبوا هەر ئەو کات شکمان له ئەمیر کردبا، بەڵام بەو متمانەوە که کەرامەت بەوی هەبوو و ئەو خۆنیشاندانه شۆڕشگێڕانه که ئەو هەیبوو، نەمانتوانی ئەو گومانه بکەین که ساواکییه، بەڵام پرسیارەکه هەر له جێی خۆیدا مابووەوە. له کەرامەتیشم پرسی. گوتی ئایا نێوی خوازراوی من یا ئەمیریشیان پرسی، گوتم نه. گوتی رەنگه تڕوتۆپیان وەشاندبێ. له کەیفەرخواستی دادگای یەکەمدا نێوی ئەمیر فەتانەت وەکوو هەڵاتوو هاتبوو، بەڵام له دادگای دووهەمدا باسی نەکرابوو.

له ساڵی ۵۴-(۱۹۷۵)دا پێش ئەوەی دووبارە من له زیندانی قەسرەوە بەرنەوە زیندانی ئەوین. یوسف ئالیاری هەواڵی به من دا که لەگەڵ عەباسدا بەو ئاکامه گەییشتوون که ئاشکرابوونی ئێمه و تەڵەیەک که له رێگای دانی چەکەوە بۆ ئەم گرووپە دانرابووە، هەموو به هۆی ئەمیر فەتانەتەوە بووە. "حەسەن فەخار"یش له بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ له سەفەرێکدا که بۆ شیرازی کردووە له رێگای بنەماڵەی کەرامەتەوە زانیویەتی ئەمیر ئازادە. له زینداندا زانیمان ئەمیر به نێوی

هەڵاتـوو دزەی کـردووەتە گرووپێکـی دیکەشـەوە و بە گرتنـی داون و ئێسـتاش لە زانکۆی شیرازدا دەخوێنێ. من بۆ متمانەکردن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کاکم کە لە شیراز بەرپرسی بەشێک لە زانکۆ بـوو، پرسـیم ئایا کەسێک بەم نێوەتان هەیە. گوتی بەڵێ، ژنەکەی خوێندکاری منە. لە ساڵی ٥٧-(١٩٧٩)دا ئەمیر خۆی لە ئێمە شاردەوە و گەییشتە لاتین ئەمەریکا.*

ئـەو کەسانەی کە لـە پەیوەندیی لەگـەڵ ئـەم پەروەنـدەدا گیرابـوون: لـە ڕێگای ئـەمیرەوە، مـن، کەرامـەت دانشـیان، عـەباس سـەماکار، ڕەزا عەلامـەزادە و شـکوە میرزادگی. بە ڕێگای شکوەدا گەییشتنە خەسرەو گولسورخی و مەنوچێهر موقـەدەم سـەلیمی (کـە هـەردووکیان پێشـتر گیرابـوون و لـە زینداننـدا بـوون و پەیوەنـدییان لەگەڵ ئێمە نەبوو)، ئیـرەج جەمشـیدی و مورتـەزا سیاپۆش. ئیبـراهیم فەرهـەنگ و فـەرهاد قەیسـەری خەبـەریان لـە گەڵاڵەکـە نـەبوو، بەڵام چـونکە لە گەڵاڵەکەدا ئەرکیان بۆ دانرابوو، گیران و زیندانیان بۆ دەرچوو.

ئەو کەسانەی کـە بـە بۆنـەی ئـەم پەروەنـدەوە گیـران بـەڵام لـە دادگـەی ئێمـەدا نەبوون. یۆسف ئالیاری (لە کومیتەی ناوەندی گرووپدا بوو، بەڵام هێشتا ئاگای لـەم گەڵاڵـە نـەبوو) یـازدە سـاڵ زینـدانی وەرگـرت. پێـدرام ئەکبـەری، (ئـەو لـە مـاڵی موستەفا شـوعاعیاندا ـ کە خەبـاتگێڕێکی چەکدار بـوو ـ دادەنیشـت و لـە ڕێگـای ئـەوەوە کەرامـەت و موسـتەفا پەیوەنـدییان هـەبوو) سـێ سـاڵ زینـدانی وەرگـرت. "سیروس بەزرئەفکن" و "ڕەزا ڕەزی" کە لە تاران و شیراز بـە نـۆرە هاوخـانووی مـن بوون. گیـران و پاش ماوەیـەک بـەردران چـون هـیچ ئاگاداری کاری مـن نەبـوون. سەبارەت بەمانە هیچ پرسیارێک لە مـن نەکرا. زاهێـد بـەتحایی، بـرای مـن کـە لـە

*چل ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، ئەمیر فەتانەت لە سایتی ئینتێرنێتی خۆیدا باس دەکا ئەو ڕۆژەی کە بڕیار بـووە چەکەکان وەرگیـرێ، "پەرویـز ثابتی" (جێگـری بەرپرسی ساواک) لە کافەیەکدا ئەو دەبینێ و پێی دەڵێ ئەو سـەیارە سپییەی بڕیار بوو چەکەکانی تێدا بێ ببا و لە شوێنی دیاریکراو دایبنێ. ئەگەر دەنگی تەقەشی بیست کاری پێ نەدا. ئەویش ئەو کارە دەکا و دوایە دەڕوا. بەڵام باسـی ئەوە ناکـا چـۆن بـوو کە هەواڵەکـانی خـۆی بە سـاواک فرۆشـت. لە کتێبەکەشیدا "چیرۆکـی هەموو چیرۆکەکان" تەنیا باسی ئەوە دەکا کە من کەرامەتم فرۆشت. چۆنیەتیی کار و کردەوەکانی خۆی وەکوو سیخۆڕێک ناگێڕێتەوە.

ئەرتەشدا خزمەتی دەکرد و من هێندێ فیشەکم لە چەکەکەی هەڵگرتبوو. پاش چوار مانگ بە بێ دادگاییکردن ئازاد کرا. دوایە ناردیانە زوفار کە بکوژرێ بەڵام سڵامەت گەڕایەوە. ئەسفەندیار مونفەرد زادە. لە پەیوەندی لەگەڵ شکوەدا گیرا بەڵام چونکە هیچ کارێکی سیاسیی نەکردبوو پاش ماوەیەک بەر درا.

# زیندان

*لەم دنیا ئیشک و زوێرەی ئەوڕۆدا رۆمانتیسمێکی دەروونی پێویستە. بۆ بەرەنگاری، بۆ درێژەدان بە ژیان. گرینگی مەدە بە ناوچاوی گرژ و سمێڵی شۆڕی باوکێک کە کچەکەی بە دووی خۆیدا دەکێشی، بیر لە نیگای پاک و مەعسووم و بزەی شیرینی کچەکە بکەوە. ئەم خەباتە دەروونییە ئاسان نییە. دەوروبەرمان پڕە لە نەفرەت. ئەم نەفرەتە هێندێک بۆ لای ئەلکول و گیرودەیی دەبا و هێندێک بێزار دەبن و هەرە هەستیارەکانیش دەکەونە سووچی کۆڵانەکان و دەچنە ریزی بێ خانە ولانەکانەوە کە تۆ هەموو رۆژێک لێرە و لەوێ دەیانبینی. دەبێ کارێک بکرێ. خەباتێک دەبێ بکرێ! خەباتێک کە شیشە لەگەڵ بەرد، شێعر لەگەڵ شەلاخ، مرۆڤ لەگەڵ زۆرداریدا هەیەتی. بەرەی ئێمە، من و ئێمە، لەو کۆمەڵەدا لە دنیایەکی لەم چەشنەدا بار هاتین. جار رۆمانتیسمەکەمان هەتا بەکاربردنی چەکیش دەگەییشت. یانێ مەیدانی بە نەفرەت دا. بەڵام ئێوە لەم سنووره تێپەڕیون. لێرە جیاوازیی نێوان فارس و کورد نییە، زۆر و دیکتاتۆری و خەفەکردن و شەلاخ نییە. لێرە بەڵام رەگەزپەرستی هەیە، چەوسانەوەی بێ بەزەییانە، بە تایبەت بەرانبەر ژنان، لە هەموو بوارێکدا هێشتا هەر هەیە و خەباتی ئێوە لەنێوبردنی ئەمانەیە. هاوارکردن بۆ یەکسانی ئینسانەکان و بە ئامانجگەیاندن یا خۆ ئەسپاردنی بە بەرەی داهاتوو. رۆژێک دەبێ مرۆڤەکان بە خەبەر بێن! هەرکات ماندوو بوون پەنا بۆ رۆمانتیسمی دەرونی خۆتان بەرن. کارێک کە ئینسان هەزاران ساڵە بۆ بەرگری لە خۆی کردوویە.*

دەزگای تۆقێنەری ئەمنیی "ساواک" بە هەموو بەربڵاوی و کادر و دەست و پەیوەندیەوە کە لە هەموو ئیدارە و کارگەکاندا دامەزرابوون، کە دەتیانگرت، تەنیا ئامرازی لێکۆڵینەوەیان ئەشکەنجە بوو. هیچ بەڵگەیەکیان لە پێشت دانەدەنا، یان

پێویستیان بە بەڵگە کۆکردنەوە نەبوو. یەک راپۆرت بەس بوو کە کەسێک، یان کەسانێک بگرن و بیانخەنە ژێر ئەشکەنجەوە. دەیانەویست هەموو شتێک هەر بۆ خۆت بیلێی. دواتریش هەر گوتەکانی خۆتیان دەکردە بەڵگە بۆ دادگا. گەرچی لە قانوونی جەزادا هاتبوو گوتەی کەس بە دژی خۆی بە بەڵگە ناناسرێ.

باسی ئەشکەنجەی دڕندانەی ساواک لە نێو خەڵکدا بڵاو بوو. هەر ئەمە دەبووە هۆی ئەوە کە ئەتۆ چاوەڕێی هەموو جۆرە لێدان و کوتان و سووتاندن و هەڵاوەسین بی. ئەمە بۆ خۆی نەختێک ئامادەیی پێک دێنا. ئەشکنجەچییەکان لە یەکەم هێرشدا دەیانەویست ترس بخەنە دڵتەوە و کەسایەتیت بشکێنن. بۆ وێنە رووتکردنەوە و قامک بۆ بردن و جنێودان. دوایە دەگوترا ئێمە هەموو شتێک دەزانین، بەڵام دەمانەوێ خۆت قسەکانت بکەی. تۆش یەکەم وەڵامت ئەوە بوو کە من هیچم نەکردووە. ئەمە مانای ئەوە بوو کە ئەتۆ ریگای لێدانت هەڵبژاردووە. بە لێدان دەیانبردییە ژێرخانێک و دەتیان بەست بە تەختێکیەوە و سێ چوار کەس بە کابل دەکەوتنە گیانت. ئەوان بە ئەزموون بوون و دەیانزانی چۆن و لە کوێت بدەن تا ئازاری زیاترت پێ بگا و کونترۆڵی مێشکت تێک بچێ.

-دەیلێی یان نە؟
-دەبێ چ بڵێم؟
-خۆت دەزانی دەبێ چ بڵێی.

جار کە دەیاندیت بەرگری دەکەی و رەنگە تێک بچی، چەند وشەیان لە نێوخۆیاندا دەگوت کە نیشان بدەن شتێک دەزانن و هەر بەم شێوە بگرە و بەردە و بەرەوڕووکردنەوە لەگەڵ ئەو کەسە قسەی لەسەر کردبووی و... دەیانەویست ئەو کەسانەی کە نایناسن، ئەتۆ پێیان بناسێنی. بۆ ئەو کەسانە کە بە چەکەوە دەگیران یان لە پێکدادانی چەکدارانەدا دەگیران، تەوژمی ئەشکەنجەکە هەر لە سەرەتاوە زۆر توند بوو. بۆ ئەوە کە شوێن و نێوی کەسەکانی دیکە ئاشکرا بکەیت پیش ئەوەی جێ بگۆڕن. ئەرکی تۆش ئەوە بوو کە خۆت ڕابگری هەتا هەواڵەکانت بگوێزنەوە.

ئەتۆ بە خۆتت گوتووە: لە بیرت نەچێ خەڵک چاوی لە تۆیە، رق و تووڕەیی خۆت راگرە، یارمەتیت دەدا، ئەشکەنجەکانت لێ سووک دەکاتەوە. خۆشەویستییەکەت بۆ ئامانج و خەبات لە قووڵایی دڵتدا بهێڵەوە. پەشیمانی یانێ روخان.

بەم وشانە زامەکانت دەلێسییەوە و تەنیایی و تاریکی شەوانی بێ کۆتایی زیندان دەبەیتە سەر.

شێوەیەکی دیکە ئەوە بوو کە پاش لێدان، ئەگەر زانیبایان هێشتا زانیاریت پێ ماوە و خۆڕاگری دەکەی، کەسێکیان دەنارد بە رووخۆشییەوە قسەت لەگەڵ بکا. ئەو دەیگوت: ئەمانە بۆ وایان لێ کردووی؟ چ بووە؟ کورە ئەمانە زۆر درِ و بێڕەحمن، قسەکانت بکە، کورە دەتکوژن! ئەوە من پێم گوتی جا خۆت دەزانی. من دەمەوێ یارمەتیت بدەم. هەرکات ئیشت هەبوو، بڵێ بم بەنە لای فلانە کەس. زیندانی بەم کەسانەیان دەگوت "بازجوی روو سپی". کاری نەرمکردنەوە بوو و بە خۆشە شکاندنی زیندانی لە باری نەفسییەوە. دەستێک پیواز و دەستێک کوتەک. دەبوا زۆر شارەزا و قین لەدڵ بی هەتا بتوانی بەرەنگار بییەوە.*

ئیتر ئەمە سەدان چیرۆکی خۆڕاگری و خۆ بەدەستەوە نەدان، یان لاوازیی هێندێ کەسی لێ پێک دەهات کە دواتر دەبوو بە ناسنامەی ئەو کەسانە و لە لای زیندانییەکانی دیکە بە پێی ئەوە نرخی سیاسی کەسەکان دیاری دەکرا. لە پەروەندەی ئێمەدا من تەنیا کەسێک بووم کە هەتا چل شەو بەزمی کوتان و لێدانم بەسەردا هات، کەچی دوایە دەرکەوت ئەوەی من دەمەویست رایگرم لەوانی دیکەیان بیستبوو. زۆر شتیش هیچکات نەگوترا. رەنگە بۆیان گرینگ نەبووبێ بە دووی کەون. یان بۆ کاتی خۆی دایاننابێ.

---

* ئەم شێوە لە کاتە ئەستەمەکانی کۆمەڵیشدا بەکار دەبرا. کاتێک راپەڕینی خەڵک دەستی پێ کرد، شا ژنەراڵێکی کرد بە سەرۆک وەزیر و ئەویش هەتا توانی هەڕەشە و گوڕەشەی کرد و کوشتاریشی کرد، بەڵام خەڵک پاشەکشەی نەکرد، ئەوجا سەرۆک وەزیری نەرمی هێنا (بەختیار) و ئەو قەولی چاکسازی و پاکسازی دا. بەڵام ئیتر درەنگ بوو. لە کۆماری ئیسلامیشدا کاتێک کە بە هۆی دادگای میکۆنوسەوە دنیایان لێ تەنگ ببوو، هێنانە پێشەوەی خاتەمی راست دووپاتکردنەوەی هەمان تاکتیک بوو.

که پەروەندەکەت لە ساواک تەواو دەبوو، دەیاننارده دادرەسی ئەرتەش. هەموو سیاسییەکان دەدرانە دادگای نیزامی و بە یاسای شەڕ دادگایی دەکران. دادگاش شانۆگەرییەک بوو کە بە پێی قورسی و سووکی پەروەندەکە دروست دەکرا. لە ساواک پێت دەکوترا ئەگەر پەشیمانی دەربڕی و لە دادگا داوای لێبوردن بکەی سزایەکی سووک و کەمتر وەردەگری. زۆر کەس لەو تەڵە دەکەوتن و دواتر پێیان دەگوترا: ئەگەر راست دەکەی پەشیمانی وەرە لەگەڵ ساواک هاوکاری بکە! هێندێک ئەو بەشەیان قەبووڵ نەدەکرد و هێندێک دەخلیسکان.

لە کاتی لێپرسینەوە لە پەروەندەی ئێمەدا "شکوە" کە روخابوو باسی لە گرووپێکی دیکە کرد کە گوایە پێکەوە باسی گەلاڵەی تیرۆری شایان کردووە. ئەو گرووپە شەش مانگ پێشتر گیرابوون و لە لێکۆڵینەوەدا باسی ئەو شتەیان نەکردبوو. یەکێک لەوانە "خەسرەو گوڵسورخی" بوو. ساواک ئەم دوو بە قەولی خۆیان پیلانەیان پێکەوە گرێ دا و کردیان بە یەک پەروەندە و ئاشکرایان کرد و رۆژنامەکان دەستیان کرد بە ماستاوکردن بۆ شا و ئیدانەکردنی ئێمە. کەسایەتییەکان، مودیرەکان، تەنانەت گۆرانیبێژ و بازاڕی و سەندیکاکان نامەیان دەنووسی و لە رۆژنامەکاندا بڵاو دەبووەوە. شوکری خودایان دەکرد کە شا لە مەترسی رزگار بووە.

بە بڕوای ئەو کەسانە کە سیستەمی ساواکیان دەناسی بەرپرسانی ساواک بەم شێوە دەیانەویست شا منەتبار بکەن، کە ئەوە جارێکی دیکەش لە مردن رزگارمان کردی. دەنا ئەوەی تیرۆری شا لە قسەیەکی نێوخۆیی و کۆکردنەوەی هێندێ زانیاری بەولاوە نەچوو بوو، گەلاڵەی گرەوگانیش هێشتا نەگەیشتبووە ئەو قۆناخەی کە بکرێ ئەنجام بدرێ. دیارە من و کەرامەت بەوە رازی ببووین کە ئەگەر دوو سێ کەس بتوانن بە چەکەوە بچنە ژووری و هەرایەک بکەن و لە دەرەوە پەخشانێک بڵاو بێتەوە کە ئەوە داوای بەردانی زیندانیانی سیاسی دەکەن، ئێمە بە ئاکام گەیشتووین. چونکە هەموو مەبەستەکە ئەوە بوو کە دنیا بزانێ لە ئێراندا کەسانێکی زۆر لە زیندانی سیاسیدان و لە هەلومەرجێکی نالەباردا دەژین. ئەم ئاشکراکردنەی پەروەندە و دادگایە، لە بارێکەوە زۆر بە زەرەری رژیم تەواو بوو، چونکە بەشێک لە پەیامەکەی ئێمەی سەبارەت بە زیندانییە سیاسییەکان بە

دنیا رادەگەیاند. رەنگە هەر بۆیە زیاتر جەختیان لەسەر لایەنی تیرۆر دەکردەوە. دەیانەویست لایەنی سیاسیی کارەکە کز بکەن و ئێمەش، من و کەرامەت و خەسرەو (دواتر لە دادگەی دووهەمدا عەباسیش) پێداگریمان لەسەر سیاسیبوونی پەروەندەکەمان دەکرد و شیاوبوونی دادگای نیزامیمان رەد دەکردەوە. ئەم رەدکردنەوەی ڕەوایەتی و لێوەشاوەیی دادگا، بە دژوەستانەوە و بەرگری دەژمێردرا. لە یاسای بنجینەیی ئێراندا تاوانی سیاسی دەبوا بنێردرێتە دادگای ئاسایی و بە بەشداری لێژنەی چاودێری بەرێوە بچێ. دوای رەدکردنەوەی لێوەشاوەیی دادگا دادوەرە نیزامییەکان چارەکێک پشوویان بە دادگاکە دەدا و دەهاتنەوە خۆیان ڕەایەتی و لێوەشاوەیی خۆیانیان پەسند دەکرد.

تاوانبارکراوان لە دادگەدا وەکیلیان هەبوو. کەسانێک خۆیان وەکیلیان دەگرت و پارەیان پێ دەدان، بەڵام من و چەند کەسی دیکە وەکیلی تەسخیریمان هەبوو. من و کەرامەت بە وەکیلەکەمان گوتبوو، هەرچی دەڵێی کەیفی خۆتە بەڵام بۆت نییە بڵێی ئەوانە پەشیمانن. ئەویش زیاتر بەرگریی لە خۆی کرد هەتا ئێمە. داوای بەخششی بۆ خۆی دەکرد کە وەکیلی کەسانێکی وەکوو ئێمەیە. بە بێ ئاگاداریی منیش بە بنەماڵەمانی گوتبوو لەگەڵم رێک کەوتووە دوو هەزار تمەنی بدەنێ. من پاش ئازادبوون ئاگاداری ئەو شتە بووم. لە ئاخر رۆژدا دەبوا هەرکەس بەرگری لە خۆی بکا. پێش دادگا، ساواک دەیەویست ئێمە بەرگرینامەکەمان بنووسین بۆ ئەوە کۆنترۆڵی بەسەر هەموو شتێکدا هەبێ. من و کەرامەت و خەسرەو نەماننووسی. رۆژی ئاخر لە پشووی نیوەڕۆدا ئێمەیان بردە ژوورێک کە بەرگرینامەکەمان بنووسین. کورت و پۆخت، من باسی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانم کرد. ئەو تێکستەی کە گوایە بەرگرینامەی دادگای منە لە دادگای یەکەمدا و لە کەیهان هەوایدا چاپ کراوە، سێ دێڕی یەکەمی نەبێ ئەو نووسراوە نییە کە من لە دادگادا خوێندمەوە، رێنووسەکەی بە تەواوی جیاوازە و دیارە خۆیان نووسیویانە. دەکرێ وا تێبگەی کە من نەزەری باشم سەبارەت بە رژیم هەیە. کەرامەت و خەسرەوە بەرگرییان لە ئایدۆلۆژیا کرد.

ساواک دیاری کردبوو ئەتۆ چەند ساڵ زیندان وەربگرێ یان ئیعدام وەربگرێ و دادگای نیزامیش ئەوەی دەکرد بە فەرمی و دەیناردەوە ساواک.

لـە دادگـەی یەکەمـدا بـە حـەوت کـەس (مـن، کەرامـەت دانشـیان، عـەباس سـەماکار، ڕەزا عەلامـەزادە، خەسـرەو گولسـورخی، منـوچهر موقـەدەم سـەلیمی و ئیرەج جەمشیدی) ئێعدام درا.

بۆ بەڕواڵەت ڕاگرتنی یاساش دادگا دوو جار بوو. لە نێوان دوو دادگاکەشدا بێنە و بەردە لەسەر پەشیمانکردنەوە، بـەردەوام بـوو. تەنانـەت چاوپێکـەوتنێکیان لەگەڵ بنەماڵەماندا ڕێک خست کە بەڵکوو پەندی ئەوان کارمان لەسەر بکا. لاوێکی ٢٤-٢٥ ساڵە کـە لـەژێر ئـەو هـەموو گوشار و زەختـەدا بـووە و ئێعـدامی بـۆ دەرچـووە، ئێستا دایکی دەبینێ کە دەست لە دەست دەسوێ و فرمیسـک دەڕێـژێ، ڕەنگـە لـە خۆی بپرسێ "ئاخۆ ئەمەی دێنێ؟" بۆ من ئەو پرسیارە نـەبوو چـونکە دەمزانـی ئـەم چاوپێکەوتنـە ڕاسـت بـەو مەبەسـتە دراوە. لـەو چاوپێکەوتنـەدا خۆشـکم بـە گوێمـدا چرپاندی کە زاهێدی برام بەر دراوە. ئەمە مزگێنییـەکی بـاش بـوو، بارێـک لەسـەر شانم لا برا.

لـە نێـوان دوو دادگـا کـە نزیـک بـە مـانگێکی خایانـد، مـن و کەرامـەت لـەو تاکەکەسـییانەدا بـووین کـە پێـی دەگـوترا تاکـەکەسـییە سـەوزەکان (ڕەنگـی دەرکەکانیان سەوز بوو) ٢٥ ژووری زۆر بچووک بوون و ڕووناکیی نـەبوو گڵۆپێکی کز نەبێ. یـەکێک لـە نیگاوانـەکان کوڕێکی سنەیی بـوو کە منی پێشتر دەناسی و ئەوەندە کە لە دەستی هاتبا چاکەی لەگەڵ دەکردین. بـۆ نموونـە هێلکـەی کوڵاوی نانی بەیانییەکەی خۆی بە دزییەوە دەهێنا دەیدا بە من. یان کە دەچووینـە توالێت پەلەی لێ نەدەکردین و زمانخۆش و ڕووخۆش بوو. شەوێک کە نۆبە نیگاوانی ئـەو بوو دەرکـەی تاکەکەسییەکەی منـی کـردەوە و گـوتی سـاردە وەرە لـە پاڵ سۆبەکە دانیشـە، سـۆبەکە لـە نێـو ڕاڕەوەکـەدا بـوو و گوایـە بـۆ گـەرمکردنەوەی هـەموو ژوورەکــان بــوو، کە نەیــدەکرد. پاشــان ڕۆیشــت دەرکــەی تاکەکەســییەکەی کەرامەتیشی کردەوە و ئەویش هات لە تەنیشت سۆبەکە دانیشت. هێنـدێ قسـەی گاڵتە و گشتی، نیگاوانەکە بە ئەنقەست بە جێی هێشتین و خـۆی بـە شتی دیکـەوە خلافاند. ئێمەش هێندێ باسی ئەوەمان کرد کە لە دادگەی دووهەمدا چ بکـەین و چ نەکـەین. کەرامـەت پێـی وا بـوو ئـەم پەروەنـدە دەبـێ خـوێن بـدا دەنـا بـە هـیچ دەردەچێ. دواتر خۆی لەو ئەرکەدا پێشمەرگە بوو. هـەواڵی خۆشـیش ئـەوە بـوو کە

لە دادگەی دووهەمدا عەباسیش رادەوەستێ و پەشیمانی دەر نابڕێ. بەو شێوە دەبینە چوار کەس کە بە دژی رژیم قسە دەکەین لە بەرانبەر هەشت کەسدا کە پەشیمانی دەردەبڕن. من پێم وا بوو کە دەبێ کەسێک روونی بکاتەوە ئەم پەروەندە دەستکردە. کەرامەت گوتی تەنیا کەسێک کە دەتوانێ ئەو کارە بکا ئەتۆی کە ئاگات لە هەموو لایەنەکان هەبووە و کەسی یەکەمی پەروەندەکەشی. من لە دادگەی دووهەمدا ئاماژەم بەو بۆختانانە کرد کە بۆمان بەسترابوون و بنەمایان نەبوو. کەرامەت و خەسرەو دیسان بەرگریی ئایدۆلۆژییان کرد و عەباسیش کورتهێنانەکەی دادگەی یەکەمی قەرەبوو کردەوە.*

هەر ئەم نیگاوانە مەئمووری من بوو کاتێک لە زیندانی "ئەوین"ـەوە دەیانبردمە زیندانی "قەسر". لە بەندی قەرەنتینەدا، ئەفسەری نیگاوان کە چاوی بە نێوەکەی من کەوت بە قەڵسییەوە گوتی: ئێعدام بە بن گوێتدا تێپەڕی. گوتم: من نەمدەویست تێپەڕێ. جنێوی دا و هێرشی بۆ هێنام. نیگاوانەکەی ساواک لە نێوانماندا راوەستا و گوتی، جەناب هێشتا ئێمە زیندانییەکەمان نەداوە بە ئێوە! ئەفسەرەکە ددانەچیرەیەکی کرد و چووە دەرێ. ئیتر نەمدیتەوە. سەروانێکی پۆلیس لە سەربازێکی ساواک دەترسا.

لە دادگەی دووهەمدا سەلیمی و جەمشیدی حوکمەکەیان کرا بە زیندان و ئێمە پێنج کەسەکەی دیکە دیسان ئێعدامامان بەسەردا برا. نزیکەی مانگێک چاوەڕوانی ئێعدام بووین.

*ئەو شەوە کە لە دادگای دووهەم گەڕاینەوە و ئێمەی ئێعدام وەرگرتوویان دەبردە تاکەکەسی. موقەدەم سەلیمی بە ئێمەی گوت "من شەرمەندەم کە نەمتوانی لەگەڵتان کەوم، لێم ببوورن. ئەم گوتە کارتێکەرییەکی تایبەتی لەمن کرد. قووڵایی ئێشی ئەوم هەست پێ کرد و هەموو کاتێک رێزم بۆی هەبوو. ئەو دەیزانی چونکە دووپاتەکردنەوەی تاوانی هەبوو بێ ئەملا و ئەولا دەیانکوشت.* *

---

*بەرگرینامەکانی دادگەی دووهەم ، ئەوەندەی کە لە رۆژنامەکاندا چاپ کراوە، لە کتێبەکەی عەباس سەماکار "من یک شورشی هستم"دا هەیە.

* ئەو لە پەروەندەی هەوڵدان بۆ تێرۆری شا کە بە پەروەندەی "پەرویز نیکخواە" ناوی دەرکرد. سێ ساڵ زیندانی وەرگرتبوو.

لەو تەمەنەی ئەو کـاتەی ئـێمەدا، بەرەڕووبـوونەوە لەگەڵ مەرگ دژوار نەبـوو، بەڵام چاوەڕێکردنی مردن لە ژووری تاکەکەسیدا شتێکی دیکەیە. خۆ بە بیـرەوەری و ئاواتەکانەوە خلافاندن، مۆرەمۆری چەند جارەی گۆڕانییەک. ژیان هەموو کاتێک لە مەرگ بەهێزترە. ئێواران دەنگی دڵنشینی کەرامەت لە چەند ژووری ئەولاترەوە بەرز دەبووەوە" ئاگر ئاگر چ خۆشـە،... ئێسـتاش دەمەو ئێـوارەیە..." ئاهەنگی بـۆ ئەو شێعرانەی کە خۆشی دەویستن دەدۆزییەوە. نموونەیەکی "بهاران خجستەباد"ە کە دواتر خوێندرایەوە و ناوبانگی دەرکرد. هەروەها شێعرێکی تـورکی بەپێـی ئاهەنگی "جەیران مەنە باخ" بۆ خەباتگێڕانی ئەو ساڵانە هەڵبەستبوو.

ئاخری لەم پێنج کەسە، دوو کەس کەرامەت و خەسرەو ئێعـدام کـران و مـن و دوو کەسی دیکە حوکمەکەمان کرا بـە زینـدانی هەتاهـەتایی. ئـەم حوکمـەش تـەنیا دەبوو شا بیدا و ئەو دابووی. چونکە بەپێ یاسا هـەموو ئیعـدامێک دەبوا شا واژوی بکا. ئەمـە بـۆ خـۆی بەرپرسایەتیی هـەموو خوێنڕشتنەکانی دەخسـتە ئەسـتۆی ئـەو. کەم بوون ئەوانەی کە شا دەیبەخشـین. ئەگـەریش کردبـای، بـۆ خۆهەڵکێشـان بـوو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنووسەکانی بێگانەدا.

لەسەر چۆنیەتیی ئەم جیاکردنەوەی دوو بە سێیە، لێکدانـەوەی جۆربـەجۆر هەیـە کە دەکرێ بیکەین بە سێ خاڵ:

١- ئێمە هەر سێکمان کارمەندی تلەڤزیۆن بووین. بەرپرسی تلـەڤزیۆن خـاڵۆزای شاژن بوو. شاژن هەم لە دەربار و هەم لە ساواک دەسـتە و دایـرەی خـۆی هـەبوو. ئەگەر ئێمە کوژرابایین یانێ ئەوان کز دەبوون. بۆیە پشتیوانیان لە نەکوژرانی ئـێمە کردبوو.

٢- شـا لـە هـەموو جێگایـەک دەیگـوت ئـەوەی پـیلان بـە دژی مـن بگێـڕێ دەیبەخشـم بـەڵام ئـەوە کـە پـیلان بـە دژی وڵات بگێـڕی نایبەخشـم. لـە لایـەکی دیکەوە دەگوترا (ساواکییەکان بـە ئاشکرا دەیـانگوت) ئەگـەر هـەر کەسـە و بیـەوێ شا بکوژێ و ببەخشرێ ئەوە هەموو ئەوانە کە هـەتا دوێنـێ دەچـوون پاسـەوانێکیان دەکوشت ئێستا دەیانەوێ شا بکوژن. کە وا بوو دەبوا چاوترساندنی خەڵکیان لە بیر نەچێ کە دژایەتییەکەیان لەگەڵ هەر جۆرە کردەوەیەکی سیاسیدا بنوێنن. ئاکـامی ئەم دوو روانگە دژ بەیەکە، بوو بەوە کە دوو کەس بکـوژن و سـێ کـەس نەکـوژن.

لەوە بە دواش لە هەر کوێ شا بەرانبەر بە ڕۆژنامەنووسەکانی دەرەوەی وڵات پرسیاری لێ دەکرا (چونکە ئەو دادگەی ئێمە زۆر دەنگی دابووەوە و خوێندکاران لە ئۆروپا مانیان گرتبوو، سینماوانان بەیانیان دەرکردبوو وهتد...) دەیگوت من ئەوانەم بەخشیوە.

٣- کەرامەت و خەسرەو لە دادگەدا زۆر توند هێرشیان کردە سەر ڕژیم.

ئەم ڕووداوە لەبەر دوو هۆ زۆر کارتێکەری لەسەر کۆمەڵی ئەو کاتەی ئێران هەبوو، یەک لەبەر کوشتنی ئەو دوو کەسە کە هیچ تاوانیان نەبوو جگە لەوە دژی ڕژیم بوون. دووهەم پێشاندانی ئەو دوو دادگایە لە تلەڤزیۆنی ئێران، هەرچەند بە سانسورەوە بەڵام بە خەڵکی نیشان دا کە دادگاکان چەندە بێ دەسەڵاتن و چ شانۆگەریەکی بێتامە و ئەوەی لەبەرچاو نەگیرێ یاسایە. گەرچی یاساکانیش هەر دژی خەڵک بوون بەڵام هێشتاش لەبەرچاو نەدەگیران. بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم ڕووداوە خاڵێکی گۆڕان بوو لە کاری سیاسی و بیری گشتیی خەڵکدا. تا ڕادەیەک کە ڕێکخراوە سیاسییەکان هەوڵیان دەدا ئەو کەسانە بە لایەنگری خۆیان دابنێن. تەنانەت حیزبی توودە نامیلکەیەکی بڵاو کردەوە و لەوێ خەسرەوی بە لایەنگری بیر و بۆچوونی خۆیان دانابوو. موجاهێد لەبەر ئەوە کە خەسرەو باسی عەلی و حوسێنی کردبوو، هەوڵیان دەدا لە ریزی خۆیاندا دایبنێن. پاش ڕوخانی ڕژیم وەسییەتنامەکانی ئەو دوو شۆڕشگێڕە لە چاپ دران کە لێیاندا خۆیان بە لایەنگری فیدایی ناساندبوو.

پاش ئازادبوون بۆیان گێڕاینەوە کە لە کاتی بڵاوکردنەوەی دادگاکە لە تلەڤزیۆندا، شەقامەکان چۆڵ دەبوون و خەڵک دەچوونە تەواشای تلەڤزیۆن. زیندانە غەیرە سیاسییەکان وێنەی کەرامەت و خەسرەویان لە ڕۆژنامە دەرهێناوە و لە تەنیشت جێ خەوەکەیانیان چەسپاندووە. کچان گوڵی سووریان لە بەر سینگیان داوە و...

لە کاتی خوێندکاریدا لەگەڵ دەرهێنەرێکی خەڵکی چێک بە ناوی :"ڕۆرژ پۆڵاک" کە پەنابەری ئێران بوو، وەکوو وێنەگر کارم دەکرد. ئەو فیلمێکی دێکومێنتی لە دوورگەی هورموز ساز دەکرد. چەندین جار پێکەوە چووبووینە ئەو دوورگەیە و

خەڵکی ئەویّ دەمیانناسی. ژۆرژ لەگەڵ هاودەمی فەرانسەیی شاژن دۆست بوو و ئەو پاڵپشتی بوو. لە لێکۆڵینەوەکانی ساواکدا ئەمنیان لەژێر گوشار نابوو کە ئەو کابرا سیخۆرە و دەمانەویّ بزانین چی لەگەڵ تۆ باس کردووە؟ دیار بوو ئەو لایەنەی ساواک کە لەگەڵ جەماعەتی شاژن ناکۆکن دەیانویست پیلانێکی بۆ ساز بکەن، بەڵام بە هیچ کویّ نەگەییشتن. لە هەشتاکان ژۆرژم لە فەرانسە دیتەوە. (وەکوو ئێرانی ببوو بە پەنابەری فەرانسە) بۆی گێڕامەوە کە "شەوێک لە ئەسفەهان لە هۆتێلدا چاوی لە تلەڤزیۆن کردووە و وێنەی ئێمەی دیتووە کە بە ناو ترۆریست گیراوین. گوتی من دەمەویست بێم بۆ شیراز و بتبەم بۆ هۆرموز. سەرم سوورِ مابوو. دوو رۆژ دوایە لە بەندەر عەباس سواری لەنچی هۆموز ببووم، بەڵام یەک کەس لەوانە کە پێشتر چاک و خۆشیان دەکردم و شۆخی و پێکەنینمان پێکەوە هەبوو، نەیاندەدواندم. ئاخری لە ماڵی کابرایەک لە خانەخوێیەکەم پرسی کە ئەوە چ باسە؟ گوتی ئەو خەڵکەی ئێرە پێیان وایە ئەتۆ تەیفورت بە گرتن داوە!"

ژۆرژ چەند ساڵ لەمەوبەر لە شێتخانەیەکی پاریسدا ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

لە مێژووی نویّ ئێراندا دوو شەپۆلی رووناکبیری هەیە، یەکێک لە ئاخرەکانی دەورەی رەزاشادا (پێش شەڕی دووهەمی جیهانی) و یەکێک لە ساڵەکانی ۱۳۴۶(۱۹۶۷) بەولاوە. شەپۆلی یەکەم گەرچی لەباری سیاسییەوە سەرکوت کرا و چالاکەکانی لە زیندان نران، بەڵام دواتر بوو بە هۆی پێکهاتنی حیزبی توودە کە زۆربەی رووناکبیرانی ئەو سەردەمەی لە خۆی کۆ کردەوە و دوایەش هەر خۆی بە گوێڕایەڵیی سۆڤیەت، بوو بە هۆی بڵاو بوونەوەیان. شەپۆلی دووهەم لە لایەنی سیاسییەوە بوو بە هۆی پێکهاتنیّ خەباتی چەکدارانە کە فیدایی و موجاهێد نوێنەرایەتییان دەکرد. لە باری کولتورییەوە، شاعێر و نووسەر و سینەماوانی زۆر هاتنە مەیدانەوە کە گەرچی لەژێر تەوژمی سانسور و دیکتاتۆریدا بە زۆر هەناسەیان دەدا، بەڵام دیاریی زۆریان بە جیّ هێشت. ئەم شەپۆلەش لەگەڵ جێگیربوونی کۆماری ئیسلامیدا، سەرکوت کرا و خنکا.

له ٥٠ هەتا ٥٧،(١٩٧٢-٧٩)کە جووڵانەوەی نوێ لە ئێران بەردەوام بوو، نزیک بە چوارهەزار زیندانیی سیاسی لە زیندانەکانی قەسر و قزل حەسار و ئەوین، لە تاران و شارانی دیکەدا زیندانی بوون.

ئەم زیندانییانە تێکەڵاوێک بوون لە هەموو سازمان و حیزبەکان. کەسێک کە لە هەموو زیاتر لە زینداندا مابوو و لە ساڵی(١٩٤٨) ٢٧ـەوە زیندانی کرابوو و تەنانەت لە دەورەی موسەدیقدا ئازاد نەکرابوو "سەفەری قارەمانی" بوو کە ئەندامێکی فێرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو. ئەویان وەکوو نموونەیەک بۆ دژایەتی لەگەڵ جووڵانەوەکانی شێوەی ئازەربایجان و کوردستان راگرتبوو. پاش ئەو ئەفسەرە توودەییەکان بوون و دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عەزیز یوسفی و غەنی بلوریان. ئەمانە پاش ساڵی(١٩٥٤) ٣٢ گیرابوون. حوکوومەت داوای پەشیماننامەی لێ دەکردن و ئەوان بە پێچەوانەی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبی توودە کە پەشیماننامەیان نووسیبوو و ئازاد کرابوون، نەیاندەنووسی و لە شۆڕشی ٥٧ (٧٩) دا ئازاد کران.

گرووپی فیداییانی ئیسلام کە بە هۆی کوژرانی مەنسووری سەرۆک وەزیر لە ساڵی (٦٣)٤٢ەوە هاتبوونە زیندان، کۆنترین زیندانیی موسڵمان بوون. دوای ئەوان گرووپی "بیژەن جەزەنی" بوو کە لەساڵی(٦٧) ٤٦دا گیرابوون و بە دانەری بیری خەباتی چەکداری دەناسران. ئەم گرووپە کە حەوت کەسیان لە زیندان مابوونەوە، لە ساڵی(٧٥) ٥٤دا ساواک لە تۆڵەی تێرۆرکردنی کادرێکی پایەبەرزیدا، لەگەڵ دوو ئەندامی موجاهێد لە تەپکەکانی ئەوین گوللەبارانی کردن. ئەم گوللەبارانە بە دەستی بەڕێوەبەری زیندانی ئەوین و بازجوەکانی ئەو زیندانە ئەنجام درا. گرووپێکی دیکە کە هەر لەم ساڵانەدا هاتبوونە زیندان، گرووپێک بوون کە بە گرووپی فەلەستین ناوبانگیان دەرکردبوو. ئەمانە ویستبوویان بۆ راهێنان بچنە فەلەستین بەڵام بەر لە هەر کردەوەیەک گیرابوون. لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانیان یەکێک "شوکرەڵڵا پاکنەژاد" و یەکی تر "ناسر کاخساز" بوو. وتەکانی پاکنەژاد لە دادگا، کە لەقاودانی رژیم و لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵی ئەوسای ئێران بوو، بە هۆی "یووسف ئالیاری"ـیەوە لە زیندان هێنرایە دەرەوە و

بـڵاو کرایـەوە کـە کاریگـەریی باشـی لەسـەر بیروبۆچـوونی خوێنـدکاران هـەبوو. پاکنەژاد لە یەکەم ساڵەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئێعدام کرا.

لە ساڵی ۴۹(۷۰)بەولاوە بەشێکی هەرە زۆری زیندانییەکان لە پەیوەنـدی لەگـەڵ فیـدایی و موجاهێددا هاتبوونـە زینـدان. هـاتنی ئەمانـە دیمـەنی زینـدانی گۆڕیبـوو. ئەمانـە وەکـوو بـەرەی خـەبات چاویـان لـە زینـدان دەکـرد. لـە یـەک کەلامـدا بـە کردەوە چەپڕەویی زۆریان کردبوو. هاوکات لـە دەرەوە چالاکیی چەکدارانـە پـەرەی ئەستاندبوو و ئەم دوو شتە ببوون بـە هـۆی سـەرکوتکردنی زیندانییـەکان لـە ساڵی ۵۱دا. لەوانـە دەکـرێ ئامـاژە بـە لێـدان و کوتـانی زیندانییـەکان و وەرگرتنـەوەی ئیمکانەکانی زیندان و گۆڕینی بەرپرسەکانی زیندان بکەین.

هـەر وەکـوو پێشـتر ئاماژم پێ دا، یـەکێک لـە هۆکـانی گەڵاڵـەی بارمتەگرتن بـۆ بـەردانی زیندانییـە سیاسییەکان، لای گرووپـی ئێمـە، دەنگـۆی ئـەو سـەرکوتکردنانە بوو کە لە زیندانەوە دەهاتە دەرێ. خەڵکی ئێران ئەو هەواڵانەی پێ نەدەگەییشت. دنیاش هەروەتر. رژیمـی ئێـران خـۆی بـە دوورگـەی ئارامی لـە قەڵـەم دەدا. کـەس ئاگای لە قووڵایی بن گۆمەکە نـەبوو. ئێمـە دەمانەویسـت بـەو کردەوە (سـەرکەوتبا یان سەرنەکەوتبا) بە دنیا و خەڵکی ئێران رابگەیەنین کە لە ئێران زیندانی سیاسی هەیە و لە هەلومەرجی زۆر نالەباردا رادەگیرێن. ئەمە دەگەڕاوە بـۆ ئـەو بۆچوونـەی فیداییـەکان کـە ئـەو قۆناخـەی خـەباتیان بـە قۆنـاخی پڕوپاگەنـدەی چەکـداری بـۆ ئاگاکردنەوەی خەڵک، دادەنا. چونکە هەموو رێگاکانی دیکە گیرابوون.

*کە ئێمەیان  بردە زیندانی شارەوانی لە "قەسر". بەرپرسی بەشی زیندانی سیاسی سەرگورد زەمانی بوو. ئەو لەباتی بەخێرهاتن بە ئێمەی گوت: ئێمە لێرە، دەکوتین، هەڵداوەسین، دەسووتێنین، با بەپێ هیچ یاسایەکیش نەبێ، ئێمە وەڵامی هـیچ کـەس و لایەنەێک نادەینەوە. دوایە کە چووینە دەرێ ئەمنی بانگ کـردەوە و بـە کـوردی و بە زاراوەی سنەیی گوتی تۆ ئاورووی ئێمەت برد. منیش گوتم: تا ئابڕوو بـە چـی بـزانین. تـورە بـوو و بە فارسـی هـاواری کـرد، وەڵام مـەدەوە. بـەڵام لـەوە زیـاتری نەگوت و ناردمیە ژووری زیندان.*

لەو سالانەدا بەرپرسی سوپای گاردی شاهەنشایی "سەرلەشکەر بیگلەری" سنەیی بوو، بەرپرسی هەموو زیندانەکان "کەمانگەر" و بەرپرسی زینـدانی قەسـر کـە بەشـی

هـەرە زۆری زیندانییـە سیاسـییەکان لـەوێ بـوون، "ڕەحمـانی" و بەرپرسـی بەشـی سیاسـی زینـدان، فاشیسـتی بـەدناو "زەمـانی" بـوو کـە هـەموویان سـنەیی بـوون. لەولاشەوە پێنج سنەیی لە زیندان بوون. "شوعەیب زەکەریایی"، یۆسف ئـەردەڵان" و "ئیـرەج فـەرزاد" کـە لەسـەر بیروبـاوەڕی مائوئیسـتی بـوون و دواتـر پـاش شۆڕشی(٧٩) ٥٧ لـە پێکهێنـەرانی سازمانی کۆمەڵـە بـوون. "بێهروز سولەیمانی" لـە پەیوەندی لەگەڵ فیدابیەکاندا حەوت ساڵ زیندانی وەرگرتبوو و مـن لـە پەیوەنـدی لەگەڵ گرووپی بەناو تێرۆری شا و دیلکردنی کوڕی شادا.

کـە ئەشـکەنجە و لێپرسینەوە و دادگـا خـەلاس دەبـوو، لـە زینـدانی ئـەوین یـان کۆمیتـەی شـارەوانییەوە دەیانناردییـە زیندانـەکانی دیکـە. ڕۆیشـتن بـۆ زیندانـە گشـتییەکان وەکـوو ئـازادی بـوو، دەچوویـە نێـو کۆمەڵگەیـەک کـە داب و نـەریتی تایبەتی خـۆی هـەبوو. هـەر نـەبێ لـە تـەنیایی دەردەهاتی و کتێـب و ڕۆژنامـەت بـۆ خوێندنـەوە پەیـدا دەکـرد. ژیـانێکی بـە کۆمـەڵیان تێـدا بـوو. لـە هـەموو گرینگتـر هاودەرد و هاوبیرەکانی خۆت دەدیتەوە.

ئەرکی زیندانەوان ئەوەیە ئەتۆی زیندانی بترسێنێ، بتشکێنێ و بۆ ئـەم مەبەستە تەنانەت ئەگەر پێویست بێ ئازارت بدا، وەک خۆیان دەڵێن بـەرەو ڕێگای ڕاستت (ڕێگاکەی خۆیان) ببا، نەهێڵێ خۆش ڕابوێری، هەموو کاتێک هەست بـە زەختێک بکەی، لە باری زانستەوە گەشە نەکەی، خۆت لەو دنیایەدا بە تـەنیا بزانـی و بـەس لە بیری خۆتـدا بی و بـەرگری لـە کەسی دیکـە نەکـەی و گیـانی هاوڕێتیت تێیـدا نەمێنێ و سەرئەنجام نەهێڵی دەرباز بی.

هونەر و ئەرکی تۆش ئەوەیە کە نـەهێڵێ زیندانـەوان بـە ئامانجـەکانی خـۆی بگا. بۆیـە لـە زینـدانی سیاسیدا بـەر لـە هـەر شتێک هـەوڵێکی بەکۆمـەڵ دەدرا هەستی زیندانی بەرز ڕابگیرێ و بە ژیان و گیانێکی هاوبەش و بە کۆمەڵ، بـەرەنگاری ئـەو زەخت و زۆرە ببنەوە کە لەسەریان بوو. سفرەی بە کۆمـەڵ ڕادەخـرا و نـان پێکـەوە دەخورا و کار بە نۆبە دەکرا. کاری کارگەری ڕۆژ، ڕاخستن و کـۆکردنەوەی سفرە، شوشـتنی قـاپ و قاچـاخ و پاکوخـاوێنیی نێـو زینـدان بـوو. ئەم کـارە بە نـۆبە بـوو. ڕۆژێـک کارت دەکرد و حەفتەیەک ئازاد بووی بە کارەکانی خۆتـدا ڕادەگەییشتی. حەفتەی جارێک کە ئاشپەزخانەی زیندان دادەخرا، خۆمان چێشتمان لێ دەنا. مـن

یەکێک لەوانە بووم کە ئەو ئەرکەم بە ئەستۆ گرتبوو. خواردنی ڕۆژەکانی دیکە هەر ئەوە بوو کە پۆلیس دەیدایێ.

ئەم جۆرە ژیانە ناوی نرابوو کۆمۆن. تەنانەت وشەکەی لای پۆلیس قەدەغە بوو. بەڵام چونکە جێگا و ڕێگا و ئیمکاناتی ئەوە نەبوو کە ئەو خەڵکە هەرکەسە بۆ خۆی بژی، بە ناچاری ڕازی ببوو کە نان پێکەوە بخورێ. هێندێک کە بەزیبوون و پەشیمانییان نووسیبو، یان نەیاندەویست خۆ لەگەڵ کێشەکانی زیندان تێکەڵ بکەن، بەتەنێ دەژیان و پۆلیسیش ئیمکاناتی دەدانێ و چاودێریی دەکردن کە ببن بە نموونە بۆ ئەوانی دیکە.

لە کۆمۆندا پارە و میوە و هەر خواردنێکی تر کە لە لایەن بنەماڵەکانەوە دەهات کۆ دەکرایەوە و بە یەکسان دابەش دەکرایەوە. ئیتر کەس هەستی بە نەبوونی و بێکەسی نەدەکرد. زیندانی لە بەیانییەوە کە هەڵدەستا هەتا شەو بەرنامەی هەبوو. بەر لە نانی بەیانی وەرزشی بە کۆمەڵ هەبوو، دوای نانی بەیانی، خوێندنەوە، یان دوو بە دوو قسە لەسەر بەسەرهات و بیروبۆچوون و ئەزموونەکان دەکرا. هێندێک شارەزای بواری جیاجیا، دەرسیان بە ئەوانی دیکە دەدا. دیارە ئەمانە هەمووی بە دزی پۆلیسەوە دەکرا. جار وا بوو تۆپێک هەبوو و والیباڵ دەکرا. ڕادیۆ و زەبت و ئامرازی موسیقا لێدان و گوێدان قەدەغە بوو. تلەڤزیۆنێک هەبوو کە پۆلیس دیاری دەکرد چ کاتێک چاوی لێ بکرێ. جگە لە بەرنامەی هەواڵەکان، بینەرێکی وای نەبوو.

*سەرەڕای هەموو ئەمانە جار وایە ئەتۆی زیندانی لە کونجێک کزکۆڵە دەکەی و چاو لە کونجێکی ئاسمان دەبڕی و خەیاڵ بۆ نێو شەقامەکانی شارت دەباتەوە. تەنانەت بۆنی نانی نانەواخانەکە دەکەی. هەرای ئێوارەی منداڵانی نێو کۆڵان دەبیسی. دیمەنەکان بە خەیرا یەک یەک دەتبەنە لای خۆشەویستەکەت، قسەی لەگەڵ دەکەی، دڵداری لەگەڵ دەکەی، هەناسەیەکی سارد و بە جێ دێڵی. دەچیتەوە ماڵی خۆتان، بروسکە ژانێکت بە دڵدا دێ کە دەبینی دایکت دەستەوئەژنۆ چاو لە دەرکە چاوەڕوانتە. دۆست و هەواڵەکانت هێشتا لەسەر شەقام کۆ دەبنەوە و قسەی بێ قسەیی دەکەن. دەزانی هەرکەس و هەموو خەریکی ژیانی*

*خۆیانن و لە هێندێ بیرەوەریدا نەبێ، نێوت نییە و جێگاشت بەتاڵ نییە. لەگەڵ پەرەسێلکەکانی ئێوارەی ئاسمانی شاردا هەڵدەفڕی و شەقامەکان بەسەر دەکەیەوە و بەرەو کوێستان دەفڕی. سەرهەڵدێنێ دیوارە خوڵەمێشییە شەش مەتریەکەی زیندان بەری هەرە زۆری ئاسمانی لێ گرتووی. پاسەوانی سەربانەکە، بە پەلەیە ئاخۆ چ کاتێک نیگاوانییەکەی تەواو بێ و بچێتەوە لای منداڵەکانی. بە خۆت دەڵیی ئەو ناوێرێ بە منداڵەکانی بڵێ پاسەوانی زیندانە، بەڵام هەموو ئەوانەی تۆ دەناسن دەزانن ئەتۆ لە زیندانی. ئەی خۆت؟ پێت وایە لە زیندانی؟ بۆ دڵنەوایی خۆت دەڵێی ئەمە یەکێک لە زیندانەکانە. زیندانەکانی بێ دیواری نێو کۆمەڵ، ئەوەی هاوسێ بۆ هاوسێ، باوک بۆ منداڵەکان و شوو بۆ ژنی دابین دەکا. ئەوەی کە زۆردار و خاوەنکار بۆ هەژار و کرێکاری ساز دەکا. ئەوەی بەرگری لە خۆشەویستی دەکا، زیندانی دەمارگری، زیندانی نەزانین و ئەو زیندانەی کە من بۆ تۆ و تۆ بۆ منی دروست دەکەی .... نا لیرە زۆربەی ئەو زیندانانەی دیکە بوونیان نییە. ئەگەر کەسێ بیەوێ دژی ئەو زیندانانە بوەستێ، ئەوە دێتە ئەم زیندانە. دەڵێن ئازادیت لێ دەستێنن، ئاخۆ ئەوانەی لە دەرێن ئازادن؟ ئیتر خەیاڵە خۆشەکانیش بە دەم ئەم بیرە تاڵانەوە ناخۆش دەبن. هەڵدەستی کونجەکەت بە جێ دێڵی، دەچیتە لای ئەوانەی بە پۆل راوەستاون و چیرۆکی رابردوو دووپات دەکەنەوە، هەتا پاسەوانەکە دێت و لەگەڵ سەرژمێری شەوانە، یەک یەک دەیاکاتە ژوورەوە.*

ئەمە رواڵەتی ژیانی زیندان بوو، نەختێک قووڵ بوایەوە، دەتدیت زیندانییەکان دەستە و تاقم و فێرقەی جیاوازن و کەس کەسی پەسەند نییە. لایەنگرانی خەباتی چەکدارانە ئەوانی دیکەیان بە سیاسیی کار ناو دەبرد و وەکوو لاژگ چاویان لێ دەکرد. ئەوانیش ئەمانیان بە چەپڕەو و ئاوانتوریست دەزانی و توندوتیژیی پولیس و نیزامیبوونی کۆمەڵیان لە چاو ئەوانەوە دەدیت. توودەییەکان خۆیان نەبێ کەسیان بە کۆمۆنیست نەدەزانی و کە باسی ئینسانی سۆڤیەتیان دەکرد چاویان زەق دەبووەوە. مەزهەبییەکان جگە لە موجاهێد هەموو بێدینەکانیان بە گڵاو و سپڵۆت دەزانی و نانیان لەگەڵ نەدەخواردن و جلەکانیان لەسەر تەنافی ئەوان

هەڵنەدەخست. دەرپێیەکەیان دەشوشت و بە سەر خۆیانەوە دەکرد و ئەوەندە لەبەر تاو پیاسەیان دەکرد هەتا ئیشک دەبووەوە. دواتر مانی خواردنیان گرت و داوایان کرد کە خواردنەکەی ئەوان بە جیا بدرێ و نەهێڵن بێدینەکان دەست لە مەنجەڵەکان بدەن و سپڵۆتی کەن. (هەر ئەودەم دەبوا زانیبامان، دەشمانزانی و باوەڕمان نەدەکرد، کە ئەگەر ئەوانە دەسەڵاتیان بێ، پێش هەموو کەسێکی تر، ئێمە لە پەنا دیوار دادەنێن و دەمانکوژن، (هەر واشیان کرد). لەنێو فیدایی و موجاهێدیشدا بۆچوونی جۆربەجۆر هەبوو کە دواتر پاش شۆڕش خۆی نواند و ڕێکخراوەکانی لەتوپەت کرد.

بەگشتی نەوەد لە سەدی زیندانییەکان (جگە لە توودەییەکان و مەلاکان) ئەو لاوانە بوون کە لە دەبیرستانەوە هاتبوونە زانکۆ و لەوێوە بۆ زیندان. ئەزموونی ژیانی نێو کۆمەڵیان کەم بوو. زۆربەی هەرە زۆریان لە بنەماڵەی نێوەنجی دەستڕویشتووی شارەکان بوون. هەرچێکیان دەزانی هەر ئەوەندە بوو کە بڕکە بڕکە لەملاو لەولا خوێندبوویانەوە یان بیستبوویان. کەسێک کە لە ژیانیدا کرێکاریی نەکردبوو یان لەگەڵیان نەژیابوو، ئەو وێنە و دیمەنەی لە کرێکاری هەبوو هەر ئەوە بوو کە لە ڕۆمانەکانی "ماکسیم گۆرکی"دا خوێندبوویەوە. یان گوندنشینی تەنیا بە دووی کەروبارەوە، یان لە کەبابخانەکانی شاردا دیبوو، باسی وای دەکرد کە زیاتر لەگەڵ ژیانی مووژیکە رووسییەکان دەچوو. ئەم کەموکووڕییە دواتریش لە بۆچوون و کردەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکاندا خۆی نواند و بوو بە هۆی کردەوەی چەوت و نارێک لەگەڵ کۆمەڵدا. بۆ نموونە سازمانی فیدایی ئەقەلییەت لە بەرنامەکەیدا باسی لەناوبردنی سرواژ (جووتێری بەستراو بە زەوینەوە)ی دەکرد، چونکە لە بەرنامەی بلشویکەکاندا نووسرابوو، نەیدەزانی کە ئێران لە کۆنیشدا سرواژی نەبووە، تا چ بگا بە ئێستا کە ڕیفۆرمی دابەشکردنی زەویش تەواو بووە. یان مائوئیستەکان هێشتاش پێیان وا بوو، دەبێ لە ڕێگای دێهاتەوە شارەکان گەمارۆ بدرێن. دواتر دەرکەوت کە ئەوە گوندەکان بوون کە نیازیان بە شارەکان هەبوو و شار بوو گوندی گەمارۆی ئابووری دا.

ڕێکخستنێکی نهێنی لە زینداندا هەبوو. لایەنگرەکانی فیدایی بە جوێ و موجاهێدین بە جوێ لە بنەوە پەیوەندییەکیان لە نێو خۆیاندا پێک هێنابوو کە

هەواڵ و دەنگۆکانی دەرەوە و ڕێکخراوەکەیانیان بە یەکتر دەگەیاند و هەوڵیان دەدا هێندێ دەستنووس و کتێبی شاراوە بخوێننەوە. دیارە پۆلیس لە هەموو ئەمانە بێئاگا نەبوو و جارجار کەسێکی بۆ لێپرسینەوە دەبرد. دواتر زانیمان ساواک کەسانێکی کڕیبوو ـ یان ترساندبوو- و هەواڵی لێ وەردەگرتن کە کەس باوەڕی نەدەکرد ئەوانە بەزیبێتن. بۆ نموونە کەسێک بە نێوی "مەسعوود بەتحایی" کە لە گرووپی فەلەستین بوو و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچووبوو، دوو ساڵ پێش شۆڕش ئازاد کرا و لە کاتی شۆڕشدا خۆی هات ددانی بە ساواکیبوونی خۆیدا نا.

زیندان، زیندانە، ناخۆشترین کات ئەو کاتەیە هاوزیندانییەک کە دۆستایەتیت لەگەڵی کردووە، دۆستێک کە پێی ڕاهاتووی، دەگوێزرێتەوە یان دەکوژرێ. هیچت پێ ناکرێ. تەنانەت دەبێ بە دزییەوە لە سووچێک دانیشی و بگری کە کەس نەتبینێ نەکا وا بزانرێ بەو کارە لاواز بووی و چۆکت داداوە. بێدەنگ، وەکوو گۆماو کپوکڕ بە دەور خۆتدا دەسووڕییەوە، یان کزکۆڵە دەکەی و دیمەنەکانی دەور دەکەیەوە و بە خۆت دەڵێی بریا منیش لەگەڵ بام. ڕاست وەکوو ئەوکاتانە کە دەنگی ئەشکەنجەدان دەبیسی و ئاوات دەخوازی لە تۆشیان دابایە.

ئەو شەوەی هەواڵی کوشتنی نۆ کەس لە تەپکەکانی ئەوین، کە تازە لە لای ئێمەوە بردرابوون، گەییشتە زیندانی قەسر، سام و تووڕەیی لە بێدەنگییەکی تاریکدا باڵی بەسەر زیندانییەکاندا کێشا. کەس قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد. فیدایی و موجاهێدەکان دەیانزانی سەری ڕووناکبیری ڕێکخراوەکەیانیان بڕیوە و بە هاسانی جێگەیان پڕ نابێتەوە. (لە فیداییدا هێشتاش ئەم جێگا بەتاڵە)

لەپڕ یەکێک هاواری کرد و دەستی بە جنێودان کرد. پۆلیس ڕژایە سەری و بردیان لە پشت دەرکە لێیان دەدا کە بڵێ غەڵەتم کرد. ئەو هەر جنێوی دەدا. هەموو ئەوانەی دەنگیان دەبیست پێیان خۆش بوو ئەو لێدانەی لەگەڵ بەش کەن، بەڵام کەس دەنگی دەر نەهات.

دوای ئەو ڕووداوە دەستەیەکی دیکەیان بردە ئەوین. منیش لەگەڵ بووم و شەش مانگ لە تاکەکەسی تاریک خرام بە بێ هیچ شتێک و لێپرسینەوەیەک و نەمزانی دنیا بە دەست کێیەوەیە و چ دەقەومێ، چەند کەسی دیکە کوژراوە و کەی نۆبەی من دێت. دواتر زانیم ئەو دەستە کە پێشتر یان لەگەڵ من

هێنراونەتە ئەوین، هەموو خراونەتە تاکەکەسی و دوایە بردراونەتە بەشی گشتی زیندان، بەڵام تەنیا من بووم کە شەش مانگم کێشا و دوایەش درامە بەندیخانەیەک کە تازە گیراوەکانیان لەوێ رادەگرت و ئەوانە هەموو لە ژێر لێپرسینەوەدا بوون و لە ڕاستیدا ئەوێ تەبعیدگای من بوو. لەم بەندەدا ژیانی هاوبەش و باقیی شتەکانی زیندانی شارەبانی نەبوو، بەڵام ئەوەی باش بوو کە بە بۆنەی تازەگیراوەکانەوە دەمزانی هەلومەرجی دەرەوە چۆنە و جووڵانەوە گەییشتووەتە کوێ. لە یەک کەلامدا: جووڵانەوە وەکوو ڕێکخراوە پاشەکشەی کردبوو، بەڵام وەکوو ورەی خەڵک پێش کەوتبوو.

لە ساڵی ٥٣دا شا دوو حیزبی "ئێران نوین" و "مەردم"ی داخست (گەرچی ئەوانیش هەر موڵکی خۆی بوون) و حیزبی ڕەستاخیزی دروست کرد و رایگەیاند کە هەموو میللەتی ئێران ئەندامی ئەو حیزبەن و هەرکەس نارازییە با لە وڵات بچێتە دەرێ. یانێ حیزبایەتی بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە. دیکتاتۆرییەکەی یەکلا کردەوە. ڕۆژنامەیەکیش هەر بەو ناوە دەردەهات و هەموو دەنگێک جگە لە دەنگی رژیم بڕا. ئەم سیاسەتە هاتە زیندانیش. ئەو زیندانییانەی پێیان وا بوو دەکرێ بکڕدرێن یان بیانترسێنن، بە تایبەت ئەوانە کە زیندانیان چەند ساڵ زیاتر نەبوو، دەستە دەستە دەیانبردن و کاغەزێکیان لە پێش دادەنان کە ١١یان١٢ پرسیاری تێدا بوو. دەبوا وەڵام بدەنەوە. ئەو پرسیارانە هەمووی سەبارەت بە پەسەندکردنی رژیم و بۆچوون سەبارەت بەو گۆڕانکارییە تازەیەی شا بوو.* ئەوانەی کە وەڵامی ئەرێیان دابووەوە دواتر لە کۆبوونەوەیەکی تلەڤزیۆنیدا هێنایانیان سپاسی شاهەنشایان کرد و بەر دران. دەستەیەک لەوانە پەروەندەی فیداییانی ئیسلام بوون کە پاساویان ئەوە بوو باشترە بچینە دەرێ و بتوانن کار بکەن لەجیاتیی ئەوەی لە زیندان لەگەڵ کافران (کۆمۆنیستەکان)دا بژین. دواتر ئەوانە هەموویان بوون بە بەرپرس و دارودەستەی رژیمی کۆماری ئیسلامی.

ئەوانەی پرسیارنامەکەیان پڕ نەکردەوە لە زیندان مانەوە و تەنانەت ئەگەر زیندانەکەشییان کۆتایی هاتبا رادەگیران.

---

*من بۆ خۆم ئەو پرسیارنامەیان نەدامێ، چۆنیەتییەکەیم لە زیندانییەکانی دیکە بیستووە.

# قەڵشێک لە دیواردا

*ڕۆژێک پاسەوانی حەوشی زیندانی قەسر خۆی لێم نزیک کردەوە و لای دەستمەوە وەستا. هەروا کە چاوی لە سەربان دەکرد بە زمانی کوردی و بە زاراوەی سنەیی گوتی: "ئەگەر پەیامێکت هەس بۆ ماڵ خۆتان، من ئەتانم تلێفونیان بۆ بکەم. خەرجەکەی یەک دوو تاکە تمەنییە." پارەکەم بۆ هێنا و بە دزییەوە دامێ. گوتم سڵاویان لێ بکە و بڵێ حاڵی باشە و دەتوانن بێن بۆ چاوپێکەوتنم. منیان تازە لە زیندانی ئەوینەوە هێنابووە قسر و بنەماڵەم خەبەریان نەبوو. هاتن پەیامەکە گەیشتبوو. ڕۆژێک لە لووتکەی خۆپێشاندانەکانی بەهاری(٧٨) ٥٧دا هەر بەو شێوە لە شان دەستم ڕاوەستابوو. بە چەنەگەی ئاماژەی بە دیوارەکەی بەرانبەری دا و گوتی: ئەم دیوارگەلە ترەکی بردگە. فرەی پێ ناچێ ئەروخێ.*

ساڵی ٥٥(٧٦) دیسان ئاڵوگۆڕێکی تازە لە زیندان کرا. زیندانییەکان بەپێی سووکی و قورسیی زیندانەکەیان دابەش کران و لێک جوێ کرانەوە. ئەبەد هەتا پازدەساڵ پێکەوە، پازدە هەتا پێنج پێکەوە و بەرەوخوارتر پێکەوە. ئەمەش روونە کە بۆ ئاڵوگۆڕنەکردنی ئەزموونەکان بوو. ئیمکاناتەکەش نەختێک جیاوازیی هەبوو. لەم ساڵەدا کەسیان، تەنانەت ئەگەر ماوەکەشی تەواو بوایە، ئازاد نەدەکرد.

لە ساڵی ٥٦دا "جیمی کارتێر" کە لە حیزبی دێموکراتی ئەمریکا بوو، کرا بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا. ئەو سیاسەتێکی تازەی بۆ وڵاتانی دیکتاتۆری گرێدراوی ئەمریکا هێنایە گۆڕێ کە ئەگەر دیکتاتۆرییەکە نەختێک نەرم بکرێتەوە و بڕێک ئازادی رادەربڕین و شتی وا بدرێ خەڵک روو ناکاتە شۆڕش و بەرەی سۆڤیەت کز دەبێ. ئەم سیاسەتە چەند لە راستییەوە نزیک بوو یانە، چەند لەگەڵ سیاسەتی پشتێنی سەوز دژی سۆڤیەتدا رێک دەکەوت، باسیکی دیکەیە. هەرچۆنێک بێ، لە ئێراندا رەنگدانەوەیەکی دیکەی هەبوو.

شا ئەمری کرد "فەزای سەوز" دروست بکەن. کەس نەیدەزانی ماناکەی چییە. ئەوەندە بوو کە هێندێ بەرنامەی رەخنەگرانەی سووک لە تلەڤزیۆن پێشان دەدرا و لە رۆژنامەکاندا برێک باسی نالەبارییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرا. بەڵام نەبیسترا یەکێک لە دزە گەورەکان گیرابێ. بەرپرسی زیندانی ساواک بە ئێمەی گوت کە لەمەوبەدوا ئەوەی چەکدار بێ دەیکوژن و نایهێننە زیندان. ئەوەی چەکدار نەبێ و کاری سیاسی بکا نایگرین. ئێوەش دانیشن بۆ خۆتان هەتا قیامەت زیندان بکێشن! کەچی وا نەبوو دواتریش زۆر کەسیان گرت کە زیاتر پەیوەندی بە جووڵانەوە تازەکەی موسڵمانەکانەوە بوو، یان مانگرتنەکانی زانکۆکان. بەڵام ئەو توندوتیژی و سزا قورسانە نەمابوو.

هەلومەرجی زیندان بە یەک دوو مانگ دوای هاتنە سەرکاری جیمی کارتر گۆڕا. بۆ نموونە زیندانی دەیتوانی شیر و خورما و شتی وا بکڕێ. دەرکەی حەوش کرایەوە و تەنانەت دەکرا شەو لە حەوش بخەوین. خزمەکان کە بۆ چاوپێکەوتن دەهاتن، (باوک و دایک و برا و خوشک – کەسی دیکەیان رێ نەدەدا) هەر کتێبێکی هێنابا لێی وەردەگیرا. لە ئەوین پێشتر تلەڤزیۆن نەبوو، تلەڤزیۆنی رەنگی دانرا. بەرپرسە جەلادەکانی زیندان گۆڕدران و کەسانی نەرمتریان هێنا. ئەو کەسانە کە زیندانیان تەواو ببوو، بەر دران. رێگا درا نوێنەری خاچی سوور سەردانی زیندانەکان بکا و بە بێ بوونی زیندانەوان قسە لەگەڵ بەندییەکان بکا و ئەوانیش باسی چۆنیەتیی ئەشکەنجە و دادگاییکردنی خۆیان کرد. نوێنەری خاچی سوور گوتی ئێمە زیندانی زۆر لەمە خراپترمان لە دنیادا دیتووە، بەڵام رادەی ئەشکەنجە و سزا لێرە زۆر لە سەرەوەیە. لەکاتی ئەم چاوپێکەوتنانەدا ساواک چەند کەس لە زیندانییەکان کە جێی ئەشکەنجەیان زۆر پێوە دیار بوو، لەگەڵ سەفەر قارەمانی کە ٣٠ ساڵ بوو لە زینداندا بوو شاردبووەوە. سەفەریان بردووە نەخۆشخانەی ئەرتەش. دیارە زیندانییەکانی دیکە باسی ئەمانەیان کرد و خاچی سوورییەکان چوون داوایان کردن و دیتنیانەوە.

ئەم شلکردنەوەی دیکتاتۆرییە لە کۆمەڵدا کاردانەوەی هەبوو. شا سەرۆک وەزیر "هویدا"شی گۆڕی کە ١٣ ساڵ بوو لەسەر کار بوو. وەک بڵێی تاوانەکان ئەو کردبێتی. کەچی نە هەر ئەو کە هیچکام لەوانی دیکەش نەیاندەتوانی لە قسەی شا

دەربچـن. تەنانـەت ژنەراڵـەکان دەیانگوت ئێمـە تـالیم درابـووین کـە تـەنیا و تـەنیا قسەی شا ببیسین و بۆ خۆمـان نەمانـدەزانی بڕیـار بـدەین. ئەمانـە هـەموو بـوو بـە هۆی ئەوە کە خەڵک پشوویەکی وەبەر بێتەوە و دەستی کرد بە دەربڕینی نـارەزایی و داواکردنـی ئـازادیی زیـاتر. دیـارە لـە پێشـدا بـە شـێوەی داخـوازیی سـێنفی وەک ئیزافە مانگانـە و لابردنـی پاسـەوانی کـۆنترۆڵی بـەر دەرکـەی ئیـدارە و زانکـۆکان و هتد...بوو کـە بـەرە بـەرە بـوو بـە داخـوازی گـۆڕینی بەرپرسـی ئیـدارەکان و ئـازادیی زیندانییەکان، کە خواستێکی بە تەواوی سیاسی بوو. رژیم باوەڕی نـەدەکرد خـەڵک ئاوا بە پەلە بێنـە مەیـدان و سروشـتیش بـوو کـە نەیدەویسـت کـۆنترۆڵ لـە دەسـت بدا. مـانگرتن و خۆپێشـاندان دەسـتی پـێ کـرد. هـەرچی رژیـم خـۆی لـە تونـدکردن دەپاراست. خەڵک زیاتر ورەی دەگرت و ترسی دەشکا.

لـە ئێرانـدا هـەر لـە دەورەی سـەفەوییەکانەوە کـە ئـایینی شـێعە حـاکم دەبـێ، مەلاکان رێکخراوێکی پـان و بـەرینیان بـۆ خۆیـان پێـک هێنـابوو کـە جیـا لـە هـەموو دامودەزگاکان کاری دەکرد. لەسـەرەوەی ئـەم رێکخـراوەدا مـەلا سـەرزلەکان بـوون کە دواتـر ناویـان نـرا ئایـەتوڵا و خـەڵک دوایـان دەکـەوتن و بـە قسـەیان دەکـردن. یانێ لـە بـاری شـەرعییەوە پرسـیان بـە ئـەوان دەکـرد و خـومس و زەکاتیـان بـەوان دەدا و گـوێ لـە مسـتی ئـەوان بـوون. دوایـە شـێخ الاسـلام و ... هـەتا دەگەییشـتە تەڵەبەکان کە دەرسی مەلاییان دەخوێند. کە مـانگی رەمـەزان و موحـەرەم دەهـات ئەو مەلایانە بە نێو وڵاتدا بڵاو دەبوونەوە و کوێرەدێ نـەبوو سـەری پێـدا نەکـەن و رەوزەی ئیمام حوسێن نەخوێنن و پارە کۆ نەکەنەوە.

پاوشـاکانی ئێـرانیش چـاو لەدەسـتی ئـەم شـەریعەتدانەرانە بـوون و خۆیـان بـە موقەلێدی یەکێک لـەم مـەلا گەورانـە دەزانـی و پرسـیان پـێ دەکـردن. لـە راسـتیدا لێیان ترساون و پێویسـتیان بـە پشـتیوانییان هـەبووە. رەزاشـا بـە وەرگـرتنی مۆدێلی ئـەتاتورک لـە تورکییـە، بـە لابردنـی حیجـاب و هێنانـەگۆڕی مەدرەسـەی نـوێ دەسـەڵاتیانی کـەم کـردەوە، بـەڵام نـەیتوانی و نـەیوێرا ئـەو رێکخـراوە تێـک بـدا. کوڕەکەشی ئەوەندەی پێ کرابوو کە ئەوانە بکا بە جیرەخـۆری خـۆی و لـە ئـەوقاف پـارەی دەدانـێ. ئـەم رێکخـراوە هـەم لـە دەورەی مەشـرووتە (شۆڕشـی دانـانی دەستوور)دا و هەم لە جووڵانەوەی میللیکردنی نەوتدا وەکوو ئەمرازێکی سیاسی بە

کار هێنرابوو. مەلاکانی سوننە ڕێکخراوێکی لەم شێوەیان نەبوو، تەنیا شێخەکانی تەریقەت کە هەموو کاتێک لەگەڵ مەلای شەریعەتدا وەکوو مشک و پشیلە بوون، دەمودەزگایەکی لەم چەشنەیان هەبوو کە قەت لە سیاسەتدا بە کاریان نەدەهێنا. (لە کوردستانی تورکیە بە دژی ئاتاتورک شێخ و دەروێشان راپەڕین، بەڵام چونکە جووڵانەوەکە لە باری مێژووییەوە بەرەو دواوە بوو، سەری نەگرت و تێک شکان). مەبەست، لە ساڵانی ٥٦-٥٧دا ئەم ڕێکخراوەی مەلا شیعەکان بە دژی رژیمی شا کەوتە جووڵە، بەڵام چونکە کەسی وایان نەبوو کاتی خۆی دەستی شای ماچ نەکردبێ و پارەی لێی نەستاندبێ، خومەینی بوو بە سەرپشک. لە نێوان مەلاکاندا ئەو تەنیا کەس بوو بە ئاشکرا دژایەتیی شای کردبوو و لە ئێران دوور خرابووەوە و لە نەجەف پەنای گرتبوو. مەلا و فەقی بە نێو وڵاتدا بڵاو بوونەوە و پڕوپاگەندەیان بۆ خومەینی دەست پێ کرد. سەدام حوسێن دیکتاتۆری عێراق کە ئەودەم بە هۆی ڕێککەوتنی جەزایرەوە تازە نێوانی لەگەڵ شا خۆش کردبوو و بۆ خۆشی مەترسیی لە شیعەکانی عێراق دەکرد، داوای لە خومینی کرد عێراق بە جێ بهێڵێ. (هەندێک دەڵێن شا داوای لێ کردبوو، هەندێک دەڵێن پیلانی رۆژئاوا بوو) هەرچۆنێک بێ هیچ وڵاتێکی دەوروبەر ڕێگایان نەدا و فەرانسە دەرکەی بۆ کردەوە. کە گەییشتە ئەوێ، رۆژ نەبوو هەواڵنێرە گەورەکانی ئۆرووپی چاوپێکەوتنی لەگەڵ نەکەن. بەم شێوە بە خەڵکیان ناساند و بوون بە بڵاوکەرەوەی بیروباوەڕی ئەو و پڕوپاگەندەکەری جووڵانەوەی ئیسلامییەکان. خەڵکی ئێرانیش کە بەوە راهاتوون هەموو کاتێک لە دووی کەسێک بکەون و چاوەڕوانی پاڵەوانێک بن، بوون بە لایەنگر و ڕێڕەوی ئەم جەماعەتە.

زانایەک گوتوویە: خەڵکی ئێران نەک لە برسان بەڵکوو لە تێریدا راپەڕین. بۆیە کۆنە سیاسییەکانی ئینگلیس گوتوویانە ئەگەر دەتەوێ ئێرانی بێدەنگ بێ برسی رایگرە. ئەم قسە برێک راستی تێدایە. بەپێی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئێراندا، هیچکات خەڵکی ئێران لە هەموو مێژوەکەیاندا ئەوەندە تێر نەبوون کە لە چوار، پێنج ساڵی ئاخری حوکوومەتی حەمەرەزاشادا تێر بوون. دەگەڕێمەوە بۆ قسەکەی جەزنی کە گوتبووی "ئەگەر خەڵک تێر و دەستڕویشتوو بوو، ئازادیشی دەوێ، هەتا بتوانێ کەسایەتیی خۆی بنوێنێ، دەنا هاوسەنگیی کۆمەڵ تێک دەچێ". هەر

لێرە ئاماژە بەوەش بکەم کە بە ڕای من لە ڕۆژئاوادا، پێکهێنانی ئەو هاوسەنگییە هونەری سەرمایەداری بوو بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی خۆی و ئەوە بۆ ڕژیمی دیکتاتۆری شا دەستی نەدا. هەروا کە ئەمانەی دوای ئەویش نەیانتوانی پێکی بهێنن.

ئەم تێرییە کە باسم کرد لە کاتی مانگرتنەکاندا بەردەوام بوو چونکە دەوڵەت بڕیاری دابوو نەتەنیا مانگانەی کارمەندانی مانگرتوو نەبڕێ، بەڵکوو زیادیشی کرد، هەتا لە توندیی دژایەتییەکان کەم بکاتەوە. ئەوە بوو مانگرتن و خۆپێشاندان هەموو وڵاتی گرتەوە. ئەوەی بێ بەش بوو کرێکاری ڕۆژمز بوو کە ئەویش بازاڕییەکان کە پشتیوانییان لە ڕاپەڕینەکە دەکرد بیریان لێ کردبووەوە. لە مزگەوتەکان کۆمیتە (بنکە) یان دانابوو و خواردن و شیر و هێندێ پێداویستی دیکەیان بە سەر نەدارەکاندا بڵاو دەکردەوە. بنکە دەوری ڕێکخستنی خەڵک و نیشاندانی ڕێ و شوێنیشی دەدیت. هەر ئەم کۆمیتە و مزگەوتانە بوون کە هەریەکە و لەژێر بەرپرسایەتیی مەلایەکدا دواتر بوون بە مۆڵگەی پاسدار و پیاوکوژە ئیسلامییەکان.

وڵات قەپات ببوو، شا دەستێک هەنگوین و دەستێک کوتەک دەیەویست بەسەر قەیرانەکەدا زاڵ بێ. ساواک بە شێوەی ساڵی(٥٣) ٣٢ هەوڵی دەدا بە هێنانە مەیدانی هێندێ گۆپاڵبەدەستی لادێیەکان پێشی خۆپێشاندانەکان بگرێ و خەڵک بخاتە گیانی یەکتر. سەری نەگرت، دێهاتەکان گرێدراوی شارەکان بوون و ئەو سەربەخۆییەی ژیانی تایبەتی دێهات نەمابوو. ئەوە گوند بوو کە پەکی لەسەر شار کەوتبوو، بۆیە چاولەدەستی شارەکان و بازار و مەلاکان بوو. ئاخر هەوڵی شا دانانی قەدەغەی هاتوچۆ و کوشتاری مەیدانی ژالەی تاران بوو کە نەک خەڵکی نەترساند، بەڵکوو بیانوویەکی دایە دەستیان کە جووڵانەوەکە توندتر بکەن.

زیندانییەکان بیریان کردەوە کە دەبێ شتێک بکەن و لەو کاروساتەدا بێدەنگ نەبن. لە ئاکامدا بۆ پشتیوانیی خەڵکی دەرەوە مانی خواردنیان ڕاگەیاند کە حەفتەیەک بەردەوام بوو.

ئەم ڕاپەڕینە شێواندنێکی لە بۆچوونە سیاسییەکاندا پێک هێنابوو. هیچکام لە ڕێکخراو و کەسایەتییە سیاسییەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان بیری شتێکی وایان نەکردبووەوە و نەیاندەتوانی لێکدانەوەیەکی زانستیانە لەو هەلومەرجە بدەن.

هەرکەسە و بە شێوەیەک بیری لە داهاتوو دەکردەوە. بەرە بەرە جیاوازییەکان دەرکەوتن. فیداییەکان بوون بە دوو دەستە. ئەوانەی کە هێشتا باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو و ئەوانەی کە دەیانگوت قۆناخەکە تێپەڕیوە، بەشێکیان لە حیزبی توودە نزیک ببوونەوە و هێندێک ئەم سنوورەیان نەدەبزاند. چونکە کێشەی حیزبی توودە تەنیا بۆچوونە سیاسییەکەی نەبوو. موجاهێد بە ئاشکرا بوون بە دوو دەستە و تەنانەت سفرەیان جوێ کردەوە. لە حەوشی زیندانی قەسر چوار سفرە جیاجیا رادەخرا. هەموو شتێک کاتیبوونی پێوە دیار بوو. کەس تاقەتی کتێبخوێندنەوەی نەمابوو، بە پێچەوانەی پێشووتر ئێستا رۆژنامە وەبەر نەدەکەوت. لە پاڵ دیواری حەوشی زینداندا دادەنیشتین و گوێمان بۆ تەقەی دەرەوە شل دەکرد و لێومان دەکرۆشت کە داخەکەم هیچمان لە دەست نایە.

شا تاکتیکی پاشەکشەی هەڵبژارد. لە پەیامێکدا کە گوتی من دەنگی شۆڕشی ئێوەم بیست، قەولی دا چاکسازییەک لە هەموو دەزگاکانی حوکوومەتدا بکا. بۆ نیشاندانی ئەم بەڵێنەش دەستی بە ئازادکردنی زیندانییە سیاسییەکان کرد. لە ٣ ئابانی ٥٧(٧٨)دا هەزار و پێنجسەد کەس بەر دران. خەڵک لە پێش زیندان پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لە زیندانییەکان کرد و لەسەر شان بردیاننە ساختمانی دادگای تاران و گوڵبارانیان کردن. ئەوەش لە خۆشەویستیی عەلی نەبوو لە رقی عومەردا بوو. دەیانەویست ددان لە رژیمی شا چیڕ بکەنەوە، دەنا ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو بەشێک لەو خەڵکە بوون بە چەکداری خومەینی و ئەو زیندانییانەیان لە پێش دیوار دانا و بێ بەزییانە تیربارانیان کردن. چونکە چەپ بوون. ئەم قسەی مارکس هاتە دی کە دەڵێ لە رێبازی شۆڕشدا قەت باوەڕت بە بۆچوونی رەنگاوڕەنگی خەڵک نەبێ.

*من یەکێک لەو ١٥٠٠ کەسە بووم و یەکەم زیندانی بووم دەگەییشتەوە سنە. خەڵکێکی زۆر هاتبوونە پێشوازیم. بەڵام بەداخەوە پێشوازییەکە خاوەنێکی نەبوو کە دیار بێ چ دەکرێ و چۆن بێ. لە راستیدا خۆپێشاندان بوو و دیسان دەزانم لەبەر خۆشەویستی من نەبوو بەڵکوو دژایەتیکردنی رژیم بوو. جەماوەر بە بێ کۆنترۆڵ بە دەور خۆیاندا دەسووڕانەوە. من کەسم نەبوو بەرنامەیەکی دانابێ و پێم بڵێ چ بکەم. فەرماندەی پادگانی نیزامی سنە لەو کاتەدا سەرلەشکەر*

*نیازمەند بوو کە سنەیی بوو، بەڵام لە شاپەرستە بەناوبانگەکان بوو- ئەو پەیکەرەی شای هەتا ئاخر رۆژ لە مەیدانی شاری سنە پاراست. دواتر خەڵخاڵی ئیعدامی کرد- ئەو بە بنەماڵەی ئێمەی راگەیاندبوو کە ئێمە ئەم خۆپێشاندانە تەحەمول ناکەین و ئێوە مەبن بە هۆی کوشتنی خەڵک کە لەودوا ناتوانن لەژێر تاوانەکەی بێنە دەرێ. کاکم کە لە کامیاران منی سوار ئۆتۆمۆبیلکەی خۆی کردبوو، رێگای گۆڕی و لە گریزە رانەوەستا کە خەڵکەکە لەوێ کۆ ببوونەوە و یەکسەر چووینەوە ماڵەوە. من نەمدەزانی دەبێ چ بکەم. قسەکە راست بوو، من نەمدەویست خوێن لە لووتی کەس بێت. بەڵام خەڵک هاتنە بەر دەرکەی ماڵ و داوایان دەکرد بچمە دەرەوە. چەند کەسێک کە هاتبوون دەستی منیان رادەکێشا، دەمناسین کە ساواکی بوون. ئاخری لە سەربانی یەک نهۆمی ماڵی خۆمانەوە سپاسێکم لە خەڵک کرد و گوتم: "بەری شۆڕش درێژە و لە مەیدانی خەباتدا یەکتر دەبینینەوە" خەڵکێکی زۆر هاتنە ماڵێ و بەخەیرهاتنیان کردم. گرووپێکیش سروودی ئەی رەقیبیان گوت. جارێکی دیکەش سپاس.*

*بۆ رەواندەوەی گلەیی لێی زیاد دەکەم و ئەوەشم لە بیر ناچێت کاتێک منیان گرتبوو، کەسانێک هاتبوون و بەردیان لە شوشەی ماڵمان دابوو و گوتبوویان شاکوژەکان لەم شارە بڕۆن. ئاخریشی بنەماڵەکەمان خانووەکەیان فرۆشتبوو و گواستبوویانەوە. دواتریش بە هۆی شەری سنەوە لە بنەماڵەی ئێمە تا چەند ساڵ کەسیان لەو شارە نەهێشت. دایکمیان خستە زیندان و دوایە بۆ یەزد دوور خرایەوە و تەنانەت ماڵەکەشمان لە لایەن جاش و پاسدارەوە داگیر کرا. ئەوەش بەشێکە لە مێژووی بۆچوونی رەنگاوڕەنگی خەڵک.*

زیندانییەکان پاش ئازادبوونیان بە شێوەیەکی نیوەئاشکرا دەژیان کە ئەگەر هات و سیاسەت گۆڕدرا نەتوانن دیسان کۆیان بکەنەوە. زۆربەی ئەوانەی شارستانی بوون چووبوونە تاران یان لە شاری جگە لە شاری خۆیان دەمانەوە. منیش هاتوچۆی تاران و کرماشان و شیرازم دەکرد. هاوکات هەوڵدان بۆ تێگەییشتن لە هەلومەرجەکە و سازکردنی دەست و پەیوەند بۆ خەبات و جار جاریش کۆڕێک لە کۆبوونەوەی زانکۆکان و کوردی دانیشتووی تاران. رۆژی روخانی یەکجارەکی رژیم لە تاران بووم.

# شۆڕش

*ڕەنگە ئەم لاپەڕانەی ئاخر ماندووتیان کردبێ. هەر چۆنێ بێ، دەبوا ئاماژەیان پێ بکەم. یەکەم لەبەر ئەوە کە بۆچوونی خۆم سەبارەت بەو ڕووداوانە بڵێم و دووهەم ئەوە کە بڵێم کاریگەری هێندێ ڕووداو بە درێژایی ژیان هەر دەمێننەوە. وەکوو وەرگرتنی ئاوەڵ ناوێک یان گۆچبوونی ئەندامێک کە مرۆڤ هەتاهەتایە بە کەمئەندام دەناسرێ. زیندانیش شتێکی وایە. زیندانی هەبوو کە پاش ئازادبوون، هیچ چالاکییەکی نەبوو، بەڵام چونکە کۆماری ئیسلامی بە "زیندانیی چەپ" دەیناسی، گرتیان و ئیعدامیان کرد. ئێمەش وەکوو زیندانیی سیاسیی ئازادکراو لە شۆڕشدا، ویستبامان یان نە، چاوەڕوانیمان لێ دەکرا. بۆ هەر کوێ دەڕۆیشتین و ئێستاشی لەگەڵ، ئەم نیشانەیەمان لەگەڵ بووە و هەیە.*

شۆڕش سیاسەت دەکاتە پیشەی گشتی و لە قاوخی ڕێکخراو و حیزبەکان دەری دێنێ و لە شەقام و کۆڵان و ماڵەکاندا بڵاوی دەکاتەوە. خەڵک لە بەرانبەر دیاردە سیاسییەکاندا هەستیار دەبن و هەرکەس بەپێی مەیل و بۆچوون و قازانجی خۆی، دەیەوێ لەو بشێوە کەڵک وەرگرێ. هەرکەس دەبێتە لایەنگری ڕێکخراوێک و هیوای ئەوەیە سازمانەکەی ڕێبەری بە دەستەوە بگرێ. ڕێکخراوەکانیش بە وەبیرهێنانەوەی ڕەنج و قوربانییەکانیان خەڵک لە خۆ کۆ دەکەنەوە و دەیانەوێ بە هۆی ئەوانەوە لە دەسەڵاتدا بەشدار بن. جاری واش هەیە، ڕەوتەکە لە کۆنتڕۆڵی ڕێکخراوەکان دەردەچی و ئەوان دەبنە پاشکۆی خەڵک.

لە ساڵی(٧٩) ٥٧دا ئایین و ڕێکخراو و کەسە ئایینییەکان ببوون بە بەدیلی دەسەڵاتی پاشایەتی. سنەش کەوتبووە دەست ئایینییەکان. مفتیزادە کە پێشترکلاسی قورئانی دانابوو، بە شێوەی مەلا شێعەکان مزگەوتی "ئەمینی" لە گەڕەکی "جۆراوا" کردبووە بنکەی خۆی و بە دژی ڕژیم و بە پشتیوانیی خومەینی قسەی دەکرد. لە سەرەتادا هیچکام لەو ڕێکخراوە چەپانە کە دواتر سنەیان کرد بە مەیدانی تەراتێنی خۆیان لە ئارادا نەبوون. چالاکوانە سیاسییەکان لە زیندان

بوون ئەویش بە کەیفی خۆی مێشکی خەڵکی پڕ دەکردەوە و دەزگای ئەمنیش کاری پێی نەدابوو.

سەرئەنجام شا ئاخر هەوڵی خۆی دا، هەموو زیندانییە سیاسییەکانی ئازاد کرد و بەرپرسی ساواکی گۆڕی. "نەسیری" بەرپرسی پێشووی ساواک و سەرۆک وەزیری پێشوو "هویدا" و چەند کەسی دیکە گیران و لە زیندان کران و شاپوری بەختیاری کرد بە سەرۆک وەزیر و ئەویش بڕیاری دا ساواک هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام درەنگ ببوو. خەڵک بڕیاری خۆی دابوو و پاشەکشەی نەدەکرد. ئەمریکاش قەناعەتی بە گۆڕانی رژیم هێنابوو. چارەیەکی دیکەشی نەبوو. نوێنەری ئەمریکا لە ئێران لە راپۆرتێکدا گوتوویەتی: "بەر لەوە کە جووڵانەوەکە بکەوێتە دەست چەپەکان بیدەنە دەست موسڵمانەکان. هەرچۆنێ بێ ئەوان دژی کۆمۆنیستن و نابنە داردەستی سۆڤیەت." ئەو کاتە رۆژئاوا ستراتژییەکی رەچاو دەکرد کە پێی دەگوترا پشتێنی سەوز. یانێ پێکهێنانی وڵاتانی ئیسلامی بە دەور سۆڤیەتدا. هەموو ئەم فاکتەرانە دەستیان دایە دەستی یەکەوە و هەلومەرجەکەیان وا رەخساند کە لە ئاکامدا شا رۆیشت و روحوڵڵا خومەینی بە فڕۆکەیەکی تایبەتی فەرانسە هاتەوە و ملیۆنها کەس پێشوازیی لێی کرد. رێبەرانی موجاهدین و بەرەی مێللی لە فڕۆکەخانە ئامادە بوون. من لە تاران بووم، لە ماڵەوە دانیشتبووم و دیمەنی بەرزکردنەوەی ئۆتۆمۆبیلەکەی خومەینیم لە لایەن خەڵکەوە دەدیت و هەستم بە مەترسییەکی گەورە دەکرد. چونکە دەمارگری و رق و کینەی ئەمانەم لە زیندان دیتبوو.

پێش رۆیشتنی شا زۆربەی ژەنەراڵەکان و کاربەدەستە زەلامەکانی رژیم هەست و نەستیان هەڵ گرتبوو و هەڵاتبوون بۆ دەرەوە. بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو کە شا ناگەڕێتەوە و تەمەنی ئەو رژیمە تەواو بووە.

بەختیار لە دەمەقاڵە تلەڤزیۆنی و بەیاندان لەگەڵ خومەینیدا دۆڕا، نەیتوانی پشت لە مەشرووتە (رژیمی دەستووری) بکا و بەڵێنی کۆمارییەت و هەڵبژاردن بدا. کە من پێم وایە ئەگەر وای کردبا، رەنگە رەوتەکە گۆڕابا. بۆیە هیچی پێ نەکرا و نەیتوانی پشتیوان بۆ خۆی بدۆزێتەوە. سەرئەنجام لە ٢٢ی بەفرانباردا ئەمریکا بە ئەرتەشی راگەیاندبوو کە بێلایەنی رابگەیەنێ. سەرکردەکانی سوپا و پۆلیس و ژاندارمری، ئەوانەیان کە هەڵنەهاتبوون جگە لە چەند کەس و لەوانە

سەرلەشکەر موحەمەد ئەمین بیگلەری فەرماندەی گارد کە خەڵکی سنە بوو و خۆی کوشت، باقیان چوون دەستی ئیمامیان ماچ کرد و خاوەنیان گۆڕی و شەرمیشیان لەو قسە زلانە نەکردەوە کە پێشتر بە باڵای خاوەن شکۆکەیاندا گوتبوویان.

ڕۆژی ٢٢ ڕێبەندان کە بە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش دانراوە، تاران هەتا نیوەڕۆ لە گێژیدا بوو. کەس باوەڕی نەدەکرد ئەو هێزە زەلامە روخا بێ. نیوەڕۆ بەولاوە دیمەنی راستەقینەی خەڵک خۆی نواند. زیندانەکان هەموو شکا و هەرچی قاتڵ و لات و قاچاخچییە رژانە دەرێ و تێکەڵی ئەو خەڵکە بوون کە کەوتبوونە تالانکردنی سەربازخانەکان. لە شارستانەکان تەنیا بنکەکانی پۆلیس و ساواک بەتاڵ کران کە ئەوان چەک و چۆڵێکی وەهایان تێیدا نەبوو. خەڵک تینوویەتییەکی سەیری بۆ چەک نیشان دەدا، دەتگوت دەیەوێ ئەو قەدەخەبوونەی ساڵان قەرەبوو بکاتەوە، یاخۆ تەنیا چەکی بە رەمزی هێز و دەسەڵات دەزانی. بۆیە تەنیا لە هەوڵی چەکدا بوون و بایەخیان بە دێکومێنتەکان نەدەدا. کاتێکی زۆری نەبرد کە ئەم رەمزەیان لە دەست ئەستێندرایەوە. لە پەنا هەر بنکەیەکی سەربازیدا ئۆتۆمۆبیلێکی کۆمیتەی ئیمام راوەستابوو و خەڵکی چەک دەکرد. دوای چەند رۆژیش ئاگاداری بڵاو بووەوە کە هەرکەس چەکی لایە بیدا بە مزگەوتەکان، دەنا بە تاوانبار دەناسرێ. خەونە خۆشەکە زۆر کورت بوو.

پەروەندەکانی خەڵک بە ئەنقەست پەڕە پەڕە کران و سووتێندران. راپەڕینەکە هیچ تەنزیم و بەڕێیەوبەرییەکی نەبوو کە خەڵک پەیرەوی بکا و نەهێڵێ دێکومێنتەکان لە نێو بچن. بڕێکیشی بە ئەنقەست کرا. کەسانێک هەبوون کە نەیاندەویست رابردووەکەیان ئاشکرا بکرێ. تەنانەت کوشتنی هێندێک لە ساواکی و بەرپرسەکان بە بێ لێپرسینەوە و دادگاییکردن هەر بەو مەبەستە بوو. دیارە ئەو کوشتنانە بەشێکی لە لۆژیکی شۆڕشەوە سەرچاوەی دەگرت. خەڵک دەیەوێ تووڕەیی ئەو هەموو ساڵانەی بە کەسێک برێژێ و تۆڵەکە بە چاو خۆی ببینێ. تۆڵەسەندنەوەی خێرا. لەو شارانەی کە بە دەست مەلاکانەوە بوون، لە لایەن کۆمیتەکانەوە، چەک و چۆڵەکانیان لە خەڵک ئەستاندەوە. لە کوردستان بەڵام کەس نەبوو ئەو کارە بکا. هێندەی پێ نەچوو کوردستان بە خۆیدا هاتەوە و زانیی

دەستی لە سەربازخانەکان نەداوە. لە سنە و مەهاباد هێرش کرایە سەر سەربازخانەکان. لە مەهاباد بە بێ تەقە ئەفسەرە کوردەکان پادگانەکەیان بە دەستەوە دا (٣٠ /١١/ ٥٧)(٧٩/١١)، بەڵام لە سنە بەرەنگارییان کرد. سەربازخانەی سنە لە پێشدا لە دەستی مفتیزادەدا بوو، دواتر مەلایەک بە ناو"شێخ "حوسەین کرمانی" بە نوێنەرایەتی ئیمام ناردرا و مفتیزادە بۆ خۆی پادگانی بە ئەو ئەسپارد. دواتر داوای چەک و تەقەمەنی بۆ چەکدارەکانی خۆی لێی کرد. ئەو قوبوڵی نەکرد. کە چی هەر لەوکاتەدا بنکەیەکی سەر بە ئەو لە نێو شار و لە لایەن شێعە کرماشانییەکانەوە دانرا بوو و چەک و چۆڵیان هەبوو. جەماعەتی مفتیزادە تەمایان کردە چەکەکانی ئەوان و بنکەکەیان دەورە دا و ئەوانیش دەستیان کردەوە. کەسانێک لە هەردوولا کوژران. ئەم هەرایە دەرفەتی بۆ خەڵک رەخساند هیرش بۆ سەربازخانە بەرن. بەشی ژاندارمری کە لە پێشەوەی سەربازخانەی ئەرتەش بوو داگیر و تالان کرا. دەڵێم "تالان" لەبەر ئەوە کە هیچ رێکخراو و رێکخەرێک کۆنترۆڵی بەسەر هێرشەکەوە نەبوو. سەربازخانەی ئەرتەش خەڵکی دایە بەر تەقە و هلیکۆپترەکانی هەوانیروزیش لە کرماشانەوە هاتن و سەرجەم نزیک دووسەد کەس کوژرا. (٥٧/١٢/٢٨)(٧٩/١٢/٢٨) شێخ عزەدین و شێخ جەلالی برای دەگەنە سنە و داوای تەقەراگرتن لە خەڵک دەکەن و لە بەیانەکەیاندا بە خەڵک دەڵێن "بەرگری لە شۆڕشی ئیسلامی" بکەن. شەورای کاتیی بەرێوەبەری سنە پێک دێ. خومەینی پەیام دەدا و هێرشکەرەکان بۆ سەر سەربازخانە بە دژی شۆڕش ناو دەبا. حدکا (حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران) داوای وتوویژ لە خومەینی و بازرگان دەکا. لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە خۆپێشاندان بۆ پشتیوانیی سنە دەکرێ و یارمەتی خواردن و دەرمان دەنێردرێ.

مەلاکان هێشتا خۆیان نەخونچاندبوو، خۆیان بە خاوەنی میراتی شا دەزانی و ئەم هێرشکردنە سەر سەربازخانەکانیان بە دژی خۆیان زانی و کردیان بە هەرا، گوایە لە کوردستان دژی شۆڕش هەیە و دەبێ سەرکوت بکرێ. بەڵام هێشتا نەگەییشتبوونە ئەو ڕادەیە کە بتوانن ئەرتەشێک پێکەوە بنێن و هێرش بکەنە سەر کوردستان. بۆیە چەند کەسێکیان بە سەرپەرستی تاڵەقانی ناردە سنە کە نێوانی خەڵک و مەلاکان خۆش کەن. خەڵک بە دروشمی "یا کوردستان یا نەمان"

پێشوازییان لێ کردن. ئاکامی کۆبوونەوەکانی نێوان نوێنەرانی تاران و هێزەکانی سنە (کۆمەڵە، فیدایی، دێمۆکرات و مفتیزادە و شێخەکان) ئەوە بوو کە بڕوانامەیەک لە سێ بەنددا ئیمزا کرا. "لابردنی ستەمی میللی، چینایەتی و ئایینی" لە کوردستاندا. ئەمە بۆ خۆی نیشان دەدا کە رێبەرەکانی کورد چەندە کاڵ بوون و بە قسەی زل و بێ ناوەرۆک رازی ببوون. ئەو سێ ستەمە بە مێژوویەک هەڵنەگیراوە ئەوان بە شەوێک بڕیاریان بۆ دەردەکرد، بێ ئەوە بڵێن دیاری ئەو ستەمانە چین و رێگا چارە چییە. هەروەها شەورایەک هەڵبژێردرێ کە شار بە رێوە ببا. (بگرە دەیەویست ئەو سێ ستەمە لا با!!). داکۆکیکردنی هێرشی سەربازخانە بۆ خەڵکیش بە بەشداری و ئیمزای هەموویان راگەیەندرا، بەڵام هەر ئەو شەوە مفتیزادە لە تلویزیۆن خۆی لێ نەبان کرد و هێرشەکەی کردە خەتای گرووپە چەپەکان. ئەو کە کابرایەکی لە رادەبەدەر مەقامپەرست بوو، بە تەما بوو بیکەن بە ئوستانداری کوردستان، خۆی لە خەڵک جوێ دەکردەوە و دایمە زمانی بە لای کاربەدەستانی تاراندا دەگەڕا.

دوو لایەن کەوتنە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن؛ لایەنی چەپ فیدایی و کۆمەڵە بوون، کۆمەڵە تازە وەکوو سازمانی (بەرگری لە ئازادی و شۆڕش) راگەیندرابوو، لای دیکە مفتیزادە و ئیسلامییەکان. جەماعەتی مفتیزادە دەنگی زیاتریان هێنایەوە و لە شەوراکەدا ئەندامی زیاتریان لە چەپەکان هەبوو.

ئیسلامخوازی لە نێو سوننەشدا پەرەی ئەستاندبوو. تەنیا مفتیزادە نەبوو. شێخ عزەدینی حوسینی لە مەهاباد و شیخ جەلالی برای لە بانە و... هەیئەتی وتووێژی کورد لە سنەدا شەش مەلای تێدا بوو. تەنانەت کۆمەڵە بۆ ئەوە کە بتوانێ دەست و باڵی خۆی بڵاو بکاتەوە چووە ژێرناوی شێخ عزەدین و شتێکی بە ناو "دەفتەری مامۆستا" دانا کە ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی کۆمەڵە و دواتر دەفتەری سیاسیی حێزبی کۆمۆنیست، سەرپەرستیی دەکرد. پێشمەرگەی کۆمەڵە پارێزگاریی لە شێخ دەکرد و ئەوان بۆ ئەملاو ئەولایان دەبرد و هەتا لە کوردستان بوون، مەقەڕەکەی شێخ هەر لە پاڵ مەقەری ناوەندیی کۆمەڵەدا بوو. جێی ئاماژەیە شارە سوننەنشینەکانی دیکەی ئێرانیش هەر لەسەرەتاوە. لەگەڵ حوکوومەتی شێعەی ناوەندی کێشەیان بۆ ساز بوو. ئەوان لە ژێر چەتری پڕوپاگاندەی مەلا شێعەکاندا

نەبوون و لە دەرەوەی ئەو بازنەدا بوون کە ڕێکخراوی قۆم بەر لە روخانی شا کاری تێدا کردبوو. تورکەمەنەکانی گورگان، عەرەبەکانی ئەهواز و بەلووچەکان. هەرکام بە شێوەیەک هەر لەسەرەتاوە نەیاندەویست بچنە ژێر رکێفی مەلا پاوانخوازەکانی شێعە. لە ناخیشەوە جیاوازیی نەتەوەیی لە دڵی خەڵکدا کاری دەکرد، بەڵام ڕێکخراوی تایبەت بەم دروشمەیان نەبوو. ئەمانە بە ئاشکرا نەدەگوترا و بیانووی دیکە پەیدا دەبوو. وەک دابەشکردنی زەوی یان کوژرانی مەلایەکی سوننە، یان داگیرکردنی خانووبەرە و هتد. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە لە هیچکامی شارە شێعەنشینەکاندا کار نەگەییشتە بەرەنگاری و شەڕ و سەرکوتکردن و کوشتن و بڕینی بەو شێوە کە لە کوردستان و تورکەمەنسەحرا و بەلوچستان و...دا کرا. دواتریش کە لە یاسای بنچینەیی ئێراندا ئایینی شێعە کرا بە دەستووری و ئەوەی شێعە نەبێ مافی نییە ببێتە سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیر و هتد... یانێ بە حوکمی دەستوور سوننییەکان بە خەڵکی دەرەجە دووهەم ناسران، ئەم نیگەرانییە زیاتر هاتە تێگەییشتن.

من پێم وا نییە ئێران وڵاتێکی یەکگرتووە. ئێران لە رەوتی مێژوودا هەموو کاتێک هەمووی یان بەشێکی داگیرکراو بووە. یان بە شێوەی دەوڵەت/سەرزەوین بە ڕێوە چووە، نەک دەوڵەت میللەت. ئەو بەشەی خاکی ئێران کە لە قاجارەکانەوە بە میرات بۆ پەهلەوی مایەوە و لە بەشکردنەکانی شەڕی یەکەمدا زلهێزەکانی رۆژئاوا وەکوو خاڵێکی یەکپارچە دیارییان کرد و ڕێک نەکەوتن کە دابەشی بکەن و کەوتە بەر سیاسەتی ئیستێعماری نوێ. (دانانی حوکوومەتێکی بە هێزی ناوەندی کە هەموو دژەکان سەرکوت بکا و نۆکەری خۆیان بێ و قازانجیان بپارێزێ). بە تایبەت دوای شەڕی دووهەم یارمەتییان دا ئەو سەرزەوینە وەکوو وڵاتێک بمێنێتەوە و ملییەتەکانی دیکە بە زۆری هێزی نیزامی راگیرێ. بۆیە ئێران پڕە لە کۆمەڵێک دژبەیەکی مێژوویی. داگیرکردنی لەلایەن مەلا پاوانخوازەکانیشەوە درێژەی هەر ئەو سیاسەتە مێژووییە بوو. هەتا ئەو گەلانە سەربەخۆیی خۆیان وەرنەگرن و سێبەری دەسەڵاتی پاوانخوازی ناوەندییان لەسەر لا نەچێ، ئێران گەشەکردن و ئاسایش و ئارامی نابینێ و برینەکان تاونەتاو دەکولێنەوە و لاپەڕێکی خوێناویی دیکە بە مێژووەکەیان زیاد دەبێ.

# کــوردستــان

*له رۆژێکــی بەهــاری ٥٨، له شــەقامێکی ناوەنــدیی شــاری تارانــدا چــاوەڕێی دۆستێک بووم. کۆمەڵێک خۆپێشاندەر به سینگکوتان نزیک دەبوونەوە. سینگی ڕووت و خاڵکوتراویان به زەقی پێناسه و کەسایەتییانی ئاشکرا دەکەرد. هاواریان دەکرد "پاسدار فیدای میللەت". کەسانێکیش له پیادەڕەوەکاندا هاوتەریب لەگەڵیان دەڕویشتن و وەڵامیان دەداوە: "میللەت فیدای پاسدار!" ئەم دیمەنه ئەو ترس و مەترسییەی که له کاتی هاتنەوەی خومەینیدا هەستم پێ کردبوو، زیندوو کردەوە. رۆژی پێکهێنانی سوپای پاسدارانی ئیسلامی بوو. لەبەر خۆمەوە گوتم لەمرۆ بەولاوە له تاران نامێنم. هەر ئەو شەوە له ماڵ دۆستێکدا میوان بووم. چەند کەس له هاوکارانی کۆنی تلەڤزیۆنیش لەوێ بوون. له کاتی شۆڕشدا هەرکام چەک و چۆڵێکیان وە دەست کەوتبوو. پرسیاریان به من کرد که ئەو چەکانه چ لێ بکەن که نەبێته بەڵای گیانیان. نەشیاندەویست بیدەنه کۆمیته. من لێم ئەستاندن. تفەنگێکی ژ٣ و دوو دەمانچه بوون. تفەنگەکەم لێک هەڵوەشاندەوە و هەمووم له جانتایەک نا و گوتم من دەیبەم. رۆژی دوایه سواری پاس بووم و چوومەوە سنه. تارانم نەدیتەوە. ئۆقرەم له شارێکدا نەدەگرت پاسداری تێدا با.*

شەڕی سەربازخانەی سنەش داخ له دڵییەک بوو که به درێژایی مێژوو له دڵی خەڵکدا کۆ ببووەوە. ئەمه سەرەتای پێکهاتنی قەڵیشێک بوو له نێوان کوردستان و

باقی بەشەکانی ئێراندا بە سەرکردەیی مەلاکان و زنجیرە ڕووداوەێکی بە دووی خۆیدا هێنا کە گەییشتە ڕادەی ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی گەلی کورد لەلایەن خومەینییەوە. بە کورتی ئەم ڕووداوانە ئەمانەن:

- ٥٨/٢/٧(٧٩) شەڕی نەغەدە: حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و زەهیرنەژاد فەرماندەی ئەرتەشی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پیلانیان دانابوو کە متینگی قاسملو بۆ کورد بکەن بە بیانوو و کورد و تورک بە گژی یەکدا بکەن و بەو بیانووە ئەرتەشەکەیان بهێننە شەقامەکان. نەیاندەویست حدکا لەوێ چالاکی هەبێ. دوای شەڕ و پێکدادان، ئەرتەش بە پشتیوانی تورکەکان هاتە نێو شەڕەکەوە. حەفتا تەرم درایە کۆمیتەی تالەقانی. چوارده هەزار کەس ئاوارە بوون.

-٥٨ /٣/٢٠(٧٩) کۆنفرانسی خودموختاریی ئیسلامی لەلایەن مفتیزادەوە لە سنە دەگیرێ، چەند مەلا و لایەنگری خۆی نەبێ کەس بەشداری ناکا.

- ٥٨/٣/٢٩(٧٩) مەلا حەسەنی ٢٠٠ قەبزە چەک لە نێو ئاغاکانی مەنگوڕدا دابەش دەکا. چەمران نوێنەری خومەینی بۆ شەڕی کوردستان، لە نێو ئاغاکانی تیلەکۆ و مەریواندا چەک بڵاو دەکاتەوە. ئاغاکان داوای مالکانەیان دەکرد، تەنانەت مالکانەی ساڵانی ڕابردووشیان دەویست. ئەوانیش لە داوی درووەکانی مەلاکان کەوتبوون.

- ٥٨/٤/٤(٧٩) ئاغاکان هێرش دەکەنە سەر گوندی تازەقەڵا لە ناوچەی پیرانشار. دەکەونە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە و ٦ ئاغا دەکوژرێ. ٢٠یان چەک دەکرێن و باقییەکەیان هەڵدێن و دەبن بە جاش. لەم شەڕەدا تەنیا حدکا بەشدار دەبێت. هەر لەو سەردەمەدا لە باشوور کۆمەڵە و فیدایی لەگەڵ ئاغاکانی تیلەکۆ شەڕ دەکەن.

- ٥٨/٤/٢٣(٧٩) یەکێتیی جووتیاران خۆپێشاندان دژی ڕاگەیاندنەکانی ڕادیۆ و تلەڤزیۆن دەکەن. یەکێتیی نیشتمانی بەشدارە کە لە سەرەتای

شۆڕشــەوە لــە جموجوڵەکانــدا خــۆی تێکــەڵ کردبــوو. دەوری مەقــەڕی مفتیزادەییــەکان دەدەن و دروشــمی دەرکردنــی قیــادەی مــوقەتیش دەدرێ. دەیانــەوێ بنکەکــە چــەک کــەن. ئــەوانیش دەســت دەکەنــەوە و دوو کــەس دەکوژن و یەکێکییش بریندار دەبێ. لە ئاکامدا بنکەکە دەگیرێ. نۆ نەفـەری نێو بنکەکە دەکوژرێن، بەڵام کەسی قیادەی تێیدا نابێت.

- ٥٨/٤/٣(٧٩) لە بازگەی بەردەم سەربازخانەی مەریواندا چەند کەس لە حێزب و یەکیەتیی جووتیاران دەگیرێن و زیندانی دەکرێن. بە پێشنیاری یـەکێتیی جووتیـاران خـەڵک لـە شار دەچنـە دەرێ و لـە دێهاتـەکانی دەوری مەریواندا دەبنە میوان. ڕاگەیاندنەکانی ئێران تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی دژی شۆڕش و بەکرێگیراوانی بێگانە.

- ٥٨/٥/ ٤(٧٩) خــەڵکی کامیــاران لــەســەر ڕێگــای نــاردنی تانکــەکانی ئەرتەش دادەنیشن و ڕێگای مـەریوانیان لێ دەگرن. فەرماندەی یـەکێک لـە تانکەکان کە سنەیی دەبێ تانکەکەی تەسلیمی هێزەکانی دێمـۆکرات دەکا. غەنی بلوریان کە ئەودەم ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا بوو، بە پەلە پـەیام دەدا کـە دەبــێ تانکەکــەیان بدەنــەوە. ئەرتەشــەکە دەگەڕێتــەوە کرماشــان. فەرماندەی تانکەکەش دادگایی دەکرێ و دەر دەکرێ. جاری دووهەم دیسان خـەڵک لـەنێو جـادەدا مـان دەگـرن و یـازدە ڕۆژ ستوونی ئەرتـەش لـە دەوری کامیـاران رادەگـرن. ڕێکخـراوە سیاسییەکان بـە خـەڵک دەڵـێن بچنـەوە مـاڵ و جادە بە جـێ بێڵن، ئێمـە نیگاوانی دەدەیـن. هـەر یەکـەم شـەو ستوون بـە نێو کامیاراندا و لـە بـەرچاو پێشـمەرگەکانەوە تێدەپـەڕێ و کەسیان نـاوێرێ خـۆی تێگەیەنێ.

- ٥٨/٥/٥(٧٩) خەڵکی سنە و سەقز و بانە بە پشتیوانیی خـەڵکی مـەریوان لـەم شـارانەوە بـەرەو مـەریوان ڕێپێـوان دەکـەن. جێگـای سـەرنجە لـەم کاتـەدا شێخ عـزەدین لـە بەیانێکـدا داوا لـە ئیمـام دەکـا بـەزەیی بـە خـەڵکدا بێتـەوە و خوازیاری سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییە.

- ٥٨/٥/٨(٧٩) تـاران دیسـان هەیئـەتێک بـە سەرپەرسـتیی لاهـوتی و چەمران دەنێرێ. فواد موستەفا سوڵتانی و فاتێح شێخ ئیسلامی (کوڕی ئیمام جومعەی مەریوان و ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی کۆمەڵە) بەرپرسی دەفتـەری مامۆسـتا، لـەم وتـووێژەدا بەشـدار دەبـن. زیندانییـەکان ئـازاد دەکـرێن. لـە ٥٨/٥/١٣ ئەو رۆژە کە خەڵکی سنە دەگەنە مەریوان مانگرتنەکە تـەواو دەبێ و خەڵک دەگەڕێتەوە نێو شار.

- ١٢ی گـەلاوێژ هـەڵبژاردن بـۆ مەجلیسی خوبرەگان. دوکتـور قاسـملو لـە ئازەربایجانی رۆژئاوا هەڵـدەبژێـردرێ. بـەڵام بـۆ تـاران نـاچێ. چـونکە رۆژێـک پێش کرانەوەی مەجلیسی خوبرەگان، خومەینی حدکا حەرام دەکا و قاسملو و شێخ عزەدین بە "مفسدفیالارض" ناو دەبا.

- شەڕی پاوە: دارودەستەی سالار جاف دێنە دەوروبەری پاوە، ئەمە دەبێتە بیانوو کە لە کرماشانەوە پاسدار بنێردرێتە پاوە. خـەڵک لـە شار دەچنـە دەرێ و لە قۆری قەڵا مان دەگرن. داوای پێکهاتنی شـەورای شار دەکـەن. هەیئـەت لەکرماشانەوە دەێ، بەڵام هیچ ناکەن.

- ٥٨/٥/٢٤(٧٩) شـەڕ لـە پـاوە دەسـت پـێ دەکـا. بەشـێکی زۆر لـە شـار دەکەوێتـە دەسـت هێـزە کوردەکـان. فرۆکەیـەک و دوو باڵـەفڕی شـەڕ بـەر دەبنـەوە. چـەمران فەرمانـدەی هێزەکـانی پاسـدار لـە مەقـەڕی ژاندارمریـدا گەمارۆ دەدرێ

- ٥٨/٥/٢٨(٧٩) چەمران بە رەمزێک ئەو شکستە بۆ خومـەینی دەنێـرێ و ئەویش جیهاد بە دژی کورد رادەگەیەنێ. (کارێک کە نە بە دژی رژیمـی شا کـردی و نـە دواتـریش بـە دژی سـەدام) لـە هـەموو لایەکەوە هێـزی سـەر بە مەلاکـان خۆیـان دەگەیەننـە پـاوە. کـورد لەبـەر نـەبوونی فەرمانـدەیی و یەکگرتوویی پاشەکشە دەکەن. شەڕی سێ مانگە بەرپا دەبێ.

# شەڕی سێ مانگە

*کاتێک ئیزنی فەرمانڕوایی بە راستەقینەیەکی میتۆلۆژیایی دەدەین، - کارێک کە لە کاتی شەڕدا دەیکەین- تەنیا یەک ڕێگاچارە هەیە: داسەپاندنی دەسەڵات. لە شەڕی چیرۆکی پاڵەوانیدا، ئێمە بەرانبەر ڕەها و بێسنوور (مطلق) شەڕ دەکەین. ئێمە دەبێ بەسەر تاریکیدا کە نەزانینە زاڵ بین. بۆ شارستانیەتی و بۆ دنیای ئازاد، پێویستە چاکە سەرکەوێ، هەر بەو شێوە کە چالاکوانە ئیسلامییەکان ئێمە بە کافر دەزانن و بوونی ئێمە ئەو کۆمەڵە ئیسلامییە بێخەوشەی ئەوان ئارەزووی دەکەن، گڵاو دەکا و تێک دەدا.**

شەڕی سێ مانگە بە کوشتار دەستی پێ کرد.٢٩- ٥٨/٥/٢٨ خەڵخاڵی لە پاوەدا بەڕیز١٢کەس حەوت کەسی ئێعدام کرد.

٥٨/٥/٢٨ فەرمانی هێرش بۆ سەر سنە بە بیانووی بە بارمتەگرتنی ژنانی موسڵمان لەلایەن خومەینییەوە دەرچوو. ئەو هەواڵە درۆیە لەلایەن دەفتەری موفتیزادەوە دەر چووبوو. کۆمەڵە و فیدایی لە بەیانێکدا داوای خۆڕاگرییان لە خەڵک کرد و خۆشیان تێیانتەقاند و هەڵاتن و شاریان بە بێ تەقە بەجێ هێشت. مفتیزادە لایەنگرەکانی بۆ ناساندن و بەگرتندانی لاوەکانی سنە، ناردە یارمەتیدانی داگیرکران.

٥/٣١ /٥٨ (٧٩) هێرش بۆ زانکۆی تاران و ڕێپێوان بە دژی کوردستان.

٦/٣ /٥٨ (٧٩) نۆ کەس لە مەریوان ئێعدام کران.

---

*«شەڕ ئەو هێزەی مانامان پێ دەدا» کریس هێجێز. وەرگێڕان: پەرویز شەفا و ناسر زەراعەتی.

۶/۴/ ۵۸(۷۹) لـه سـەقز پێشـمەرگە بـەرەنگاری هێزەکـانی حوکوومـەت دەبنەوە، بەڵام زۆر ناخایەنی شار داگیر دەکرێ.
سـەربازخانەی سەردەشـت بە بێ تەقە لەلایـەن حـدکا و کۆمەڵـەوە چـەک دەکرێ.
۵۸/۶/۵(۷۹) ئێعدامی ۱۱کەس لە سنە.
بڵاوبوونـەوەی وێنـەکانی ئـەم ئێعدامانـە لـە هـەموو رۆژنامـە گـەورەکانی دنیـادا لایەنگریی رووناکبیر و سیاسییەکانی دنیای بۆ پشتیوانی کورد راکێشا، بەڵام کورد نـەیتوانی لـەو هەلـە کـەڵک وەرگـرێ و پەیوەنـدی لەگـەڵ ناوەنـدە راگەیاندنـەکانی دنیا بگرێ و کێشەکەی بکاتە نێونەتەوەیی.
۶/۶/ ۵۸(۷۹) ئێعدامی ۲۰کەس لە سەقز.
۶/۱۲/ ۵۸(۷۹) مەهاباد لە لایەن ئەرتەش و پاسدارەوە داگیر کرا.
۵۸/۶/۱۳(۷۹) بانە پاش ۷ سەعات بـەرگری لـە لایـەن هێـزی ئەرتەشـەوە داگیر کرا.

فەرمانی جیهادی خومەینی، دەنگی خۆی نەبوو، فەرمانی مێژوو بـوو. مێژوویـەک کـە پـڕە لـە راهێنـانی ئـەو خەڵکـە بـە ناسـیونال- شـوینیزمی ئێرانـی و شـێعەگەری ئەوپەڕگر و پیرۆزکردنی یەکپارچەیی نیشتمانی. ئەمە بووەتە کولتورێک کە زۆر لە خومەینی و مەلاکان بەهێزترە. کولتورێک کە وەها چووەتـە ناخیانـەوە کە تەنانـەت ئێستاش ئەگەر باس لە کورد و خودموختاری و فێدراڵی و شتی لەم بابەتە بکـەی، (سەربەخۆیی هەرهیچ) ئەوە هەرە پێشکەوتووەکانیان کە یەک مست خاکیشی لـەو وڵاتـەدا نـەماوە و دەرکـراوە، دەمـاری ملـی ئەسـتوور دەبـێ و بـە خائێنـت دادەنـێ. کولتورێک کە لە ئەمریکاش سفرەی نەزری عەلیئەکبەر دادەخـا و لـە نیۆیـۆرک و گوتنبرگ لە رۆژی عاشووورادا سینەکوت دێنێتە سەر شەقام.
خـەڵک لـە کرماشـانەوە دەفـرە ئاویـان هـەڵگرتبوو، سـواری تاکسـی بـار ببـوون و ئاویان بۆ کەربەلای پاوە دەبرد. کەسی وا هـەبوو کـە نەیپـەرژابوو جلـەکانی بگـۆڕێ بـە کەوشـی سـەرپایی و پیجامـەوە بـۆ شـەڕ هـاتبوو، نـەکا تـەواو بـێ و بەرەکـەتی جـەهادی وەبـەر نەکـەوێ. رێکخـراوە بـەناو سەرانسـەرییەکانی "خـەڵک!!" بێـدەنگ

ببوون. کەس نەوێرا باسیشی بکا. هێزەکانی جێگیر لە کوردستان سێ ڕۆژە خۆیان گەیاندە "بێژوێ" لە سنووری کوردستانی عێراق و لە دۆڵی ئەحزاب خزانە ژێر داڵدەی یەکێتیی نیشتمانی. ئەو هەموو چەکلەشانەی کە بەیانی هەتا ئێواریێ لە نێو شەقامەکانی شاردا باڵیان پان دەکردەوە، لە پڕ ون ببوون. بە گوتەی سنەیی "پەپوو دەیخوێند" جەنابی چەمران فەرماندەی هێزەکانی سەرکوتکەر بە نێو کوردستاندا تەراتێنی دەکرد و کەس نەبوو دوو فیشەکی پێوە نێ. کوشتاری خەڵکانی گوندەکانی قارنە و قەلاتان ۵۸/۶/۱۱ (۷۹)و قەلاچۆی بێ بەزییانەی ۶۴کەس لە خەڵکی هەژار و بێچەکی ئەم گوندانە، دوو لاپەڕە بەیان نەبێ هیچ دژکردەوەیەکی لە لایەن هێزەکانی کوردەوە نەبوو.

"شێخ خەڵخاڵی"ی جەلادی خومەینی شار بە شار دەڕویشت و هەرکەسی وەبەر لەپ کەوتبا دەیدا تیربارانی کەن. وێنەی یەکەم گرووپی تیربارانکراوی سنە سەربەرگی ڕۆژنامەکانی دنیای گرت و جگە لە ڕێبەرەکانی کورد، هەموو زانیان ئەو دەسەڵاتە کە لە ئێران خەریکە خۆی دادەمەزرێنێ، بەری چ دارێکە. دیارە ئەم شێوە، "تۆقاندن و ترساندنی خەڵکە بە ناوی تاکە جەلادێکەوە" هەتا بووە هەر هەبووە. دەسەڵاتە تازەکان دەبێ داولێکیان هەبێ پێشانی خەڵکی بدەن و پێیان بڵێن: یان نۆکەری بۆ ئێمە، یان پەتی دار. "نان یا ئازادی" ئەمە بە ئەندازەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە. نەیاندەزانی لایەکی دیکەی ئەم کردەوانە پێکهێنانی رق و تووڕەیی خەڵکە. هەر ئەو تووڕەییە کە شای لابرد و ئەوانی هێنا. ئەگەر مێژوو دەرسی لێ وەرگیرابا، مرۆڤ هەڵەکانی دووپاتە نەدەکردەوە.

*لە شەڕی سێ مانگە من لە شاری سنەدا مامەوە و هەر شەو لە ماڵێک دەبووم. شەوێک دوو سێ پیرەمێرد هاتنە لام و گوتیان: کاکە بۆ ئێمەی کورسانی فرە شۆڕەیی بوو پاسدار بە بێ تەقە شارەکەمانی گرت. دیارە دواتر لە شەڕی بەهاردا بەتەواوی قەرەبوو کرایەوە.*

لێرە نامەوێ هەڵە و بێسەروبەرەیی هێزەکانی هەر دوولا (چ رژێم و چ ئۆپۆزیسیۆن) باس بکەم یان چۆنیەتیی ئەو ڕووداوانە بە وردی بگێڕمەوە، - ئەوە کاری مێژوونووسانە- تەنیا دەڵێم ئاخۆ دەسەڵاتی تازەی تاران دەبوا چیتری کردبا

لینکی کتێبخانەی کوردستانی سوور
https://t.me/Red_Kurdistan_Library

تا ڕێکخراوەکانی کوردستان تێ گەییشتبان ئەوانە ئەهلی ئاشتی و ڕێککەوتن نین. لە هەموو ئەو مانگانەدا کورد هیچیان نەکردبوو جگە لە داوای وتوویژ و دانی گەلاڵەی شەش مادە و هەشت مادەی خودموختاری و ڕێکخستنی چەند خۆپێشاندانێک.

گەلاڵەی شەش ماددەیی پێشنیاری حدکا و هەشت ماددەیی پێشنیاری کۆمەڵە بوو کە لە لایەن حزبیشەوە دوکتور قاسملو و غەنی بلوریان واژوویان کردبوو.

شەش ماددەی حدکا (شەش ماددەی سەرەتایی کۆمەڵەش هەر وەکوو حدکا بوو)

١- گەلی کورد لە چوارچێوەی سەربەخۆیی و تەواوەتیی خاکی وڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بە شێوەی خودموختاری وەربگرێ و ئەم مافانە لە "موتەمم"ی قانوونی ئەساسیدا بگونجێندرێ.

٢- چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تاریخی و جوغرافیایی و ئابووری و ویستی زۆربەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەک دیاری بکرێ.

٣- کوردستانی خودموختار شەورایەکی سەرانسەری لە هەڵبژاردنێکی ئازاد، نهێنی، ڕاستەوخۆ و گشتیدا هەڵبژێرێ.

٤- شەورای سەرانسەریی کورستان هەیئەتی ئیجرایی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری، فەرهەنگی، ئیداری و ئینتزامی هەڵبژێرێ.

٥- زمانی کوردی لە سەرزەوینی خودموختاری کوردستاندا بۆ نامەنووسینی نێوان ئیدارەکان و خوێندن لە تەنیشت زمانی فارسیدا بە ڕەسمی بناسرێ.

٦- هەموو کاروباری نێوخۆیی چ ئیداری و چ ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئینتزامی بە ئۆرگانەکانی ناوچەی خودموختار بسپێردرێ.

دوو ماددەی زیادکراوی پێشنیاری کۆمەڵە:

مادەی ٧- شێخ عزەدین وەکوو ڕێبەری قەومی کورد دەناسێ.

مادەی ٨ داوای دەرکردنی قیادە لە ئێران دەکا.

(دژایەتیی نێوخۆ بەس نەبوو هیی دەرەوەشیان دروست کرد. دژایەتیی قیادە لەژێر کارتێکەریی یەکێتیی نیشتمانیدا بوو کە ئەو کاتە لە نێو ئێراندا بوون و دژایەتییە کۆنەکەی خۆشیان لەگەڵ قیادە موەقەتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق زیندوو کردبووەوە و لە ڕێگای هێزی کوردیی ئێرانەوە مەبەستەکەیان دەبردە پێشەوە و داوای دەرکردنی قیادەیان دەکرد کە ئەو کاتە لە ئێران پەنابەر بوون. کوردی ئێمەش نەیاندەزانی ڕۆژێک دەبنە میوانیان و ئەو ٨ مادەیەش لە بەڵگەکانیاندا دەسڕنەوە. بیر کەینەوە ئەگەر ئێستا خەڵکی کوردستانی باشوور داوا بکەن هێزەکانی کوردی ڕۆژهەلات دەبێ دەرکرێن. ئاخۆ چ بیر دەکەینەوە؟ دژایەتییەکان بەمە دوایی نەهات. کاتێک تەرمی مەلا مستەفا بارزانی کە لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردبوو، هێنرایەوە و دەیانەویست لە شاری مەهابادەوە بە ڕێی کەن، کۆمەڵە و دیموکرات دژ راوەستان. دواتر دیموکرات گوتیان ئێمە دەترساین کۆمەڵەکان بێحورمەتی بکەن و ئێمە نەتوانین بەرگری بکەین. بۆیە پەسندمان نەکرد. بەڵام ئەوان دەیانتوانی خۆیان لە بەڕێکردنەکەدا بەشداری بکەن. هەرچۆنێک بێ خەڵک گوێیان بۆ هیچکامیان شل نەکرد و بەشدارییان کرد. ئەمە زەمینەخۆشکەری پیلانی دوواتری سوپای پاسداران بوو. ئەوان بە دەرهێنانی تەرمی بارزانی لە گلکۆکەی و بڵاوکردنەوەی دەنگۆ کە گوایە حدکا ئەو کارەی کردووە، بارزانییەکانیان تووڕە کرد و ئاوری شەڕی نێوان دیمۆکراتی ئێران و دیمۆکراتی عێراقیان هەڵگیرساند. لەم شەڕانەدا جار جار یەکێتیی نیشتمانیش پاڵپشتی لە حدکا دەکرد. بە هۆی ئەم شەڕ و ناکۆکییەوە حدکا زەرەری زۆری لێ کەوت. هێشتاش پاش ئەو هەموو ساڵە وێنە و گوتار سەبارەت بە دوکتور قاسملو لە کوردستانی باشووردا نابیندرێ و نابیسترێ. چونکە حدکا گەرچی لە گوتاری رادیوییدا ئێدانەی ئەو کارەی کردووە، بەڵام هیچ کات لە پلێنۆم یا کۆنگرەیەکی حیزبیدا رەسمییەتی بەو ئێدانەکردنە نەداوە. چاوەڕوانییەک کە پارتی بە حەق هەیبووە.

کردەوەیەکی دیکەش کە نێوان ناخۆشییەکەی قووڵتر کردەوە. نێوبژێکردنی قاسملو لە نێوان یەکێتی و رژیمی سەدام لە ساڵی ١٩٨٤دا بوو. بۆ ڕێخۆشکردنی ئەم وتوویژە یەکێتی لە شەوهێرشێکدا بۆ سەر مەقەڕەکانی پارتی و شیوعی کە لە

تەنیشت یەک بوون، بە سەدان کەسی لێ کوشتن. حدکا هیچ کات ئەم کردەوەی ئیدانە نەکرد.

لە سەرەتاوە بە نۆبە قاسملو. شێخ عزەدین، شیخ جەلال، مفتیزادە (کە هی خۆیان بوو) چوونە خزمەت ئاغای خومەینی داوای بەشی خوراوی کوردیان کرد. بۆ؟ خۆ هێشتا خومەینی هەر هیچ نەبوو. نە پارلێمانی هەبوو، نە یاسا دانرابوو، نە دەوڵەت جێگیر ببوو. دەستەیەک مەلا هاتبوون وڵاتیان کردبوو بە هی خۆیان. بۆ دەبوا ئەوان بەشی ئێمە بدەن؟ (لە هەموو بەیانەکانی هەموو هێزەکانی کورددا، بە شەورای سنەشەوە. لە بیریان ناچێ کە نێوی "ئایەتوللاهولعوزما حەزرەت ئیمام خومەینی" بەرن و جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە خومەینی و دەوڵەتی بازرگان دووپات نەکەنەوە. (تەنانەت لە پێشەکیی بەرنامەی ٨ مادەییشدا) ئەگەر هەر لەو سەرەتایەدا ئێمەی کورد لە مانگی یەکی ٥٨دا کە ریفراندۆمی جمهوریی ئیسلامی (ئەرێ یا نە) مان تەحریم کرد و بە راست و یاساییمان نەزانی، بۆ دوایە دەمانەوێ بچینە مەجلێسی خوبرەگانی هەر ئەو رژیمە. یان دواتر ئاغای رەجەوی دەکەینە کاندیدای خۆمان بۆ سەرۆک کۆمار؟ (رەجەوی لە لایەن هەردووک هێزە کوردییەکەوە، حدکا و کۆمەڵە وەکوو کاندید پشتیوانیی لێ کرا. چونکە ئەو گوتبووی دەکرێ باسی خودموختاری بکەین.) بۆ ئێمە خۆمان دەستمان بە بەشەکەمانەوە نەگرت کە شۆڕش بۆی دابین کردبووین؟ ئەو خەڵکە راپەڕیوە چیتری لە دەست دەهات کە بیکا و نەیکرد؟ چتان داوا لێ کرد و نەیکرد. چەندتان کەڵک لەو هەستە شۆڕشگێڕانەی خەڵک وەرگرت؟ جگە لەوە کە بیانبەن بۆ شەڕی بێ ئاکام و ماندوویان بکەن و دڵسەردیان بکەنەوە و دوایەش بەشێکی زۆریان خەڵاتی جاشیەتی وەرگرن. دەگەڕێمەوە سەر ئەم باسە.

لە پێشدا با بزانین هێزەکانی کوردستان لەو ساڵانەدا کامانە بوون و لە چ شێوەیەک بوون، هەتا بزانین بۆ لە باتی ئەوە هەر بە مەلاکان بڵێن خودموختاری رابگەیەنە، خۆیان رایان نەگەیاند؟

لە پێشدا روانینێکی گشتی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە بێ گومان کاری دەکردە سەر کوردستانیش.

ئەوانـەی لـە دەورانـی دەسـەڵاتی شـادا بـە ئۆپۆزیسـیون ناسـرابوون و میللیگـرا (ناسیۆنالیستی ئێرانی- بـەرەی میللی) بـوون، هـەموو چوونـە پاڵ خومـەینی و بوونـە کاربەدەستی ئـەو، هـەتا نۆبـەیان بگـا و سـەریان پـان بکەنـەوە. دەمێنێتـەوە هێـزی چەپ. لە هەموو ساڵانی خەبات بە دژی رژیمی شادا چەپی ئێران بە گشتی دوو دروشمی زیاتر نەبوو: خەبات دژی دیکتاتۆری شا و دژی ئیمپریالیسم. خومـەینی هەردووک دروشمەکەی کرد بە موڵکی خۆی. یەکەم کەس بوو گوتی، شا دەبێ بـڕوا. قسـەکەی هاتـە دی. ئەمریکاشـی بـە شـەیتانی گـەورە نـاو بـرد و سـووتاندنی ئاڵای ئەمریکا بوو بە داب. دواتر باڵوێزخانەی ئەمریکاشیان داگیرکرد و ناویان نا، هێلانەی جاسووسی. زۆری پێ نەچوو، ئاڵای سۆڤیەتیشیان لە پاڵ ئاڵای ئـەمریکادا خستە ژێرپـێ. ئـەوەش بەشـی ئەوانـە کـە سـۆڤیەتیان بـە سوسـیال ئەمپریالیسـت دەزانی. حیزبی توودەش کە پاش سیوپێنج ساڵ تازە لـە سۆڤیەت گـەڕابووەوە و بـە هیوای خەباتی دژی ئەمپریالیستی لە ژێر عابای خومەینیدا بوو، هیـوای بـڕا. چـەپ نەیـدەزانی چ بکـا و دروشـمی سـتراتێژیکی دەبـێ چ بـێ. پێشـتر بیـری لێـی نەکردبووەوە و هێشتا زوو بوو بەرۆکی رژیمی تازە بگرێ. نە یاسا پەسند کرابوو و نە پارلمان هەبوو. لە خۆپێشاندانەکانی چەپدا داخوازیی رۆژانـە دەبـوو بـە دروشـم. چـەپ ئـەو هێـزەی نـەبوو بتوانێ ببێ بـە شـەریکی حوکوومـەت و لـە هـەڵبژاردنی "پارلمـانی یاسـای ئەساسـیدا" خـۆی بەشـدار بکـا. موجاهێـدەکانیش کـە هێزێکـی بـەرچاویان هـەبوو، بە تەمـا بـوون خومـەینی بەشـیان بـدا. نـەک بچـن بەشـەکەیان بستێنن. هیوایان ئـەوە بـوو کـە مـەلاکانی لایـەنگریان وەکوو تاڵـەقانی و مونتـەزێری کارێکیان بۆ بکەن. ئەوانیش کە گەییشتە ئەو رادەیە کە دەبوا لـەنێوان خومـەینی و موجاهێددا یـەکێکیان هـەڵبژێرن، خومـەینییان هـەڵبژارد. دیـارە خـومەینی هـەر لـە سـەرەتاوە نیشـانی دا کـە پـاوانخوازێکی تـەواوە و کـەس ناکاتـە شـەریکی خـۆی. تەنانـەت ئەوانـەش کـە هـەر لـە سـەرەتاوە و لـە فەرانسـەوە لەگـەڵی هـاتبوون و حوکوومەتەکەیان بۆ دامەزراندبوو. یەک بە یـەک بـە بیانوویـەک و بـە شـێوەیەک، کوشتیانی و لە نێوی بردن.

رێکخـراوی هـەرە گـەورەی چـەپ فیداییـەکان بـوون و خـەڵکێک (زیـاتر خوێنـدەوارەکان) هیوایـان پێـی بـوو. ئـەم رێکخـراوەش هـەتا شـەڕی بـەهاری ٥٩

(۸۰م) لـه کوردسـتان چـالاک بـوو و لـه شـەڕەکاندا بەشـداریی دەکـرد و لـه سـنه پێگـەی باشـی هـەبوو. بـەڵام لـه هـاوینی ۵۹ بـەولاوە لـه هەڵوەشـاندنەوەدا بـوو. بەشێکیان کە دواتر خۆیان بە ئەکسەرییەت (زۆربە) ناساند بەرەو حیزبی تـوودە و لایـەنگری لـه حوکوومـەتی خومـەینی ڕۆیشـتن. ئـەویان بـه پاڵـەوانی دژی ئـەمریکا دەزانی و بەپێی سیاسەتی ئەورۆژەی سۆڤیەت هەرکەس دژی ئـەمریکا بـا گـەرچی مرۆڤکوژ و دژی گەلیش با، ئەوە دۆستی سوسیالیزمە و دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێ. ئـەوانیش گوێلەمسـتی ئـەم سیاسـەتە بـوون. بەشـێکی تـر کـە هێشـتا هـەر لەسـەر ڕێبـازی بنیاتنـەرانی سـازمان بـوون و شـەڕی چەکـداریی هـەم سـتراتژی و هـەم تاکتیکییان پەسەند بوو، ڕۆیشتن لە باکووری ئێران وەکوو ساڵی ۴۹ (۷۰) بنکـە لـە کوێسـتان دابنـێن و شـەڕی چریکـی بکـەن. خـەڵک هـەر هـەموویانیان گـرت و بـە کوشتیان دان. ئەم جارەش هەڵەی کۆن دووپات بووەوە. نەهاتنە کوردستان کە پـڕ بوو لە چەک و چەکدار، دەتگوت کوردستان بۆ ئەوان بـە ئێـران لـە قەڵـەم نادرێ. نەیانزانی خەڵکی شێعە مەلا بەر نادا بۆ ئەوان. دەستەی سێهەم کە بـە ئەقلییـەت (کەمینە) ناویان دەرچوو دەیانەویست شانەی سوور لە نێو کرێکاراندا دابمەزرێنن و شانەی نیزامی (هستەهای رزمی) ڕێک بخەن و ئەوجا شۆڕشی چەکداری بکەن. ئـەوە ئێسـتاش هـەر خـەریکن و هێشـتا ئـەم شـانە سـوورانە سـاز نـەکراون. دواتـر گەلێک بەشی دیکـە لـە هـەرکام لـەم سێ بەشـە سـەرەکییە جیـا بوونـەوە و پارچـە پارچە بوون.

*ڕۆژێـک لـە سـەرەتای شۆڕشـدا لـە بەرهـەیوانی مەقـەڕی سازمانی فیـدایی کـە ئـەودەم لـە خیابـانی مەیکـەدەی تـاران بـوو، یـازدە نەفـەر لـە هـەواڵانی زینـدان ڕاوەستابووین. هەمووش لایەنگر و ئەنـدامی فیـدایی. یـەکێک لـە کۆنـە ئەندامـەکان بە سرتە بە منی گوت: ئەمانە دەبینی، هەرکامیان سازمانێک دروست دەکەن.*

یەک دوو ساڵ دوایە قسەکەی بە تەواوی هاتە دی. بنەمای جیاوازییەکان هەر لـە زیندانـەوە دانرابـوو. بـێ بەرنامـەیی و نـەبوونی لێکدانـەوەی دروسـت لـە پـاش شۆڕشـدا کارەکـەی یـەکلایی کـردەوە. هـەرچۆنێک بـێ، تـاقمێکی چکۆلـەی لـە کوردسـتان مـابووەوە کـە زۆربـەیان کـورد بـوون، بـەڵام وەکـوو هێزێکـی کـوردی

نەدەژمێردران و دەوریان لە خەباتی کوردستاندا نەبوو. سەیر ئەوەیە ئەمانە لە هەموو شوێنێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حدکادا نیشتەجێ دەبوون، بەڵام لە بۆچووندا لایەنگرییان لە کۆمەڵە دەکرد، چونکە کۆمەڵە خۆی بە کمۆنیست دەزانی و ئەمانیش بەم شێوە دەیانەویست نیشان بدەن کە کمۆنیستن.

ڕێکخراوی پەیکار (لە موجاهێد جیا ببووەوە و ڕێبازی مارکسیستی هەڵبژاردبوو) دۆست و هاوڕێبازی کۆمەڵە بوو، لایەنگرەکانیان سەروبەندێک لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا خولانەوە. لە تاران ڕێبەرەکانیان گیران و خۆیان هاتنە تلەڤزیۆن و هەلوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەیان ڕاگەیاند و ئەوانەی کوردستانیشیان چەند کەسێکیان چوونە ڕیزی کۆمەڵەوە و باقییەکەیان بڵاو بوونە و نەمان. هێندێ ڕێکخراوە چکۆلەی دیکەش هەبوون وەکوو ڕێگای کرێکار و یەکیەتیی کمۆنیستی و ... کە هیچیان بڕی خەباتی دژواریان نەکرد و لە ڕێباز و بۆچوونیشیاندا نەبوو لە کوردستان خۆ ماندوو بکەن. هەتا شارەکان ئازاد بوو و خەڵکی دیکە پاسەوانیی لێیان دەکرد ئەوە هەبوون و ڕۆژنامەیان بڵاو دەکردەوە. دواتر کەس نەیزانی بە کوێدا خۆیان ون کرد. دواتر لە بەشی دەرەوەی وڵاتدا سەریان دەدەینەوە.

ئەوەی ناوی بنێین (بە قسەی خۆیان)چەپی مارکسیستی* تەنیا کۆمەڵە مابوو .

بنیاتنەرانی کۆمەڵە گرووپێک بوون کە بەشێکیان لە کاتی ڕژیمی شادا چووبوونە زیندان و پەیرەوی ڕێبازی مائو بوون و ئێرانیان بە نیوەفئودال و نیوە موستەعمەرە دەزانی و دوای شۆڕشی ٥٧یش هەر بەپێی ئەو ڕێبازە یەکیەتیی جووتیارانیان لە مەریوان پێک هێنا و خۆیان بەوەوە خەریک کرد. پاش یەک دوو ساڵ بەو ئاکامە گەییشتن کە لە مێژە سەرمایەداری لە ئێراندا سەرکەوتووە و شێوەی فئودالی نەماوە و کار ناکا. یەکیەتیی جووتیارانیش خۆبەخۆ هەڵوەشایەوە. کۆمەڵە گەرچی هەموو هێزەکەی کورد بوون و پێگە و بنەوانی هێزەکانی لە کوردستان بوو، بەڵام خۆی بە ڕێبەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەموو ئێران دەزانی (ئەو نەخۆشییەی کە هەموو ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران هەیانبوو) بۆیە نەیتوانی وەکوو هێزێکی کوردی بێتە مەیدانی کردەوە. گەرچی هەر لە بەهاری ٥٨دا گەڵاڵەیەکی

---

* مارکسیسم زانیاریی چینی کرێکارە. وردە بوژوازی بەپێی بەرژەوەندیی چینایەتی خۆی بە شێوەیەک تێکی دەدا کە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و بێزاریی چینی کرێکار.

هەشت مادەیی بۆ خودموختاری کوردستان پێشنیار کرد و یەک دوو خۆپێشاندانی بە پشتیوانیی ئەو گەلاڵەیە لە سنە و مەریوان بە ڕێ خست کە پێشتر باسم کرد. بەڵام بە دوو هۆ نەگەییشتە هیچ کوێ. یەکەم دژایەتیکردنی قیادە. خەڵک نەیدەویست خۆی بخاتە گێژاوی دووبەرەکیی کوردی ئێران و عێراق و دژایەتیی بەرەکانی عێراق پێکەوە. دووهەم لەو ناوچەی کە کۆمەڵە زیاتر کاری تێدا کردبوو مفتیزادەیان هەر لە چەند مانگ پێش هەڵاتنی شاوە (کە هێشتا کۆمەڵە هەر لە ئاراشدا نەبوو) لەو ناوچە جێگیر کردبوو. ئەویش دەیگوت ئەوە خودموختارییەکە لە گیرفانمدایە. ئەگەر لەو کاتانەدا سنە و مەریوانت دیبا بە ڕواڵەت شار بە دەست کۆمەڵە و فیداییەوە بوو. بەڵام لە هەڵبژاردندا مفتیزادەییەکان دەیانبردەوە. ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە ئەو هەرا و بەزمەی نێو شەقام و کۆڵانەکان، منداڵ و لاوەکان بوون کە زۆربەی هەرە زۆریان لە خوارەوەی تەمەنی دەنگداندا بوون.

*یەکێک لە فیداییەکان دەیگێڕایەوە کە بابی دوو کەس لە ئەندامەکانیان هەموو ڕۆژێک لە مەقەڕەکەی ئەوان لە شاری سەقز دادەنیشت و جارجار چای بۆ لێ دەنان و ئەوانیش بە تەواوی بە لایەنگری خۆیانیان دەزانی. لە کاتی هەڵبژاردندا لێی دەپرسن: مامە دەنگت بە کێ دا؟ دەڵێ حیزبی دێمۆکرات. ڕاستە من ئێوەم زۆر خۆش دەوێ، بەڵام منداڵەورتکە کوا بۆ حوکوومەت دەبن!*

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، با شایەتێک لە نووسراوەکانی کۆمەڵە بخوێنینەوە. گەرچی خوێنێکی زۆر ڕژا هەتا ئەو ڕاستییە تێبگەن.

*"لێرە زۆربەی کرێکاران هێشتا خۆیان بە بەشێک لە یەک چین ناناسن. لە نێو کۆمەڵدا و لەنێو توێژەکانی کۆمەڵدا بڵاو بوونەتەوە و بۆ زۆربەیان ناسنامەی میللی، ئایینی، خۆجێیەیی و پیشەیی هێشتا بوونێکی زیندووتری لە زەینیاندا هەیە. لێرە چینی کرێکار لە بەرهەمهێنانی گەورەدا ڕێک نەخراوە و زۆربەی کێشەکانیان لەگەڵ کێشە گشتییەکانی کۆمەڵدا تێکەڵاوە و*

*کۆکردنەوەیان بە شێوەی چینێک تەنیا دەتوانێ ئاکامی کارکردی ئێمە بێ، یان گەشەکردنی سەرمایەداری.* *

ئەگەر سەرمایەداری گەشەی نەکردبێ، کوا چینی کرێکار بە دەستکرد دەبێتە چینی کۆمەڵایەتی و حیزبی خۆشی پێک دێنێ؟ دەکرێ بگوترێ چینێک نییە بەڵام حیزبەکەی نوێنەرایەتی دەکا؟ و بەناوی چینی کرێکارەوە هەموو هێزەکانی دیکە بە نوکەری سەرمایەداری ناو دەبا. ئەمە یانێ حیزبی ئێمە بە ڕێگای خۆیدا دەڕوا و خەڵکیش بە ڕێگایەکی تردا. ئەمە یانێ ئەو مارکسیسم و کارکردە کە لە سوودان و ئێتیوپیدا هەوڵی بۆ درا و هێندەی پێ نەچوو گەڕایەوە دۆخی جاران.

ئەمە نموونەیە بۆ ئەو کات و ساتەی کوردستان، بۆیە پێمان سەیر نەبێ ئەگەر حیزبی دێمۆکرات یان مفتیزادە دەنگ لە سازمانە چەپەکان زیاتر دێننەوە. دیارە هەر بەو پێیەش بەرپرسایەتییان زیاد دەکا و هەڵەکانیان زیاتر لەسەریان دەنووسرێ.

ڕۆژی ۵۷/۱۲/۱۱(۷۹) حیزبی دێمۆکرات ئاشکرابوونی خۆی لە متینگێکدا لە مهاباد ڕادەگەیەنێ.

یانێ بیست ڕۆژ دوای ڕوخانی ڕژیمی شا! ئەی پێشتر لە کوێ بوون؟ بە دوای جووڵانەوەی ۴۶دا (**کومیتەی انقلابی حزبی دیموکراتی کوردستان**) کە ئەوانیش زۆر لەسەر ڕێبازی ئەوکاتەی حدکا نەبوون، کەس ئاگای لە حیزب نەمابوو. هەر نەشدەزانرا ئاخۆ ماوە یان نا، ئەندامانی لە شارەکانی عێراق نیشتەجێ بوون. خۆیان دەڵێن لە زستانی ۵۷دا چەند کادریان ناردووەتەوە ناو ئێران کە "بە نهێنی" پەیوەندی لەگەڵ خەڵک بگرن. بەڵام هیچیان بۆ نەکراوە. خەڵک هەموو بە دروشمی "مەرگ بەر شا" لە سەر شەقامان بوون و ئەوان تازە کاری نهێنی دەست پێ دەکەن. بۆیە ئەم قسەی "مەلا عەبدوڵڵا ڕاستە کە دەنووسێ:

*شۆڕشی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت و حیزبی دیموکراتیش کە دەبوو لە جەرگەی خەبات و تێکۆشاندا بێ لە گوێی گادا نووستبوو. / زۆرم نەگوتووە ئەگەر بڵێم کاتێک*

---

*بەڵگەکانی کونگرەی ۷ ی کۆمەڵە لاپەڕەی ۴۸

*رژیمی شا روخا، لە راستیدا بەسەرماندا روخا، چونکە لە هیچ بارێکەوە خۆمان بۆ ئامادە نەکردبوو. کادری پێویستمان بۆ ئەو قۆناخە بۆ پەروەدە نەکردبوو کە هیچ هەر نەشمانبوو.* *

ئەمە هەر ئەوان نەبوون کە ئامادەییان نەبوو و شۆڕش بە سەریاندا روخا. ئەو رێکخراوانە کە دوای شۆڕش یان لە کاتی شۆڕشدا دروست بوون هەر هیچ، بەڵام فیدایی و توودە و موجاهێدیش هەر ئەو کەموکووڕییە ئازاری دەدان تا ئەو رادەیە کە باوەڕیان بە خۆیان نەبێ و هەر دەست بۆ داوێنی ئیمام درێژ بکەنەوە.

سەرەڕای ئەمەش خەڵکێکی زۆر روویان تێکرد. نەک لەبەر ئەوە کە زۆر باشیان دەناسی یان بەرنامەکەیان بە دڵ بوو، نا، تەنیا لەبەر ئەوە کە تەنیا حیزبی کوردی بوو. کورد بە گشتی دەیەویست خۆی پێناسە بکاتەوە و جگە لە حیزبی دێموکرات هیچکام لە رێکخراوەکان ئەو هەستە نەتەوایەتییەیان بە هەند نەدەگرت. هێنانی دروشمی خودموختاری لەلایەن حێزبەوە، لە هەلومەرجێکدا کە رێکخراوەکانی دیکە هیچ دروشمێکیان نەبوو، دۆزینەوەی ئامانجی خەبات بوو. بە وتەی مائو "دۆزینەوەی دروشمی سەرەکی خەبات، دۆزینەوەی ستراتێژییە". خودموختاری بوو بە دروشمی خەڵک و هێزە چەپەکانیش ملیان بۆ دانەواند و بوو بە هەڵسەنگاندنێک بۆ دێمۆکراسی. بوو بە رێباز و خەڵکی لە دەوری حێزب کۆ کردەوە. لە سەرەتادا کۆمەڵە و چەپەکانی دیکەش ئەم دروشمەیان پێ دواکەتوانە بوو. ئەوان بە هیوای سوسیالیزم بوون. بەڵام دواتر ویستیان بە هەڵگرتنی ئەم دروشمەش دەور لە دەستی حێزبی دێمۆکرات بستێنن، بەڵام درەنگ ببوو و ئەو دروشمە بە نێوی حێزب لە مێشکی خەڵکدا چەسپا بوو.

شەڕی نەغەدە و شەڕی ئاغاکان و چەکدارکردنی خەڵک بە چەکەکانی سەربازخانەی مەهاباد، حێزبی دێموکراتی بووژاندەوە تا ئەو رادەیە کە سکرتێری حێزب "دوکتور قاسملو" لە ئازەربایجانی رۆژئاوا (باکووری کوردستان. لە سەقزەوە

---

* نیو سەدە تێکۆشان عەبدولا حەسەنزادە ل١٤٨ -١٥٠

هەتا کامیاران بە ئوستانی کوردستان دەناسرا و هەڵبژاردنی تێدا نەکرا) دەنگی یەکەمی بۆ مەجلیسی خوبرەگان هێنایەوە.

هێزێکی دیکە کە دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین، "رزگاری"یە. دەزانین کە شێخ عوسمانی نەقشبەندی لە سەوڵاوای مەریوان قەسر و بارەگایەکی هەبوو و نێوانی لەگەڵ دەزگای شادا زۆر باش بوو. کە مەلاکان هاتنە سەردەور کوڕەکانی ناردە خزمەت ئیمام و ویستی پلە و پایەکەی راگرێ. مەلای شێعە و سۆفیی سوننی و کورد! دیارە پێکەوە ناکوڵێن و وەرنەگیران. بۆیە کورەکانی شێخ بە یارمەتیی عێراق دەروێشەکانیان چەکدار کرد و نێوی "سوپای رزگاری"یان بۆ هەڵبژارد و لە ئاخرەکانی شەڕی سێ مانگەدا لە ناوچەی مەریوان و هەورامان و سنەدا جموجۆڵی نیزامییان دەست پێ کرد. دواتر کە شێخ لە عێراقیش نەما و چووە تورکییە، ئەوانیش بڵاو بوونەوە. بەشێکیشیان لە لایەن کۆمەڵەوە چەک کران.

# وەرچەرخان

شەڕی سێ مانگە بەردەوام بوو، زۆری پێ نەچوو لاوەکانی شار کەوتنە ئازاردانی مەقەڕەکانی پاسدارەکان و شەوانە دینامیتیان دەخستە نێو حەوشەکانیان، تەنانەت ڕۆژێک لە سنە زیندانییەکیان هێنابوو بۆ دوکتوری ددان، خەڵک زیندانییەکەیان لێیان ئەستاند و بردیان. ئەم جۆرە کردەوانە بوو بە هۆی ئەوە کە هێزەکانی شاخیش پشوویەکیان وەبەر هاتەوە و کەوتنە جموجۆڵ.

٥٨/٧/٩ (٧٩) لە مەهاباد پێشمەرگە دەچنە نێو شار و تانکێک دەشکێنن.

٥٨/٧/١٣ (٧٩) خەڵکی کامیاران مان دەگرن و داوای ئازادیی زیندانییەکان دەکەن کە ڕۆژێک پێشتر گیراون.

٥٨/٧/١٤ (٧٩) لە مەهاباد خۆپێشاندان دەکرێ

٥٨/٧/١٦(٧٩) ستوونێکی نیزامی لە دەوروبەری ئاڵان تێک دەشکێندرێ.

١٦و٥٨/٧/١٧ (٧٩) "فروهەر" لەگەڵ "جەلال تاڵەبانی" لە سەردەشتدا وتووێژ دەکا.

٥٨/٧/١٩ (٧٩) وتووێژی هەیئەتی دەوڵەت لەگەڵ کورد بە بێ بەشداری حێزبی دێمۆکرات. ئەوان بە جیا کەسیان ناردبووە تاران. ٧ مادەیان پیشنیار کردبوو. یەکی بە ڕەسمی ناسینی خودموختارییە و باقییەکەی ڕاگرتنی شەڕ و بەردانی زیندانییەکان و نەبوونی پاسدار لە شارەکاندا و... (سیاسەتی ئەو کاتەی ڕێکخراوە سیاسییەکان ئەوە بوو کە حسابی ئەرتەش لە پاسدار جیا بکەنەوە و ئەگەر بکرێ ناکۆکییان لە نێواندا دروست بکەن. بۆیە لە هەموو شوێنێک هەر باسی لابردنی پاسدارە، دەتگوت ئەرتەش برای بابیانە و لە بیریان دەچوو هەر ئەو ئەرتەشەی پاشایەتییە کە ئێستا ردێنی دانـاوە. تەنانەت دەگوترێ: لابردنی پاسداری غەیرەکورد. یانێ پاسداری کورد دەتوانێ هەبێ. ئەمەش لە فکری قەبوڵکردنی حوکوومەتی ئیسلامییەوە دێ. کە لای کوردیش وەک ئەمری واقێعی لێ هاتووە.

لەولاشەوە، نەبوونی هاودەنگی و، پەرشوبڵاوی لەنێو هێزەکانی کوردستاندا، بە تایبەت لە وتووێژ لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتدا، دەسەڵاتدارانی تارانی تێگەیاند کە دەتوانن لەو ناکۆکییە کەڵک وەرگرن و بیانخەنە گیان یەکتری. جار دەڵێن خودموختاری دەدەین بە حدکا بەڵام ئەوانی دیکە چ لێ بکەین. وتەبێژی حێزب دەڵێ ئەوان لە ئەستۆی ئێمە. (بڕوانە ڕۆژنامەکانی ئەوکاتە و گوتەکانی وتەبێژی حدکا.)

قاسملو لە وتووێژی لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهان ٥٨/٨/١٩ دا دەڵێ:

*ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکرێ، کورد کە یەکێک لە بەهێزترین هێزەکانی نیزامین، دەتوانن لە ڕێبازی ئیمامدا و بە فەرمانی ئەو پاسداری ڕاستەقینەی شۆڕش بن.*

- ٧/٣ /٥٨(٧٩) خەڵکی مەهاباد هەڵمەت دەبەنە سەر ئۆتۆمۆبیلێکی پاسدارەکان و بنکەی پۆلیسی شار چەک دەکەن.
- سپای رزگاری هێرش دەکاتە سەر باشگای سنە کە مەقەڕی ناوەندیی پاسدارەکان بوو.
- ٨/١٢ /٥٨(٧٩) لێژنەی حدکا (غەنی بلوریان، کەریم حسامی و عەزیز ماملێ) لەگەڵ ناردراوی تاراندا لە مەهاباد دادەنیشن.
- ١٩و٨/٢٠ /٥٨(٧٩) "فروهەر" لە پێشدا لەگەڵ حێزب و دوایە لەگەڵ شێخ عزەدین دادەنیشێ. باس، باسی ڕاگرتنی شەڕە.
- شارەکان یەک بە دوای یەکدا (جگە لە پاوە) دەکەونەوە دەست پێشمەرگە.

داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ /٥٨/٨(٧٩) دا ئەوەندەی دیکە هەلومەرجەکەی ئێرانی ئاڵۆز کردبوو. ئەم ڕووداوە پشتیوانیی خومەینی لەپشت بوو. هەموو ڕێکخراوە چەپەکانیش یان چەپڵەیان بۆ لێ دەدا، یان بێدنگ بوون. ئەمە خاڵی گۆڕانە لە سیاسەتی دەرەوەی ڕژیمی تازەدا. لەم کاتە بەولاوە کوردیش لە هەموو بەیانێکیاندا خەباتی دژی ئەمریکا و گەڕاندنەوەی شا بۆ ئێران دووپات دەکەنەوە، چون لەو کاتەدا خومەینی خەریک ئەو یارییە بوو. دیارە لایەنی

دیکەشی لاڕێیکردنی کێشەکانی خەڵک بوو. هەموو ئەمانە بوو بە هۆی ئەوە کە خومەینی لە (٥٨/٨/٢٦ ) پەیامی ئاشتی بۆ *برا کوردەکان* ڕاگەیاند و پارەی ڕۆژێکی نەوتی وەک خەیرات بە کوردستان دا (کە هێچکات نەدرا). ئەرتەش گەڕایەوە سەربازخانەکان و شارەکان کەوتنەوە دەست پێشمەرگە. نێوان فەرمانی جەهاد و پەیامی ئاشتی سێ مانگ بوو، بۆیە ئەم قۆناخە بە شەڕی سێ مانگە ناو نرا. لە پەیامەکەی خومەینیدا یەک وشە دەست ناکەوێ ئاماژە بە مافێکی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان بکا. تەنانەت تاوانباریی حدکا و قاسملو و شیخ عزەدینیش لەسەریان لا نابا. باسی بەدخوازان دەکا و دواتریش حدکا و شێخ هەر دووپاتی دەکەنەوە کە ئیمام گوێ بە بەدخوازان نەدا و نەهێڵی دیسان شەڕ ببێ. پێم وایە خومەینی مەبەستی لە بەدخوازان هەر خودی ئەوان بووە.

- ٥٨/٨/٢٤(٧٩) پێشمەرگە گەییشتنە سنە. گوتەبێژی کۆمەڵە ٤٨سەعات مولەت دەدا بە پاسدارەکان کە مەقەڕەکانیان لە نێو شاردا چۆڵ بکەن.

*لەو ڕۆژەدا سەرهەنگێک و ئەفسەرێکی شارەوانی هاتبوونە بەر ماڵی ئێمە. من لە ماڵ نەبووم. تلەفوونیان بۆ کردم چوومەوە. ئەفسەرەکان گوتیان: فەرماندەی پادگان ئێمەی ناردووە کە بە گرێو لەماڵی ئێوەدا دانیشین هەتا ئەتۆ بۆ وتووێژێک بچیتە پادگان و بێیەوە. لە تارانەوە تلگرافێکی گرینگ هاتووە کە باسی تۆ دەکا و فەرماندە دەیەوێ لەگەڵ تۆ ڕا بگۆڕێتەوە. من گوتم گرێو پێویست نییە، بەڵام ئێوەش لەگەڵم وەرن. هەواڵیشم بۆ براکانم کە پێشمەرگەی فیدایی بوون نارد کە ئەوە من دەچمە پادگان.*

*فەرماندەی پادگان پیاوێکی باش بوو (دواتر لە مانگرتنی سنەدا ئەوە دەرکەوت) گوتی لە تارانەوە بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە کە بە تۆ (تەیفور) بڵێین کە لە هەر شوێنێک پەلاماری پاسداران بدرێ، ئێمە ئەرکمانە هێرشبەران بە هەموو چەکێک بکوتین. منیش گوتم بە هەڵە نێوی من هاتووە. پێشمەرگە فەرماندەی خۆیان هەیە، دەبێ لەگەڵ ئەوان قسە بکرێ. هیچ و هیچ، هاتمەوە و بە کوڕەکانم ڕاگەیاند چیرۆکەکە چییە. کە لە ژوورەکەی فەرماندە هاتمە دەرێ، جێگرەکەی کە دواتر بووە فەرماندە و لە شەڕی بەهاری سنەدا، ئەو شارەی لە خوێندا*

*گەوزاند، وەها بە ڤینەوە چاوی لێم کرد پێم وا بوو ئەگەر دەسەڵاتی هەبا هەر لەوێ تیربارانی دەکردم.*

هەر ئەو شەوە نوێنەری ئەرتەش و نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان (نازانم چ کەسانێک بوون) لە ساختمانی دادگای شاردا چاوپێکەوتنیان کرد. چییان گوت و چ بەڵێنێکیان بە یەکتر دا کەس ئاگادار نەبوو، بەڵام نە پاسدار پێگەکەیان بە جێ هێشت و نە پێشمەرگە هێرشی کردە سەریان. ڕۆژی دوایە خومەینی پەیامی دا.

ئەم پەیامدانەی خومەینی و هاتنەوەی پێشمەرگە بۆ شارەکان ڕەنگە بە دەستکەوتێکی نیزامی بژمێردرێ، بەڵام هیچ دەسکەوتی سیاسیی لەگەڵ نەبوو، وەک گوترا حوکوومەت هیچ بەڵێنێکی نەدا و دواتریش سیاسەتی خڵافاندنی گرتە پێش. ئەوە هێزە سیاسییەکان بوون کە دەبوا بەرنامەیەکی سیاسی و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی دابنێن و خەڵک لە بێسەروبەری و سەرلێشێواوی دەربێنن و نەخشەیەکی ڕوونیان بۆ داهاتوو هەبێ. بەڵام ئەوان پێیان وا بوو بەهێزکردنی بەشە نیزامییەکە مانەوەیان مسۆگەر دەکات و هەموو جارێک دەتوانن پەیامێک لە ئیمام دەربێنن. تەنانەت هیچ بەرنامەیەکیان بۆ سەرنجراکێشانی خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران نەبوو، دەرەوەی ئێران هەر هیچ.

## پشوو

ئەم جارە هەم پێشمەرگە و هەم خەڵک گرێوتینێکی دیکەیان تێکەوتبوو. کەچی بەداخەوە لە باتی دانانی مەرج بۆ حوکوومەت و ڕێکخستنی خەڵک، حدکا "لبیک"ی بە خومەینی گوت و دیسان دەستی بۆ درێژ کردەوە. کۆمەڵەش پێی ناخۆش نەبوو، بەس مارەکەی بە دەستی حدکا دەگرت. ئەویش جگە لە وتوویژ لەگەڵ تاران هیچ پێشنارێکی دیکەی پێ نەبوو. دواتر ڕەوتی پێشهاتەکان نیشان دەدا کە چۆن هەرچی بە کردەوە کوردستان بە هێزتر دەبێ، لە باری سیاسییەوە دادەبەزێ؛ بۆ نموونە: حیزب لە بەیاننامەیەکدا داوای ئاشتی دەکا و چوار مەرج دادەنێ:

١- ئازادییە دیمۆکراتییەکان لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا. [بنەماکانی ئەو دێمۆکراسییە چین؟ ناگوترێ.]

٢- لابردنی پاسدارە غەیرە کورد. [مەگەر پاسداری کوردیشمان هەبوو!! لە سنە بە مانگرتن لە زستانی ٥٨دا مۆڵگەی پاسدارانیان لە نێو شار داخست. پێویست نەبوو داوا لە تاران بکرێ، ئەگەر بڕوامان بە خەڵک هەبا، دەبوا داوا لە گەلی کورد بکرێ. بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، باوەڕکردن بە خەڵک نەدیتراوە] تەنیا خۆدانان لەجێی خەڵک دەبیندرێ.

٣- ڕێگای ئەرتەش نەدرێ دەست لە کاروباری نێوخۆ بدا. [کێ دەبێ ڕێگا نەدا، سەرکردە شەڕخوازەکان یان گەلی کورد؟]

٤- زیندانییە سیاسییەکان ئازاد بکرێن و ئیعدامەکان رابگیرێن.

دیارە هیچ نەگوتراوە ئەگەر ئەم مەرجانە جێبەجێ نەکرێ ئێمە چ دەکەین.

وەنەبێ کۆمەڵە بۆچوونێکی پێشکەوتووتری بووبێ. چەند ساڵ دواتر لە کونگرەی شەشدا (بەهاری ١٣٦٧) ستراتێژی ساڵی ٥٨ی ڕێکخراوەکەیان بەم شێوەی خوارەوە گەڵاڵە دەکەن. بەڵام لە کاتی خۆیدا چەند ئەم ستراتێژییە لە خۆیان روون بووە، ڕووداوەکانی دواتر نیشان دەدەن.

- راگەیانی گەلاڵەی خودموختاری وەکوو سەردێڕی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندی لە ساڵی ١٣٥٨دا. [ ئاخۆ لە خەڵکی کوردستان پرسیار کرابوو. یان هەر ئەوە کە ئێمە خۆمان بە ڕێبەری خەڵک دەزانین بەسە؟]

- ڕێکخستنی بەرگریی چەکدارانە لە بەرانبەر هێرشی نیزامی، لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا.

[ حیزبی دموکراتیش لە هەر هەموو شوێنێک دووپاتی دەکردەوە کە شەڕی ئێمە بەرگرییە نەک هێرشکردن. با بۆ وەڵامی هەردوولایان (حدکا و کۆمەڵە) لە نووسراوەکانی قاسملو وەڵامێک بهێنمەوە: *هەر جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بکەوێتە سەرباری ئەوە کە سیاسەتی بەرگری* [لە کوردستان شەڕ و سیاسەت هەر یەک بوون] *بە خۆیەوە بگرێ، بە دەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەقەنێ.**

- پەرەپێدان بە جووڵانەوەی سیاسی و دەربڕینی نارەزایی گشتی لە شارەکاندا.

- دەربرینی هەڵوێستی ئۆسوڵی لە بەرانبەر وتوویژ لەگەڵ رژیمدا. [ئەو ئۆسوڵە چ بوون؟ نەگوتراوە]

- هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی هێزی بەدەستهاتوو لە رەوتی وتوویژ لەگەڵ رژیمدا. [وتوویژ یانێ قوبوڵکردنی لایەنی دیکەش؛ کە وا بوو وەکوو دەنگمان پێی دابێ وایە.]

- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی یەکگرتوو لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ وتوویژ. [یەکەم هێز کە ئەو نوێنەرایەتییەی تێک دا خۆیان بوون و دەیانگوت و دەڵێن: ئێمە بۆ لەهەڵادان (افشاگری) لەوێ دەبین].

- دانی گەلاڵەیەکی خودموختاری بە دەوڵەتی ناوەندی. (سەنەدەکانی کونگرەی شەش ل١٢)

با منیش خاڵێکی لێ زیاد کەم کە دیارە لەبەر هێندێ هۆی تایبەتی ساڵی ٦٧ نەیانویستووە باسی بکەن؛ (دژایەتیی نفوزی فیزیکی و مەعنەوی حیزبی دێمۆکرات بە هەموو شێویەکی مومکین) [چونکە دەبێ تەنیا ئێمە لە کوردستان ڕێبەر بین.

* (قاسملو چل ساڵ خەبات، لاپەڕی ٦٢)

چونکه ئێمە هێزی لایەنگری کرێکارانین و ئەوە چارەنووس وای بۆ نووسیوین.]
ئەم خاڵە یەکێک لە هۆکانی شەڕی نێوخۆ بووە. دواتر بە شێنەیی باسی دەکەین.

گومان لەوەدا نییە کە خەڵک داخوازییەکانی لە ڕێگای ڕێکخراوە سیاسییەکانییەوە دەڵێتەوە، بەو مەرجە خۆی هەڵی بژاردبێ یان داخوازییەکانی لێ پرسرابێ. با وای دانین کە ئێوە (هەردووکتان) ڕێبەرایەتی خەڵکتان بە دەست بوو؟! کە واتە ئێوە بوون خودموختاری (و نەک هیچ بەدیلێکی دیکە) تان کردە ملوانکە و کردتانە ملیان. چونکە هەموومان دەزانین کە هیچ راپرسییەک لەو بارەوە نەکرا. لانی کەم بۆ نیشاندانی دێمۆکراسیش بووە دەبوا پرسێک کرابا. ئاکامەکەی وەکوو چەکێک لە وتوویژ بەرانبەر دەوڵەتی ناوەندیدا بەکار دەهات. نەک لە ژووری کۆنگرە دانیشین و بڵێین ئێمە نوێنەری خەڵکین. (بۆ نموونە عەبدوڵڵا حەسەنزادە دەنووسێ: "لەکونگرەی چواردا سێسەد و چەند کەس هاتبوون کە هەرکامیان نوێنەری ۲۰۰کەس بوون." کەریم حسامی لە گوتەی جلیل گادانی لە گونگرەدا دەگێڕێتەوە کە هەر کەس نوێنەری هەزار کەسە. دەزانین لە سنەوە سێ کەس لەو کونگرەدا بەشدار بوون. یانێ حێزب دەبێ لە شاری سنە ۶۰۰ ئەندامی هەبووبێ. (ئەگەر نەڵێین ۳۰۰۰) بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئەندام دەبوا دەورەی تاقیکردنەوە تێپەڕ بکا، ئەمە لە گاڵتە دەچێ. دوای شەڕی بەهاری سنە دەکرێ بڵێین ئەوەندە پێشمەرگە هەبوو، خەڵک بۆ بەرگری لە کەرامەتی خۆی رووی کردە حێزب و سازمانەکان، بەڵام پێشتر پێشمەرگەش نەبوو. ئەگەر هەبا لە هاتنی قاسملودا بۆ سنە چوار پێشمەرگەی سنەیی بۆ پارێزگاری ئەو دادەنرا)

لە بیرتان دەچێ چوار بەشی گەورەی میللەتی کورد لەگەڵ نەبوو.

۱- کوردە شێعەکان، (ئایا لە کامیاران بەرەوخوار کوردستان نییە؟ فەیلییەکان کورد نین؟)

۲- کوردە ئیسلامییە سونییەکان – جەماعەتی کلاسی قورئان و رزگاری و...

۳- توودەییەکان و لایەنگرانی باقی ڕێکخراوەکان

۴- ئیستقلالخوازەکان.

پرسیار ئەوەیە: ئەگەر وابوو کە هەشتا لەسەدی خەڵکی کوردمان لەگەڵ بوو، بۆ نەدەکرا بۆ خۆمان خودموختاری دابنێین و بە دەسەڵاتی تارانی رابگەیەنین؟ ئایا لە راگەیاندنی جەهاد زیاتریان لە دەست دەهات؟ رەنگە بگوترێ پێمان نەدەکرا، کادرمان نەبوو، ئێوە بوون کە کادرتان نەبوو، میللەتی کورد هەیبوو. ئێوە هەرکەس ئەندامی رێکخراوەکەتان نەبا نەک هەر بە شۆڕشگێڕتان نەدەزانی بەڵکوو هەواڵتان لێی نەدەپرسی و بگرە بە کوردیشتان نەدەزانی. بۆ ئاگاداری، ئەو کاتە تەنیا لە تاران پێنجسەد کەس کە زۆربەی هەرە زۆریان خوێندنی بالایان تەواو کردبوو لە ئەنجومەنی"کوردی دانیشتووی تاراندا" کۆ دەبوونەوە. قەت رۆژێک لە رۆژان چوون داوای هاوکارییان لێ بکەن؟ داواتان لێ کردن ببن بە وەزیری دەوڵەتی خودموختار؟ نە. رەوتی رووداوەکانی دواتر نیشان دەدا کە ئێوە هەر بیریشتان لێی نەکردبووەوە. یان دەگوترێ ئێمە هەوڵمان دەدا کارێک بکەین خەڵک بە کوشت نەچێ (ئەمە زیاتر حیزب باسی دەکا- کۆمەڵە دەڵێ ئێمە دەمانەویست خەڵک لە شەڕدا ئەزمون وەربگرێ – بۆ چ ئامانجێک دیار نییە.) ئەی ئەگەر بۆ شەڕ نەبوو، ئەو هەموو چەک و چۆڵەتان بۆچی کۆ دەکردەوە؟ ئێوە نوێنەرانی خەڵکی بەستەزمان چەند ئاگاتان لە کار و ژیانی خەڵک هەبوو؟ جگە لە کاتی کۆکردنەوەی یارمەتیدا؟

*لە بەهاری ٥٨دا لە پرۆژەی ئاوبەندی قشلاخدا وەکوو کرێکاری ئارماتۆر بۆ بژیوی ژیان کارم دەکرد. سەندیکایەکمان پێک هێنا کە نزیک ٢٥٠ کرێکار ئەندامی هەبوو. ئەم سەندیکا هەتا شەڕی بەهاری سنە بەردوام بوو. تەنانەت پاش شەڕی سێ مانگە نوێنەرمان ناردە تاران لای بەنی سەدر بۆ وەرگرتنی مەعاشی کرێکارەکان کە سێ مانگ (ماوەی شەری سێ مانگە) بوو، نەدرابوو. بەنی سەدر گوتبووی شاری ئێوە بە دەست پێشمەرگەوەیە، برۆن لە ئەوانی بستێنن! ئەوانیش گوتبوویان: ئێوە دەڵێن ئێمە حوکوومەتین و ئەوانیش دەڵێن ئێمە حوکوومەتین. ئەتۆ پارەکەمان پێ بدە هەتا بزانین کامتان حوکوومەتن؟ بەنی سەدر پێکەنیبوو. پارەکەیان وەرگرت و بە سەرکەوتوویی هاتنەوە.*

*له هەموو ئەو یەکساڵەدا یەک کەسم لە حێزب و سازمانە گەورە و بچووکەکان نەدیت بێن سەری ئەو کرێکارانە و ئەو سەندیکایە بدەن.*

لـەم پشـووە دوو لایەنـەدا، حوکوومـەت دەبـوا خـەڵک بـە شـتێکەوە بخـافڵێنێ. هەیئەتی حوسن نییەت (فروهەر- سەباغیان، سەحابی) کە پێشتر لـە کاتی شـەڕی سێ مانگـەدا سـەری کوردسـتانیان دابـوو و لەگـەڵ شـێخ عـزەدینیش لـە بێـژوێ قسـەیـان کردبـوو، هاتنـەوە کوردسـتان و رایانگەیانـد کـە دەیانـەوێ لەگەڵ خـەڵک وتـوویژ بکـەن. دەهـاتن لـە ئوسـتانداری و فەرمانداریـیـەکان کەسـانێکیان (بـەناو نوێنـەری پیشـەکار و بـازاڕی) کـۆ دەکـردەوە و قسـەیان بـۆ دەکـردن و زیـاتر دەیانەویست لە هێزەکانیان دوور بخەنـەوە و ناڕاستەوخۆ بـە هێزەکانیش بڵـێن کـە ئەوان بە نوێنەری خەڵک نازانن. هەر ئەمەش بـوو لـە کۆبوونەوەیەکدا (۵۸/۹/۲۰ )لەگـەڵ ئـەو گرووپـەی کـە بـە "هەیئـەتی نوینەرایـەتی گـەلی کـورد" نـاوی دەرکـرد (شێخ عیزەدین — حدکا- کۆمەڵە- فیدایی) هەر ئەوەندە کە شێخ گوتبووی ئەمانـە نوێنـەری ئـەم رێکخراوانـەن، هـەڵیان تیزانـدبوو و گوتبوویـان ئێمـە لەگـەڵ هێـزە سیاسـییەکان دانانیشـین و کۆبوونەوەکـەیان بـە جـێ هێشـتبوو. بڕیـار وا بـوو لـەم کۆبوونەوەدا گەلاڵەی ۲۶مادەیی خودموختاری پێشکەش بکرێ، کـە هـەر وەریـش نـەگیرا. دوایـەش فروهـەر گەلاڵەیـەکی بـە نـاوی گەلاڵـەی خودگـەردانی دایـە رۆژنامەکان کە نە خەڵکی کورد و نە حوکوومەت بـە جیددییان نـەگرت و لـە بیـر چـوو. سـەباغیانیش دواتـر دانـی بەوەدا نـا کە: ئـێمە بـۆ واژووکردنـی خودموختـاری نەچووبووین، دەستێک کە ئەو بەڵگە واژوو بکا دەبێ ببڕدرێ.*

لەم کاتانەدا بوو کە دیاردەی جاش لە کوردستانی ئێران پەیدا بوو. پاش شـەڕی سێ مانگە مفتیزادە و چەکدارەکانی کە لەکاتی ئەو سێ مانگـەدا لەگـەڵ هێزەکانی حوکوومەتـدا هاوکاریـان کردبـوو، شـاریان بـە جـێ هێشـت و بـەناو (پێشـمەرگەی موسڵمانەوە)بە رەسمی بوون بە جاشی خۆمەینی. لە جادەی سەر رێگای کرماشاندا لەگەڵ پاسدارەکان رادەوەستان و خەڵکیان بە گرتن دەدا.

---

*وتوویژ لەگەڵ سەباغیان، چشم‌انداز ایران ژمارەی ۲/ ۱۳۸۴

ماوەیەک بێدەنگی بوو، خەڵک ئیش و کاری خۆی دەکرد و زۆر کەس بە تایبەت سیاسی و رووناکبیرەکان لە جێگاکانی دیکەی ئێرانەوە دەهاتنە کوردستان و سەری هێزە سیاسییەکانیان دەدا و دەیانەویست بزانن سەرئەنجامی ئەم کێشە و گرفتە چۆن دەبێ؟ نەبوونی پاسدار و ژنی چارشێورەش لەسەر، لە شەقامەکاندا و ئازادی و هێمنی هەستێکی تایبەتی دەدانێ و دەیاندیت کە لە شار و دێیەکانی دیکەی ئێراندا چ شتێکیان لە دەست داوە. بەڵام ئەم سەردانانەش هیچ ئاکامی سیاسیی بە دواوە نەبوو.

ئەو هێمنییە تەنیا و تەنیا منەتباری خەڵکە، نەک رێکخراوە چەکدارەکان. ئەوان دەیانەویست بە دەسەڵاتی تاران نیشان بدەن کە ئەگەر پۆلیس و ئەرتەش و جاش کێشە ساز نەکەن، خەڵک ژیرییەکی زۆر بەرزی هەیە و خۆی دەتوانێ خۆی ئیدارە بکا. لە هەموو ئەو مانگانەدا کە شار و گوندەکان بە دەست خۆمانەوە بوو، یەک نموونە دزی و چەتەیی و کوشتن رووی نەدا. گرووپێک نەبێ کە ژاندارمری هانی دابوون خەڵک رووت کەنەوە، کە لەلایەن کۆمەڵەوە گیران و بە دادگای خەڵکی دران و ئێعدام کران. بە راستی رێکخراوەکان هەلی ئەوەیان هەبوو خەڵک بۆ شۆڕشێکی زۆر پێشکەوتووتر رێک بخەن. ئیدارە و رێکخراوی کۆمەڵایەتیی خۆیان دابنێن و بیکەن بە نموونەیەک بۆ خەڵک و بۆ مێژوو، دەبوا ئەو شتەی داوایان دەکرد، حوکوومەت ئیزن بدا بیکەن، خۆیان دەستی پێ بکەن. نازانم هیچ کات بیریان لێی کردەوە یان پێیان نەکرا. ئەوەندە هەبوو هێندێ بنکە لە گەڕەکەکان دانرا، ئەویش نە لە هەموو شارەکان، بە ناو بۆ رێکوپێککردنی ئەرکەکانی گەڕەک، بەڵام بوو بە جێگای منداڵ و لاوەکانی سەر بە ئەم یان ئەو رێکخراو و بە کردەوە، جێگای رقەبەری و پێشبڕکێی ئەوان. بنکە نە دەزگای ئیداری بوو نە توانیبووی بێچمی شۆڕشگێڕانە بگرێ، یانێ ببێ بە شەورای خەڵک. لە شارێکی بەتەواوی وردەبورژواییدا شەورای کۆمۆنیستی پێک نایێ. بە داخەوە کۆمەڵە کاتێک گەییشتە ئەم زانینە ساڵانێکی زۆر تێپەڕیبوو. بنکەکان هێندێ پێشمەرگەی بێ ئەزموون نەبێ، هیچی دیکەی لێ شین نەبوو.

نموونەیەک لە ئیدەئالیسمی هێزەکان داخستنی دوکانی مەیفرۆشەکان بوو. لە ئاخرەکانی مانگی ٩دا حیزب و کۆمەڵە مەیفرۆشییەکانیان کۆ کردەوە و

بوترییەکانیان لەبەرچاو خەڵکەوە شکاند. ئەم کردەوە ئایینییە بۆ دڵخۆشکردنی کێ بوو؟ کۆماری ئیسلامی، یان لایەنگرەکانی مفتیزادە؟ یان دەیانەویست خەڵک شۆڕشگێڕ بێ؟ دیارە شۆڕشگێڕی شێوە ئایینی. ئەمە راست ئەو کارە بوو کە بازرگان لە قەزوێن کردی. ئەوانەی کە داواکاری دێمۆکراسی بوون بۆ خۆیان بە بێ هیچ پرسێک لە خەڵک چارەنووس کە هیچ، ئەخلاقیشیان بۆ دیاری دەکردن.

ڕێکخراوە بەناو سەرانسەرییەکان کە هەموو بنکەکانیان لە شارەکانی دیکەدا داخرابوو، روویان کردبووە کوردستان و هەمووشیان بە فیزەوە خۆیان بە زلتر لە ڕێکخراوە کوردییەکان دەزانی، چونکە خۆیان بە سەرانسەری یان بە نوێنەری کرێکارانی ئێران دەزانی و هەمووشی هەر قسەی زل بوو، ژمارەی ئەندام و کادرەکانیان نەدەگەییشتە ژمارەی یەک مەقەڕی ڕێکخراوە کوردییەکان. کەچی کاتێک دەیانەویست بەیانێک لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکان واژوو بکەن، دەیاننووسی ڕێکخراوی "فلان" شاخەی کوردستان. ئەم خۆبەزلزانینە بەشێک لە ئەخلاقی ئێرانییە. ئێستاش کە نێویان لە کولەکەی تەڕیشدا نەماوە، هەر بە شێوەیەک قسە دەکەن کە دەڵێی ئەگەر مەلاکان نەمێنن ئەوان تەنیا میراتگری ئێرانن. بەڵام کە دەگاتە کردەوە، نەک هەر زەبوونی نیشان دەدەن بەڵکوو پێیاندا دیارە میراتداری ئەخلاق و سیاسەتی مەلاکانن و لە ئەوان باشتریان بۆ گەلەکانی ئێران پێ نییە. کابرا کرێخانووەکەی پێ نادرێ کە چی رەگی ملی ئەستوور دەکا کە ئێمە ئیزن نادەین کوردستان سەربەخۆ بێ، یان ئەگەر نێوی خەلیج "فارسی" پێوە نەبێ ئاوەکەی سوور دەکەین. ئیتر بەلوچ و تورکەمەن هەر هیچ. کە لێی دەکۆڵییەوە ناشزانن تورکەمەن لە کوێ دەژی و مەهاباد لە کام ئوستانی ئێرانە.

هەڵبژاردنێکی دیکە هاتە ئاراوە، دەبوا سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرێ. دەزگای خومەینی، نۆکەرەکانی خۆیان نەبێ ئەوانی دیکەیان لە لیستەی کاندیداکان دەرهێنا. (نێویشی هەڵبژاردنی ئازاد بوو) کاندیدای ڕێکخراوە کوردییەکان (کۆمەڵە و دێمۆکرات) رەجەوی بوو. بەڵام خومەینی ئەوی لە لیستە دەرهێنا. بۆیە کورد لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکرد. (بەشداری ناکا بەڵام دواتر داوای بەشی لێ دەکا، ئەمە ئەو دژوازییەیە - تەزاد- کە لە کار و کردەوەکاندا هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە) دەزگای خومەینی چووە پشت "بەنی سەدر" و کردیان بە سەرۆک

کۆمار۵/۱۱/۵۸(۷۹). ئەویش هێشتا جێگاکەی گەرم نەکردبووەوە، هەڵیدایە کە سەربازەکان پێڵاوەکانیان دەر نەهێنن هەتا کوردستان پاک نەکەنەوە. جێگای سەرنجدانە کاندیدای حیزبی توودە و فیدایی ئەکسەرییەت بۆ سەرۆک کۆمار سەی عەلی خامنەیی دیکتاتۆری ئێستا بوو.

حیزبی توودە کە رۆژێک لە رۆژان (ساڵەکانی ۱۳۲۷-۱۳۳۲) تەنیا رێکخراوی چەپی ئێران بوو و دواتر لەکودەتای شا (۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۳۲)دا بێ کردەوە مایەوە و رێبەرانیان هەموو هەڵاتن بۆ لای ئەربابیان لە مۆسکۆ. ئەمجارە هەر بە رێنوێنیی سۆڤیەت بێ ئەوە داوایان لێ بکرێ، بە خۆبەخشی ببوون بە ستوونی پێنجی دەسەڵاتی تازەی ئێران. ستوونی پێنج واتایەکی نیزامییە و بەو بەشە لە رێکخراوی نیزامی دەگوترێ کە خۆی دەخشێنێتە پشتی جەبهە یان لە نێو هێزەکانی دوژمندا بۆ جاسووسی و تێکدان و چەواشەکردنیان. ئەمە راست ئەو شتە بوو کە حیزبی توودە لە کوردستان دەیکرد. سەد رەحمەت بە جاشەکان کە راست و رووبەڕوو دەوەستان شەڕیان دەکرد. حیزبی توودە دەستی بەسەر حیزبی دێمۆکراتدا گرت. دروشمیان سیاسەتی تەسلیم و پشتیوانی لە دەسەڵاتی تاران بوو، بەڵام لە کوردستان ئەوان بوون کە نەیاندەهێشت حیزبی دێمۆکرات لە باتی هەوڵدان بۆ رێککەوتن لەگەڵ تاران، لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی رێک کەوێ. ئەم سیاسەتەیان بردە کۆنگرەی چواری حیزب (۳۰/۱۱/۵۸) و کردیان بە رەسمی. ئێستا کە پێشەکیی بەرنامەی کونگرەی چوار دەخوێنییەوە، تێدەگەی کە ئەو گوتارە چەند لە کردەوەی دوایی حیزبەوە دوورە. گەرچی شوێنەواری ئەو سیاسەتە هەتا ئێستاش هەر ماوە و خەسارەتی زۆری لە حیزب داوە.

ئەو تاقمە کە حەوت کەسیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا بوون دوای دەستپێکردنەوەی شەڕی بەهاری ۵۹ بە ناوی "لایەنگرانی کونگرەی چوار" لە حیزب جیا بوونەوە، بەڵام لایەنگرەکانیان هەر مابوون. یەکێک لە سیاسەتەکانی قاسملو کە بوو بە هۆی نەرمبوون لەگەڵ کۆمەڵە و لە ئاکامدا مەیدان بۆ گەشەکردنی کۆمەڵە، ئەو بۆچوونە بوو کە دەیگوت: دەبێ لە کوردستان یەکێک هەبێ دژایەتی حیزبی توودە بکا و ئەوەش بە ئێمە ناکرێ بەڵکوو کۆمەڵە خۆبەخۆ دەیکا.

۱۱و۱۲/۹/ ۵۸ (۷۹) یاسای بنچینـەیی ئێـران کـە بـە بـێ بەشـداریی نوێنـەری خەڵکـەکان و بـە تایبـەت کـورد و تـەنیا بـە بەشـداریی مـەلا شـێعەکان نووسـرابوو، ریفرانـدۆمی بـۆ کـرا و دیـارە هـەموو دەنگەکانیشـی هێنـا و کـوردیش بـە پێشـنیاری هەیئـەتی نوێنەرایـەتیی گـەلی کـورد لـەو ریفراندۆمـەدا بەشـداری نـەکرد. شـێخ عزەدین لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بەشدارنەبوونەدا نامەیـەک بـۆ هەیئـەتی دەوڵـەت دەنێـرێ و پـاش ئامـاژەدان بـەوە کـە مـافی چـارەنووس لـە پێشـەکیی ئـەم یاسایەدا نییـە، لێـی زیـاد دەکـا کـە "ئایـا بـە راسـتی دەکـرێ لـە هەلومـەرجێکی ئـاوا شـێواو و ئایەندەی نادیاردا کە تەنانەت حوکوومەت و حاکمـانی ناوەندیشـی دیـار نییـە، بـڕوا بکـرێ و چارەنووسـی مێژوویـی کـورد بـە قەزاوقـەدەر بسـپێردرێ، یـان ئەسـیری خواسـت و هەوەسـی جۆربـەجۆر و رەنگـاوڕەنگی کەسـان و گرووپـی جۆربـەجۆر و پەرشوبڵاو ببین؟ و لـە ئەساسـدا، لـە هەلومـەرجێکی لـەم جـۆرەدا، تەنانـەت ئەگـەر رێککەوتنیش هەبێ، دەتوانین چ تەزمینێک بۆ داهاتوو بدەین؟*

ئـەم قسانە بـە تـەواوی لـەجێی خۆیانـدان. پرسیار ئەوەیـە: ئـەی ئەگـەر وایـە بـۆ داوای دانیشـتنیان لەگـەڵ دەکـەن و بـە تـەمان خودموختاریتـان بـدەنێ؟ دیـارە لـە بەرەی کوردیشدا تێکشێواوی کەمتر لە ئەولا نەبووە.

لە هەر شـۆڕش و گـۆڕانکـارییەکی قـووڵی کۆمەڵایەتیـدا، لە لایەن هێزەکـان، یـان بەشێک لە خەڵک، یاخۆ هەموو لایەکەوە، هێندێ پێشمەرج دێتە ئاراوە کە نـاکرێ بە دەنگـدان پەسـند بکـرێ. ئەو شـتانە بنیـادنەری گـۆڕانەکەن و نەگـۆڕ لە قەڵەم دەدرێـن. بـۆ نمـوونە لە گـۆڕانی داهـاتووی ئێرانـدا یەکسـانی مـافی ژن و پیـاو، یـان ئازادیی گوتار و ئازادیی حیزب و شتی لەم بابەتە لە پێشمەرجەکانن، ناکرێ بڵێین ئەگەر نیوەی بە ئیـزافەی یەکـی خەڵـک دەنگـی بـۆ نایەکسـانی ژن و پیـاو دا ئەوە پەسند دەکرێ. ئەمانە ناخرێنە دەنگەوە و بە فتـوا و هەرا و هوریـا چاوپۆشیان لـێ نـاکرێ. مـافی نەتەوایەتـیش بـۆ هێـزە کوردییەکـان و خەڵکـی کـورد لەم پێشـمەرجانەیە و چـونکە یاسـای بنچینەیـی ئەمەی رەچـاو نەکردبـوو نەدەکـرا لە لایەن کوردەوە پەسند بکرێ.

---

*رۆژنامەی کەیهان ۵۸/۹/۱۲

هەڵبژاردنێکی دیکە کە من پێم وایە گەورەترین هەلی بۆ کورد رەخساند چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست هەڵبژاردنی پارلێمانی ئێران بوو، کە نێویان نا (مەجلیسی شەورای ئیسلامی) ٥٨/١٢/٢٤ (٨٠/٣)لەم هەڵبژاردنەدا حیزب زۆربەی دەنگەکانی هێنایەوە، تاران هەڵبژاردنی کوردستانی پەسەند نەکرد.

ئایا نەدەبوا هەر ئەو کاتە کوردستان بەپێی ئەو هەڵبژاردنە پارلێمان و حوکوومەتی خۆی پێک بێنێ؟ بە بڕوای من دەکرا. پارلێمانێکی کاتی و دەوڵەتێکی خودموختار دابندرێ و کارە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتە دەست و پەیوەندی و وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیش بخرێتە ئەستۆی ئەو دەوڵەتە. هەروەها رێکوپێککردنی هێزی پێشمەرگە. (هەر ئەو کارە کە لەکاتی جمهوری کوردستاندا کرا) من پێم وا نییە دووبەرەکی و چەندبەرەکی و پاوانخوازیی هێزەکانی کورد هۆی پێکنەهاتنی ئەم دەوڵەتە بووبێ، بەڵکوو ئەو بۆچوون و روانگەیە لە ئارادا نەبوو. دەنا ناکۆکیی نێوان ئەوان زیاتر لە ناکۆکی لەگەڵ حوکوومەتدا نەبوو. ئەگەر رێزیان بۆ رای خەڵک دانابا، دەکرا بە شێوەیەک پێک بێن. باشە بزانین کاندیدای حیزبی توودە بۆ پارلێمان شێخ سادقی خەڵخاڵی جەلادی کوردستان بوو.

# تێکچوونی هەلومەرج

**مانگرتنی خەڵکی سنە ٥٨/١٠/١٢ هەتا ٥٨/١١/٨**

٥٨/١٠/٩(٨٠/٢/٢) لە خیابانی شاپوردا، سوپای رزگاری جیپێکی سوپای پاسداران دەداتــە بــەر دەســرێژ. پاســدارێک دەکــوژرێ و دوو هەڵــدێن بــۆ نێــو باشــگا. پێشمەرگەکانی حێزب هێرش دەکەنە سەر نیگاوانەکانی رادیۆ و تلەڤزیۆن. لەبەر ئەوەی گوایە بەپێی رێککەوتنێک کە هەبووە. نەدەبوا پاسدار بە نێو شاردا هاتوچۆ بکا.

٥٨/١٠/١١ (٨٠/٢/٢) لە باشگاوە دەستریژ کرایە نێو شار و سێ کەس کوژرا و ٨کەس بریندار بوون. بازار داخرا. خەڵک لە ئوستانداری مانیان گرت و لە مزگەوتی جامێعە مانی خواردن گیرا. شەورای مانگرتووەکان پێکهات کە لە هەموو لایەنەکان، تەنانەت بازاری و مامۆستایانیشی تێدا بوون. داوای چوڵکردنی باشگا لە پاسدار کرا. ئۆستاندار بە گرەوگان گیرابوو، کە چی بۆ خۆی لە حێزبی میللەتی ئێران بوو. هاوکاریی دەکرد و دەیگوت جارێ من بەر مەدەن. هەر ئەو بوو کە قسەی لەگەڵ فەرماندەی پادگان دەکرد. مانی خواردن بە پەیامی شێخ عزەدین تەواو کرا. ئاخری باشگا چۆڵ کرا و درایە دەست ئەرتەش. خەڵک بە رێپێوانێک مانگرتنەکەیان تەواو کرد. هەر ئەو رۆژە سپای رزگاری لەلایەن کۆمەڵەوە چەک کرا.

کۆمەڵە گەرچی دەیگوت سپای رزگاری کۆنەپەرستە، بەڵام ئامانجی بەر لە هەرشتێک زەوتکردنی چەکەکان بوو و دەترسا رزگاری پاڵ بداتە حێزبەوە و ئیتر ئەم بێ بەش ببێ. دەنا رزگاری لە لایەن عێراقەوە پڕچەک کرایەوە و خۆی رێکخستەوە تا رادەیەک کە لە مانگی یەکی ٥٩دا کۆمەڵە بە ناو دەفتەری مامۆستا

لەگەڵیان وتوویژی کرد. دواتریش جارێکی دیکە چەکیانی کرد. ئەنباری چەک؟! دواتر شێخ عوسمان چووە تورکیە و پووشی کایەکە پژا.

ڕۆژێک دوای تەواو بوونی مانگرتنی سنە، ئەرتەش و پاسدار کە ئەم جارە لایەنگرانی مفتیش وەکوو چاوساق لەگەڵ کەوتبوون، بە ڕێگای کامیاراندا دەیانەویست بێنە سنە. دیسان خەڵک لە نێوجادە دانیشتن پێشیان پێی گرت. ئەوانیش لە دەوروبەری کامیارن پێگەیان دانا و خۆیان حەشار دا تا دواتر بە شەڕ و پێکداداان ڕێگای خۆیان بکەنەوە. ئەمە قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە بوو کە لە سنە تووشی ببوون.

# شەڕی هەتاهەتایی

هەر لە سەرتاوە فێر بووم کە شەڕ کولتورێکی تایبەتی پێک دێنێ. پەلەکردن بەرەو شەڕ راهاتنێکی پڕهێز و زۆرجار کوژەرە. شەڕ ماددەیەکی هۆشبەرە کە من چەند ساڵێک گیرودەی ببووم. میتۆلۆژیادانەرە گەڕۆکەکان، مێژوونووسەکان، هەواڵنێرەکانی شەڕ، فیلمسازەکان، چیرۆکنووسەکان و دەوڵەتەکان کە لە هەموو جێگایەک پەیدا دەبن و هەموویان ناوەخنێکی بایەخدار بە شەڕ دەبەخشن و زۆربەیان هیچ بایەخێکیان نییە، شەر بۆ فرۆش دادەنێن: پڕهەست، سەرنجڕاکێش، دەسەڵات، ئەو دەرفەتانەی کە لە ژیانی سوک و چروکەوە دەمانباتە دنیایەکی خەیاڵی و سەیر کە جوانییەکی رەمزئاویی هەیە. شەڕ خۆی بەسەر کولتووردا دادەسەپێنێ. بیرەوەرییەکان بە لارێ دا دەبا، زمان خەوشدار و کەسن دەکا و هەموو شێکی دەروبەری چڵکن دەکا، تەنانەت گاڵتەکان دەکا بە تێکەڵاوێک لە چەتوونی و ترسێنەر و نەخۆش و لە بابۆڵەیەکی پڕ لە مەرگپەرستیدا دەپێچێتەوە. کاتێک بە کەسانی دەوروبەرماندا دەڕوانین کە دەخزێنە خواروترین رادەی پەستی، دیسانەوە پرسی بنچینەیی سەبارەت بە مانا یان بێمانایی ئێمەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوینە دێتە ئاراوە. شەڕ توانای کردەوەی شەیتانی و شەرورییەک دەخاتە ڕوو کە لەژێر پێستی ئەندێشەکانی ئێمەدا خۆی شاردووەتەوە. هەر بۆیە، بە باوەڕی زۆر کەس، هەر ئەوەندە کە شەڕ تەواو دەبێ، قسە لەسەرکردنی زۆر دژوار دەبێ.*

*) شەڕ ئەو هێزەی مانامان پێ دەدا، هەمان.

له بەهاری ٥٩(٨٠)دا رژیم هەموو بنیاتە ئیدارییەکانی خۆی دانابوو، پارلیمان و خوبرەگان و یاسای بنجینەیی و سەرۆک کۆمار و دەولەت. بۆ بلاوکردنەوەی دەسەلاتی خۆی ئامادە بوو. تەنیا کێشەی کوردستان مابوو کە چارەسەر بکرێ. دەبێ زانیبێتیان کە کوردستان ئەوە نییە کە بە ڕواڵەت خۆی دەنوێنێ. دەیانزانی دووبەرکی لەنێو هێزەکاندا هەیە، جەماعەتێک بە نێو پێشمەرگەی موسڵمان لەگەڵ حوکوومەتە. پێشمەرگەی هێزەکان چەکوچۆڵی وایان نییە کە بتوانن لە بەرانبەر ئەرتەشدا خۆیان بگرن و هێزی سەرەکییان کە حیزبی دێمۆکرات بێ هەر داوای وتوویژ دەکا، پشتیوانیی دەرەوەشیان نییە. (ئەودەم نەیانبوو) ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک نەدەچوونە کەوانی رێککەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دەیانەویست ئەرتەش و سوپا لە شەڕێکدا تاقی بکەنەوە و میزانی ئەمەکدارییان هەڵسەنگێنن. ئەگەر ئەرتەشێک توانی هاووڵاتییەکانی خۆی قەلاچۆ بکا ئەوە دەکرێ پشتی پێ ببەستی.

هێزەکانی کوردستانیش لە بیروبۆچووندا زۆر جیاواز بوون. حیزب پێی وا بوو رژیم لاوازە و دێتە پای مێزی وتوویژەوە، بۆیە تەنانەت لەکاتی شەڕەکەشدا هەر داوای لە بەنی سەدر دەکرد شەش مادەی حیزب پەسند بکا و شەڕ راگرێ و ئەم شێوە بێگومان کاری دەکردە سەر ئامادەنەبوونی بۆ بەرەنگارییەکی بەرنامەیی و رێکوپێک. تەنیا ئەوەندە بوو کە نەیدەویست لە شارەکاندا شەڕ بکرێ با خەڵک ماڵوێران نەبێ. بە پێچەوانەوە کۆمەڵە دەیەویست بەرەوڕووی جموجۆڵە نیزامییەکانی رژیم ببێتەوە بەلام هیچ جۆرە بەرنامە و ستراتێژییەکی لەم پەیوەندییەدا نەبوو و بە تەواوی گێژ بوو، بۆیە بە دووی رووداوەکان دەکەوت. خەڵکی پێوە دەتلاند و دوایە هاواری لێ بەرز دەبووەوە کە خەڵکیان کوشتووە و ئێمە تۆڵە دەکەینەوە، یان بەرگری لە خەڵک دەکەین. راست هەر ئەو تاکتیکە کە رژیم هەیبوو.

بە دووی رووداودا کەوتن تایبەتیی کردەوەکانی ئەوکاتەی هێزە سیاسییەکان بوو. شتێک کە ئێستاش بەردەوامە.

رێکخراوی فیدایی لە ناچاریدا بوو. شەڕکردن لەگەڵ حوکوومەت نە تەنیا لە بەرنامەیاندا نەبوو، بەڵکوو رێبەرەکانیان بە کارێکی دژی شۆڕشیان دەزانی.

سەرەڕای ئەوەش لە شەڕی سنەدا زۆر چالاکانە بەشدارییان کرد. بەڵام دواتر فەرماندەکانیان سەرکۆنەکران و پێشمەرگە ئازاکانیان کە هەموویان خەڵکی سنە بوون، بە دەست رژیمەوە دران و هەموویان تیرباران کران. (ئەمە یەکێک لەو کردەوانەیە کە هیچ کات بەم ریبەرانە نابەخشرێ- بە داخەوە ئێستا حیزب لەگەڵیان دادەنیشێ و بەیانی هاوبەش دەر دەکا.)

لە هەلومەرجی وەهادا و بەم روانگەیەوە رژیم بڕیاری دابوو سەربازخانەی سنە کە گەورەترین پێگەی نیزامیی کوردستان بوو، بەهێزتر بکا و کاروانێکی سەرباز و چەکی زۆری بۆ سنە بە رێ کرد. خەڵکی سنە، زیاتر گەنج و منداڵانی لایەنگری کۆمەڵە، لە شەقامی سەرەکیی رێگای کرماشاندا لەنێو جادە دانیشتن و پێشی کاروانەکەیان گرت. بەنی سەدر سەرۆک کۆمار و فەرماندەی ئەرتەش داوای لە خەڵک کرد رێگا بۆ رۆیشتنی ئەرتەشەکە بکەنەوە. بەڵام خەڵک گوێیان نەدا. پاش ماتڵبوونێکی زۆر کاروان گەڕایەوە و بڕیاری دا بە دەور شاردا بڕوا. لە چەمی باوەرێز و نەنەڵە کەوتە بەر هێرشی پێشمەرگە و لاوەکانی بنکەکان. (هەموو رێکخراوەکان بەشدار بوون) ستوون تێک شکا و بە پەلەپڕوزێ بەشێکی خۆی گەیاندە سەربازخانەی سنە و باقییەکەی لەنێو چوو. چەکوچۆڵێکی زۆریشی کەوتە دەست هێرشکەران.

حوکوومەت لە بیانوویەکی وا دەگەڕا. شاری دایە بەر تەقە و هەوڵی دا شار گەمارۆ بدا و گەڕەک بە گەڕەک داگیری بکا. هەر جێگایەکیشی دەکردە ئامانج لە پێشدا بە چەکی قورس دەیکوتا. شار سەرەڕای گیان بەختکردن و پاڵەوانییەکی زۆر، بە هیچ جۆرێک ئامادەیی شەڕێکی کلاسیکیی لەگەڵ ئەرتەشێکی پڕوپۆشتەدا نەبوو. تەنانەت لە رۆژی چوارەمی شەڕدا هێزەکانیش تەقەمەنییان لێ بڕا. ئەگەر یارمەتی لە هەورامانەوە بۆ حیزب نەهاتبا و بەشێک لە هێزەکانی رژیم لە نێوشار چەک نەکرابان، دەبوا هەر ئەوکات شار بە جێ بێڵن. ئاو لە ماڵان بڕابوو، کارەبا و نان نەبوو. لە دیهاتەوە نان کۆ دەکراوە و دەنێردرایە مەقەڕەکان و خەڵک دەهاتن بڕێکیان دەبرد. هێزەکانی ناوشار یەک چەکی قورسیان نەبوو وەڵامی هاوەنبارانی پادگان بدەنەوە. ستوونی پێنجەمیش کاری دەکرد. لە هێندێ ماڵ بێسیمیان دانابوو جێگای پێشمەرگەی بە پادگان رادەگەیاند و ئەوانیش ئەو شوێنەیان دەکوتا.

یەکێک لەو گوللەهاوەنانە کەوتە ناوەڕاستی کۆبوونەوەی بەرپرسانی ڕێکخراوەکان و نیوەیان کوژران و نیوەیان بریندار بوون. ئەمە بووە هۆی پشکنینی ماڵی لایەنگرانی مفتیزادە و خەڵکێکی - ڕەنگە بێ تاوانیش- لە لایەن کۆمەڵەوە ئێعدام کران.

سەبارەت بەم شەڕە زۆر گوتراوە و نووسراوە. لێرەدا نامەوێ باسی وردەکارییەکان بکەم و بە بیرەوەرییەک کۆتایی پێ دێنم.

*لە جەرگەی شەڕەکەدا شەوێک لەگەڵ دوو پێشمەرگە چووینە ماڵێک. لەو ماڵەدا دوو ژن و پیاوێک دەژیان. یەکێک لە ژنەکان دووگیان بوو. لەگەڵ تەقینەوەی هەر هاوەنێک ژانەزکی دەگرت. ئاخر چۆڕەکانی ئاوی شوفاژەکەیان بەتاڵ کردبوو کە ئەو لێوی تەڕ بکا. بە دوو هێلکە و هێندێ لێوارەنان کە ئاخر خوارنێک بوو هەیانبوو، میوانداریان کردین. ڕۆیشتین لە مەقەڕەوە نانیان بۆ بهێنین بەڵام شەڕ لەو گەڕەکە توندی کرد و نەکرا بچینەوە ئەو کۆڵانە.*

هەر لە یەکەم ڕۆژی شەڕەوە دیار بوو کە ئاکامی شەڕەکە بە لای ئەرتەشدا دەشکێتەوە. لە پەیامێکی بێسیمدا فەرماندەی پاسدارەکان بە پێگەیەکی دیکە دەڵێ "ئێمە هاتووین بە هومێ خوا نەهێڵین یەک دیواری ئەم شارە بە سەرپێیەوە بمێنێ". دیواری زۆر روخا بەڵام نە هەمووی. لە زۆر زۆر و لە کەم کەم کوژرا. لە هێزی پێشمەرگەی هەموو ڕێکخراوەکان ٤٩ کەس کوژران، (٢٥ی پێشمەرگەی حدکا بوون) لە خەڵک بەپێی سەرژمێریی نەخۆشخانەکان نزیک بە ١٨٠٠ کوژراو و بریندار هەبوو. هێرشکەرانیش هیج کات ڕوونیان نەکردەوە چەندیان کوژراوە، بەڵام دەزانین کوژراو و برینداریان زۆر بوو. هێزەکانی بەرگریکەری شاری سنە پاش ٢٢ ڕۆژ شەڕ لە ٥٩/٢/٢٤ (٨٠/٥)دا شاریان بە جێ هێشت.

قەدەغەی هاتوچۆ لە سنە دامەزرا و پاسدارەکان بە ڕێنوێنیی جاشەکان کەوتنە گەڕان و پشکنینی ماڵەکان. دیارە لە چاو ئەواندا کەس بێتاوان نەبوو، بەڵام لە پێشدا رقیان لە هەرکەس بوو، یەکەم ئەویان بە گرتنیان دەدا و دەزانین کوشتن و زیندان و شارەودەرکردن ئاکامی بێ ئەملا و ئەولای شەڕێکی لەم شێوەیە.

هەر لەو کاتەدا سەقز و بانەش لە شەڕێکی خوێناوی بەڵام کورتخایەنتردا بوون و ئاکامەکەیان هەر وەکوو سنە بوو.

ئەم شەڕە سەرەتای شەڕێکە کە ئێستاش کۆتایی نەهاتووە، گەرچی لە ساڵی ٦٧ بەملاوە تووشی نسکۆ بووە و بە کردەوە شەڕ نەماوە (دوایە هۆکانی باس دەکەم) بەڵام چەند ئاکام و دەرسی گرینگ و جێگای سەرنجی تێدایە.

بەر لە هەر شتێک ئەو شانازی و سەربەرزییە بۆ گیانبەختکردوان و خەباتکاران مایەوە کە هەر لە سەرەتاوە نەچوونە ژێر باری دەسەڵاتێک کە بنیاتی فاشیسمی ئیسلامی دانا و سەرشۆڕیی بۆ ئەوانە مایەوە کە هاوکارییان لەگەڵی کرد و ئێستاش پاش سی ساڵ ئەوانە کە پەشیمان بوونەتەوە ئەو شەرمەزارییەیان پێ پاساو نادرێ.

- هێزەکان زانییان شەڕی نێوشار یانێ خەڵک و خۆ بە کوشتدان و هیچ ئاکامێکی سیاسی و نیزامیی نییە. بۆیە دواتر مەهاباد و پیرانشار و بۆکان بە بێ تەقە درانە دەستەوە.

- حیزبی دێمۆکرات دەبوا زانیبای کە سەرەڕای ئەوە هەوڵێکی زۆری بۆ راوەستانی شەڕ کرد و نامە و پەیامی بۆ بەنی سەدر و خومەینی نارد و تەنانەت ئاگربەسی یەکلایەنەی راگەیاند و هەیئەتی مەلاکان بە سەرکردەیی ئەشراقی چووە مەهاباد، بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو. چونکە حوکوومەتیش دەیزانی ئەوە تەنیا حیزبە داوای رێککەوتن دەکا. ئەی ئەوانی دیکە؟ رژیم دەشیزانی حیزب ئەوانی دیکەی پێ سەرکوت ناکرێ. کەوا بوو شەڕەکە هەر دەمێنێ. ئاگاشی لە دووبەرەکیی نێو خودی حیزبیش هەبوو.

- هێزەکان بەشێکی زۆری لاوەکانی سنەیان هێنایە ریزی پێشمەرگەوە. بە تایبەت حدکا کە لە سنە لەم بارەوە زۆر لاواز بوو، پاش شەڕ نزیک بە پێنجسەد پێشمەرگەی لێ زیاد ببوو. لاوەکان نەک لەبەر سیاسەتی باش یان خراپی ئەوان هاتنە ریزی پێشمەرگەوە، بەڵکوو دەیانزانی مانەوە لە شاردا بە مانای زیندان و کوژرانە. دەشیانەویست بەرگری لە کەرامەتی خۆیان بکەن.

- خەڵک گەرچی تاقیکردنەوەیەکی زۆر تاڵیان لەم شەڕە پەیدا کرد، بەڵام گیانێکی بەرگرییان تێدا پەیدا ببوو کە بەداخەوە لە لایەن هێزەکانەوە کەڵکی لێ وەرنەگیرا.
- هێزەکان دەبوا زانیبایان دووبەرەکی و نەبوونی فەرماندەیی هاوبەش چەند زەرەر و زیانی هەیە و دواتر دەبوا هەوڵیان بۆ دابا، کە چی بە پێچەوانەوە زیاتر لێک دوور بوونەوە و هەر ئەمە بوو کە ئەو گیانی بەرگریەشی لای خەڵک لاواز کرد.
- پێشمەرگەکان دەبوا زانیبایان رێبەرانی رێکخراوەکانیان لە رۆژی تەنگانەدا لەگەڵیان نین و تەنیا لە دوورەوە *باریقەڵایان* بۆ دەڵێن. لە تەواو رۆژانی شەڕی سنەدا رێبەرانی کۆمەڵە لە بۆکان کۆنفرانسیان گرتبوو، دانیشتبوون بزانن مائو راست دەکا یان لنین. حێزبییەکانیش خەریکی باسی دژ بە ئەمپڕیالیست بوون یا نەبوونی رژیمی ملاکان بوون، کە ئاکامەکەی بوو بە جیابوونەوەی جەماعەتی توودەیی بە سەرکردەیی غەنی بلوریان کە ئەو لە لایەن حێزبی توودەوە کرا بە ئەندامی شانازیی دەفتەری سیاسی حێزبی توودە.

*لە شەڕی سنەدا من لەگەڵ هێزەکانی حدکا بووم. بە یارمەتیی سەی یۆنس، یاریدەدەرێکی پزیشکی بە نێو کەمال و دوو پێشمەرگە بریندارەکانمان لە شار دەبردە دەرەوە و یارمەتیمان لە دەرەوە بۆ شار دەهێنا. نەخۆشخانەیەکی سەرەتاییمان لە "تەوریوەر" دامەزراند.*
*شەوێک لە سەنگەرێکی باخەنەمامەدا لەگەڵ چەند لاوێک بووم. باسی گەڕەکی لای ئوستانداریمان دەکرد کە داگیر کرابوو. ماڵی ئێمە لەو گەڕەکە بوو. لاوێک پرسی ئەرێ دەڵێن کاک تەیفور کوژراوە، راستە؟ گوتم ئەگەر من نەبم ئەوە راستە. راستییەکەی ئەوە بوو پاش شەڕەکە هێزەکان تێگەییشتن کێ ماوە و کێ نەماوە. پەیوەندییەکی نیزامی رێکوپێک لە نێوان پەل و لکەکانی هێزەکانی بەشدار لە شەڕەکەدا نەبوو. لە رۆژەکانی ئاخری شەڕدا رێگای حەسەنئاوا گیرا و پەیوەندیمان لەگەڵ شار نەما.*

ماوەیەک بەرپرسی مەقەڕی تەوریوەر بووم کە مەقەڕی ناوەندیی هێزی باشوور بوو. دوایە کرام بە جێگری فەرماندەی هێزی شەریفزادە کە ئەودەم لە کامیارانەوە هەتا دیواندەرەی دەگرتەوە و نزیک بە شەشسەد پێشمەرگەی لە ریزدا بوو. من لەو ماوەیەدا چەند نامیلکەم نووسی بە نێوی "زانیاریی پێشمەرگە". سەبارەت بە شەڕی سنەش کتێبێکم نووسی و ناردم بۆ نووسەرێک لە تاران، کە بێ سەروشوێن ون بوو. ٢٥ساڵ دواتر ئەو نووسەرەم لە سوید دیت و لە کتێبەکەم پرسییەوە، گوتی لە هێرشێکی پاسدارەکاندا لەگەڵ کتێبەکانی خۆمدا بردیان.

# بوون و نەبوون

دایک دەستی خستە نێو ئاوی چاوکە و لەپێک ئاوی هەڵگرت و لێی مات بوو.
گوتی: نا نایبینم، نییە، بۆنی ناکەم، نایەت، دەزانم.
بە دووی کوڕەکەیدا هاتبوو. لە جگەرگۆشەکەی دەگەڕا.

ئەو دەم دەمانگوت جێی بەتاڵە. ئەو دوێنێ هەبوو، بەڵام ئەوڕۆ نییە. دایک ڕاستی دەگوت، ئێمە دڵمان نەدەهات بڵێین، دایە کوڕەکەت ئیتر نییە. دایە دەیزانی، منیش دەمزانی. هەر لەو کاتەوە کە ئیتر بابە نەبوو و من لە سووچێک کزم کردبوو و لە پشت تۆڕی فرمیسکەوە دایەم دەدیت جێگاکەی بابەی کۆ دەکردەوە، دەیلاواندەوە و بۆنی دەکرد و ڕوومەتی لە لێفەکەی بابەدا دەشاردەوە و بەدەم گریانەوە دەشەکایەوە، من مانای چیتر نەبوون و بۆ هەتاهەتایە ڕۆیشتن تێگەییشتبووم. بابە دوێنێ هەبوو و ئەوڕۆ ئیتر نەبوو و دوای ئەوە ژیان پڕ بوو لە بوون و نەبوون.

کە حەسەن ئیتر نەبوو، ئەو کاتەی ئەو و هەواڵەکانی دیکەیان برد و کوشتیانن هاوژوورەکەم سەری کردە ژێر پێخەفەکەوە و لە پرمەی گریانی دا. بەڵام من چاوم لە دەستەنوێنە پێچراوەکەی سووچی ژوورەکە بڕیبوو، پێخەوێک کە ئیتر میوانەکەی نەدەدیتەوە و دایەم دەدیت بۆنی پێوە دەکرد و فرمێسکی بە چاودا دەهات. گوتمان جێگای بەتاڵە. زۆریش بەتاڵ بوو. بەتاڵ مایەوە.

لە خەون و بەیاردا دەمانگوت: ئای ئەگەر زنجیری نەبواین، ئەگەر زیندان زەلیلی نەکردباین، لەباتی هەر گوللە دە گوللە... و ئەمە هاوارێکی لە گەروودا تاساو بوو کە پشت چاومانی گەرم دەکرد. گەرووی دەگوشین، بەڵام دەمایەوە، ئازاد نەدەبوو. نەدەکرا ئازادی کەی، هاواریش وەکوو خۆمان زیندانی بوو.

*رۆژێک لە رۆژان هاوارەکان ئازاد کران، بەر لەوە دەنگدانەوەکەیان بگاتە گوێ زیندانەکان کپ کرانەوە. یەکێک گەڕایەوە کونجی دیوارەکانی زیندان و تیرەباران و یەکێک لە سەنگەردا پێشوازی لە مەرگ کرد. و چیرۆکی ئەورۆ بوون و سبەی نەبوون لە هەموو شوێنێک دووپات کرایەوە. لە سنە، سەقز، قارنە و قەڵاتان، پاوە و کرماشان، سابڵاغ و سەردەشت. قەسر و ئەوین و قزل حەسار....*

*دەتەوێ باسی ئەو ساڵە بکەم، ئەو ساڵە ساڵی چاوە جوانەکانی پەپوو بوو. ئەتۆ پەپووت نەدیبوو، من دیبووم. من دەستە بچکۆلانەکانیم گرتبوو. چاوە پڕ لە پێکەنینەکەیم سەرنج دابوو، کاتێک هەڵاتبوو و کەوتبوو، من کراسە گوڵدارەکەیم تەکاندبوو، فرمێسکەکانیم بە سەرپەنجە سڕیبووەوە. پەپوو هەم گوڵ بوو هەم پەپوولەیەک کە لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێک باڵی دەگرتەوە. ئەوکات کە ئیتر نەبوو، هەشت ساڵان بوو. گوللەیەک سەری شکاندبوو، من سەرە شکاوەکەی پەپووم دیت.  دە گوللە لە باتی هەر گوللەیەک، ئێستا ئیتر هاوارەکان لە زیندانی سینگدا قەتیس نەبوون. لە لوولەی تفەنگەوە دەهاتنە دەرێ. لە گوندەکەی پەپوودا ژیان هەر ساتێکی مەرگێک بوو، ئاواتی مەرگێک بوو.*

*بابی ساڵەح زەردەخەنەیەکی تاڵی بەسەر لێوەوە بوو، گوتی نایی کوڕەکەم ببینی. رێکخراوەکەی بە گرتنی دابوو. دەست و پێیان شکاندبوو، هەموو لەشی شوێنی زامی شەلاخ بوو.*

*جەلال کاتێک رۆی گوتی مەگەر لە خەودا بمگرن دەنا پێم ناوێرن. دەستە براکەی لە خەودا پاسداری هێنایە سەری.*

*ئەرێ برام ئەو ساڵە خەبات هەبوو، خەیانەتیش هەبوو.*

*دایە گوتی لە گەردەنەکە هاتمە خوارێ بۆنم نەکرد. هەموو شاخ و دۆڵەکان بە دووی بۆنی کچەکەیدا دەگەڕا، میوەیەکی لەژێر دارێک هەڵدەگرتەوە، بە ورتە دەیگوت: وەرە ئازیزم، وەرە کچە جوانەکەم، وەرە میوە بخۆ. میوەکەی لە گیرفانی دەنا کە بیدا بە کچێک کە ئیتر نەبوو. گوتم: جیگای بەتاڵە دایە.*

*و دایەکەکانی دیکە و شاخ و دۆڵی دیکە و ون و ونکراوەکانی دیکە و هێشتاش هەر هەیە.*

ماندوو له هەڵاتنەکانی ڕۆژانه لەسەر تەپکێک له پەنا بەردێک کزمان کردووە. دەنگی شەو، بۆنی شەو، لەژێر دیۆجامەی ئەستێرەکاندا گورپمان کردووە و هەوای نمەونی شەو دایهێزاندووین. ئەورۆ دوو هاوڕێمان ناشتووە. شەباب هەر بۆڵەی دێ، ئەگەر لەم شەڕەدا هێزەکان بەرانبەر بوایەن خەبات مانای نەبوو، ئەوانیش خەباتیان کرد و بە پێیەوە تیرباران کران. من فرمێسکم نییه بۆ کەسی بڕێژم. مەگەر بڕیار بوو جگه لەمە بێ؟ ئیتر ئەو هەرا و شیوەنەی بۆ چییه؟

ئەستێرە خەیاڵاوییەکانی منداڵیی من هەر لە جێی خۆیانن. دەنگی ئاشنای مارئاوی لە دوورەوە، نەوایەکی ئارام دەخشێنێ بە تاریکی نێو دۆڵەکەدا. خۆزگە توانیبام جوانیی شەو لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە ئیتر نەماون دابەش بکەم. بەڵام نین، چۆنی بەش کەم؟

ئەمانەم لەبەر خۆمە گوتووە، بەڵام شەباب بیستوویە، دەڵێ جێگایان بەتاڵە.

دەڵێم: هەتا ئازادی و چەکەکەم له شان دەکەم و هەڵدەستم.

دەڵێ: ئازادی یانێ پێویستنەبوونی ئەم چەکە.

# شەڕ و ناسیاری

کوردستان بە گشتی سەرزەوینێکی کشتکارییە. بەرهەمی کشتوکاڵ لە ناوچە جیاوازەکاندا بەپێی ئاو و هەوا و چۆنیەتیی هەڵکەوتوویی جوغرافیایی، جیاوازە. لە دەشتەکاندا زیاتر گەنم و جۆ دەکێڵدرێ و لە کوێستان میوە و تەڕەبار بەرهەم دێ و لە ساراڵ ئاژەڵداری باوە. بۆیە ناوچەی جۆراوجۆر پێویستیان بەوەیە بەرهەمەکانیان بگۆڕنەوە. پێشتر ئەم گۆڕینەوەیە راستەوخۆ دەکرا و پێی دەگوترا کاروانکردن. ئێستا ئەم کارە لە رێگای شارەکانەوە دەکرێ. هێندێ کەلوپەلی تایبەتیش وەکوو قەند و چای و قوماش و نەوت و کەرەسەی کار لە شارەکان دەکڕدرێ. هەرچی رووی ژیان دەگوڕدرێ پێویستی گوند بە شار زیاتر دەبێ. هاتنی تەراکتۆر و ماشینەکانی دیکەی کشتوکاڵ، ئەم گرێدراویەی بە شارەوە زیادتر کردووە. شارەکان ناوەندی ئیدارەی دەوڵەتی و نەخۆشخانە و بانک و ناوەندی سوپا و هەروەها کارگە چکۆلەکانی کەرەسەسازی و چاککردنەوەی ماشینەکان و بەرگدروون و کەوشدروون و باقیی پێداویستییەکانی رۆژانەن. لەو سالانەدا کارگەی گەورە و کارخانە لە هیچکام لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەلاتدا نەبوو.

دوای شەڕی شارەکان پێشمەرگەیەکی زۆر بەسەر دێهاتەکاندا کەوت کە زۆربەی نزیک بە تەواویان منداڵی شار بوون و لەگەڵ ژیانی دێهات رانەهاتبوون. لەو کاتەدا ئەوان مەقەڕ و بنکەی تایبەت و بژیوی خۆیان پێک نەهێنابوو. رەنگە پێیان وا نەبووبێ، رۆژێک لە رۆژان ئاوارەی دێهات دەبن. (دواتر تاکەتاکەیەک لاوانی لادێش هاتنە ریزی پێشمەرگەوە. ئەم بەشە لە حێزبدا زۆرتر بوو. هەر لە سەرەتاوە حێزب لەنێو دێهاتەکانی دەوری سەردەشتدا بنکە و ئەندام و لایەنگری هەبوو).

یەکەم کێشەی ئەم هێزانە خواردن بوو. هیچ گوندێک ئەوەندە پاشەکەوتی نەبوو کە بەشی ئەو هەموو میوانە بکا. ناچار دەبوا بڵاوە بکەن و بەسەر دێهاتێکی

زۆرتردا دابەش بن. ئەمە یەکەم شتێک بوو کە لە توانایی هێزەکانی پێشمەرگەی کەم دەکردەوە. دانانی کەمپ و ئوردو لە ئارادا نەبوو. مەقەڕ لە گوندەکان دادەنرا. بەرنامەیەکیش بۆ پەیداکردنی خواردن لە ڕێگای دیکەوە نەبوو. ئەگەریش پێشتر هێندێ شت لە لادێیەکاندا ئەنبار کرابووبێ، بەشی ئەوەندە هێزەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نەدەکرد. ماوەیەک پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کەوتنە جووت و درەوکردن لەگەڵ جووتیاران با نانەکەیان بە خۆڕایی نەخواردبێ و نیشان بدەن ئەوانیش لەو خەڵکەن! بەڵام دواتر ڕەخنەیان لە خۆ گرت کە ئەوە پۆپۆلیسمە و ئەو جۆرە کردەوانەشیان وەلا نا. زۆری پێ نەچوو خەڵک کەوتنە گلەییکردن لە کەمبوونەوەی تفاق. بەتایبەت ئەو ناوچانە کە پێشمەرگەی تێدا بوو ڕژیم گەمارۆی ئابووریی دابوون و کاتێک خەڵکی ئەو گوندانە دەچوونە شار لە ڕێگای جاشەکانەوە دەناسرانەوە و ئازار دەدران و ڕێگرییان لە هێنان و بردنی شتومەکیان دەکرد. نەیاندەهێشت بەرهەمەکانیان بفرۆشن و پێداویستییەکانیان بکڕن. دەیانگوت ئەگەر دەتانەوێ وا نەبێ، پێشمەرگە لە ئاواییەکەتان دەرکەن. ڕژیم دەیەویست خەڵکەکە بە گژ پێشمەرگەدا بکا. پێشمەرگەش هیچ پلانێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نەبوو. سەرەڕای ئەوەش هیچکات نەبیسترا گلەیی لە پێشمەرگە بکەن یا داوایان لێ بکەن ناوچەکە بە جێ بهێڵن.

کێشەی دووهەم خۆپاراستن و دابینکردنی هێمنی بوو. ئەوەش بە دەستی بەتاڵ نەدەکرا. پێشمەرگە ئەوەندەی چەک و تەقەمەنیی پێ نەبوو کە بتوانێ سەنگەرەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر ڕاگرێ. هیچ پەلە پێشمەرگەیەکت نەدەدیت چوار سندوق فیشەکی زیاد لەگەڵ خۆی بگێڕێ. هەرچێک بوو، هەر ئەو چوار دراغە بوو کە بە خۆیەوە هەڵاوەسی بوو.

کێشە و گرفتی دیکە زۆر بوون، لە جێگای خەوتنەوە بگرە، هەتا خۆشوشتن بە ئاوی سارد و پاکوخاوێنیی و جلوبەرگ و پارەی جگەرە و ... لە هەموو گرنگتر نەبوونی دەرمان و دوکتور و نەخۆشخانە بۆ بریندارەکان. ئەمەیان لە هەموو شتێک بە ئازارتر بوو. جار وا بوو پێشمەرگەیەک بە برینێکی کەم لەبەر چاومانەوە گیانی دەدا و کارێکمان لە دەست نەدەهات. لە هەموو کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە شارەکاندا نەبێ لە هیچ گوندێک یەک نەخۆشخانە و دەرمانگەت نەدەدیت.

حەمام و گەرماو تەنانەت لە گوندە هەزارماڵییەکانیشدا نەبوو. رەنگە پیاو ریگای لە شار کەوتبا و ئاوێکی گەرمی بە خۆدا کردبا، بەڵام ژنی بەستەزمان هەر دەبوو لە گەورِدا خۆی بشوا. شای ئێران بە فیزەوە باسی "تەمەدنی مەزنی" دەکرد کە چی لە دێهاتەکانی ئێمە بە دەگمەن ماڵێکت دیباوە توالێتی لە حەوشی خۆیدا هەبێ.

ئەمانە هەمووی پێشمەرگەی وا لێ کردبوو کە بۆ دامرکاندنی خۆی هەلومەرجەکە بە شتێکی زۆر کاتی دابنێ و لای وا بێ رِژێم زوو پاشەکشە دەکا و ئەوان دەچنەوە شارەکان. ئەم خەیاڵە شەرِی سێ مانگە پێکی هێنابوو. وا دەزانرا سەناریوەکەی پێشوو دووپات دەبێتەوە. کەی دەچینەوە؟ کەی دەچینەوە شار؟ پرسیارێک بوو بەسەر زاری هەموانەوە. کە ئەم پرسیارە دەکرا، پێشمەرگە لادێییەکان چاویان لە زەوی دەبرِی، دەتگوت لە وەلامی پرسیارێک دەگەرِێن. "ئەی من؟".

راستییەکەی رێکخراوەکان هیچیان وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەبوو و نەبیسترا کەسیان بڵێ ئەم هەلومەرجە بۆ کوێ دەچێ. دروشمی زەلام زەلام هەتا بڵێی هەبوو. دەکوژین، دەبرِین دەرِوخێنین، هەتا دواهەناسە بەرگری دەکەین و... بەڵام ئەمانە هیچیان لێکدانەوەی چۆنیەتیی هەلومەرجەکە نەبوون و نەخشەی داهاتوو دیار نەبوو. دەکرێ ماوەیەک بە دروشم زکی خەڵک تێر بکەی، بەڵام دوایە دروشمەکانیش برسی دەبن.

دوکتور قاسملو زۆر جار دەیگوت هەتا وەرگرتنی خودموختاری ٢٥ساڵ دەخایەنێ. کەسانی تر ئەم گوتەیان پێ بەدبینانە بوو. هەتا ئێستا جارێ ٣٢ ساڵ تێپەرِیوە.

رژیم دەستی خۆی وەشاندبوو و زەبری خۆی نیشان دابوو. خەریک دامەزراندنەوە و بێدەنگکردنی شارەکان بوو. بەشێکی خەڵکەکەی لە زیندانەکان کردبوو و بنەماڵەی پێشمەرگەکانی شارەودەر کردبوو و دەیگواستنەوە بۆ یەزد و کرمان. ماڵەکانیشیانی بە پاسدار و جاش دەدا. بۆ نموونە ماڵی ئێمە کرا بە مەقەرِی پاسداران. تەنیا کەسمان کە لە سنە مابوو، دایکم بوو کە ساڵێک لە زیندان راگیرا و دوو ساڵ ناردرایە بیابانەکانی خاف لە لای یەزد و کرمان.

له باری نیزامییەوە پلانی رژیم ئەوە بوو کە بەرەبەرە بازنەی دەسەڵاتی خۆی لە دەور شارەکاندا گەورە بکاتەوە و ڕێگای هاتوچۆی نێوان شارەکان بخاتە ژێر رکێفی خۆی. لەم کارەشدا زۆر بە پەلە نەبوو. کوردستان نە کان و کانزای گرینگی تێدا بوو، نە کارگە و کارخانەیەکی وەها کە ئەگەر نەبێ زیانێک لە ئابووریی وڵات بکەوێ. داینابوو بە شێنەیی هێزەکانی پێشمەرگە ماندوو بکا و لەنێو گوندەکانیشدا ستوونی پێنجەمی خۆی دامەزرێنێ.

پێشمەرگەش جار جار هێرشی دەکردە سەر پێگەیەک یان بۆسەی لە جادە دادەنا، رژیمیش جگە لە دانانی پۆستی پشکنین جاروبار هەر لەم تاکتیکە کەڵکی وەردەگرت. ئەم تەڵەنانەوە دەبووە هۆی ئەوە کەسانێک پێیەوە بن و دیل بکرێن. بە تایبەت ئەوانە کە بە ئۆتۆمۆبیلی ئاسایی هاتوچۆیان دەکرد. لە یەکێک لەم تەڵانەدا فەرماندەیەکی نیزامیی فیدایی دەگیرێ. ئەو بە هۆی چالاکبوونی لە شەڕی سنەدا لای خەڵک خۆشەویست بوو.

دایکی هاتە لای ئێمە. کاتێک بوو کە ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان چەکیان دانابوو و جگە لە چوار کەسی لایەنگری ئەقەلییەت کە لە ناوچەی مەریوان بوون، باقییەکەیان کوردستانیان بە جێ هێشتبوو. دایک داوای لە ئێمە کرد بەڵکوو کارێک بکەین کوڕەکەی ئازاد بکرێ. دەیزانی دەیکوژن. چ دەکرا. بەو دایکە کە ئاخر هومێدی ئێمە بووین دەکرا چ بگوترێ؟ فرمیسکی دادەوەران و دەستی بە داوێنیدا دەسوو و باسی منداڵیی کوڕەکەی دەکرد. دەتگوت لەسەر گڵکۆکەی دانیشتووە. دەیگوت: خەمی ئەو سێ منداڵەکەی دیکەم نییە. ئەوان لە شوێنێک لەم کێوانە لای ئێوەن، بەڵام کە بیری ئەو دەکەم وا لەژێر ئەشکەنجەدایە. سەر بە زەویدا دەکوتم.

شەوێک لە ماڵ ئاشنایەک مایەوە و بۆ سبەینێ رۆیشتەوە. ئێمە سێ زیندانی دیکەشمان هەبوو کە هەر بەو شێوە گیرابوون. بیرمان بۆ هیچ نەدەچوو. لە کاتی شەڕدا ئەسیرەکان وەکوو خەساری شەڕ دەژمێردرێن.

نزیک بە مانگێک تێپەڕی. رۆژێک هاتن گوتیان پیرەمێردێک لە نێو گونددا دەسوورێتەوە و منداڵ لە دووی کەوتوون. پیرەمێردەکەیان هێنایە مەقەر. ماندوو و تینوو، کیسە پلاستیکێکی بە نێو لینگیەوە بەستبوو کە دەرپێیەکەی تەڕ نەبێ. بە

زاراوەی یەزدی دەدوا. گـوتی: بە دووی کوڕەکەمـدا دەگەڕم. شـۆفێری ئەبـوو شـەریف (لە فەرمانـدەکانی سـوپای پاسـداران و جێگـری چەمـران) بـووە. دایکـی خەریـکە شـێت دەبـێ. هەر ئەو یەک کوڕەمـان هەیە. تـازە دیپلـۆمی وەرگرتـووە. ئەسیر بـووە. پێیـان گوتـووم دەبێ لای ئێـوە بێ. بە ئەبـوو شـەریفم گوتـووە ئەگەر دیتمەوە بە هەر جۆرێک بێ، دەبێ ئازادی بکەی. ناوی کوڕەکەی گوت و ئێمەش تەواشای لیستی زیندانییەکانمان کرد. دەرکەوت لە زیندانی ناوچەی ئێمەدایە.

هەتا کوڕەکەی بهێنن کە چاوی پێی بکەوێ، نان و ئاوێکمان بە پێرەمێرد دا. وەها کوڕەکەی ماچ دەکرد و بۆنی پێوە دەکرد کە فرمیسکی لە چاو کەسانێک لە ئێمەش دەرێنا. ناوی چوار زیندانیمان بە فەرماندەکەی فیداییەوە دا بە پیرەمێرد و گوتمان ئامادەین کوڕەکەت لەگەڵ ئەم زیندانییانەدا بگۆڕینەوە. پیرەمێرد گەشکە بوو و رۆیشت.

بـۆ دووسـبەی بە نـامەیەکی سـوپای پاسـدارانەوە گەڕایەوە. داوای دوازدە زیندانییان کردبوو. دیار بوو ئەبوو شەریف دەستی دەڕوا. ئێمەش وەڵاممـان دایەوە یەک کەس لە بەرانبەر یەک کەسدا.

پیرەمێـرد یەک دوو جـاری دیـکەش هـات و رۆیشـت ئـاخری چەنە لێـدانەکە گەییشـتە ئەوە کە شـەش لە ئەوان لە بەرانـبەر چـوار لە ئـێمەدا. جێگـا و کـاتی گۆڕینەوەشمان دیاری کرد.

پێشـمەرگە لە ئاسـۆی تەپکێـک دامەزرابـوون و پاسـدارەکانیش لە تەپکەکـانی بەرانـبەردا. پیرەمێـرد دەسـتی یەک لە زینـدانییەکانی دەگـرت و لەگەڵ خـۆی دەیهێنا، پشوویەکی تازە دەکردەوە و دەستی یەک لە ئەمانی دەگرت و ئەو رێگا پێنجسـەدمەترییەی دەپێـوا و دەچـووە ئەوبەرەوە. ئەوان فەرمانـدەکەی فیـداییان هەتـا ئـاخر کەس راگـرت و ئـێمەش کـوڕی پێرەمێردمـان خسـتە ئـاخرەوە کە لە راستیدا هەموو ئەم هێنان و بردنە بۆ ئەو بوو. بێ گومان هیچکام متمانەمـان بەوی دیکە نەبوو. رەنگە هەردوو لا دڵەودوا بـووین کە نەکا ئەم پیرەمێـردە سـەکتە بکا. پیرەمێـرد متمـانەی بە ئـێمە هەبـوو، بەڵام بەوان نە. بـۆیە لە پێشـدا فەرمانـدەکەی هێنا و ئاخرجار کوڕەکەی خۆی برد.

سبەی ئەو رۆژە شۆفێری ئۆتۆمۆبیلێک کە هەموو رۆژێک سەفەرێکی بۆ شار دەکرد، نامەیەکی پێم گەیاند، نووسرابوو ئێمە دەمانەوێ دایکی فەرماندەکە لەگەڵ ئەسیراندا بگۆڕینەوە. شەوی پێش رۆیشتبوون دایکیان گرتبوو. منیش لەژێر نامەکەدا نووسیم ئێمە پیاوی شەڕ لەگەڵ پیاوی شەڕ دەگۆڕینەوە نەک لەگەڵ پیرەژنان. وام دەزانی ئەگەر بەم شێوەیە بڕوا، ئەوان هەموو کەس و کاری ئێمە لە شاردا بە بارمتە دەگرن و ئێمە خەباتمان پێ ناکرێ. دایک ساڵێک لە زیندان بوو و دوایە دوور خرایەوە بۆ لای یەزد، بەڵام بە بارمتەگرتن کۆتایی پێ هات.

تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بۆ چالاکبوونی پێشمەرگە و ورەی خەڵک و پەیداکردنی هێندێ چەک و تەقەمەنی، باش بوو، بەڵام ئەوە نەبوو کە بتوانێ ئەرتەشێکی پڕ و پۆشتە وەکوو ئەرتەشی ئێران نیگەران بکا. ئێستا ئیتر ئەو کاتە نەبوو کە بە لێدانی یەک دوو پێگە و ستوون، ئیمام پەیام بنێرێ!

بۆ پێشمەرگە، گەڕان بە دێهاتەکاندا تاقیکردنەوەیەکی تازە بوو. رایدەکێشان. گوتنەوەی چیرۆکی شەڕ و پێکدادانەکان و پاڵەوانیکردن لە شەڕدا (راست یان درۆ) ماددەیەکی سەرخۆشکەر بوو کە ئەوانی لەو هەلومەرجە تازەدا مەستی مەستی سەربەرزی دەکرد. ئەمە تایبەتمەندی شەڕە.

لایەنی باشی بەردەوامبوونی خەبات، لانی کەم لەوکاتەدا بۆ پێشمەرگەی منداڵی شار، ناسینی خەڵکی لادێ و هەلومەرجی ژیانی گوندەکانی کوردستان بوو. رەنجی هەژاری، باوکسالاری، دیلێتیی داوی ئایین و خورافات و بێسەوادی ئەوانیان دەدیت. ئاکامی نەبوونی رێگا، ئاوی خاوێن، پاکوخاوێنی و زۆری کێچ و ئەسپێیان لە نزیکەوە دیت و لە هەمان کاتدا تێگەییشتن کە ئەوان هیچ رێگاچارەیەکیان بۆ نییە جگە لە شەڕکردن بۆ داهاتوویەکی باشتر. یەکێک لە سەرلەشکرەکانی رژیم لەم ساڵانەی دوایدا سەبارەت بە چۆنیەتیی ژیانی کوردەواری دەڵێ:

*لە سەردەمی حەمەرەزا شادا دەسەڵات هیچ چاودێرییەکی بۆ کوردەکان بە نیسبەت پارێزگاکانی دیکە نەبوو. لەو کاتەدا گەرچی زاگرۆس بەڕاستی مەکۆی هێزی نیزامیی ئێران لە بەرانبەر هەڕەشەی سۆڤیەتدا بوو، بەڵام کوردستان هیچ گرینگییەکی پێ نەدەدرا. کوردستان کە میوانداری بەشێکی هەرە زۆری هێزی*

*نیزامیی ئێران بوو، هەر بە شێوەی سەدەکانی نێوەڕاست دەژیا. بۆ؟ کاتێک من لەوێ بووم هیچ پێشکەوتنێکی شارستانەتیی تێدا بە دی نەدەکرا. کاتێک بە ئەسپ یان بە ئۆتۆمۆبیل پێیدا دەگەڕام دەمدیت خێڵە کوردەکان لە هەژاری و بێچارەییدا و لە ژیانێکی ناخۆشدا دەژین. وەکوو بڵێی شارستانەتیی سەدەی نۆزدە و بیست نەچووەتە ئەوێ. ئەم دڵسۆزییە بۆ ئەوانەی کە تەنانەت کوردیش نەبوون، پێک دەهات. ئەم کێشەیە بەردەوام بوو هەتا گەییشتنینە کاتی شۆڕش.** 

کوردەکان بۆ خۆیان هۆی ئەم لەدوا راگرتنە بە کێشەی نەتەوایەتی دەزانن و بە درێژایی مێژوو بۆ بە دەستهێنانی مافی نەتەوەیی خۆیان خەباتیان کردووە. یان ناچار بە بەرگریکردن بوون. نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ مێژووی دوور. لە کاتی پەهلەویی یەکەمدا بە بیانووی نیشتەجێکردن (پێشگیری لە هەوار و کوێستان کردن)، لە سەردەمی پەهلەوی دووهەمدا بە بیانووی لایەنگری سۆڤیەت (کۆماری کوردستان ١٣٢٥) (١٩٤٦) و کۆ کردنەوەی چەک (١٣٣٥)(١٩٥٦)، و یارمەتی بە جووڵانەوەی کوردستانی عێراق (١٣٤٨)(١٩٧٠) سەرکوت و شارەودەر کراون و هەموو کاتێک وەبەر جیاکاری کەوتوون.

رۆژێک لە مەقەڕێکدا بۆ پیرەمێردێک ئیزنی هەڵگرتنی چەکم دەنووسی. بڕنەوە کۆنێکی پەیدا کردبوو دەیەویست جەوازی هەبێ. لە پێش ناوەکەی بە جێ "آقا" نووسیم "کاک". گوتی خوا شوکور نەمردم و دیتم ئاقا بوو بە کاک. کێشەی نەتەوایەتی زۆر رەگدارتر و قووڵترە لەوەی لە زەینی رووناکبیرانی ئێمەدا بوو. ئەمانە پێشمەرگەکان دەیاندیت و هەستیان پێی دەکرد، گەرچی لەگەڵ تیۆری رێبەرە خۆ بە زانا زانەکانیاندا نەدەگونجا. ئەمە ئەو ناتەباییە بوو کە ئاکامی کاریگەریی هەم بۆ رێکخراوەکان و هەم بۆ تاکەکەس هەبوو. رەوتی رووداوەکان خۆی شایەتی ئەم کارەساتەیە. بگەڕێمەوە بۆ رەوتی رووداوەکان.

---

* وتووێژ لەگەڵ سەرلەشکر ناسر فەربد، چشم*انداز ایران*، پاییز ١٣٨٤.

## یەکەم کەرتبوون لە حیزبی دیمۆکراتدا.

چەک دابنێن یان نە، ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە قاسملو لە بلوریانی کرد و ئەو نەیتوانی وەڵامێک بداتەوە کە خەڵک پێی رازی بێ. لەو کاتەدا قاسملو زۆر کەمتر لە بلوریان ناوبانگ و خۆشەویستی لای خەڵک هەبوو. بلوریان ٢٥ ساڵ زیندانیی کێشابوو، قاسملو لە دەرەوە هاتبوو و جگە لە هێندێ رووناکبیر نەبێ، خەڵک ناسینێکی وایان لێی نەبوو. بەڵام پەیوەندیی نێوان خەڵک و چەک چیرۆکێکی دیکەیە. ساڵەها قەدەغەبوونی ئەم کەرەسە ناسنامەییە، ئەم ئامرازی سەرکەوتنە، کردبووی بە تەلیسمێکی جادوویی. دانانی چەک تەنیا و تەنیا مانای شکست بوو. قاسملو لەم دەروونناسییەی کۆمەڵ کەڵکی وەرگرت. بۆیە بلوریان و گرووپەکەی (لایەنگرانی کونگرەی چوار) کوردستانیان بە جێ هێشت و لە بازنەی خەبات چوونە دەرێ. ئەوان وەکوو حیزبی توودە و ئەکسەریەتی فیدایی (تۆ بڵێ سۆڤیەت) پێیان وا بوو، نابێ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی بکرێ چونکە دژی ئەمریکایە. بەڵام یەک شتیان لە بەرچاو نەدەگرت کە لە روانگەی ئیسلامی شیعەوە کوردەکان سێ تاوانی گەورەیان هەبوو، یان سوننە بوون یان کافر (لە لای ئەوان ئەم دوانە جیاوازییەکی زۆری نییە) دژی دەسەڵاتی ئیمامی سەردەم شەڕیان کردووە، و خۆیان بە کورد دەزانی (جیاواز) و داوای مافی نەتەوایەتییان دەکرد. دیارە ئێمە دەمانزانی و دەزانین کە قین و تووڕەییان زیاتر بە هۆی ئەوە بوو کە پاوانخوازی بێ ئەملا و ئەولایان کەوتبووە بەر پرسیارەوە و برینداری کردبوون.

ئەم رووداوە لەو سەروبەندەدا بوو کە کەرتبوونی ئەقەلییەت و ئەکسەریەتی فیداییش رووی دا.

ئەم هەلومەرجە ناسک و ناسەقامگیرە زۆری نەخایاند. شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێ کرد و فاکتەرەکانی تێک دا.

# شەڕی ئێران و عێراق

له ۵۹/۶/۳۱ دا شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێ کرد. هەردوو لا دەستیان بە وێرانکردنی شارەکان و قەڵاچۆی یەکتر کرد. ئەم شەڕە هێزەکانی رژیمی لە کوردستاندا لە جموجۆڵ خست. چونکە شەڕ لە باشووری ئێرانەوە دەستی پێ کردبوو، رژیم بەشێک لە هێزەکانی کوردستانیشی کشاندەوە بۆ بەرەی شەڕ. هەردووک دەوڵەتی ئێران و عێراق بۆ ماوەیەک وازیان لە کوردستان هێنا. رەنگە عێراق بیری دەکردەوە کە لە بەرەی کوردستاندا هێزەکانی پێشمەرگە پێش بە هێزەکانی ئێران دەگرن. ئەوەندە بەسە کە یارمەتییان بدرێ کە بتوانن ئەم کارە بکەن. ئێرانیش بەم بیرەی عێراقی زانیبوو، ئەویش هێزەکانی پێشمەرگەی کوردی عێراقی هەر لەو ناوچە راگرتبوو، و هێزەکانی ناردبووە ئەو شوێنانە کە عێراق زیاتر مەبەستی بوو. باشووری ئێران گەرووی ئابووریی وڵات بوو. چاڵەنەوت و پاڵاوگەکان لەوێن.

لەم کاتەدا حدکا بەیانێکی دەرکرد کە ئەگەر رژیمی ئێران خودموختاری کوردستان رابگەیەنێ ئێمە چەکەکانمان بەرەورووی عێراق دەکەینەوە. ئەمە زیاتر تاکتیک بوو هەتا ستراتژییەکی بنەڕەتی. ئێران باش دەیزانی چەکوچۆڵی پێشمەرگە بەرگەی عێراق ناگرێ و هەر دەبێ ئەرتەش بێتە یارمەتییان. ئەوەش یانێ کردنەوەی بەرەی باکوور. لە لایەکی دیکەشەوە هیچ باوەڕێکی بە کورد نەبوو. بە تایبەت کە هێزەکانی دیکەی کوردستان پێشوازییان لەو پێشنیارەی حدکا نەکرد. دیارە حدکاش پرسی بەوان نەکردبوو. خەڵک هەر هیچ، پرسکردن بە خەڵک لای هێزی کورد و ئێرانی هیچ کاتێک باو نەبووە. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە هێزەکانی جێگیر لە کوردستاندا، یەک بە دوای یەکدا، بۆ وەرگرتنی پارە و چەک، پەیوەندییان بە عێراقەوە کرد. پێشتر یەکتریان بە نۆکەری بەعس تاوانبار دەکرد. رێکخراوی فیدایی ئەکسەریەت لە کاتی ئاشبەتاڵدا "حامدبەگ"ی بە تاوانی ئەوە

کە پەیوەندیی لەگەڵ عێراق هەیە ئیعدام کرد. یەکێک لەو پێوەرانە کە کۆمەڵە بۆ دیاریکردنی دۆست و دوژمن دایدەنا، پەیوەندی لەگەڵ عێراق بوو. دیارە بنەمای راست و دروستی نەبوو. هێزی رزگاریی بەوە تاوانبار دەکرد (ئەو کاتە هێشتا حدکا لەگەڵ عێراق نێوانی خۆش نەکردبوو) بەڵام پشتیوانیی لە شێخ جەلال وەکوو هێزی نەتەوەیی و پێشکەوتوو دەکرد کە ئەویش وەکوو رزگاری چەک و پارەی لە عێراق وەردەگرت. هێندەی پێ نەچوو کۆمەڵەش تێگەییشت کە خەباتی چەکداری بە بێ پشتیوان ناکرێ. ئەوە بوو رێکخراوەکانی دیکەش بەرەو پەیوەندی لەگەڵ عێراق بە رێ کەوتن.

بە وەرگرتنی چەک و پارە و ناردنی بریندارن بۆ عێراق برێک لە کێشەکان چارەسەر کران. بەڵام هەر ئەمە بوو بە هۆی ئەوە کە ببن بە هێزێکی تەواوی نیزامی و کاری سیاسی و رێکخراوەیی بە تایبەت لەنێو خەڵکدا هەر نەمێنێ. چەک بوو بریاری دەدا. ئەوە بوو کە هەرکەس دەبوو بە لایەنگر، چەکێکیان بە شانیدا دەکرد و دەیانکردە پێشمەرگە، یان هێزی بەرگری و هیچی دیکە. نە فێرکردنێکی شۆڕشگێڕانە، نە ئەخلاق و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە. تەنانەت پێشتر فێری تەقەکردنیش نەدەبوو. زکی پڕ دەکرا لە دروشم و فێری مردن دەبوو. (راست وەکوو بەسیجییەکانی رژیم) هەموو کار و کردەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیان پەیرەوییان لە ئامانجە نیزامییەکان دەکرد. گەرچی لەم بارەشەوە هیچکات نەگەییشتنە ئەو رادە کە زەبری کاریگەر لە هێزەکانی ئێران بدەن. قەت پێیان نەکرا هێزێکی هەزارکەسی بنێرنە سەر پێگەیەکی نیزامی. هۆکەشی ئەوە بوو کە پێشمەرگەکانیان بڵاو کردبووەوە بە نێو ئەو خاکە بەربڵاوەدا کە نێوی نرابوو ناوچەی رزگارکراو- گەرچی ئێمە رزگارمان نەکردبوو، دەبوا گوترابا داگیرنەکراو.

بە دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق حدکا پرۆژەیەکی بۆ گرتنی شار و سەربازخانەی سەردەشت دادەنێ بە نێو پرۆژەی هەڵۆ کە شکستێکی تەواو دێنێ. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی یارمەتییەکانی عێراق. دەبێ وا بووبێ کە عێراق بۆ حیزبی دانابێ یەک دوو شار داگیر بکەنەوە و ئەویش چەکوچۆڵیان بداتێ. مەبەستیشیان دەبێ تاقیکردنەوەی هێز و بڕشتی حدکا بووبێ و هیچی تر. چونکە

دەبێ ئەمان فڕوفیشاڵیان کردبێ کە ئەوەندە پێشمەرگەمان هەیە و ئەگەر چەکمان بدەنێ و پارەمان هەبێ زەبری باش لە رژیم دەوەشێنین.

بڵاوبوونەوەی پێشمەرگە بە نێو وڵاتدا ئاکامی رکەبەریی حدکا و کۆمەلە بوو. ئەگەر شوێنێک ئەمیانی لێ با و ئەوی دیکە نەبا، ئەوە پێیان وا بوو لە دەسەڵاتە سەرانسەرییەکەیان کەم دەبێتەوە. بە دەگمەن نەبێ هاوکارییەک لە نێوانیاندا نەدەبینرا و ئەگەریش بە ناچاری لە کاتی هێرشی دوژمندا کرابێ، سەرکەوتوو بووە، بەڵام دەرسی لێی وەر نەگیراوە.

ئەم هەلومەرجە گەرچی زۆر درێژخایەن نەبوو - بە سەریەکەوە دوو ساڵ بوو- دیسان دەیتوانی دەرفەتێک بێ هێزەکان یەک بگرن و دەوڵەتێکی رەمزی یان هەر نەبێ خودموختارییەک رابگەینن و رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیی نموونە دابمەزرێنن و بە سوپایەکی زۆری هاوبەشەوە هێندێ لە شوێنە گرینگەکان لە ئەرتەش و پاسدار بستێننەوە و دەستی خۆیان بوەشێنن و ئەوجا بە حوکوومەتی بسەپێنن. یان هەزار کەس رێک بخەن کە رێپێوان بەرەو شارەکان بکەن و بە خۆپێشاندان داوای مافەکانیان، یان ئاشتی! بکەن. بەڵام ئەوەی کە بیری لێ نەدەکراوە هێزی خەڵک بوو. خەڵک بۆ ئەوان نانکەر و نانخۆر بوون. کۆڵهەڵگر بوون. نەفام و نەخوێندەوار بوون و بۆ ئەوە نەدەبوون پرسیان پێ بکرێ. تەنانەت لە رێبازی سیاسیدا پرس بە پێشمەرگەش نەدەکرا. ئەگەر نەڵێم پرس بە کادر و تەنانەت ئەندامانی مەکتەبی ناوەندیش نەدەکرا. دەفتەری سیاسی و لەوێش یەک دوو کەس بوون کە بڕیاریان دەدا. داوای دێموکراسیشیان لە خومەینی دەکرد- وەک پێشمەرگەکان دەیانگوت: دێموکراسی بۆ ئێرانە، لێرە خودموختارییە. پێشمەرگە هەتا رادەی سەربازی ئەرتەش نزم کرابووەوە. لەوە گەڕێین کە لە بەیان و وتارە رادیوییەکاندا بە باڵایاندا هەڵدەگوت، ئەوە ئەرتەشیش دەیکا.

پێم وایە ئەم بایەخنەدانە بە هێزی خەڵک لەوەوە دەهات کە رێبەرانی جووڵانەوەکە، بە حدکا و کۆمەڵەشەوە بۆ خۆیان لە چینی سەرەوەی کۆمەڵگاوە هاتبوون. زۆربەیان لە بنەماڵەی بەگزادە و خانزادە بوون یان لە توێژی وردەبورژوازی دەستڕویشتووەوە هاتبوون و بە شێوەی ئەم جۆرە بنەماڵانە بەخێو کرابوون. یان لە دەرەوەی وڵات هاتبوونەوە یان لە زانکۆ و زیندانەوە هاتبوون و لە

بشێوەی ساڵی ٥٧دا بەم پۆست و مەقامانە گەیشتبوون. ئەوان لە نێو خەڵکی بندەستی خوارەوەدا نەژیابوون. ئەگەر زۆر بمانەوێ بە لایاندا بیشکێنینەوە، دەکرێ بڵێین رووناکبیر بوون. ئەزموونی کۆمەڵایەتی و ژیان و کار لەنێو کۆمەڵیاندا نەبوو. لە ژیانی "شاخ" یش ئەو دەرفەتەیان بۆ خۆیان نەرەخساند کە زانیاری و ئەزموونەکەیان زیاد بکەن. لە هەموو شۆڕشێکدا ئەوە رەوتی خەباتی کۆمەڵایەتی و نیزامییە کە ڕێبەر پێک دێنێ. ئەوەی کە لەو خەباتە چڕوپڕە سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیزامییەدا لە هەموو سەرکەوتووتر بێ، دەبێتە بەڕێوەبەر. نەک وەکوو ئەوان کە سەربازییشیان نەکردبوو، ببوون بە ژەنەراڵ و لە دۆڵ و دەفتەری خۆیان دانیشتبوون. خەڵکی چەوساوە تەنیا لە نووسینەکانیاندا هەبوون. هەر نووسینەکان شایەتن کە ئەو رواڵەتەی ئەوان لە چەوساوەی دەدەن چەند بێ رەنگ و چەند پڕ پەڵە و هەڵەیە. تەنانەت لەگەڵ پێشمەرگەش ئەوەندە تێکەڵاو نەبوون کە لە ئەزموونەکانی ئەوان کەڵک وەرگرن. کە جێیان خۆش کرد و داروودەستەی خۆیان دامەزراند ئەوجار کۆنگرەیان دەگرت و دەنگیان دێناوە. ئەگەر دەنگیشیان نەهێنابا ئەوە جیا دەبوونەوە. لە مزگەوتان نەبێ قسەیان بۆ خەڵک نەدەکرد. بە پەیرەوی لە تیورییە سواوەکان، هێندێ شەورای دێهاتیان پێک هێنا کە تەنیا یەک ئەرکیان هەبوو، ئەویش دابەشکردنی پێشمەرگە بەسەر ماڵاندا بوو. هەر ڕێکخراوەش هەوڵی دەدا شەورا بکا بە لایەنگری خۆی و ئەمە ببوو بە نیشانەی ئەوە کە ئەو گوندە سەر بەوانە. جاری وا هەبوو لە گوندێکدا دوو شەورا هەبوو، یەک سەر بە کومەڵە و یەک سەر بە حیزب. کە گوندەکە دەکەوتە بەر دەستی رژیم نە شەورا دەما و نە لایەنگری.

ئەم یەکشەوە بە ژەنراڵ بوونە، دیاردەیەکی زۆر کۆنە و بەرهەمی سەردەمی شەڕە. لە کاتی ناپێلئۆندا و لە کاتی شەڕی دووهەمدا کەسی وا هەبوو بە سێ ساڵ دەبووە ژەنەراڵ. لە شەڕی ئێران و عێراقدا لە هەردوو لایەندا ئەم دیاردە هەبوو. شاگرد قەسابی وا هەبوو پاش شەش مانگ بەشداربوون لە بەرەی شەڕدا، دەبوو بە سەرتیپ و سەرلەشکر. وەزیر و بەرپرس و خەزنەداریش ئەوانە بوون کە پێشتر دەستیان گەییشتبووە دەستی ئیمام. لای ئێمەش هەر وای لێ هات. کوڕی کام بنەماڵە بی و ئاشنای کێ بی و برادەریی کێت کردبێ و سەر بە کام خەت و

بۆچوون بی و... ئەوە جێگات لە ژوورەوە بوو. زۆربەی ئەندامانی مەکتەب سیاسی هەم کۆمەڵە و هەم حیزب یان خزمی یەکتر بوون یان برادەری کۆن. بە هەڵکەوت نییە کە ئێستاش کەسانی پلە یەکەمی ئەم حیزبانە هەر ئەوانەن کە ۳۲ساڵ لەمەوبەر لە دەفتەری سیاسیدا بوون.

لە دوو ساڵی سەرەتای شۆڕشدا، ڕێکخراوی موجاهدین چونکە هیزێکی ئایینی بوو، هێشتا وەبەر هێرشی مەلاکان نەکەوتبوو و ڕۆژنامەکەی بڵاو دەبووەوە، لە ساڵی ۵۹دا وتوویژێکی لەگەڵ قاسملو بڵاو کردەوە. (کارێک کە هیچکات هێزە چەپەکان نەیانکرد.) ئەمە ئاکامێکی دیاریکراوی بۆ کوردستان نەبوو، بەڵام نێوان حدکا و موجاهێدی خۆش کرد کە دواتر موجاهێدەکان کەڵکیان لێی وەرگرت. ئەوان دەیانزانی ڕۆژێک تەنگیان لێ هەڵدەچندرێ و ئەوکاتە کوردستان بە کاریان دێ. یانێ ئەو کارەیان بە بێ چاوەڕوانی و تەنیا لەبەر هەستی شۆڕشگێڕی نەکرد.

تەقینەوەی حیزبی جمهوریی ئیسلامی (بە گریمانی زۆر بە دەست داروودەستەی خومەینی) و کوژرانی بەهەشتی و داروودەستەکەی کە خەریکی دامەزراندنی شێوەی دەسەڵاتی خۆیان بوون و زۆربەی بەرپرسایەتییەکان بە تایبەت پارلێمان و شەورای شۆڕشیان بە دەستەوە بوو، دەسەڵاتی تاکەکەسی خومەینیی مسۆگەر کرد و لە ڕێبەرێکی ڕۆحانییەوە کردی بە دەسەڵاتی نیزامیی سیاسی. شەڕی عێراق ئەو هەلەی بۆ ئەو و داروودەستەکەی کە کەسی هەرە بەناوبانگیان ڕەفسنجانی بوو، ڕەخساند کە هەموو دەنگێکی ناکۆک بخنکێنن، زانکۆکان دابخەن و بنکە ئاشکراکانی ڕێکخراوە چەپەکان و موجاهێدین کۆ کەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بانگەوازکردن بۆ بەرەی شەڕ، بوو بە هۆی پێکهێنانی "بەسیج" (هێزی بەرگری) و هاندانی خەڵک بۆ شەڕی ئیسلام و کافر. هەر کەس مەتەقی لێوە هاتبا، تەنانەت ئەگەر داوای نانیشی کردبا بە هاودەستی دوژمن دەناسرا، یان لە زیندان دەکرا یان دەکوژرا. ئەمەشیان بە دەستی خەڵک دەکرد. کاری وەهایان کردبوو کە دایک دەچوو منداڵی خۆی بە گرتن دەدا. دیارە ئەمە تەنیا لە مەزهەبی شیعە دەوەشێتەوە کە ئێقتدا بە ئیمامەکانیان دەکەن و هەرچی ئەو بڵێ، کەلامی ئیمام زەمانە و دەبێ پەیرەو بکرێ. بۆیە پێشێلکردنی ئازادییە مەدەنییەکان و هەروەها

سەرکوتکردنی کوردستان هیچ ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەیەکی لەناو خەڵکەکانی دیکەی ئێراندا نەبوو. دیارە ئێمەش هەوڵێکی لەبارمان بۆی نەدەدا.

شەڕ بەرەکەتێک بوو نەک هەر بۆ مەلاکان، بۆ بازاڕی سەرمایەداری ئێرانیش. ئەوان بوون کە جلوبەرگ و خواردن و باقیی پێداویستییەکانی بەرەی شەڕیان دابین دەکرد و ملیار، ملیار پارەی نەوتەکە دەچووە گیرفانی ئەوان.

بە وەرگرتنەوەی "خورەمشار" کە لەسەرەتای شەڕدا لە لایەن عێراقەوە داگیر کرابوو. شەڕ کەوتە قۆناخێکی تازەوە. سەدام داوای وتوویژی ئاشتیی دەکرد. بەنیسەدری سەرۆک‌کۆمار کە فەرماندەی هێزە نیزامییەکانیش بوو، وەکوو پاڵەوانی شەڕ بە دەسکەوتەوە هاتەوە تاران و لایەنگری لە وتوویژی ئاگربەست کرد. مەلاکان ئەمەیان بە مەترسی لەسەر خۆیان زانی، پشتیوانەکانیان کە بازار و خاوەن سەرمایەکانی ئێران بوون، تازە گەییشتبوونە پارووی چەور و لەگەڵ راوەستانی شەڕ دژ بوون. خومەینی وەکوو وتەبێژی هەموویان گوتی هەتا ئازادکردنی "قودس" شەڕ راناگرین و بەم شێوە شەڕەکەی کردە کێشەی هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تەنانەت ئەمریکاش. بۆیە ئەمریکا و ئۆرووپا چوونە پشت سەدام. دیارە لە بنەوەش چەکیان بە ئێران دەفرۆشت. بەم شێوە کێشەی کوردستان بوو بە کێشەیەکی بچووکی ناوچەیی و پشتگوێ خرا.

لە ٦٠/٤/٢٠ (٨١) دا بەنی سەدر کە بە ناو خاوەنی ١١ ملیۆن دەنگ بوو، بە رای پارلمان و بە فەرمانی خومەینی لا برا. ئەو کە هەستی بە گرتن و کوشتن کردبوو، خۆی شاردەوە و پەنای بردە بەر موجاهدین. موجاهدین لە لێکدانەوەیەکی هەڵەدا وەیانزانی دەکرێ رژیم بروخێنن، بەنی سەدر بهێننەوە سەرکار و خۆیان ببن بە خاوەن حوکوومەت. بۆیە دە رۆژ دواتر هەرچی هێزیان بوو هێنایانە سەر شەقام و خۆپێشاندانێکی نیوە چەکدارانەیان کرد. بەڵام حسابەکانیان بە راست نەگەڕا، خەڵک پشتیوانیی نەکردن و پاسدارەکانی رژیمیش ئەوەی بۆیان گیرا، گرتیان و ئەوەی بۆیان کوژرا کوشتیان. رێکخراوەکەشیان لەلایەن خومەینییەوە بە مونافیق و دژی شۆڕش دانرا و ئەوانیش کەوتنە خەباتی چەکداری و تیرۆری مەلاکان لە نێو شارەکاندا. رێبەرەکەیان "رەجەوی" لەگەڵ بەنی سەدر فڕین بۆ

پـاریس و لـەوێ شـەورای میللیـی بـەرگرییان دامەزرانـد. دەستەیەکیشـیان هاتنـە کوردستان و بە یارمەتیی حدکا رادیۆیێکیان بە ڕێ خست.

باری رژیم لە بەرەی شەڕدا، سووکتر ببوو - ئێستا ئەو بوو هێرشی دەکرد و لـە کۆڵ نەدەبووەوە- ناکۆکییە نێوخۆییەکانی تـا رادەیـەک چارەسـەر کردبوو. لـە ساڵی شەستدا بەشێکی زۆر لـە زیندانییـە سیاسییەکانی ئێعدام کـرد. هێزێکی جاشی لـە زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتاندا پێـک هێنـابوو. لـەم بـوارەدا لایـەنگرانی حێزبـی تـوودەش بـۆ ناسین و بەگرتنـدانی خـەڵکی نێوشارەکان یارمـەتیی باشیان پـێ دەدا. دروشمی ئەوان ئەمە بـوو " دژەشـۆڕش بە بنکەکانی پاسداران بناسێنن/ پاسـداران بە چەکـی قـورس چەکـدار بـکەن". لە هەمــوو نووسراوەکانیشــیاندا هێزەکـانی کوردسـتانیان بە دژەشـۆڕش نـاو دەبـرد و دەیـانگوت حێـزب پـارەی لە "نـاتۆ" وەرگرتـووە. لە وەڵامـی ئەو دروشـمەدا لایەنگرانیـان لە مەهابـاد حەوت کەس لە ئەندامانی یەکێتیی لاوانیان بە گرتن دا کە هەموویان تەمەنیان لە ١٨ کەمتـر بـوو. هەر حەوتیان لە رۆژێکدا ئێعدام کران.

هەر لەم سەروبەندەدا بوو کە داستانی رەحمان کەریمی هاتە پێشەوە. رەحمان لە تاقمی ئەکسەرییەت و توودەیی بوو کە لە کۆنگرەی چواردا خزابـووە حـدکاوە. پاش جیابوونـەوەی گرووپـی حـەوت کەسـی ئـەو لەگـەڵیان نەڕویشـت و وەکـوو ئەنـدامی مەکتەبی ناوەندی و فەرماندەی هیـزی پیرانشار مایـەوە. حێـزب دەیزانـی توودەییـە، بـەڵام کـاری پـێ نـەدابوو. ئـاخری بـە راوێـژی سوپای پاسـداران، و بـەپێی پیلانێـک بـانگی دوو کـەس لـە دەفتـەری سیاسـی دەکـا کـە بـۆ وتـوویژ لـە گـەڵ رژیـم بێنـە پیرانشار. (دەیانزانی حێـزب لـەم بـوارەدا لاوازە، ئـەم لاوازییـە ئێسـتاش نەبڕاوەتـەوە) شەرەفکەندی و شەڵماشی دەڕۆن و دەستبەجی دەزانن پیلانـە و دەیانـەوێ بیـانگرن. شەرەفکەندی دەستوبرد بە پێشمەرگەکان دەڵێ رەحمان بگرن. رەحمان هەڵدی بـۆ نێو پێگەی پاسـدارەکان. دواتـر لـە نـاکۆکیی نێـوان حێـزب و سـەنار مامـەدی کـەڵک وەردەگرێ و سەنار بانگ دەکا بۆ سەڵماس بۆ وتووێژی خودموختاری. سەنار دەڕوا، بەڵام زوو تێدەگا کە پیلانە. بە بۆنەی دەستنوێژ گرتنـەوە دەچێتـە دەرێ و هەڵدێ. چەند رۆژ دوایە رەحمان دەچێ بۆ گوندەکەی سەنار گوایە بـۆ درێـژەی وتـووێژەکە،

ئـەویش دەیگـرێ و ئێعـدامی دەکـا. ئێسـتا ڕەحمـان لـە لیسـتەی شـەهیدەکانی ئەکسەرییەتدایە.*

بـە هـاتنی موجاهێـد بـۆ کوردسـتان و پێکهـاتنی شـەورا و داڵـدەدانیان لـە لایـەن فەرانسـەوە، ئێـران هەسـتی بـە مەترسـییەک لـە بـەرەی کوردسـتانەوە کـرد. ڕەنگـە مەترسـییەکەی بـە جـێ بـوو ئەگـەر کـوردیش هەلەکـەی بـە باشـی لێـک بـداباوە. فەرانسەییەکان ڕوویان کردە کوردستان. بەرپرسی بەشی هەواڵەکانی کاناڵی دووی فەرانسە بۆ خۆی هاتە کوردستان و میوانی حێزب بـوو. دوو ڕێکخـراوی دوکتـورانی بێسنوور و پزیشکانی جیهـان کـە هـەردووک فەرانسـەیی بـوون هاتنـە یارمەتیـدانی بریندارانی. یەکێک لەو دوکتورانە کە سێ ساڵ مایەوە نێوی میشێل بـوو کـە دواتـر بوو بە چـاودێری جێگـری سـەرۆک کۆمـاری فەرانسـە لـە پرسـەکانی کوردسـتاندا- ئێستاس کۆنسولی فەرانسەیە لە هەولێر-. کاناڵی دووی فەرانسە فیلمێکی بەڵگەیی سـەبارەت بـە کوردسـتان ساز کـرد و دوای نیشـاندانی ئـەو دێکومێنتـە، وتـووێژێکی سێ چارەکە سەعاتەی لەگـەڵ قاسـملودا کـرد. ڕۆژنامـەنووس و فیلمگـری ئاڵمـان و ئینگلیس و سویدیش هاتن و ڕیپۆرتاژیان چێ کرد و لە تلەڤزیۆنەکانیاندا نیشانیان دا. ئەمانە هەموو نیشانی دەدا کە فەرانسە دەیەوێ لـە کوردسـتان سـەرمایە دابنـێ بـە دژی حوکوومـەتی خومـەینی و قـەرەبووی داڵـدەدان و ناردنـەوەی خومـەینی بـۆ ئێـران بکاتـەوە. چـونکە سـەرمایەیەک کـە لـەسـەر خومـەینی دایاننـابوو، پووچـەڵ دەرهـاتبوو. بـە گشـتی ڕۆژئـاوا دەیەویسـت جووڵانـەوەی کوردسـتان ببـێ بـە شـتێک وەکـوو موجاهێـدی ئـەفغان کـە هـەم دژی سـۆڤیەت بـێ، هـەم دژی حوکوومـەتی ناوەندی. چونکە ئەوان پێیان وا بـوو کـە ڕژیمـی ئێـران، مـادام لەگـەڵ ڕۆژئـاوا نییـە، ناچار دەکەوێتە بەردەستی سۆڤیەت. لایەنگری و یاریدەدانی حێزبی تـوودەی سـەر بە سۆڤیەتیش ئـەم گومانـەی بـەهێزتر دەکـرد. ئـەوان وایـان لێـک دابـووەوە کـە لـە هەموو ئێراندا تەنیا جێگایەک کە پاوانی ڕژیمـی شـکاندبێ، کوردسـتانە. کـە وا بـوو لەوێوە دەکرێ گورزی لێ بوەشێنن، یـان بـە چۆکیـدا بێـنن، یـان بیـڕوخێنن. واشـیان دانابوو کە موجاهێد هێزەکانی بنێرێتـە کوردسـتان. ئـەوەش بـە بـێ یارمـەتیی هێـزە

* بڕوانە بیرەوەری سەنار مامەدی. چاپ باران/ ١٩٩٩/ سوئد

کوردییەکان نەدەکرا. بۆیە حدکا بە پەلە و بە بێ ئاگاداریی مەکتەبی ناوەندی، لە ٦٠/١١/٥ (٨٢/٣) دا دەچێتە "شەورای مێللی مقاومەت"ـەوە کە گوتمان وەکوو بەرەیەک بوو کە موجاهێد و بەنی سەدر و چەند رێکخراوی بچووکی دەرەوەی وڵات و چەند کەسایەتییەکی ئێرانی پێکیان هێنابوو.

هەر لەسەر ئەم رەوتە سیاسییە، حدکا لە کۆنگرەی پێنجەمدا کە لە ٦٠/٩/١٥دا گیرا دروشمی روخانی رژیمی خومەینیی بەرز کردەوە.

یەکەم هەنگاوی حدکا لە شەورادا ئەوە بوو کە خودموختاری پەسند بکرێ، بەڵام موجاهێدین هەتاساڵی ٦٢ (٨٣) خۆیان خڵافاند. گەڵاڵەی خودموختاری شەورا، لە کونگرەی ٦ی حدکا لەساڵی ٦٢دا پەسند کرا. هاوکات لەم کۆنگرەیەدا نامیلکەی "کورتەباسێک سەبارەت بە سوسیالیزم" (نووسینی دوکتور قاسملو) کە رێگای بۆ حدکا دەکردەوە بچێتە بەرەی سوسیال دێمۆکراتەکانەوە، پاش هەرایەکی زۆر و پاش دوو جار دەنگوەرگرتن، پەسند کرا. (ئەو کات لە فەرانسە حوکوومەت بە دەست سوسیالدێمۆکراتەکانەوە بوو.)

گێرە و کێشە سەبارەت بەم نامیلکە لەبەر ئەوە ساز بوو کە پێش کونگرە لە نێو کادرەکاندا باس و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرابوو. قەناعەتیان پێ نەکرابوو. زۆربەیان هەر نەشیانخوێندبووەوە. هێندێک چونکە باوەڕیان بە قاسملو بوو دەنگیان پێ دا. قاسملو لە کونگرەدا پێداگرییەکی توندی بۆ دەنگهێنانەوەی ئەو نامیلکە کرد تا ئەو رادەیە کە گوتی ئەگەر دەنگ نەهێنێتەوە من خۆم هەڵنابژێرم.

ئەندامێکی کونگرە لە ئەندامێکی دیکەی پرسیبوو: ئەرێ پێم ناڵێی ئەو هەرا لەسەر چییە؟ جیاوازیی سوسیالیزم و سوسیالیزمی دێمۆکراتیک چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: بڵێی موحەمەد باشە یان بڵێی موحەمەد رەسوولڵلا. دیارە دووهەمیان باشترە.

ئەمە ئاستی دەنگدەران بوو. من راست دەستم لەسەر ئەوە دانا و گوتم: با حێزب نەکەین بە ئایدولۆژی و کێشەی ئایدۆلۆژی نەخەینە نێوانەوە، ئێمە نایزانین، ملی یەکتری پێ دەشکێنین. هەر واشی لێ هات.

جگە لەو باسەی سەرەوە رێبەرایەتی حێزب پێیان وا بوو بە رەسمیکردنی کورتەباس وەکوو ئایدۆلۆژیی حێزب، دواگورزە کە لە لایەنگرانی بۆچوونی توودەیی

لەنێو حیزبدا دەدرێ. ئەوانیش یان بۆ خۆیان چوونە دەرەوە لە حیزب و خۆیان تەسلیمی کۆماری ئیسلامی کرد، یان وەدەر نران. بەشێکیشیان بێدەنگییان کرد، هەتا دەرفەتی دەربازبوونیان بۆ پەیدا بێ. دیارە ئەم هەوڵدانەی پاکتاوکردنی حیزب، ئەو بێچمە مێژووییەی خەوشدار کرد کە وەکوو حیزبێکی نەتەوەیی هەموو جۆرە بیر و بۆچوونێکی لە خۆ دەگرت و تەنیا بەرنامەکەی بوو کە خاڵی هاوبەشی هەمووان بوو و خەباتیان بۆ دەکرد. ئەمە گەرچی هەوڵێک بوو بۆ راکێشانی سەرنجی رۆژئاواییەکان بەڵام بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی بەشێک لە کادرە بە نرخەکانی حیزب کە تووەدەییش نەبوون. (حیزبی تووده لەو کاتەدا لەلایەن جمهوریی ئیسلامییەوە هەڵوەشایەوە و رێبەرەکانیان گیران. یەک دوو کەسیان ئێعدام کرا و باقییەکەیان هاتنە تلەڤزیۆن و گوتیان کە ئەوان سیخوڕیان بۆ سۆڤیەت کردووە و داوای لێخۆشبوونیان کرد. یانێ هیچ جێگای مەترسی بۆ حیزب نەبوون. تەنانەت حیزب لە بەیانێکدا رایگەیاند کە ئەوان دەتوانن وەکوو پەنابەر بێنە کوردستان. کە وا بوو، کورتەباس زیاتر بۆ مەبەستی سەرنجڕاکێشانی دەرەوە بوو- کە من پێم وایە ئەویش درەنگ ببوو.)

موجاهێدین هیچ بارێکی لە کوردستان سووک نەکرد. ئەو پەیوەندییە لەگەڵ رێکخراوەکانی ئێرانیدا — دۆزینەوەی دۆست- بە کردەوە هیچ بەرهەمێکی نەبوو. دانرابوو ئەگەر رژیم روخا و موجاهێدین هاتنە سەرکار، ئەوە با ئێمە کێشەمان کەمتر بێ. رووداوەکانی دوایی نیشانیان دا کە ئەو لێکدانەوە هەڵە بوو و موجاهێد کوردستانی بە هیچ نەگرت. ئەوان تەنیا چاویان لە تاران بوو، چەند کەسێکیان لە کوردستان دانابوو کە چاوەدێریی رێگای چوونەدەرەوە بە عێراقدا بکەن.

خەونەکانی فەرانسە نەهاتە دی. دووبەرەکی و ئازموودەنەبوونی سیاسی و نیزامیی هێزەکانی کورد نیشانی دا کە ئەو نەخشە و هەڵمەتە ئەوان بە تەمای بوون، لەم هەلومەرجەدا لە کورد ناوەشێتەوە. بمانەوێ یان نەمانەوێ خواستی خودموختاری لە رادەی نێونەتەوەییدا پشتیوانی پەیدا ناکا چونکە بە کێشەیەکی نێوخۆیی وڵات دادەنرێ و وڵاتانی دەرەوە بۆیان نییە خۆتێوەردەن مەگەر بە بۆنەی کێشەکانی مافی مرۆڤەوە.

دەگوترێ ئەگەر لە سیاسەتدا شکست هات ئەوە دەکرێ بە سەرکەوتنێکی نیزامی قەرەبوو بکرێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر لە باری نیزامییەوە شکست هات، ئەوە دەکرێ بە دەسکەوتێکی سیاسی قەرەبوو بکرێتەوە. لەو ساڵانەدا لەبەر نەبوونی ستراتژییەکی روون، کاری نیزامی بریتی بوو لە چوونە سەر پێگەکانی رژیم، یان بۆسەدانان لە جادەکاندا و بەرە بەرە ناوچەی داگیرنەکراو تەنگتر دەبووەوە. هێزەکان بەرەو سنوورەکانی عێراق پاشەکشەیان دەکرد.

حێزب لە گەڕان بە دووی دەستکەوتی سیاسیدا رووی کردە شەورا و کۆمەڵەش بە یەکگرتن لەگەڵ رێکخراوێکی بێ ناو و نیشان بە نێوی سەهەند نێوی خۆی گۆڕی و کردی بە حێزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە بەهاری ۶۲دا کونگرەی ۳ دەگیردرێ و لەوێ بەرنامەی خودموختاریی کوردستان و بەرنامەی حێزبی کۆمۆنیست پەسند دەکرێ و مانگی شەش، ساڵی ۶۲رێبەرایەتی ح.ک.ا دیاری دەکرێ (اسناد کنگره ششم ص۱۷) کۆمەڵە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دابوو لەگەڵ رێکخراوێکی سەرانسەریدا یەک بگرێ کە پاکانەی رێبەرایەتیی پرۆڵتاریایی خۆی بکا. لە پێشدا حسابی لەسەر رێکخراوی "پەیکار" کردبوو، بەڵام ئەوان خۆیان لە کۆمەڵە بە گەورەتر دەزانی و دەیانەویست کۆمەڵە ببێتە رێکخراوی کوردستانیی ئەوان. لە کوردستانیشدا هیچ کارێکیان نەبوو جگە لە ئاژاوەنانەوە لە نێوان حدکا و کۆمەڵەدا. خودموختارییان بە جیاییخوازی دەزانی. گیرانی رێبەرانی پەیکار و راگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکەیان تەواوکەری ئەم چیرۆکە بوو. هێندەی پێ نەچوو رێکخراوی سەهەند جێی گرتەوە.

دیارە حێزبێک بە بێ رێکخستنی پێگەکانی بە هیچ کوێ ناگا. بۆ حێزبێکی کۆمۆنیست دەبێ چینی کرێکار ئەو پێگەیە بێ و ئەگەر ناوی ئێرانی پێوەیە دەبێ لە هەموو ئێراندا بێ. دەنا وەکوو حزبەکانی برادەری دەستکردی سۆڤیەت هەر لە نێو وردەبورژوای هەلپەرستدا دەمێنێتەوە. یان لە چوارچێوەیەکی تەنگی رووناکبیریدا گیر دەکا و لەسەر لاپەڕەکان دەمێنێتەوە. سەهەندییەکان پێیان وا بوو پەیوەندیی لەگەڵ چینی کرێکار مەرج نییە. حێزب تەنیا بە پێ بەرنامە دادەنرێ و ئەوە ئێمە پرولێتاریای هۆشیارین کە شۆڕش بەرەوپێشەوە دەبەین و... هەروەها رابردووی کۆمەڵەیان بە پۆپۆلیستی و ئێکونومیستی هەڵدەسەنگاند و کۆمەڵەش بۆ خۆی بوو بە

له قاودەری ئەم بۆچوونە. بەڵام هەرچۆنێک بوو، شەڕی کوردستان راستەقینەیەک بوو له خواندا بوو و نەدەکرا بەم تیۆرییانە بە دەستییەوە رزگار بن، مەگەر چەکیان دانابا و له مەیدان چووبانە دەرێ. ئەمەش بە مانای له دەستدانی هەموو هێزەکەیان بوو. کە وا بوو دەبوا چاوەڕوانی دەرفەت بن. کە ئەم دەرفەتە دوایی هاتە گۆڕێ. کە دواتر باسی دەکەم. ئێستاشی لەگەڵدا بێ، پاش ئەو هەموو ساڵە، کۆمەڵە (ئێستا حێزبی کۆمۆنیست) و رێکخراوە لێی هەڵاواردەکان (حێزبی کۆمۆنیستی کرێکار و حێکمەتیست و هتد...) نەیانتوانی چوار کرێکاری ئەسفەهانی، شیرازی یان تەورێزی بهێننە نێو ریزەکانی خۆیانەوە. ناشکرێ هەمووی هەر بخرێتە ئەستۆی هەلومەرج و هەڵەی خۆ بشاردرێتەوە. ئاکامی ئەم بڕیارە هەڵاواردەبوونی کۆمەڵە بوو لە کورد و لە کێشەکانی. دیارە بیست، بیستوپێنج ساڵ دواتر دانەرانی ئەو حێزبە خۆیان گەییشتنە ئەو قەناعەتە، بەڵام زۆر درەنگ ببوو. دەبێ بە پێوەری پێداویستی و گەشەی خەڵک خەبات بکەی و ئەرکیان لەسەرشان دانێی، دەنا بەرەو هەڵدێر دەڕۆی.

رژیم بەرەبەرە رووی هێزەکانی لە کوردستان کرد. بە شێوەییەک کە لە ساڵی (۸۳)۶۲دا بە کردەوە ناوچەی داگیرنەکراو نەمابوو، شەڕیش ببوو بە پارتیزانی و ئێران و عێراق لە سنوورەکانی کوردستاندا کەوتنە گیانی یەکتر.

*رۆژێک من و چەند پێشمەرگە لە نێوان شەڕی ئێران و عێراقدا گیر ببووین و لە رێگای دەربازبوون دەگەڕاین. لە سووچێک خۆمان مات کردبوو و تەواشای شەڕەکەمان دەکرد. عێراقییەکان چەند تەپکەیان بە دەستەوە بوو و بە رەشاش بەرگرییان لێیان دەکرد. ئێرانییەکان تفەنگ لەسەر دەست لە هەورازەکەوە سەر دەکەوتن. بە شێوەی شەپۆل هێرشیان دەکرد و هاواریان دەکرد "اللەاکبر" عراقییەکانیش هاواریان دەکرد "لبیک یا رەسولاللە" و دەستڕێژیان دەکرد و ئێرانییەکانیان وەکوو گەڵاخەزان بەر دەداوە. خودا و پێغەمبەر نیشتبوونە گیانی یەکتر. شەپۆلێک دەکەوت شەپۆلێکی دیکە دەهات. نە دامەزرانێک نە تاکتیکێک. سینگیان وەبەر گوولە دەدا. ئاخری عێراقییەکان لەباری نەفسییەوە توانای کوشتنیان نەما. چەکەکانیان بە جێ هێشت و رۆیشتن.*

مەیدانی شەڕ جێگای مانەوە نەبوو، نەک هەر بۆ هێزە نیزامییەکانی ئێمە، بەڵکوو بۆ خەڵکیش. ڕەوتی کۆچکردنی خەڵک بۆ شارەکان پێشتر دەستی پێ کردبوو. بوونی پێشمەرگە لە ناوچەکان سەرەڕای ئەوەی کە گوندەکانی دەخستە بەر گەمارۆی ئابووری، سووتانی مەزرا و بەروبووم لە کاتی شەڕەکاندا، ژیانی لە گوندنشینەکان تاڵ کردبوو. پێشمەرگەش بەسەر زکی ئەوانەوە دەژیا و دەبوا بەخێوی کەن و دواتریش تاوانی ئەو بەخێوکردنە بدەنەوە بە ڕژیم و جاشەکان. وەک خۆیان دەیانگوت ئێمە بە شەو "سەگ بابین" و بە ڕۆژ" پدر سوختە" (باوک سووتاو- جنێوی فارسی پاسدارەکان).

بەڵام،.. وەکوو دەسەڵاتدارانی ڕاپەڕین، چ کرا بۆ ئەم نالەبارییانە؟ هیچ. تەنانەت ئەوانە کە لە شەڕدا لەگەڵ ئێمە هەڵاتبوون و ئاوارە ببوون هیچیان بۆ نەدەکرا. نە دابەشکردنێک لە گوندەکان، نە ئیمکاناتی ژیان. نە گەیاندنیان بە ڕێکخراوە بەشەردۆستەکان. هیچ. بەشێکی زۆر خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی عیراق کرد، ئەوانیش بردیان لە کەمپی ئەڵتاش لە ڕومادییان دانان و هەتا ساڵی ٢٠٠٣ لەوێ بوون. کەسی وام دیتوە لەو کەمپەدا هاتووەتە دنیاوە، گەورە بووە و شوی کردووە یان ژنی هێناوە و هەر لەو کەمپەدا منداڵی بووە. ئێستاش لە کەمپەکانی کوردستاندا ژیان لەسەر هەر ئەو ڕەوتە بەردەوامە.

بەرەبەرە وای لێ هات کە بەشی زۆری ناوەندەکان و پێگەی پێشمەرگە لەنێو خاکی عێراقدا بوو. لەو کاتەوە ئیتر ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی نەهاتنە سەردان. تلویزیۆنەکان وتووێژیان لەگەڵ کورد نەکرد و زەختیان لە مۆجاهێدینیش کرد خاکی فەرانسە بە جێ بهێڵن. ئەوانیش پلانیان دانابوو بچنە خاکی عێراق. بەنی سەدر دژی ئەم سیاسەتە بوو. دەیگوت: ناکرێ ئێمە پەنا بە دوژمنێک بەرین کە هێشتا خەڵکەکەمان بۆمباران دەکا. مۆجاهێدین لە ٦٢/١/٤دا بەنی سەدریان لە شەورا دەرکرد. ڕەجەویش کە کچەکەی بەنی سەدری خواستبوو، تەڵاقی دا. گوشارەکانی فەرانسە گەییشتە ئەو ئاکامە کە ژمارەیەک موجاهێد کە لە کەمپێکی نزیک پاریسدا بوون شارەودەر کران بۆ "گابۆن" ئەوانیش پاش ماوەیەک چوونە عێراق.

*

لە نهۆمی دووهەمی خانوویەکی کۆنی هەلار هەلاردا کە مەکتەبە و منیش لەوێ دەژیم، بەرهەیوانێکی گەورە هەیە کە دەڕوانێتە حەوشی پێش خانووەکە و حەوشی هاوساکان و هەر بەم هۆیەوە ناتوانم لەوێ دانیشم و تەواشای ئاوابوونی خۆر بکەم. پێم وایە بەپێی ئەو دەمارگرییەی کە لێرە هەیە، هاوسێیەکان پێیان خۆش نییە کەسێکی سەڵتە و عەزەب وەکوو من چاوی لە حەوشەکەیان بێ. بەر لەوە کە بە کلاشینکۆفەوە بێنە گیانم، من خۆم ئەمەی لەبەرچاو دەگرم و لە پلیکانەنی حەوشەکەدا دادەنیشم کە دیوارەکانی دوو متر بەرزن. دارە بەرز و پڕ لق پۆەکان هێلانەی مەلیچکەکانە و جریوە جریویان موزیکی ئێوارانی منە. پەرداخە قاوەکەم لە لای دەستم دادەنێم و سیگارێک هەڵدەکەم و زەینم ئازاد دەکەم لەگەڵ جریوەی مەلیچکەکاندا بۆ هەر کوێ دەیەوێ بچێ.

ئەو کاتە کە من لە باشووری کوردستانی رۆژهەڵات بووم، یەک دوو جار بۆ هێنانی چەکوچۆڵ چووبوومە دەفتەری سیاسی کە پێشتر لە سەرشاخان بوو و دوایە چووە شیوەجۆ لە ناوچەی سەردەشت. لە یەکێک لەم سەفەرانەدا دوکتور قاسملو باسی سازکردنی فیلمێکی بەڵگەیی کرد و منیش لیستەی کەرەسەی پێویستم بۆ نووسی. لە سەفەری فەرانسەدا ئەوانەی کریبوو و هێنابوویەوە. من لە باشوورەوە چوومە ناوەند و دەستم کرد بە وێنەگرتن لە ژیان و شەڕی خەڵک. سێ ساڵ - جیا لە کار و بەرپرسایەتییە حزبییەکان- خەریکی وێنەگرتنیش بووم. فیلمە خاوەکانم لە رێگای رۆژنامەنووس و میوانە ئۆروپییەکانەوە دەنارده دەرەوە کە بشۆردرێنەوە.

من لە کۆنگرەی پێنجەمدا (زستانی ٦٠)(٨١) بە کۆی دەنگی بەشداران بوومە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی. لە لێژنەی رێکخراو، بەرپرسی یەکێتیی لاوان بووم. پێش شەڕی ئالان و کۆنگرەی شەشەم بۆ مونتاژی فیلمەکان چوومە پاریس. بەو فیلمانەی هەمبوون چوار فیلمم مونتاژ کرد. لە ساڵی ٦٣(٨٤)دا ئەم فیلمانە لە پاریس پێشان دران. یەکیان بە نێوی "هەوار" رێزنامەی فستیواڵی فیلمە

بەڵگەییەکانی پاریسی بە دەست هێنا. یەیکی دیکە "شاخە سەربەرزەکان" خەڵاتی فستیواڵی "زاربروکن"ی ئاڵمانیی وەرگرت. "نان و ئازادی" کە درێژترین فیلمم بوو لە سینەمایەکی فەرانسەدا و لە فستیواڵی نانتدا نیشان درا. باشە بزانین ئەم فیلمانە یەکەم وێنەگەلێک بوون کە پاش ساڵی ٥٧ لە ئێران دەهاتنە دەرەوە و هەلومەرجی دژواری ژیان و شەڕێکی دژوارتریان پێشان دەدا، کەچی رۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی، بێدەنگییان لێی کرد. رۆژنامەی "کوردستان" (ئۆرگانی حیزب) تەنانەت هەواڵەکەشی بڵاو نەکردەوە. هونەر هیچ شوێنێکی لە سیاسەتی ئەواندا نەبوو. گەرچی ئەم فیلمانە زیاتر بایەخی باڵگەییان هەبوو. دواتر بە هۆی کەرتبوونەکانی حیزبەوە و دژایەتیی ئەم لەگەڵ ئەو، ئەم فیلمانە چارەنووسێکی خەمگینیان پەیدا کرد. هێندێ لە دیمەنەکانی لە بەرنامەکانی تلەڤزیۆنەکانی حیزبەکان (تەنانەت تلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان)دا دەبیندرێن. دیارە بە بێ نێوهێنانی وێنەگرەکە، یان نێوی فیلمەکە. بەڵام هیچکام لە لقەکانی دێموکرات ئامادە نین تەواوی فیلمەکە نیشان بدەن، تەنانەت ئەو بەشەی کە راپۆرتی دکتر قاسملو بۆ کۆنگرەی پێنجەمە سانسور دەکرێ.

هاوکات کە فیلمەکانم ئامادە دەکرد، لە کۆبوونەوەکانی "شەورای بەرگریی میللی"دا بەشداریم دەکرد. بەرپرسی رێکخراوی پاریسیش بووم.

لەو کاتەدا داوام لە دەفتەری سیاسی کرد کورەکەم هەژان و هاوسەرەکەم ژیلا کە هەردووکیان نەخۆش بوون و پێویستییان بە پزشک بوو بۆ ماوەیەکی کورت بنێرن بۆ پاریس. دەفتەری سیاسی وەڵامی دایەوە کە هەتا تۆ لە دەرەوەی ئەوان مافی سەفەرکردنیان نییە! منیش وەڵامێکی توندم بەم بڕیارە دایەوە. رەنگە هەر ئەمە بوو بە بنەمای دژایەتی و کارشکێنی لەگەڵ مندا.

لە هاوینی ١٣٦٢دا، لە گەرمەی شەڕی ئالاندا گەڕامەوە کوردستان. بارمتەکان ئازاد کران.

لە کۆنگرەی شەشەمدا خۆم هەڵنەبژاردەوە. دواى کۆنگرە، بۆ تەواوکردنی فیلمەکان و بەشداری لە کۆبوونەوەکانی "شەورا"دا گەڕامەوە پاریس.

*

حدکا گەرچی دروشمی روخانی رژیمی هەڵگرتبوو و لە شەورایەکدا ببوو بە ئەندام کە ئەویش دروشمی سەرەکیی هەر ئەوە بوو، لە فکری پەیداکردنی ڕێگایەک بۆ وتوویژ لەگەڵ حوکوومەتدا بوو. ئەمە موجاهێدینی کێشایە ئەو ئاستە کە بڵێن لە نێوان ئێمە و وتوویژدا دەبێ یەکیان هەڵبژێری. حدکا ئەم داوایە بە گوتنی رستەی" ئێمە خۆمان سیاسەتی حیزبی خۆمان دابین دەکەین" وەڵامی ئەرێ و نەرێی دایەوە.

باشە بزانین کە عێراقیش بۆ هاوکاریی خۆی لەگەڵ حیزبدا وتوویژنەکردنی بە مەرج دانابوو.

ئەمەش بۆ مانەوە لە مێژوودا بڵێم کە لە ئاخر کۆبوونەوەیەکدا کە حیزب لە شەورا بەشداری کرد، من لەگەڵ دوکتور قاسملو بووم. دەمزانی موجاهێدین لە دەنگۆی وتوویژی حیزب و رژیم زۆر تووڕەن. بە دوکتور قاسملوم گوت ئەمجارە وەکوو جارەکانی پێشوو نییە. ئەو گوتی: ئەمانە منداڵن، سیاسەت نازانن. کە چووینە کۆبوونەوەکە. هۆڵەکە رازاندنەوەیەکی تازەی هەبوو. لە پێش هەر کەسێک ئاڵایەکی ئێرانیان دانابوو. کۆبوونەوەش بە سروودی منداڵان دەستی پێ کرد. پێشتر ئەم بەزمانە نەبوو. قاسملو پێشنیارێکی دە بڕگەیی بۆ دێمۆکراسی لە شەورادا لەگەڵ خۆی هێنابوو و دەیەویست لەسەر ئەوانە باس بکرێ. رەنگە بۆ خۆلادان لە باسی وتوویژ… بەر لەوە بیخوێنێتەوە رەجەوی دەستی لەسەر لاپەڕەکە دانا و گوتی "هەروا کە هەیە قەبووڵ … واژووی دەکەم! بەڵام ئەتۆش یەک دێڕم بۆ بنووسە کە لەگەڵ رژیم وتوویژ ناکەی" باس و بێنە و بەردە هیچ ئاکامی نەبوو.

دوای ماوەیەک، ئەو کاتە کە "شۆڕشی ئایدۆلوژی"ی موجاهێدین راگەیندرا و مریەم عەزەدانلو لە مێردەکەی ئەستێندرا و درا بە رەجەوی و لەباتی بەنی سەدر مریەمیان کرد بە سەرۆک کۆمار، عەبدوڵلا حەسەنزادە و سادق شەرەفکەندی - دوو ئەندامی دەفتەری سیاسی- هاتنە پاریس و داوای چاوپێکەوتنیان لە رەجەوی کرد. من پێیانم گوت "ئێستا ئەو دەرفەتەیە کە حیزب پێشدەستی بکا و هاتنە دەرەوە لە شەورادا رابگەیەنێ" گوتیان: دەتەوێ بەرەیەک لەسەر ژنهێنانی یەک کەس تێک بدەی؟ موجاهێدین لە وەڵامی داوای چاوپێکەوتنەکەدا گوتیان: رەجەوی کاتی نییە، هەتا هەینی راوەستن وەڵامتان دەدەینەوە. ئەم شێوە کردەوە و

سووکایەتییە، پێشتر نەدیترابوو. گوتم: دەزانن بۆ خستوویانەتە رۆژی هەینی؟ چونکە رۆژنامەی موجاهێد هەینی بڵاو دەبێتەوە و شک نییە شتێکی لەم بارەوەی تێدایە.

رۆژی هەینی رۆژنامەی موجاهێد لە گوتارێکی زۆر توندا دەرکردنی حێزبی لە شەورا راگەیاندبوو.

دوای ئەم رووداوە، رێکخراو و کەسایەتییەکانی ئەندامی شەورا یەک بە دوای یەکدا لە شەورا هاتنە دەرەوە. موجاهێد ماوە و چەند رێکخراوی دەستکردی خۆیان. رەجەوی و رێکخراوەکەی چوونە بەغدا و چووە دیداری سەدام و وێنەی دووکەسییان بڵاو کرایەوە. ئەمە ئاخر ئومێدی رۆژئاوای سەبارەت بە کوردستان دا بە دەم ئاوەوە. رەنگە بیریان کردبێتەوە کە ئەگەر قەرارە سەودا بکرێ، با لەگەڵ سەدام بیکەن کە هەم موجاهێدینی لە بەردەستدایە و هەم کوردەکان بە پشتیوانیی ئەو شەڕ دەکەن و لە خاکی ئەودان.

لەو ساڵانەدا کۆمەڵە پەیوەندیی لەگەڵ رێکخراوەکانی نێونەتەوەیی زۆر لاواز بوو. دەکرێ بگوترێ کە لە دەرەوەی وڵات هیچ دەنگدانەوەیەکی نەبوو.

# شەڕی نێوخۆ

*هەرکە یەک پێکهاتەی بیروباوەڕی و ئایدۆلۆژیک یان تئۆریکمان بە باوەشــی ئـاواڵەوە پەسـند کـرد کە خـۆی بە نمـوونەی باشــی و بەخشین و رووناکی دادەنێ، دەمێنێتەوە بزانین کۆمەڵکوژی چۆن بە ئەنجام بگەیەنین.*

*هەتا یەکگرتوویەکی درۆ لە نێوان پرۆلتێرەکاندا پێک بێ، "شـەڕ بە واتـای راسـتی وشـە درێـژەی هەبـووە. گەرچـی - وردتـر بڵـێم- شـەڕ هەموو کاتێک ئەوەی پێشتر نەبـووە... دوژمـن لەو وەختـەدا، پێویستە ببێ بە وێنە و نموونەی ئەهریمەنی بێچوون."* *

دڵتەزێنترین شەڕ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەموو کاتێک شـەری نێوخـۆ بووە کە وەک دەڵێن بووەتە پێناسەی ئەو خەڵکە. دەڵێی ئەگـەر ئـەم شـەڕە نەکـەن بەشـێک لـە کـاراکتێری شۆڕشـەکەیان کـورتی دەهێنێـت. جـا هـەر دروشـمێکی لـە پشـت بێ، جیـاوازیی نییـە. چـونکە هیچیـان بـەو شـەڕانە هـیچ شـتێکیان مسـۆگەر نەکردووە، جگە لە دڵشکان و بێزاریی خەڵک.

لـە کوردسـتانی رۆژهەڵاتـیش بـێ گومـان دڵتـەزێنترین شـەڕ لـە نێـوان حـدکا و کۆمەڵەدا بوو. هۆی ئـەم شـەڕە لـەنێو هـەراوهوریای دروشـمی پڕوپووچـدا ون بـووە. یـەکێک لـەو گوتانـەی مـارکس کـە بەڕاسـت گـەڕاوە ئەوەیـە کـە دەڵـێ: هـەموو شەڕێک هۆی ئابووریی هەیە. لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراقدا- بـە تایبـەت لـە کـاتی شــەڕی هەشــت ســاڵەدا- کەلوپــەلێکی زۆر دەهــات و دەچــوو. رێگــای کاروانییەکان کەوتبووە ئەو بەشە کە زیاتر لـەژێر دەسـەڵاتی حدکادا بـوو. لەسـەر رێگای کاروانچییەکان بنکەی پێشمەرگە دانرابوو کە باج (گومروک)ی لـە بارەکـان

---

* کریس هجز هەمان

وەردەگرت. کۆمەڵە بەشی لەم داهاتەدا نەبوو یان زۆرکەم بوو. داوای دەکرد یان ڕێگای بدرێ بنکەی خۆی دابنێ یان پەنجا بە پەنجا داهاتەکە دابەش بکرێ. دیارە حدکا ئەمەی قۆبۆڵ نەدەکرد. ئەوە نەبێ هیچ لایەکیان بە راستی پێویستی بەو داهاتە هەبووبێ و بە بێ ئەوە نەتوانێ خۆی بژینێ. ئەوان هیندەیان لە سەدام وەردەگرت کە بەشێکیان دەناردە دەرەوە. (بەشی هەرە زۆری دەچووە دەرێ، پێشمەرگەش بە نانەزگیی خەڵک دەژیا)، بەڵام بوونی بنکەی پێشمەرگە و وەرگرتنی باج رەمزی دەسەڵاتی پێوە بوو. پێشتر باسمان کرد کە ئەم دوو هێزە دوو بۆچوونی بە تەواوی جیاوایان لە شۆڕش هەبوو. دەمەقاڵەش هەتا بڵێی زۆر بوو، بەڵام بە دەگمەن نەبێ نەدەگەییشتە تێکهەڵچوون. ئەگەریش هەبا، نەدەبوو بە سیاسەتی رەسمی و شەڕی سەرانسەری. بەڵام دواتر هەردوو پێیان لە یەک پێڵاو کرد و بڕیاری "یان من یان ئەو"یان دەرکرد.

*جارێک شەڕێک لە نێوان پێشمەرگەکاندا ساز ببوو، من چوومە ناوەندی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە کە کات بۆ وتوویژ دابنێین. ناسیاوێکی کۆن کە لە سنە هاوسا بووین بەرپرسی پێشوازی بوو. چاک و چۆنی و هەواڵی خزم و برادەر و قسە گەییشتە شەڕی گۆرین. من بۆ نیشاندانی قووڵایی تراژێدییەکە، باسی ئەوەم کرد کە جار وایە دوو برا یان باب و کوڕ لە دوو لایەندان و هەرکام دڵە خورپێیە کە نەکا کور یان براکەی بە دەستی ئەو بکوژرێ. ناسیاوەکە وەڵامی دامەوە کە ئەوە شەڕی چینایەتیی پرۆلتاریا و بۆرژوازییە. رۆژێک هەر دەبێ بکرێ، ئەو رۆ نە سبەی. (ئەو برادەرە ماستەری لە یاسادا هەبوو) گوتم کاکە، خۆ سێبەری ماڵە چەند نهۆمییەکەی ئێوە نەیدەهێشت تاو بگاتە ماڵە یەک نهۆمییەکەی ئێمە. پێم ناڵێی ئەوە چۆنە ئەتۆ بوویە پرۆلتێر و من بوومە بورژوا؟ بە ڕاستیش کۆمەڵە هیچ کات (ئێستاشی لەگەڵ) نەیتوانی دوو سەرمایەدار لە حیزبدا ناو بەرێ)*

رەوتەکە بەپێی نووسراوەکانی خۆیان بەم شێوە بووە. یەکەم شەڕی حدکا و کۆمەڵە شەوی ۵۹/۲/۱۲(۸۰/۵) لە سەردەشت بووە کە کادرێکی حیزب دەکوژرێ. لەم کاتەوە هەتا مانگی ۹ی ساڵی ۶۲ (۸۳) جار جار تێکهەڵچوون هەیە و هەر جارەش یەک دوو کەس لەملا یان لەولا کوژراوە. لە ۶۲/۹/۲۸دا لە

بۆسەیەکی تۆڵەسەندنەوەدا سێزدە کەس لە کۆمەڵە دەکوژرێ کە هەتا ئەو کاتە زۆرترین ژمارەیە. هەر چۆنێک بێ ئەم برینەش دەرمان دەکرێ. بەڵام شەڕەقسە نابڕدرێتەوە و رێککەوتن لەسەر بنکەی باج و پیتاک هەر هەیە و هەرکام هەوڵ دەدەن خۆیان بە خاوەن دەسەڵات بزانن. پێشمەرگەی کۆمەڵە بەشی هەرە زۆریان خەڵکی شارەکانی باشوور بوون و لەنێو خەڵکی ناوچەی سەرسنووردا خۆیان بە نامۆ دەزانی و تاوانەکەیان دەخستە ئەستۆی حدکا و ئەم کەسرییە نەفسییەیان بە دانی دروشمی پرولتاریای پێشڕەو (جگە لە هەڵە تیۆریکەکانی) قەرەبوو دەکردەوە.

**شەڕی هەورامان:** ٦٣/٨/٢٥(٨٤)، لە دوو تێکهەڵچووندا ٢٤لە کۆمەڵە و ١٩ لە حدکا دەکوژرێن. ئەمە سەرەتای شەڕێکی سەرانسەرییە کە هەتا ساڵی ٦٨ درێژەی دەبێ. شەڕە گەورەکان لەم رێکەوتانەدا روویان داوە. ٦٣/١١/٦، ٦٣/١٢/٢١، ٦٤/١/١١-٦٤/٢/١٨-٦٤/٥/٤،٦٤-٦٤/٦/٥-٦٤/٨/٢ و ٦٨/٦/٢٩ ئەمەیان ئاخر شەڕە. دوایەش هیچیان لە جێ خۆیاندا نەمابوون دەنا نەدەبڕایەوە. بە گشتی ١٧٦پێشمەرگەی حدکا و ١٤٨ پێشمەرگەی کۆمەڵە بوونەتە قوربانی سیاسەتی چەوتی کێبەرکێ رێبەرایەتییەکانیان. هەمووشیان بەپێی شەهیدنامەکانیان کوڕی خەڵکی هەژار بوون. کوڕە دەوڵەمەند نابێ بە پێشمەرگە. ئەگەریش بێتە ڕیزی شۆڕشەوە، جێگای لە مەکتەبی ناوەندی و دەفتەری سیاسییە. لە لیستەی شەهیدانی شەڕی ناوخۆدا یەک کەس لە رێبەرایەتی هیچ لایەکیانی تێیدا نییە. لەم شەڕانەدا دابێکی نامرۆڤانە هاتووەتە گۆڕێ کە بە پێچەوانەی هەموو یاساکانی شەڕ و یاسای مرۆڤایەتی و دابە ئەخلاقییەکان، دیلەکانی یەکتریان دەستبەجێ ئێعدام کردووە. کارێک کە لەگەڵ جاش و پاسدار نەدەکرا.

شەڕی نێوخۆ بەرجەوەندی سیاسیشی مەبەست بوو. بۆ نموونە حدکا بە جیابوونەوە لە شەورا و چوونە ناو خاکی عێراقەوە هەستی بە دەستپێکردنی شکست کردووە و ویستوویەتی دەسەڵاتی خۆی یەکلایی بکاتەوە و بۆ وتوویژ لەگەڵ رژیم یان هەرکەسی دیکە، پرسی کۆمەڵە لا با. ئەوە بوو کە لە کۆبوونەوەکاندا باسی تەواوکردنی کۆمەڵەی دەکرد. کۆمەڵەش دەیەویست دەسەڵات لە دەست ئەودا

بێ و حیزب وەکوو دوژمن لە نێو ببا. کۆمەڵە پێی وا بوو، حدکا پاش زەربەی شەورای بەرگری و کورتەباس ئەوەندە لاواز بووە کە دەکرێ بەسەریدا زاڵ بی. خۆیان دەڵێن نابێ ڕێگا بە بورژوازی بدرێ خۆی بە یەکەم هێز بزانێ.

حدکا هەروا کە نەیدەتوانی هەڵسەنگاندنێکی باشی لە هێزەکانی خۆی و ڕژیم هەبێ، هەر بەو شێوە لە هەڵسەنگاندنی هێزەکانی خۆی و کۆمەڵەشدا تووشی هەڵە بوو. بە گوتەی خۆیان، هەر کات بیانەوێ دەتوانن کۆمەڵە کۆ بکەنەوە.

بە بڕوای هێندێ لە کۆنە حزبییەکان ئەم دژایەتییە لەگەڵ حیزب هەر لە سەرەتاوە ئەو کۆنە دژایەتییە بوو کە سەلاح موهتەدی (ڕاوێژکاری کۆمەڵە) لە ڕۆژگاری ناکۆکیی نێوخۆی حیزبەوە، (ساڵەکانی ٤٠) هەر وەکوو دژایەتی کردنەکەی قیادە و لایەنی دیکەی حیزب (لایەنگرانی کۆنگرەی ٣) لەگەڵ خۆی هێنابووی و تەڵقینی کۆمەڵەی دەدا، دواتریش ڕێکخراوی سەهەند ئەم ئەرکەی بە ڕێوە دەبرد. دەنا پیشمرگە و کادری کۆمەڵە و حیزب لە سەرەتا ئەو دوژمنایەتییەیان تێدا نەبوو. زۆربەیان هاوشاری و هاوڕێ یەکتر بوون. هەر چۆنێک بێ لەم دوو هێزە هیچیان جگە لە چەک هیچ ڕێگایەکی دیکەیان هەڵنەبژارد. هەردوو لا بە تەواوی ببوون بە ئەرتەش و لەو شێوەدا کە خۆیان پێیان دەگوت "خەباتی چەکداری؟"، خنکابوون. گرنگ نییە شەڕێک چۆن و لە کوێیەوە دەست پێ دەکا، هەر ئەوەندە ئاگرەکە بڵێسەی ئەستاند و خوێن کەوتە بەین ئیتر خوێنخوازی و تۆڵەکردنەوە ڕێگا لە عەقڵ دەگرێ و دەگاتە قۆناخێک کە هەتا لایەک یان هەر دووک لا، لە پێ نەکەون واز ناهێنن و ئەگەریش بە ڕواڵەت ئاشتی بکرێ، لە ناخەوە هەر شەڕ بەردەوامە و لە دەرفەت دەگەڕێ.

خەباتی چەکداری ئەگەر بەشی سیاسی- ڕێکخراوەیی لەنێو خەڵکدا نەما پڕ دەبێ لە نەخۆشی و کرمۆڵی و گەندڵی و بە هەڵدێردا دەچێ. کە ڕۆیشت.

*لە کاتی شەڕی نێوخۆدا فەرمانی حیزبی ئەوە بوو کە هەرکەس بڵێ ئەم شەڕە شەڕی براکوژییە جێگای لە حیزبدا نییە، من پێم وا بوو هەردوو لا قۆڵیان لێی هەڵکردووە کە یەکتری لەنێو بەرن. هەر لەو کاتەوە بڕیارم دا لە حیزب ماڵئاوایی بکەم. چونکە چیتر جێگای من نەبوو. من ئەو شەڕەم بە شەڕی براکوژی دەزانی و دەزانم.*

لێره دەمەوێ چەند خۆزگە و تێبینی ئەم شەڕانە ئاماژە پێ بدەم. تەنیا بۆ ئەوە بەڵکوو له داهاتوودا، بەرەی داهاتوو (ڕەنگە) بیری لێی بکاتەوە.

- چ دەبوو ئەگەر حیزب و کۆمەڵە بەپێی ڕاپرسییەک لە خەڵک ناوچەکانیان بەش کردبا و ئەوجا پێکەوە دانیشتبان هاوڕێبازی و هاوئاهەنگییان لە خەباتدا کردبا. (ئەوکارەی کە ئێستا لەکوردستانی باشوور کراوە- دیارە ئەویش بە حوکمی شەڕی ناوخۆ) بەڵام ئەم بیره بە مێشکی هیچ لایەکیاندا نەهات، چونکە بیریان لە چاکەی خەڵک نەدەکردەوە، تەنیا بیری ڕێبەرایەتی و پاوانخوازیی خۆیانیان دەکردەوە و پێیان وا بوو قازانجی ئەوان، قازانجی خەڵکە. چونکە دەیانگوت خەڵک لەگەڵ ئێمەیە. لەم گوتارەدا دوو شت لە بەرچاو نەدەگیرا. یەک قازانجی حیزبێک بە مانای قازانجی حیزبەکانی دیکە نییە. کە ئەوانیش بەپێی هەر ئەم گوتارە بەشێک لە خەڵکن. دووهەم میللەت هەر بەو بەشە بچووکە کە لە دەوروبەری خۆیانە دەناسنەوە. ئەم کێشەیە ئێستا لە کوردستانی باشوور خۆی دەبینێتەوە. زۆر جار ئەو شتە کە بە قازانجی حیزبەکانی کوردستانی باشوورە بە زەرەری کوردستانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکوورە. بۆ نموونە شەڕ لەگەڵ پ.ک.ک و دانی ئیمکانی ترۆری خەباتکارانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.

- کۆمەڵە پێی وا بوو نابێ زەحمەتکێشانی هیچ ناوچەیەک بخاتە ژێردەستی ناسیونالیستەکان. حدکاش پێی وا بوو کە ئەگەر ناوچەیەک لەژێر دەستی کۆمەڵەدا بێ، دەبێتە شەریکی حاکمیەتەکەی ئەو. ئەمانە کە ئامادە نەبوون لەنێو خۆیاندا بەشی یەکتر بدەن، داوایان لە حوکوومەت دەکرد بەشیان بدا. ناکرێ داخوازییەکت لە کەسانی دیکە هەبێ کە بۆ خۆت ئامادە نیت ئەنجامی بدەی. ئەم دووبەرەکییە لەنێو خەڵکیشدا ڕەنگدانەوەی هەبوو و ئەویش دڵسەردبوونەوە لە جووڵانەوە بوو. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم دوو هێزە تووشی بەخێڵی و کورتبینی وردەبۆرژوازیی لادێیی ببوون و ئەمەیان بە کردەوە —نەک بەپێی نووسراوەکان- نیشان دا.

- لە تەواو ئەو ماوەدا - چ لە شەڕی شارەکاندا و چ دواتر و تەنانەت لە شەڕی نێوخۆشدا- هیچ بەیانێک، هیچ کردەوەیەک، لەلایەن ڕووناکبیران و ڕۆژنامەوانان و کەسایەتییە کورد و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هتد... بۆ پشتیوانی لە خەڵک یان

نێوبژیکردنی ئەو دوو هێزە دەرنەچوو. ترس؟ کورد و بەرگرییەکەی بە راست نەزانین؟ شوینیزم؟ یان هەڵەی خۆمان؟ هەرچۆنێک بێ ئەم جۆرە کارانە دەبێ لە لایەن رێکخراوەکانی خۆمانەوە هان درا با. بەڵام رێکخراوەکانی ئێمە جگە لە خۆیان کەسیان بە هیچ نەدەزانی. ئەمانە نەیانتوانی سەرنجی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و رووناکبیرانی کورد رابکێشن.

– دەزانین خەڵک ئەو شەڕ و ناکۆکییەی بەڕاستی پێ ناخۆش بوو. بەڵام ئێمەش وەکوو حوکوومەتی شا و رژیمی ئیسلامی رای خەڵکمان نەدەپرسی، پێمان گرینگ نەبوو چییان دەوێ و بیروبۆچوونیان چییە؟ تەنیا فەرماندان لە راگەیاندنەکاندا هەبوو. ئەمرە و دەبێ بە جێ بهێنرێ. رێبەرایەتی لە باتی هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکان بەبێ راپرسی قسەی دەکرد و ئەوانیش لەباتی خەڵک. خەڵکی ئەوان پێشمەرگەکان بوون، پێشمەرگەش بڕیاری بە دەست مەکتەب ناوەندی بوو. ئەوانیش رای خۆیان دابوو بە مەکتەبی سیاسی، کە لە ژێر دەسەڵاتی سکرتێردا بوو. ئەویش هەر لە سەرەتاوە گوێڕایەڵەکانی خۆی بە دەور خۆیدا دانابوو و کردبوویانی بە مەکتەبی سیاسی. ئەمە ناوی سانترالیزمی دێمۆکراتیک بوو. کاتێک هەموو بوونەتە چەکدار و هێزی چەکدار جگە لە چەکداری ئەرکێکی دیکەی بۆ نەماوە، فەرماندەکەیە کە هەموو بڕیارەکان دەدا، لە پەیوەندییەکی بەم شێوەدا بەکارهێنانی وشەی دیمۆکراسی لە دێماگۆژی (خەڵک فریودان) یەکی منداڵانە زیاتر نییە.

– یەکتر بە تاوانبار زانین و رەخنە لەخۆنەگرتن و بە توندی وەڵامی رەخنەی کەسانی دیکە دانەوە. یان هەموو تاوانەکە خستنە ئەستۆی هەلومەرجەکە و دوژمنەکە. ئەگەر دەوڵەت هیچ ناکا جگە لە درۆکردن و کاتکوشتن و سەرکوتکردن و زیندان. ئەی ئێمە دەبێ چ بکەین بۆ خەڵک، جگە لە پاسدار کوشتن و لەگەڵ خەڵک وەکوو نەفام و تێنەگەیشتوو و دواکەوتوو بەرەڕوو بوون. کۆمیتەی ناوەندییەکانی هەردوو لا لە تەواوی دەورانی رێبەرایەتیی خۆیاندا هیچکاتێک بەرپرسایەتیی هیچ بڕیارێکی نابەجێ و هەڵە و شکستی کردەوەکانی خۆیان لە بوارە گرینگەکاندا بە ئەستۆ نەگرتووە. ئێستاش ئەم دوو حێزبە هەرکات دەیانەوی ئاورێک لە رابردوو بدەنەوە هێزەکانی دیکە، یان رژیم بە تاوانباری

کردەوە چەوتەکانی خۆیان دەزانن و قەت ددانیان بە هەڵەی خۆیاندا نەناوە و بەرپرسایەتیی کارەساتەکانیان بە ئەستۆ نەگرتووە. بۆشاییەکان بە هێندێ درۆی پڕوپووچ پڕ دەکەنەوە. رژیم ئەرکی ئەوەیە دەسەڵاتی خۆی قایم بکا و هەر دەنگێکی ناکۆک بە توندترین شێوە بکوتێ. هەر بۆیەش شەڕی لەگەڵ دەکرێ. ئەی ئێمە بۆ لە دەوڵەت خراپتر لەگەڵ خۆمان بکەین. ئەویش بە ناوی چینی کرێکار و میللەتی کورد. بۆ دەبێ چینی کرێکار دژی میللەتی کورد بێ، یان میللەت دژی چینی کرێکار بێ؟ نە، ئێمەین بە شێوەیەکی وەهمی ئەو کراسەمان لەبەر کردووە و ئەو ناوەمان لە خۆ ناوە. ئەگەر ساڵانی دیکە کەسانێک چاو لە نووسراوەکانی رێبەرە کوردەکان بکەن، پێیان وا دەبێ ئەوانە لە ئاسمانەوە هاتوون و هەموو شتێکیان زانیوە و قەت هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە، بەڵام دەوروبەرەکەیان نەیانتوانیوە ئەوان تێبگەن.

- ئامانجی دیکەی هەردوو لا، ئەوە بوو کە دەیانەویست بە هۆی ئەو شەڕەوە بە سەر ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوخۆیاندا زاڵ بن، یان لانی کەم بە بیانووی ئەو شەڕە بێدەنگی کەن. ئەم تاکتیکە کۆنە کە وەک باسمان کرد کۆماری ئیسلامیش هەر لە سەرەتای شەڕی لەگەڵ عێراقدا کەڵکی لێ وەردەگرت، بۆ هێزی شۆڕشگێڕ ژەهرێکی کوشەندەیە. چونکە ناتەباییەکان چارەسەر ناکا، تەنیا سەرپۆشی لەسەر دادەنێ و پاش ماوەیەک خودی شەڕەکەش دەبێتە هۆیەکی دیکە بۆ ناکۆکییە نێوخۆییەکان. ئەم ناکۆکییانە زیاتر لە دەستەبەندی و سەرەڕۆیی رێبەرانی رێکخراوەکانەوە سەرچاوەی دەگرت و چونکە نەدەکرا بە ئاشکرایی بگوترێن، دەبوونە بنەما بۆ جیاوازیی بۆچوون و ئایدۆلۆژی. ئەمە دواتر خۆی لە کەرتبوونەکاندا نیشان دا و هێزەکانی پەرش و بڵاو کردەوە.

- سەرقاڵبوون بە کێشەکانی نێوخۆمانەوە وای کرد کە ئەو کاتەی وڵاتیان پێ چۆڵ کردین هیچ دیارییەکی کولتوری، کۆمەڵایەتی و کرداریمان بۆ ئەو خەڵکە بە جێ نەهێشت کە دواتر خۆزگەیەک بە کاتی دەسەڵاتی پێشمەرگە بخوازێ.

- کاری بەناو کۆمەڵایەتی کە لە دەورەی دوو ساڵەی دەسەڵاتداری هێزە سیاسییەکان لە ناوچەدا ئەنجام درا بریتی بوو لە پێکهێنانی چەند دەرمانگە کە زۆرجار کەسری دەرمان و پزیشکیان هەبوو.

- دابەشکردنی زەوی لەو گوندانە کە مالکەکانیان هەڵاتبوون. ئەم دابەشکردنە نەبووە هۆی ڕەزامەندیی جووتیاران. لە پێشدا لەبەر ئەوە کە دەترسان کاتێک پێشمەرگە ناوچەکە بە جێ دەهێڵێ، خاوەن موڵکەکان بگەڕێنەوە و تۆڵەیان لێ بکەنەوە. دووهەم بە پێ بەراورد، بۆ دابینکردنی ژیانی هەر بنەماڵە ئەندازەیەکی دیاریکراوی زەوی پێویست بوو، بەڵام گوندەکە ئەوەندە زەوینی نەبوو. تەنیا ڕێگا ئەوە بوو کە زەوییەکان بە هەرەوەز و کەرەسەی میکانیزە بکێڵدرێ کە نە ئەو ئامرازانە هەبوون و نە جووتیرەکان بەو هۆیە کە باسم کرد بەم کارە ڕازی بوون. ئاکامەکەی ئەوە بوو کە ئەم دابەشکردنە شکستی هێنا.

دانانی مەکتەبی سەرەتایی (لە پۆلی یەک هەتا سێ) بۆ منداڵەکان بە زمانی کوردی. بێ گوتە دیارە چ گیروگرفتێکی هەبوو. بەر هەر شتێک نەبوونی مامۆستای شارەزای مامۆستایی (حدکا چەند خولی بۆ فێرکردنی مامۆستا دانا، بەڵام زۆر کەم و کورت بوو) دووهەم نەبوونی کتێبی دەرسی. جار لە وەرگێڕانی کتێبە دەرسییەکانی فارسی کەڵک وەردەگیرا و جار خۆیان دەیاننووسی کە پڕ بوو لە وشەی دروشم و نامۆ بۆ منداڵان. چاپی کتێبیش بۆ خۆی کێشەیەک بوو کە چارەسەر نەدەکرا.

- کاری وەکوو دانانی مەکتەب و دابەشکردنی زەوی و هتد... پێویستی بە ڕێکخستنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئەمن و هێمنییە کە هێزە سیاسییەکان توانای ئەوەیان نەبوو. باوک و دایکان دەیانزانی کارنامەی ئەو مەکتەبانە دواتر هیچ بایەخێکی نییە، تەنانەت دەبێ بیشارنەوە. کە وا بوو مەکتەبەکان زیاتر شێوەی خلافاندن و سەرگەرمکردنی منداڵانی هەبوو.

# دەورانی داهێزان

*لە سەر پلێکانە سمنتییەکەی بەر دەرکەدا دانیشتووە. ریشە رەش بەڵەکەکەی دەخـورێنێ و تەواشـای لقەکـانی دارتـووەکە دەکـا کە لەسـەر دیـوارە گڵیـیەکەی حەوشـەوە خـوار بـوونەتەوە نێـو کـۆڵانەکە. دەڵـێ: بە قەت تەمەنـی ئەم دارە ئـێمە لێرەین. بیست و وردەیەکی ساڵە. ئەم ئۆردوگایە گونـدێکە و هیچـی تـر. زیـدانێکە بە گەورەیـی گونـدێک. جیـاوازیی ئـێمە لەگەڵ گوندنشـینان ئەوەیە کە ئەوان لە بەیانییەوە کە لە خەو هەڵدەستن خەریک کاری کشتوکاڵ یان ئاژەڵداری دەبن. ئێمە هیچ کارێکمان نییە کە پێی بگوترێ کار. بەیانی کە هەڵدەستم، نـان و پەنیـر و چای شیرینەکەم دەخۆم، جار وایە پەنیریش پەیدا نابێ. هەر باشە، ژنەکەم نـانی مـاڵی دەکـا بە بـێ پێخـۆریش دەخـورێ، دوایە سـەری خـۆم هەڵـدەگرم بەرەو ئەو بیابـانە، یەک سـەعات دەڕۆم و دەگەڕێـمەوە. چـایەکەی بەیـانی دیسـان گەرم دەکەینەوە، پیاڵەیەک دەخـۆم و دێـم دەورێکـی نێـو دێ دەدەمەوە. دوایە نەختێـک خەریـک بـاخچەکەم دەبـم. مستێک سـەوزە بـۆ نیـوەڕۆ هەڵـدەگرمەوە. پاش نـانی نیوەڕۆ، چورتێک دەدەم. دیسان دێم دەورێـک نـاودێ دەدەمەوە. لە هەر کـوێ دوو سێ کەس راوەستاون منـیش دەوەستم و هـاوڕێی قسـە هەزارجـار دووپاتکراوەکـان دەبم. یا هەواڵەکانی تلەڤزیۆن بۆ یەکتـر دەگێـڕینەوە. هەمووشـمان خۆمـان گوێمـان لێـی بووە. ئێـوارێ دیسان چـوار دیـواری نێومـاڵ. ژنەکانیش هەر وەکـوو ئـێمە ئەو شەش متر و نیوەی ژوور و حەوش سەد جار دەپێـون. ئەوانەی منـداڵی بچووکیـان هەیە کەمێ زیاتر خۆ دەخڵافێـنن. شـەو چـاو لە تلەڤزیـۆنەکە دەبـڕین و لەم کانـاڵە بۆ ئەو یەکە و نازانین چمان دەوێ. سبەی دیسـان هەمـان دۆخەکەی دوێنێـیە. نە مانگێک نە دوو مانگ، نە ساڵێک نە دوو ساڵ بەڵکوو بیست، سـی سـاڵ دانیشـە و چاو لەو دەشتە ببڕە. نازانم چاوەڕوانی چین. دەڵێم بابە لانی کەم مەیدان فوتباڵێک بۆ ئەو لاوانە دروست کەن کایەی تێدا بکەن و ئێمەش تەواشا بکەیـن. ئەم کـوچە و خیابانە قیرتاو بکەن با منداڵان لەنێو خۆڵ و خاکدا نەتلێنەوە. سـەری ئەو جـۆگە*

*زیراوە بگرن کە بۆنی کوشتمانی. وەرن پێکەوە چاکی کەین. دەڵێن کاک سەمین زۆر بۆڵەبۆڵ دەکەی.ساڵێک دەبێ نەچوومەتە ئەم شارەی لە پەنامانە. بە پێیان نیو سەعاتە. مرۆڤ پارەی نەبوو بچێتە شار بڵێ چەند مەنە. منداڵەکانم رۆیشتوون. بیست ساڵ بوو جگە لەم دێیە هیچ کوێیان نەدیبوو. گەورە بوون گوێستیانەوە بۆ شار. جاروبار سەرمان دەدەن. ئێمە ناچین. تەرێق دەبینەوە. ئاخر ژن و منداڵیان هەیە، بە دەست بەتاڵ باش نییە. ئەوان باوەڕیان بەم جووڵانەوەی ئێمە نییە. دەڵێن ئەمە جووڵانەوە نییە ئەمە نەجووڵانەوەیە. نازانم، کەس سەر لە کاری دنیا دەرناهێنێ.*

لە ساڵی ٦٦ (٨٧) بەولاوە ئەو شکستە کە یەک دوو ساڵ بوو سەرەتاکانی دیار کەوتبوو بە تەواوی خۆی نیشان دا. بستێک خاک بە دەستەوە نەمابوو. هێزەکان ماندوو و بێواز و بێ چاوەڕوانی لە ئۆردوگاکانی نێو خاکی عێراقدا دابڕاو لە خەڵک، دانیشتبوون. تۆپبارانەکانی رژیمی ئیسلامی لە لایەک، ئەمنییەتی ئۆردوگاکانی لە نێو بردبوو، عێراقیش هیچی پێ نەدەکرا. لە لایەکی دیکە قەڵاچۆکردن و ئەنفاڵ و بومبارانی دێهاتەکانی کوردستانی باشوور لە لایەن بەعسەوە و لە بەرچاو هێزەکانی رۆژهەڵاتییەوە کە تەنانەت نەیاندەتوانی لە راگەیاندنەکانیاندا باسیشی بکەن، ببوو بە هۆی بێ هیوایی و قوبوڵی شکست لە لایەن ئەندام و پێشمەرگەکانەوە. بەڵام رێبەرایەتی بە هیج شێوەیەک نەیدەویست ددان بەو راستیەدا بنێ، چونکە دەبوا وەڵامدەر بێ و بەدیل بهێنێتە پێشەوە.

لە هەموو شۆڕشێکدا (بە تایبەت چەکداری) لە ناوچەیەکی چووکەوە دەست پێ دەکەن و بە یارمەتی و رێکخستنی خەڵک ناوچەکە بەرین دەکەنەوە و بەرە بەرە دەسەڵاتی خۆیان دادەمەزرێنن. ئێمە لە ناوچەیەکی پان و بەرینەوە بەرە بەرە دەستمان پێ کرد. ناوچەکە چوک بووەوە و تەنگ بووەوە و ئاخری ئاودیوی سنوور بووین. ئەمە یانێ ئێمە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو شکان رۆیشتین، بەڵام بە رووی خۆمان نەدێنا و هیچ ستراتژییەکمان بۆی نەبوو. چاو لە ئاسمان بە تەمای باران بووین. لە کاتی وادا، تەنیا رێگا ئەوەیە کە هێزەکان هەتا دەکرێ ئامادە بکرێن بۆ پاشەکشە بۆ نێو خەڵک. دیارە بە بێ کردەوەی چەکداری. ئەگەر بشگیرێن و لە

زیندان کرێن هەر هێزی تۆن. دیارە ئەم کارە بۆ هێزەکانی ئەوکاتە ئاسان نەبوو، چونکە ڕێکخراوی کارایان لە پشتی سەری خۆیانەوە بە جێ نەهێشتبوو، بەڵام دەکرا. شۆڕش هیچ کاتێک ئاسان نییە. ڕەنگە ئاسانترین شێوە کردەوەی چەکدارانە بێ. ڕیبەرانی ئێمە بە لای ئەم ستراتژییەدا نەچوون کە هەم ورەی ئەندامانی بەرز دەکردەوە، هەم ئیدامەکاریی راپەڕینی مسوگەر دەکرد و هەم لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا چاوەڕوانیی داهاتووی پێک دێنا. هۆی ئەم پشتگوێخستنە ئەوە بوو، دەترسان دەوریان چۆل بێ و لە شەوکەت و پلەوپایەکەیان کەم بێتەوە. عێراق بە بەزیویان بزانێ و خەرجی کەمتریان بداتێ. حدکا پێی وا بوو کە حوکوومەتیش وتووێژی لەگەڵ ناکا.

مرۆڤ لەکاتی تەنگانەدا دوو ڕێگا زیاتری نییە. بەرەنگاری یان هەڵاتن. ئەگەر یەکەمی پێ نەکرا یان شکستی هێنا، ئەوە ڕێگای دووەم دەگرێتە بەر. ئەندامانی ئۆردوگاکان تەنیا ڕێگای دووهەمیان بۆ مابووەوە. چونکە مانەوەیان لە ئۆردوگا نەتەنیا پێ ناخۆش بوو، بەڵکوو پێیان بێ مانا بوو. ئۆتۆریتەی ڕێبەرایەتیش روخابوو.

ئەم هەلومەرجە نەیدەتوانی زۆر درێژەی هەبێ. یەکەم ئاکامی شەقبوونی حدکا بوو. دەستەیەک بە نێوی حدکا شۆڕشگێڕلە ١/١/٦٧(٨٨) جوێ بوونەوە. ئەمانە بەشێکی ڕێبەرایەتی بوون کە کۆمەڵێک ئەندام و پێشمەرگەیان لە خۆ کۆ کردەوە و بەیانێکیان دا کە گۆڕانێکی تایبەتی لە سیاسەت و ستراتێژیی شۆڕشی تێدا نەبوو. تەنیا گلە و گازندە بوو لە نەبوونی دێمۆکراسی لە نێو حێزبدا و دژایەتییەکی زۆر تایبەتی بە دژی قاسملو و شەرەفکەندی. تەک ڕەوی و سەرەڕۆیی و لە یەک کەلامدا دیکتاتۆری نێو حدکا باسی لێ کرابوو. هەردوو لا یەکتریان بە نەپاراستن و سەردانەنەواندن بۆ دێمۆکراسی تاوانبار دەکرد. هەردووک لاش هەر ناویان حێزبی دێمۆکرات بوو. ئەو قسەی برێشت بە راست دەگەڕێ کە دەڵێ: هەر شتێک کە نەبوو زیاتر باسی دەکرێ.

ئەم جۆرە جیابوونەوە سەرەڕای بیانووەکانی، یەکەم ئامانجی ئەوەیە کە خۆی لە بەرپرسایەتیی ئەو شکست و نالەبارییە لا بدا و بیخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە. بمانەوێ یان نە، لە هەر ڕووداوێکدا کۆمەڵێک بەرپرسن. نە یەک یان دوو کەس.

حیزبی دیموکراتی ژماره دوو له هیچ بواریکدا نەیتوانی جیگا بە قاسملو چۆڵ بکا، نە لە نیو خەڵکی رۆژهەڵاتدا، نە لە لای حوکوومەتی عیراق و نە لە دەرەوەی وڵات. تەنانەت روویان لە مۆجاهیدینیش کردەوە، بەڵام مۆجاهیدین وەکوو حدکای پیشوو نەیانی بردەوە نیو شەورا. هەر ئەوەندە بوو لە رقی ئەولا هیندێ پارەی بۆ دەژماردن. بژیوی ژیانیش باریک بوو بە ملیانەوە. چیتر لە گوندەکان نەبوون کە خەڵک بە خیویان بکا. بۆ دەربازبوونی ئەندامەکانیشیان، نەیانتوانی هیچ بکەن.

دەگوترێ بۆ وەرگرتنی یارمەتی دەچنە لای ئۆجەلان. ئەویش دەپرسێ ئیوە ئەو حیزبەن کە قازی محەمەد دایناوە؟ بەڵێ. ئیوە پەنجا ساڵە خەبات دەکەن؟ بەڵێ. ئیستا پاش پەنجا ساڵ هاتوون داوای یارمەتی لە من دەکەن کە هەمووی دە ساڵ نابێ دەستمان پێ کردووە؟ بەڵێ. ئەی ئەو هەموو ساڵە چتان کردووە. یاڵا وەدەرکەون. دەست بەتاڵ هاتبوونەوە.

لایەنی ژمارە یەکیش زۆر بە توندی بەرەنگاریان بووەوە، تا رادەیەک کە دەکرا بڵێی ئەگەر لە نیوخۆی وڵاتدا بان لە کارەساتی کۆمەڵە خراپتر دەبوو. کەسانیکی زۆر کە تا دوینێ هاوسەنگەری یەکتر بوون خوینی یەکتریان دەرشت. نیویان لێ نابوون "لادەر"ان. لادەر لە چی؟ ئیوە چتان کردووە کە ئەوان نەیانکردووە؟ ئیوە چ دەکەن ئەوان نایکەن؟ ئەگەر هەڵسەنگاندن بە مافەکانی خەڵک بێ، هەردووکتان هەر هیچ ناکەن. لە سیاسەتدا شتیک بە ناوی "لادر" بوونی نییە، مەگەر لە رژیمە دیکتاتۆرییەکاندا. کە خۆیان بە تەواوکەر و ریگاکەیان بە تەنیا ریگا دەزانن. دەنا دوو بۆچوونە لە هەلومەرجیکی دیاریکراودا.

کیشەکە ئەوەندە توند بوو کە تەنانەت بە خەڵکیان دەگوت نابێ نان بەوانە بدەن و ئەگەر هاتنە ماڵتان ریگایان مەدەن. نموونەی لەم شیوە زۆرن و لە بیرەوەرییەکاندا نووسراونەتەوە.

لایەنی کۆمەڵەش بەپێی نووسراوەکانی خۆیان باشتر لە حدکا نەبوو. گۆمیک بوو لە بنەوە دەکولا، هەتا گەییشتە سازبوونی حیزبی کۆمونیستی کریکاری.

"ریکخراوی سەهەند" چونکە کۆمەڵی کوردستان و خەباتەکەی نەدەناسی، وتوویژیکی رووناکبیریی دریژدادڕی هینایە نیو ریزەکانی کۆمەڵەوە. دەگوترێ

زۆرتربوونی لەبەرکراوەکانی سەهەندییەکان کە هاوپەرا بوو لەگەڵ خۆبەزلزانین و بەکەمگرتنی کوردەکان، هێزی کۆمەڵەی کرد بە دوو دەستەوە: دەستەیەک کە خۆیان بە "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری"دەناسێنن و دەستەیەک (زیاتر ڕێبەرەکان) بە نێوی "حیزبی کۆمۆنیست" قەناعەت دەکەن.

من دوای پشکنین لەنێو نووسراو و وتار و کردەوەکانیاندا بەو ئاکامە گەییشتم کە ئەم دابەشبوونە چوار هۆی هەیە.

- هەلومەرجی ئۆردوگانشینی و بێکردەوەیی ژێرخانێک بۆ نارەزامەندیی هێزەکان پێک دێنی، قسەی بنگویکردن و تاقم سازکردن دەبێتە باو، کە پێویستی بە لێکدانەوەیەکی تازە لە خەبات و بەرگرییە.

- جەماعەتی "کۆمۆنیستی کرێکاری" خەباتی کوردستان و کێشەی نەتەوایەتی بە دواکەوتوو دادەنێن و ڕێبەرانی "حیزبی کۆمۆنیست" وەکوو گیرخواردوو لە داوی پەیوەندییەکانی فئودالیدا نێوزەد دەکەن و رابردووی بنەماڵەیی فئودالی ئەوان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئەم بۆچوونە. بوونی پەیوەندییەکانی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی نێو ڕێکخراویش ئەم بیرە بەهێزتر دەکا.

- بەڵگەهێنانەوەی ئەوان بەم شێوە کە دەورانی خەباتی ئەنترناسیۆنالیزمی کرێکارییە و دەبێ جووڵانەوە بەرەو ئەو شوێنە بەرین (دواتر داواکەری ڕێبەری جووڵانەوەی ئەنترناسیۆناڵی کرێکاریش بوون و سەرکەوتنیان بە زۆر نزیک زانی) بۆ پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کە هەر لە پێشدا لەگەڵ تالیم و ڕاهێنانی حیزبی کۆمۆنیست هەڵخڕابوون. ئەمە بە هەنگاوێک بەرەوپێش دەژمێردرا و ناسنامەیەکی تازەی پێ دەدان کە خۆیان لە خەڵکی دیکە بە زیاتر بزانن. رۆمانتیسمی شۆڕشگێڕانە هێشتاش کارکردی خۆی لە دەست نەدابووە.

- ناردنی کەسەکان بەرەو دەرەوە لە لایەن کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، بە بیانووی لە گێژاوی ئۆردوگا دەربازبوون و سروشتییە پێشوازیی پێشمەرگە لەم بیرە، نوختە گۆڕانێک بووە کە دابەشبوونی پێک هێناوە.

زۆربەی ئەو کەسانە کاتێک گەییشتنە دەرەوە و چاویان کرایەوە، لە ریزی هەردوو رەوت چوونە دەرەوە و کەوتنە شۆن ژیانی خۆیان.

حدکا چوونەدەرەوەی ئیزن نەدەدا و یارمەتیی کەسی نەدەکرد. ئەو پێشمەرگە و کادرانە کە مانەوە لە کوردستانی باشوور یان بۆ خۆیان و بنەماڵەیان بە رەوا نەدەزانی، لە رێگاچارە دەگەڕان. ئەوانەی کە زۆر ناسیاو نەبوون و توانییان تکاکارێک پەیدا بکەن بەرەو ناو ئێران گەڕانەوە. هێندێک کەمیان نەبێ باقییەکەیان نەبوون بە داردەستی رژیم. بەڵام بەشێکی هەرە زۆر کە ئەو رێگایان نەبوو لە بیری گەییشتن بە ئۆروپادا بوون. هەر بەو هیوایە رۆیشتنە ئۆردوگای ئەڵتاش لە رۆمادیە لە رۆژئاوای عێراق کە لەژێر چاودێریی رێکخراوی نێونەتەوەییدا بوو. ئەمانە لە بیر چوونەوە. کەسانێک حەوت هەتا دە ساڵ لەوێ مانەوە. هێندێک خۆیان گەیاندە تورکیە و بنەماڵەی واش هەبوو کە تا ٢٠٠٣ هەر لەوێ بوون و دوایە رۆیشتنە ئۆردوگاکانی کوردستانی باشوور. هێندێکیش بە قاچاخی گەییشتنە تورکیە و لەوێشەوە هەر بە قاچاخ گەییشتنە ئۆروپا.

# کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق

کۆتایی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لە ساڵی ٦٧(٨٨)دا سەرەتای قۆناخێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. ئێران کە خەونی بە داگیرکردنی کەربەلا و نەجەفەوە دەبینی و جووتەپێی لە پێڵاوێک نابوو بۆ گەییشتن بە دیوارەکانی ئۆرشەلیم و لە نێوبردنی ئیسرائیل و خۆسەپاندن بەسەر دنیای عەرەبدا وەکوو گەورە دەسەڵاتی ئیسلامی، بە نووزە نووز کشایەوە و خەیاڵی عەرەبەکان ئاسوودە بوو. ئەوان ئەو هەموو پارە و یارمەتییەیان بە سەدام دابوو کە ئەرکی بەرگری لە ئێران بە ئەستۆ بگرێ و ئێستا گەییشتبوونە ئامانج. ئێمە وەکوو کورد لەو شەڕەدا یەک قازانجمان کرد. لاوەکانی کورد نەبرانە سەربازی و بەرەی شەڕ. لەو ناوچانە کە بە دەست پێشمەرگەوە بوو، کەس نەدەچووە سەربازی و لە شار و دێیەکانی دیکەش ڕژیم متمانەی بە کورد نەبوو، نەیدەناردنە پێشەوە. یان لە بەشی پشت بەرەی شەڕدا بوون یان دوور دەخرانەوە بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران. بۆیە ئێمە کوژراوی بەرەی شەڕی ئێران و عێراقمان بۆ نەدەهاتەوە. ئەوەی لە شەڕی پێشمەرگایەتیدا دەکوژرا، لانی کەم بۆ ئامانجێکی باش و بۆ بەدیگەیاندنی مافی گەلەکەی دەکوژرا و بە ژمارەش لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران کەمتر بوو. لە بۆمبارانی فڕۆکە و مووشەکە دوورهاوێژەکانی عێراقیش پارێزران. شەڕی ئەو دووە کە لە سەرەتادا بەتایبەت زۆر توند بوو. نەکەوتە کوردستان. ئیتر باقیی زەرەرەکان وەکوو خەڵکی هەر دوو بەرەی شەڕ بوو. وەک دەڵێن تاوانی شەڕ هەموو کاتێک خەڵکی هەژار دەیدا.

پاش ڕاگرتنی شەڕ، ڕژیمی ئێران وەکوو بەرازی بریندار کەوتە کوشتارکردنی زیندانییە سیاسییەکان و هەزارانی بە یەک دوو حەفتە کوشت. عێراقیش کورد و شیعەی کردە ئامانج و کارەساتی ئەنفاڵ و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان دەستی پێ کرد. کەسیش لەو دنیادا دەنگی دەرنەهات. ڕێکخراوە بەناو بەشەردۆستەکان خەویان لێ کەوتبوو. دەوڵەتەکان هەر هیچ. بزەیان دەهات، هەتا

شەڕی کوەیت. ئەوجا کە نەوتەکە کەوتە مەترسییەوە هەموو بە تێکڕا هاواریان لێ بەرز بووەوە و سەدام بوو بە شەیتانی سەدەی بیستەم. پێش نەکەوم.

لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و عێراقیشدا بە هەڵە لێکدانەوەی هەلومەرجەکە، کارەساتی دروست کرد. مۆجاهێدینی ئێران وایان لێک داوە کە قوبوڵکردنی وەستانی شەڕ لە لایەن خومەینییەوە، نیوزکی رژیمی بەتاڵ کردووە و بە شەپێک دەروخێ. لە سنووری عێراقەوە بە جادەی سەرەکیدا بەڕێ کەوتن بۆ تاران. چاوەڕوانیش بوون خەڵک پشتیوانییان لێ بکا. هێزەکانی ئێران دەنگیان نەکرد هەتا بە تەواوی هاتنە نێو تەڵەوە. گەییشتنە کرێند. ئەوجا دایانگرتن. بە وتەیەک دەوری هەزار و پێنجسەد کەسیان لێ کوژرا و هێندێکیان بە پەلەپڕوزێ خۆیان دەرباز کرد.

ئەم هێرشە کاڵوکرچە دەرسێکی گەورەی بۆکورد تێدا بوو. ئەوان تێگەییشتن کە دەوری شەڕی چەکداری بە دژی ئەرتەشی ئیران کە ئەزموونی شەڕی هەشت ساڵەی هەیە، بەسەر چووە. شکستی ئەم ستراتژییە گەرچی هیچ کات رانەگەیندرا، بەڵام بە کردەوە قەبوڵ کرا.

بە گوتەی چ گوارا بەردەوامی و دروستبوونی شەڕی چەکداری دوو نیشانەی هەیە. یەک پێگەی خەڵکی هەبێ و رۆژ بە رۆژ خەڵک زیاتر رووی تێبکەن و لە پەرەسەندندا بێ. دوو سەرکەوتنی خێرا بە دەست بێنێ. دەنا تووشی نەخۆشی و پاشەکشە و نسکۆ دەبێ و وەکوو بەفری بەهار دەتوێتەوە. نەخۆشییەکەش بەر لە هەر شتێک لە ئەخلاق و کردەوەی نامرۆڤانەدا خۆی دەنوێنێ.

لەم قۆناخەدا هیچکام لەو دوو شەرتە لای ئێمە نەمابوو. ئێمە هەر چوار خاڵی ستراتێژیمان لە دەست دابوو. **شوێنمان** بە جێ هێشتبوو، **کات** بە قازانجی ئێمە نەبوو، **کەرەسەی** ئێمە لە بەرانبەر کەرەسەی دوژمندا هیچ نەبوو، **هێزەکانمان** ماندوو بوون و لە رۆیشتندا بوون یان لە ئۆردوگاکاندا قەتیس ببوون. بەڵام وەکوو باسم کرد رێبەرایەتی لە هەوایەکی دیکەدا بوو. حدکا و کۆمەڵە لە مێژ بوو لە قەوارەی هێزی سیاسی دەر چووبوون و دیمەن و کردەوەی ئەرتەشیان وەرگرتبوو، بۆیە کاتیک کە شەڕ نەما بە کردەوە کەس کاری بۆ نەما و خەمۆکێ دایگرتن. لە هەمووش گرینگتر شکستی نەفسیی پێشمەرگە و ئەندامان بوو. هەر دوو حێزب لە

نالەباریی هەلومەرجەکە گەییشتبوون، بەڵام نەیاندەویست دابەزن و (با بڵێین) لە ڕێگاچارەیەکی ئابڕومەندانە دەگەڕان. لەم گەڕان و پشکنینەشدا تەنیا شتێک کە بیریان لێی نەکردەوە، ڕاپرسییەکی گشتی لە ئەندامان (ناڵێم خەڵک) بوو. پەیوەندییەکان هێشتا هەر پەیوەندیی فەرماندە و سوپا بوو.

# تیرۆرکردنی دوکتور قاسملو

ئێوارەی ٦/٢٢/ ٦٨ پێنج کەس لە بەرپرس و ئەندامانی ڕێکخراوی حدکا لە "ڤیەن" پایتەختی نەمسا (ئوتریش) لە کافەیەک دانیشتوون و چاوەڕوانی هاتنەوەی دوکتور قاسملو سکرتێری حیزب و عەندوللە قادری بەرپرسی دەفتەری حدکا لە ئۆروپا دەکەن کە گوتوویانە بۆ کارێک دەچن و پاش ماوەیەک دەگەڕێنەوە. ماویەکی زۆری پێ ناچێ دەبینن، لەو شەقامەدا فڕکەفڕکی پۆلیس و ئامبۆلانسە. لەوسەری شەقام خەڵکێک لەپێش دەرکەیەک کۆ بوونەتەوە. بە ئاسایی دەچنە پێش و دەپرسن چ رووی داوە؟ دەڵێن: چەند کەس لەوماڵەدا کوژراون. کێن و چین؟ دەردەکەوێ ئەو میوانانەن کە ئەوان چاوەڕوانی گەڕانەوەیان بوون. دوو جار دەهەژێن و شۆک دەیانگرێ، جارێک بۆ کارەساتەکە و جارێک بۆ ئەوە کە ئەوان لە هیچ ئاگادار نەبوونە. کێ کوشتوویانی؟ بۆ لەوێ بوون؟ دوایە دەرکەوت لە یەک دوو کەس ئەندامی دەفتەری سیاسی (دیار نییە چ کەسانێک) نەبێ کەس لە حیزبدا نەیزانیوە ئەوە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای یەکیەتیی نیشتمانییەوە پەیوەندیی گرتووە کە ئامادەین وتووێژ بکەین. ئەمەش دانیشتنی دووهەم بووە، مەرجیشیان ئەوە بووە بە نهێنی بێ و کەس لە نێواندا نەبێ. چونکە جاری یەکەم کەسی دیکە* لە نێواندا بووە. خانەخوێیەکەش ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی یەکیەتی بووە. کاتێک دانیشتوون دەرکەی دەرەوە داناخا. بکوژەکان یەکسەر دێنە ژوورەوە و بەر دەسڕێژیان دەدەن و خاوەن ماڵیش دەکوژن. سوک و سادە، ئەمە چیرۆکەکەیە.

---

* لەم بارەوە گوتەکان جۆربەجۆرن، یەک دەڵێ "بن بلا" سەرۆک کۆماری پێشووی جەزایر، یەک دەڵێ خانووەکە موڵکی ئەو بووە و خۆی نەبووە... ئەم وتووێژە بە ناوجێکردنی جەلال تاڵەبانی پێک هاتبووە.

لێکۆڵینەوەی پۆلیسیش لەبەر پەیوەندییە دیپلوماسییەکان، ئێستاش دەرنخونەی لەسەر دانراوە. قسە زۆر کراوە و پێدا هەڵکوتنەکان ئەوەندە زۆرن کە ڕێگای لێکۆڵینەوەیان (ڕەنگە بە ئەنقەست) گرتووە. کەچی هەرچی زیاتر پێدا هەڵبگوترێ و باسی زیرەکی و زانایی و چی و چی بکرێ، بەرپرسایەتییەکە قورستر دەبێ و هەڵەکە زیاتر خۆی دەنوێنێ. مرۆڤ ئەگەر بەرپرسایەتیی حیزب یان ڕاپەڕینێکی (با نەڵێن میللەتێک) وەرگرت ئیتر بۆی نییە بە کەیفی خۆی بکا. لانی کەم پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبێک بە تەمای کار و کردەوەی تۆ بێ و تۆش ئاوا خۆت بە دەستەوە بدەی؟ دیارە یەکەم جار نییە کە ڕێبەرانی کورد ـ چونکە باوەڕیان بە خەڵکەکەیان نەبووە- بەم شێوە خۆیان لە تەڵەی دوژمن هاویشتووە.

مەکتەبی ناوەندی حدکا لە پلێنۆمی گەلاوێژی ١٣٦٣دا سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی ئێران چەند خاڵی بڕیار داوە، بەم شێوە:

- وتوویژ دەبێ سەبارەت بە داخوازییەکانی سیاسی حیزبی دێمۆکرات و خەڵکی کوردستان بێ کە بە تەواوی ڕوونە و لە بەرنامەی حیزبدا هاتووە.
- حیزب بە بێ ئاگاداریی خەڵک لە وتوویژدا بەشداری ناکا. وتوویژ دەبێ ئاشکرا بێ و بە ڕەسمی لە لایەن دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ حیزبی دێمۆکراتدا بکرێ.
- وتوویژ دەبێ لە کوردستاندا ئەنجام بدرێ.

لە وتوویژی ڤیەندا هیچکام لەم بڕگانە بەرچاو نەگیراوە. جگە لە تاکرەوی چ نێویکی دیکەی هەیە.

قاسملو بۆ چارەکردنی ئەو هەلە نالەبارە کە لەو کاتەدا حیزب تێی کەوتبوو، ڕێگای وتوویژ هەڵدەبژێرێ. کە ڕەنگە بتوانێ ئەو بارە قورسە لە شانی حیزب داگرێ. هەلە نالەبارەکە وەک باسمان کرد، گیرخواردن و پەنگاوکردن لە ئۆردوگاکانی نێو عێراقدا بوو. بارێکی زۆر گرانی ژن و منداڵی پێشمەرگە و ئەندامان، تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و چاوەڕوانیی ڕێککەوتنێکی شێوە

ئەلجەزایر*. لەتبوونی حدکا بۆ خۆی، شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە، لە دەستدانی بەشی هەرە زۆری کادر و پێشمەرگە لێهاتووەکان و شکستهێنانی بەرنامە سیاسییەکان. چ لەگەڵ موجاهێدین و چ ئەو هیوایانە کە بە فەرانسەوە بەسترابوونەوە. بەڵام هیچکام لەمانە لەبەرچاونەگرتنی بڕیارەکانی پەسندکراوی پلێنۆم پاساو ناکا.

ئەگەر چاو لە نووسراوەکەی خودی قاسملو بکەین، سێ ئەرک بۆ شۆڕش دادەنێ:

١- ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەژێر ئالای خۆیدا بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێک

٢- گرێدانی خەباتی گەلی کورد لەگەڵ سەرانسەری ئێران

٣- ڕاکێشانی پشتیوانیی هێزەکانی دەرەوە.

وەکوو باسمان کرد هیچکام لەم سێ ئامانجە بە موراد نەگەییشت. خەڵک پارچەپارچە کرا و پارچەی هەرە زۆری وەبەر ڕژیم کەوت. جا بە هۆی بژیوی ژیان بێ، یان بە هۆی نەزانین و کەمتەرخەمیی ئێمەوە بووبێ. شەڕی نێوخۆش هەر لەم بوارەدا دەژمێردرێ.

لەگەڵ سەرانسەری ئێرانیش هەر مۆجاهێدین مابوو، ئەویش بوو بە دوژمنمان. مەترسیی ئەوەش هەبوو کە ئەوان نێوانمان لەگەڵ سەدامیش بشێوێنن. هێزەکانی دەرەوەش گەرچی لە سەرتاوە ئاوڕێکیان لێ داینەوە، بەڵام دواتر هێندێ سەرراشەکاندن و بزەی دۆستانە نەبێ، هیچی تێدا نەما. ئەویش حەق بڵێین بەشی هەرە زۆری بە بۆنەی د. قاسملووەوە بوو، دەنا کۆمەڵە نەیتوانی هیچ پەیوەندییەک لەگەڵ دەرەوە (عێراقی لێ دەرچێ) ساز بکا.

لە سیاسەتی دەرەوە کە گوتمان تەنیا فەرانسە بوو کە گۆشەچاوێکی لە کوردستان دەکرد. ئەوەش بڵێن کە لەبەر چاوە ڕەشەکانی ئێمە نەبوو. پێشتر باسی بەرنامەکەی فەرانسەم کرد. ئیسراییل ئەوکات و ئێستاش پەیوەندییەکی بتەوی لەگەڵ فەرانسە هەیە. ئیسرائیل وەکوو ئامانجی درێژخایەنی ستراتیژی، کورد بە

* ڕێککەوتنی ساڵی ٧٥ لە نێوان شا و سەدامدا کە بوو بە هۆی چەککردنی جووڵانەوەی باشووری کوردستان بە ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی.

تەنیا نەتەوەی غەیرە عەرەبی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست دادەنێ، کە دەتوانێ بە دژی عەرەب هاوسەنگی لەگەڵ ئیسراییلدا بکا. پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەوە رژیمی پاشایەتی ئێران بوو ئەو هاوسەنگییەی دروست دەکرد. دەگوترا: تاران تلئاویو، واشەنگتون. دواتر کورد دەبوا ئەو دەورە ببینێ و باری ئیسراییل لە بەرانبەری عەرەباندا سووک بکا. بۆ ئەم مەبەستە کورد دەبێ بەهێز بکرێ. ئەوان بەش بە حاڵی خۆیان کاریان بۆ کرد. لە ریگای خاتوو میتران (ژنی سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی فەرانسەوە) هەوڵیان دا پرسی کورد لە دنیادا بهێننە پێشەوە و لە ریگای مامۆستا جووەکانی زانکۆکانەوە پشتیوانییان لە ناوەندە کولتورییەکانی کورد کرد. بەڵام شۆڕشەکانی کورد، بە هۆی موسڵمانبوون و نێوان خۆشی لەگەڵ دوژمنەکانی ئیسراییلدا، توانا و دەرەتانی ئەو یارییەیان نەبوو.

ئەم شکستانەن کە هۆی بنچینەیی هەڵبژاردنی ریگای وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ئێراندا بوون، بەڵام با بپرسین: ئەوکات کە ئێران لە شەڕی عێراقدا چەقی بوو، شەڕی نێوخۆشی هەبوو، گەمارۆی ئابووریشی لەسەر بوو، ئێمەش ئەو هەموو خاک و خەڵک و پێشمەرگەمان هەبوو، ئامادە نەبوو وتوویژ بکا و یەک هەنگاو بۆ دابینکردنی مافی گەلان هەڵێنێ. ئێستا کە ئێمە هیچمان بە دەستەوە نییە و ئەویش ئاگادارە، شەڕی دەرەوە و نێوخۆی لە کۆڵ بووەتەوە. ئەرتەشێکی زل و زەبەلاحی بە ئەزموونی - بە پاسدار و بەسیجەوە- لە بەردەستدایە. سازمانە چەپەکانی لە نێو بردووە، مۆجاهێدینی تەزاندووە، زیندانییەکانی بە بێ هیچ دادگایەک ئێعدام کردووە و دەنگ لە بەنی بەشەرەوە دەر نەهاتووە. بۆ دەبێ ئێستا ئامادە بێ وتوویژمان لەگەڵ بکا، ئەویش بۆ دانی خودموختاری بە گەلی کورد؟؟ دیارە جگە لە دانانی تەڵەی مەرگ هیچ مەبەستی دیکە نەبووە و دەبوا زاندرابا. چۆن دەبێ پاش دە ساڵ خەبات و خوێنرشتن تازە بچینەوە سەرەتای وتوویژی خودموختاری؟ ئەو زانین و زیرەکییە کە باسی دەکەن چی لێی هاتبوو؟ بۆ بە کەس رانەگەیەندرابوو؟ بۆ دەبێ وەکوو زۆر شتی دیکە تەنانەت لە دەفتەری سیاسیش بشاردرێتەوە.* بۆ هەر تاکەکەس دەبێ بڕیار بدا، دوایەش بیکەن بە

*(بروانە پەنجا ساڵ خەبات ع. حەسەن زادە)

پاڵەوانی دیمۆکراسی؟ ئەگەر دوژمن بانگ کراوە، با لەسەر خاکی خۆمان و لە ژێر چاوەدێریی پێشمەرگەی خۆماندا بوایە. ئەگەر بەو مەرجە رازی نابێ، یانێ نایەوێ رێک کەوێ و درۆ دەکا و ناشیدوێنین. بە داخەوە هەڵەکە مێژووییە.

هەرچۆنێک بێ، هەر رۆڵەیەکی کوردستان لە خوێن دەگەوزێ، گوڵێک لە باخی شۆڕش کەم دەبێتەوە. داخی گران، حەق نەبوو قاسملو ئاوا خەڵکی کورد لە بوونی خۆی بێ بەش بکا.

بێگومان پاش قاسملو حیزب تووشی شێوانێک لە نێوخۆدا و لە پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئابووریشدا دەبێ. چونکە هەموو ئەوانە تەنیا لە پاوانی قاسملودا بوون و کەسی دیکە ئاگای لە چەند و چوونی نەبوو. ئەویش قەت بە کەسی نەدەگوت و ئەگەر کەسێک داوای زانیاریی لەو بابەتەوە کردبا دەیگوت هەرکەس دەیەوێ بزانێ با ببێتە سکرتێری حیزب. ئەم سەرلێشێواوییە تا ئەو رادەیە بوو کە حیزب نەیتوانی تەنانەت خۆپێشاندانێکی سەرانسەری لە ئۆروپا وەڕێ بخا و زەخت لە دەوڵەتی نەمسا بکا. ئەگەر نەڵێم وەکوو کوردەکانی تورکیە کە بۆ عەبدوللە ئۆجەلانیان کرد.

دکتور شەرەفکەندی کە دەبێتە سکرتێری حیزب هەوڵ دەدا کەموکوورییەکان قەرەبوو بکاتەوە. شەڕی کۆمەڵە بە کردەوە رادەگیرێ. لە خاکی عێراقدا لە یەکتریان نەداوە. دواتریش کە وڵات کەوتە دەست هێزەکانی کوردستانی باشوور یەکیەتی شەڕی لێیان قەدەغە کرد. ئەم شەڕە بە رەسمی هێشتا تەواو نەبووە، هیچکام لە هێزەکان لە هیچ کونگرەیەکدا یان لە بەیانی هاوبەشدا تەواو بوونی شەڕیان رانەگەیاندووە.

کاتێک کە شەڕ نەما، چەکی پێشمەرگە دەبێتە بار بە ملەوە. لە هەموو ئەو ساڵانەشدا جگە لە شەڕ هیچ شتێکی دیکەی فێر نەکراوە، گۆڕانی هەلومەرجەکەش بە دی ناکرێ، کە وا بوو نازانی بۆ دەبێ ئەو سەرما و گەرما و برسییەتییە بکێشێ. بۆشی دەرکەوتووە کە رێبەرایەتی هیچ پلانێکی نییە. کاری سیاسی و رێکخراوەیی لە نێو خەڵکدا پێویستی بە کادرە و کادریش، یان راو نراوە و یان هیچی پێ نییە و ئەزموونی وای وەرنەگرتووە کە لەو هەلومەرجە توند و

ناسـکەدا بـەکاری بهێنـێ. بۆیـە راسـتکردنەوەی ئـەم بـارە خـوارە ئاسـان نـەبوو. رێبەرایەتییەکان جگە لە هەوڵدان بۆ راگرتنی ئۆتۆریتەی خۆیان هیچیان نەدەکرد و ئەوانیش ئەزموونی ئەو هەلومەرجەیان نەبوو، بەڵام نەیاندەویست ئـەوەیان پێوە دیار بێ. ئەندامان بەوە منەتبار دەکران کە چادرێکیان پێ دراوە و بە کوشت نەچوون. ئۆردوگانشینی ئەو زیانەی بۆ رێبەرایەتی هەبوو کە ئێستا ئەو کادر و پێشـمەرگانە کـە پێشـتر دوور بـوون، هاتبوونـە پـاڵ دەسـتیان و شـێوەی ژیـان و کردەوەیانیان لە نزیکەوە دەدیت و ئەو تەسویرە کە پێشتر بۆیان دروست کرابوو دەڕوخا و راستییەکان و خۆ بە زل زانینەکانیان بۆ دەردەکەوت. لە کۆمەڵەدا بوونی چەند کەسی غەیرە کورد کە حیسابی تایبەتیان بۆ دەکرا و ئەوانیش خۆیان بە بـەرزتر و زانـاتر و... لـە کـورد دەزانـی، رەخنەیـەکی نـەگوتراوی تایبـەتی لـە دڵـی کورددا دروست کردبوو. بۆیە کادر و پێشمەرگە لە بیری رزگارکردنی خۆیان و ماڵ و منداڵیاندا بوون. دۆخەکە وا نەبوو کە بتوانرێ بە بێ لایەنی لە سووچێک دانیشی و کاسبی بۆ بژیوی ماڵ و منداڵت بکەی. دەبوا یان لە ئۆردوگای یەکێک لـە رێکخراوەکانـدا بـی، یـان ببـی بـە گرێـدراوی ئـەمنی عێـراق. وەک باسـم کـرد، بەشێک هەڵیان بژارد کە بچنە رۆمادیە (ئوردوگای پەنابەران)، بەشێک رێگای قاچاخی بەرەو تورکیەیان گرتە بەر.

# شەڕی کوەیت

*ویل دۆرانت، مێژووزانی بەناوبانگ، لێکۆڵیوەتەوە کە بە درێژایی مێژووی مرۆڤ، تەنیا بیست و نۆ ساڵ دەبینینەوە لە شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا شەڕ لە ئارادا نەبووبێ.*

*هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک لە ساڵەکانی دەیەی ١٩٩٠ بکەین: دوو ملیۆن کوژراو لە ئەفغانستان، یەک و نیم ملیۆن کوژراو لە سوودان، نزیک بە هەشتسەد هەزار کەس لە نەوەد رۆژدا لە رواندا قەسابی کران، نیم ملیۆن کوژراو لە ئانگۆلا، دووسەد و پەنجا هەزار کوژراو لە بۆسنی، دووسەد هەزار کوژراو لە گواتمالا، دووسەد و پەنجا هەزار لە برۆندی، سەد و پەنجا هەزار کوژراو لە لیبێریا، هەفتاد و پێنج هەزار کوژراو لە جەزایر. ژمارێکی زۆر کوژراو لە تێکهەڵچوونەکانی سنووری نێوان ئەتیۆپیا و ئەریترە، شەڕ لە کۆلۆمبیا، پێکدادانی ئیسرائیل و فەلەستین، چچن، سریلانکا، باشووری رۆژهەڵاتی تورکیە، سیرالئونە، باکووری ئیرلەند، کوسوو و شەڕی ئەمریکا لە کەنداو (کە بە گریمان لەوێ سیوپێنج هەزار خەڵکی ئاسایی عێراق کوژراون). لە شەڕەکانی سەدەی بیستەمدا نزیک بە شەست و دوو ملیۆن خەڵکی مەدەنی گیانیان لە دەست داوە. بە گریمان بیست ملیۆن زیاتر لەو ژمارەی چل و سێ ملیۆن کوژراوەی هێزە نیزامییەکان.*[*]

---

*) کریس هێجز. هەمان

داگیرکردنی کوەیت لە لایەن سوپای عێراقەوە ئاڵوگۆڕێکی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێک دێنێ. سەدام کە پێم وا نییە لە ژیانیدا قەت یەک کتێبی مێژووی خوێندبووبێتەوە، نازانێ و تێناگا کە لە بنەڕەتدا بۆچی نزیک بە سی ساڵ پێشتر وڵاتێک بە نێوی کوەیت لەو بنەپاڵەوە قوت کراوەتەوە، دەچێ تالانی دەکا. دەست بۆ شەرمگای ئەمریکا بردراوە. هەموو عەشیرەتی دنیاخۆرەکان و دەستوپەیوەندەکانیان لە تووڕەییدا ئارەقەیان کردووە. ئەوەی چەکی کۆن و نوێیە روو دەکاتە کەنداو. ٣٣ وڵات بەناو و بە کردەوە خۆ تەیار دەکەن کە کوەیت ئازاد بکەن. رای گشتیی دنیا وەها ئامادە کراوە کە هەر چی بکەن بە ڕەوا دادەنرێ. ئەو ئەرتەشە جەردەیە کە بە شەوێک کوەیتی گرت و تالانی کرد بە سەد سەعات تەفروتونا دەبێ. رادیو دەنگی سوپای ئەمریکا کە لە سعوودیەوە پەیام دەنێرێ، کورد و شێعەکان هان دەدا کە راپەڕن و سەدام بروخێنن و لەم بوارەدا ئەمریکا یارمەتییان دەدا. ئەوانیش راپەڕین، بەڵام یارمەتییەکانی ئەمریکا دیار نەبوو، رەنگە ئەمریکا وەڵام بداتەوە کە ئێمە هەشتا لە سەدی ئەرتەشەکەمان لە نێو برد، ئەو بیست لە سەدەش بۆ ئێوە! بەڵام بیست لە سەدەکە بەس بوو کە هەم کورد و هەم شێعەش کە پشتیوانیی ئێرانی لەگەڵ بوو، تەفروتونا بکا و ئاوارەی شاخ و کێو و وڵاتانی دەوروبەریان بکا و رێبەرەکانی کورد بنێرێتە دەست ماچکردنی سەدام لە بەغدا. ئەویش راست لەو کاتەدا کە شەوێکی نێونەتەوەیی بۆ پشتیوانیی کورد گیراوە و هەرچی هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناوداری دنیایە بەشدارییان تێیدا کردووە.

راستییەکەی شەڕ نەکرا، هەڵات هەڵات بوو، لە هەڵاتنیشدا خەڵک زیاتر دەکوژرێ. ئەمە سەرەتای دە ساڵ ئاوارەیی و شەڕی نێوخۆ و وێرانییە، کە برینێکی قووڵی لە جەستەی بەرەیەکدا داناوە کە سارێژکردنی، مێژوویەکی دەوێ.

بێگومان ئەم سێڵاوەی ماڵی خاوەنماڵی داگرتبوو، کاری کردە سەر ژیان و حاڵی هێزە سیاسییەکانی رۆژئاواییش. ئیتر وەکوو رۆژ دیار بوو کە دنیاکە بەو شێوەی رابردوو نامێنێ. بۆیە هەر کەس دەبوا پلانێکی بۆ داهاتوو هەبێ. کە پلانی گشتی نەبوو، هەرکەس بیری خۆی دەکاتەوە.

حدکا لەسەر رەوتی سیاسەتەکانی پێشوو دەکەوێتە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی دۆستانی (ئێرانی) و لەم بوارەشدا چاوی لە هێزە راستەکانە. نەک لەبەر ئەوە کە نازانێ راستەکان دژی مافی کوردن، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە لەنێو ئەواندا کە هیچیان هێزێکی وایان نییە، ئەمان دەبنە سەرپشک. دەنا ئەو هەوڵە قەت بۆ یەکگرتنەوەی هێزە کوردییەکان نەدرا، بە تایبەت ئەو بەشەی کە لە خۆیان جیا ببووەوە. دەبوا حدکا کۆستێکی دیکەشی بکەوێ هەتا ئەم راستییانە تێبگا؟

## کارەساتی برلین،

تێرۆرکردنی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.

لە ٧١/٦/٢٦ (سێپتامبری ١٩٩٢) دوکتور شەرەفکەندی بۆ بەشداری لە کۆنگرەی سوسیالدێمۆکراتەکاندا چووەتە برلین. یەکێک لە ئەندامانی کۆنی حیزب کە لە ڕێکخراوی ئاڵماندایە و شەرەفکەندی میوانیەتی. لە چایخانەی بەرماڵ خۆیاندا چاوەڕوانە کە میوانەکەی لە کۆنگرەی سوسیاڵدێمۆکراتەکان بێتەوە و شەو لە ماڵ ئەو بنوێ. سەعات نزیک ١٢ی شەو ئیتر نیگەران دەبێ کە چۆن بووە نەهاتوونەوە. چەند تلەفوون دەکا، وەڵام نییە، ئاخری تلەفوون بۆ پۆلیس دەکا، پێی دەڵێن هەستە وەرە بۆ ئێرە، ئەوەی تۆ لێی دەگەڕێی کوژراوە.

لە باری ئەمنییەوە دووپاتبوونەوەی کارەساتی قاسملویە لە ویەن. جیاوازییەکە ئەوەیە کە کۆبوونەوەکە لەگەڵ بەشێک بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییە. چیرۆکەکە بە کورتی ئەوەیە کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن بانگ دەکرێن بۆ دانیشتنێکی ڕاگۆڕینەوە. لە رستورانێکی ئێرانی. حەوتوویەک پێشتر بە خاوەن رستورانەکە (کە ئێستا بەپێی فیلمێکی بەڵگەیی کە ئارمانی نەجم چێی کردووە، دەر کەوتووە، خۆفرۆشێکی کۆنە ئەکسەرییەت بووە و نێوانی لەگەڵ دەزگای ئەمنیی ئێران هەبووە) گوتراوە کە تلەفوون بۆ میوانەکان بکا و بانگەوازەکەیان پێ رابگەیەنێ. دواتر کاتی کۆبوونەوەکە شەوێک وەپێش دەخرێ، ئەویش لە باتی بیست کەس تلەفون بۆ سێ چوار کەس دەکا و تیمی تێرۆری ئێرانیش کە لە برلین خۆیان ئامادە کردووە ئاگادار دەکا.

ڕێبەری جووڵانەوەیەکی چەکداری میللەتێکی بەستەزمان بە بێ هیچ پۆششێکی ئەمنی، لە رستورانی میکۆنۆسی برلیندا خەریک باسی ترۆڕی قاسملویە، کە خۆشی لەگەڵ هەواڵەکانی لە لایەن تیمی تێرۆڕی ئێرانەوە، تێرۆر دەکرێن.

ئەم کارەساتە بە پێچەوانەی تێرۆرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە ئۆروپا کە دەوڵەتە ئۆروپییەکان لەبەر مافی ئابووری-سیاسی خۆیان دەرخونەیان بەسەردا دانا

و هیچ دادگایەک لێی نەپرسینەوە، ئەمجارە سەرەڕای دژایەتی دەوڵەتی ئاڵمان، دادگای ئاڵمان لەژێر زەختی رای گشتیدا دادگای پێک هێنا و تاوانبارەکانی دادگایی کرد و بوو بە هۆی حوکمدانی چەند کەس لە سەرکردەکانی دەوڵەتی ئێران. هەروەها بوو بە هۆی ئەوە کە جارێکی دیکە پرسی کێشەی کورد بێتە مەیدانی نێو نەتەوەییەوە. بەڵام ئەمجارەش ریبەرایەتیی حیزبی فرمێسک لەچاو نەیتوانی لەو هەلومەرجە هیچ کەڵک وەرگرێ.

به نەمانی ئەو دوو کەسە (قاسملو و شەرەفکەندی)کە حدکا شمارە ٢ بە قەوڵ خۆیان لەبەر سەرەڕۆیی ئەوان جوێ ببوونەوە، هەل بۆ یەکگرتنەوە لەبار ببوو. یەکیان گرتەوە، بەڵام هەروا کە جیابوونەوەکەیان هیج دەستەکەوتێکی سیاسیی نەبوو، یەکگرتنەوەکەشیان هیچ گۆڕانێکی سیاسیی لەگەڵ خۆی نەهێنا. کێشەکانیش بە شاراوەیی هەر مابوون و رێکخراوەکەیان ماندوو دەکرد. هەتا دواتر، کاتێک کە ناوەندییەکان هەموو بوونە خاوەن پاسپۆرتی ئۆروپی، جارێکی دیکە ماڵیان جوێ کردەوە، ئەوجارەش بە بێ هیچ دەستکەوتێک، جگە لە ناهۆمێدی بۆ خەڵکی هەژاری چاوەڕوان.

# هەندەران

ئەتۆ پرسیاری نیشتمانت کردووە و ئەمن باسی ناوچەی جوغرافیاییم کرد. حەق بە تۆیە، لەم شوێنەی ئێمە دەژین، من، تۆ و تەنانەت منداڵی تۆش بە "بێگانە" دەژمێردرێن و تۆ هەموو کاتێک هەودای نیشتمانێکی کە نەتدیتووە. ئەمەش چارەنووسێکە...

ئەمن پاش ساڵەها دەربەدەری لە کێو و بیاوان و شار و سەرزەینە رەنگارەنگەکاندا، تێگەییشتم کە نیشتمان ئەو نەخشە جوغرافیاییە نییە کە لە قوتابخانە نیشانت دەدەن. یا من بە سەری پەنچە لە رووپەڕی نەخشەیەک نیشانت دەدەم. یان لە کاتی سەربازیدا، لە سەنگەرێکی سەر تەپکەیەک، یان خیزەڵانێک، یان لێرەوارێکی پڕ لە سێبەری رەمزاوی داتدەنێن کە سنوورەکانی پاس بکەی. نیشتمان تەسویرەکانی منداڵیی ئێمەیە کە لە بیرماندا دەمێنێتەوە. نیشتمان کۆڵانەکانی گەڕەکی منداڵییە؛ ئەو شوێنانەی کایەمان تێیاندا دەکرد. ئەو شوێنەی کە یەکمجار ئەڤینداری فێر بووین. دوکانی سەر کوچەکە، دیواری نیوە روخاوی هاوساکەمان، پاساری ماڵەکەمان و ریزی مەلیچکەکانی ئێوارە. رێگای خۆدزینەوە لە مەکتەب، پشوودان لەسەر گردەبەردێک، چاوکە کەمئاوەکەی باخی کەنار شار... نیشتمان ئەوێیە. سروودەکان و دروشمەکان بۆ بەرێوەبەرانی دەسەڵاتە. نیشتمانی تۆ هەموو کاتێک لەگەڵ تۆیە، لە ناختدا دەمێنێتەوە هەتا هەموو شوێنێکت لێ بکاتە غەریبی، تەنانەت ئەگەر بشگەڕێتەوە.

لـە کـاتی شۆڕشـی ٥٧ دا لایـەنگرانی شـا و کاربەدەسـتانی دەزگـای ئـەمن و ژنەراڵەکانی، زانیان کە هەلومەرجەکە لەبار نـەماوە، پارەکانیـان هـەڵگرت و بـەرەو ڕۆژئاوا هەڵاتن. بەشی هەرە زۆریان گەییشتنە ئـەمریکا. دەسـەڵاتی مـەلاکان دوای کوشت و بڕێکی کـەم لـە پاشماوەکانی ئـەم تاقمـە، دەستی دایـە گـرتن و کوشتنی کـورد و چەپـەکان و موجاهێد و هـەر کەسی دیکـە وا بـە شـێوەیەک لـە شـێوەکان مەترسیی بۆ پاوانخوازیی ئەوان هەبوایە. ڕێکخراوە چەپەکان ئەو هێزەیان نەبوو کـە خۆیان بپارێزن. ئەوەیان کە پێی دەرچـوونی هـەبوو، خـۆی دەرباز کـرد. دوایـە نۆبـە گەییشتە موجاهێد و لایەنگرەکانی کە وەک باسمان کرد لە پاریس خۆیان گرتەوە. خەڵکێکی زۆریش بە هۆی شەڕی ئێران و عێراقەوە هەڵاتبوون و لە هـەموو دنیـادا بڵاو ببوونەوە.

کە شەڕ نەما و نسکۆی شـەڕی کوردستان دەستی پـێ کـرد و کـورد جێیـان لـێ تـەنگ بـوو، ڕوویـان کـردە ئۆروپـا. دیـارە ئێرانـی و کـورد تـەنیا پەنابـەرانی ڕۆژئـاوا نەبوون. ئەم ڕەوتە لە شەڕی دووهەمی جیهانییەوە بەردەوام بووە.

پاش شەڕی دووهەم کە وڵاتانی ڕۆژهەڵات (سۆڤیەت و شـەریکان) پێـک هـات و شەڕی سەرد دەستی پـێ کـرد. وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بڕیاریـان دا ئـەوەی لـەو بلۆکـەوە هەڵـدێ وەکـوو پەنابـەری سیاسـی وەرگیـری. ئـەم پەنابەرخوازییـە لـە چوارچێـوەی وڵاتانی سوسیالیستدا نەمایەوە و دواتر گەییشتە لای جووڵانەوەکانی ڕزگاریخواز لـە ئـەفریقا و ئاسـیا و لاتـین ئـەمریکا. حوکوومەتـەکانی ئـەو وڵاتانـە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆ بە دەست ڕۆژئاواییەکانەوە بـوو. ئـەم جووڵانەوانـە لـە لایـەن دەسـەڵاتی داگیرکـەر یـان دەوڵـەتی دیکتـاتۆر و دەسـتکردی خۆیانـەوە، پـەلامار دەدران و ئـەوانیش یارمـەتیی سـەرکوتکردنەکەیان دەدا. هـەتا دەگەییشـتنە قـەیرانێک کـە دەیانزانی سەرکەوتنیان پێوە دیار نییە. ئەودەم دەهاتن و ڕێگای دەربازبوونێکیان بۆ دەکردنەوە. نێویشیان نابوو مرۆڤدۆستی. لە لایەک جووڵانەوەکەیان بێهێـز دەکـرد و لـە لایـەکی تـرەوە شۆڕشـگێڕەکانی ئـەو وڵاتانـەیان دەکـرد بـە خزمـەتکار و گسـکدەری خۆیـان. یـانێ ڕۆحە شۆڕشـگێڕییەکەیان لـێ دەسـتانن. ئەم گـوتەی "چرچیل" کە "لە میللەتانی دواکەوتوودا، ئەوانەی کە بە مستی گرێگراوەوە شـۆڕش دەکەن، ڕۆژێک بە دەستی پانکراوەوە سواڵ دەکەن" لەڕاستیدا ستراتێژیی ڕۆژئـاوایە

بـۆ شۆڕشـگێڕان. هـەر ئەمانـە بـۆ حوكوومەتـە دەسـتكردەكانیش وەكـوو شـێری دیمـۆكلێس دەبـن و ڕۆژئـاوا وەكـوو كەرەسـەیەک كەڵكـی لێـی وەردەگـرێ، نـەكا ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دەوڵەتانە لە فەرمانی ئەمان دەرچن. سەرمایەدانانێکیشە بۆ ئـەو كاتـە كـە ئەگـەر هـات و هەلومـەرج گـۆڕا و ئەمانـە گەڕانـەوە، كولتـور و دۆستایەتیی ئەو وڵاتەی پەنایانی داوە لەگەڵ خۆیان ببەنەوە. هـەر نـەبێ لانـی كـەم دەبنە كڕیاری كەلوپەلەكانی ئەمان. ئەمە بە گشتی سیاسەتی پەناخواز وەرگرتن لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا بـووە و هەیـە. كەسانێكیش لـە وڵاتـانی ڕۆژهـەڵات (سـۆڤیەت و هاوپەیمانانی) دەبوونە پەناگر. ئەمانە دەبوا ئەندامی ئـەو حیزبانـە بوایـەن كـە پێیـان دەگوترا حیزبی برادەر. وەكوو حیزبی توودەی ئێران. دەنا ئەگەر كەسێک جگە لە ئەنـدامانی ئـەوان ڕووی لـەم وڵاتانـە كردبـا، زینـدانی دەكـرا و دەنێردرایـەوە وڵاتـی خـۆی. یـان دەر دەكـرا بۆ وڵاتـانی هاوسـێیان لـە ڕۆژئـاوا. پـاش ڕوخـانی سـۆڤیەت پەنابەرەكانی ئەوێش هاتنە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

ئەركی پەنابەرێكی سیاسی بەر لە هەر شتێک درێژەدان بە خەباتەكەیە. بە پێی یاسا و ئەو بەڵگانەی هەر كەس لە سەرەتادا واژووی دەكا، پەنابـەر مـافی چالاكیی سیاسی بە دژی وڵاتانی دیكەی نییە، بـەڵام كە ئیزنـی مانـەوەی وەرگـرت، هێنـدێ یاسای دیكە وەكـوو ئـازادیی ڕادەربـڕین و پێكهێنـانی كۆمەڵـەی كولتـوری و... هەیـە كە بە یارمەتیی ئەوانە، ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ بە شێوەیەک چالاكیی هـەبێ. بـەڵام ئیمكاناتی ئەو چالاكییە دەبێ بۆ خۆی بە دەستی بێنێ.

دەگوترێ كە چوار ملیۆن ئێرانی پەنابـەر لـە دەرەوەی وڵات هەیـە. بـە گـوێرەی ژمـارەی دانیشـتوانی وڵاتـان، پـاش ئەفغانسـتانییەكان ئەمە زۆرتـرین پەنابـەری هەڵاتوو لە وڵاتێكە. لـەم چـوار ملیۆنـە بەشـێكی هـەرە كـەمی خـۆی بـە سیاسـەتەوە بەستووەتەوە و لەم بوارەدا چالاكە. ساڵەكانی سـەرەتا هـەموو بـە تـەمای تـەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و مردنی خومەینی بوون و پێیان وا بـوو ئەمانـە دەبنـە هـۆی ڕووخانی ڕژیم. هەردوو ڕووداوەكە قـەومان و هـیچ نـەگۆڕا و هەلومەرجەكە باشـتر نەبوو. تەنانەت ڕژیمی ئێران درێژەی بە تێرۆركردنـی دەمڕاسـتەكان و ناودارەكـانی ئۆپۆزیسـیون دا. هێنـدێكی پـێ كـرا و هێندێكیشـی پـێ نـەكـرا. بـۆ نموونـە لـە

سەڵتەنەتخوازەکان ئوەیسی، ژنەراڵی شا. لە میللیچییەکان، بەختیار، لە موجاهێد، کازم رەجەوی. لە کۆمەڵە غلام، لە حیزب قاسملو و شەرەفکەندی، کەوتنە بەر هێرشی تێروریستەکانی رژیمی ئێران.

ئەوانەی خەمی سیاسییان هەبوو و هەیە، ساڵەکانی سەرەتا، دەبوا خەریکی فێربوونی زمان و بژیوی ژیان بن. ئەمەش کات و هێزی بۆ چالاکی نەدەهێشتەوە، ئەوپەڕی مانگ و ساڵێک خۆ پێشاندانێک یان مانگرتنێک بە بۆنەیەکەوە کرابا. باقییەکەی قسە و بەیاندەرکردنی بێ ئاکام و گرتنی کۆڕ و پێکهێنانی کۆمەڵی بێئەزموون و بێناوەرۆک، شتێک بۆ دڵخۆشی و راگەیاندنی مانەوە لە مەیداندا. هەمووشیان لە بەیان و پەخشانەکانیاندا وایان دەنواند کە ئەوە خەڵکێک، یان چینی کرێکار لە ژێر فەرمانی ئەواندایە و هەرکات رێکخراوەکەیان بڕیار بدا، شۆڕش دەبێ و چی و چی.

ئێستا پاش سی و چەند ساڵ دەکرێ بگوترێ هەمووی هەر قسەی بێ ناوەرۆک بوو. دیارە ئەو کاتیش دەزانرا و خۆیان لە هەموو کەس باشتریان دەزانی کە هیچ لە ئارادا نییە. قسە بوو قسەش باجی نییە. بۆ ئەوە کە خەڵک پێیان نەڵێ بۆ ناچنەوە ولات شۆڕش بکەن. باسی شکستی شۆڕشیان دەکرد. ئەم باسە زۆر گەرم بوو. یەک شکستەکەی بە خەیانەتی مەلاکان دادەنا و یەک بە بێوەفایی ئەمریکا و یەک بە نائاگایی خەڵک و... کەس خۆی بە تاوانبار نەدەزانی و باسی ئەوە نەدەکرا کە ئێمە دەبا چمان کردبا و نەمانکردا!

ئەگەر شۆڕش یانێ گۆڕینی دەسەڵات و بەپێی ئەوە گۆڕانی سیستەم، ئەوە لە ئێراندا قەومابوو. سیستەمی پاشایەتی ببوو بە کۆماری. شا نەمابوو و مەلا هاتبوونە سەر دەور. شۆڕش تەنیا بە مانای هاتنی سۆسیالیسم نییە. ساڵەهای ساڵ لە لایەن بەرەی رۆژهەڵاتەوە بە هەڵە دەگوترا دەورانی شۆڕشە سوسیالیستییەکانە. بۆ ئەوە کە قسەکەیان بە درۆ دەرنەچێ، رژیمێکی وەکوو رژیمی سەدامیشیان بە سوسیالیست نێوزەد دەکرد. بۆیە چەپەکانی ئێمەش پێیان وا بوو کە لە ئێرانیش دەبوا سیستەمی سوسیالیستی هاتبا، دەنا شۆڕش شکستی خواردووە.

ئەو هێزە شۆڕش دەباتەوە کە جەماوەری لە پشتە، رێکیان دەخا و دەیانهێنێتە مەیدان و سەردەکەوێ - پێشکەوتوو بێ یان دواکەوتوو- ئەوە کە دەبێتە خاوەنی

شۆڕش و رژیمی دوایی دادەنێ. هێزەکانی دیکە بۆ خۆیانن کە شکست دەخۆن. بەڵام ئەمانەی ئێمە ئێستاشی لەگەڵ، شکستی خۆیان بە شکستی شۆڕش دادەنێن و باسی شکستی ستراتێژی و چەوتکاری و نەکردەکاری خۆیان ناکەن.

لە دەورەی حەمەرەزا شادا لە دەرەوەی وڵات رێکخراوی کۆنفێدراسیۆنی خوێندکاران هەبوو کە بەشێکی زۆر لە خوێندکارانی چالاکوانی سیاسی لە خۆ کۆ کردبووەوە و ئەمە جگە لە چالاکیی خۆپێشاندان و مانگرتن بە بۆنەی جۆربەجۆرەوە، ناوەندێک بۆ هاودەنگیی سیاسی بوو. کەسانێک دەچوونە وڵاتانی کوبا و چین بۆ تالیمی سیاسی و نیزامی. راستە ساواک ئاگادار بوو و ئەوانەی کە دەهاتنەوە لە تۆڕی ساواک دەکەوتن، بەڵام بەشێکی هەرە زۆری سیاسییەکانی دواتر لەوانە بوون. تەنانەت ئایینییەکانیش کە دواتر بوون بە دارودەستەی خومەینی، وەکوو قوتب زادە و بەنی سەدر و یەزدی و هەتا دی لەم جۆرە رێکخراوانەدا بەشدار ببوون. ئەمجارە نە کۆنفێدراسیۆن مابوو نە ئەو هەستە بۆ یەکگرتن. هەر کەس بۆ خۆی بوو. ئەو کات کە پەلەوەر نەیدەتوانی بە سنوورەکاندا بفڕێ، کەسانێک بە شێوەی جۆربەجۆر دەچوونە ناوەوە و چالاکییان دەست پێ دەکرد. ئێستا کە بەشێکی زۆر لە سنوورەکان دەر و دەروازەی نەماوە، کەس ورەی چوونەوەی نییە. هیوا نەماوە.

لە نێو هەموو ئەو رێکخراوانەدا کە بەشێکیان لە کاتی شۆڕشدا وەکوو کوارگ هەلتۆقیبوون و دوایە دەستی رۆژگار هەڵیکەندبوون و لە چوار کەس زیاتر نەبوون، حیزبی دێمۆکرات و موجاهێد و دواتر کۆمەڵە، کە ئیتر کۆمەڵە نەبوو و خۆی گۆڕیبوو بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، لە دەرەوەی وڵات قورساییەکیان هەبوو. لەم سێ رێکخراوە ئەوەی کە لە مەیدانی کردەوەکانی پەنابەرانی دەرەوەدا نەبوو، حدکا بوو. گەرچی یەکەم رێکخراو بوو کە دەفتەری لە پاریس دانابوو، بەڵام چالاکیی نێو کۆمەڵی پەنابەرانی لەوپەڕی کزیدا بوو. پاش موجاهێد حیزب تەنیا رێکخراوێک بوو کە ئەگەر ویستبای دەیتوانی کادرەکانی بژێنێ و بیانخاتە گەڕی مەیدانی سیاسییەوە. بەڵام لە نێو خۆیدا چاوچنۆکییەکی تایبەت رێگای پێ نەدەدا. دڵی بە شەورا خۆش کردبوو، کاتێکیش لە شەورا وەدەر نرا دیسان بیری لێ

نەکردەوە تا درەنگی پێ چوو. کادرەکانی بڵاو ببوونەوە و کەرتبوونیش ئەژنۆی شکاندبوو.

هەرچی لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا بەیان و پۆسترەکان پڕ بوون لە پەیامی هێرش و خەبات و مستی گرێکراو، لە ساڵەکانی دواییدا پڕ ببوو لە ئەی هاوار کوژراین و دادخوازی و رووکردن لە رێکخراوی مافی مرۆڤ و خۆ بە ستەملێکراو و مەزڵووم زانین. ئەم پاشەکشە نەفسییە کە ئێستاش بەردەوامە لە گیانی قەبوڵکردنی شکستەوە هاتووە. بەرەیەک دۆڕاوە و ناتوانێ رێنوێنی بەرەی داهاتوو بێ. گێژ و سەرلێشێواو بە تەمای رووداوێکی لە ناکاوە کە بەڵکوو هەلێکی دیکەی بۆ برەخسێنێ. دڵی بە نێوان ناکۆکی ئەمریکا و ئێران خۆش کردووە و چاوەڕوانی شتێکە کە خۆشی نازانێ چییە. لە هەموو ئەم ساڵانەدا، (لە ٥٧ بەم لاوە) ئۆپۆزیسیون،- بە هیزە کوردییەکانیشەوە - هەموو کاتێک پاشکۆی رووداوەکان بوون. رژیم رووداوەکانی خولقاندووە و ئەوان دژکردەوەیان نیشان داوە. جا ئەم دژکردەوە، بەرەنگاریی چەکدارانە بووبێ یان نووسینی بەیانێک. ئەوان هیج کات نەیانتوانی دەستپێشخەری رووداوەکان بن. ئەم بە دووی رووداودا رۆیشتنە بۆ خۆی بێکردەوەییەکی گشتیی پێک هێناوە.

یەکێک لە نیشانەکانی ئەم دەور لەدەستدانە ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی رێکخراوەکاندا و لە خۆپێشاندانەکاندا، هێزی لاو نابیندرێ. تەنانەت نەتوانراوە سەرنجی منداڵەکانی خویان بۆ ئەو چالاکییە سیاسییانە رابکێشن. پێ دەچێ ئەم بەرەیەش وەکوو بەرەی توودەییەکان نەزۆک بێ. هەروا کە جووڵانەوەی ساڵەکانی ٥٠ (خەباتی چەکدارانە) بە لادان و رەتکردنەوەی حێزبی توودە و ستراتژییەکەی هاتە مەیدان، بەرەی داهاتووش بە پێی هەلومەرجی دەورانی خۆی بڕیاری خۆی دەدا.

بە گشتی ئەمە ئەو کەش و هەوا رەش و کپەیە کە پەنابەرانی سیاسی تێیدا دەژین.

بەشێکی دیکە لە پەنابەران یان رەنگە باشتر بێ بڵێم کۆچبەران، ئەو کەسانەن کە لە شەڕدا ئاوارە بوون، یان بۆ خۆیان لە جەهەنەمی کۆماری ئیسلامی هەڵاتوون. ئەمانە زیاتر بۆ ئەو وڵاتانە کۆچیان کردووە کە ئیمکانی ژیانیان باشترە،

وەکوو وڵاتانی سکاندیناوی و کانادا. ئەمانە چونکە کەڵکەڵەی سیاسییان کەمتر بوو زیاتر توانییان بەرنامە بۆ ژیانی خۆیان دابنێن. بەشێکی هەرە زۆریان دەستیان دایە کاسبیکردن، پارەیان کۆ کردەوە و لە دەورانی سەرۆک کۆماری "خاتەمی"دا کە هەلومەرجەکە بۆ هاتوچۆ لەبار ببوو، گەرمێن و کوێستانیان دەکرد و جار لێرە و جار لەوێ بوون. ئاکامی ئەم هاتوچۆە بێکردەوە مانەوەی تەواو لەبەرانبەر کێشە سیاسییەکاندا بوو. لە دەیان هەزار کەس کە لە شارێک دەژین، لە خۆپێشاندانەکاندا دە کەسیش نابیندرێ. دەترسن کە رۆیشتنەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن. ماوەیەک رێکخراوە سیاسییەکان بە هەموو شێوەیەک هەوڵیان دا پێش بەم  دیاردەیە بگرن، بەڵام قازانجی ماددی بەسەر قازانجی مەعنەویدا سەرکەوت. کەس گوێ نەدا. فرۆکەکانی کۆماری ئیسلامی هەموو حەفتەیەک دەیان سەفەر بۆ شارەکانی ئۆروپا دەکەن و پڕ دێن و پڕ دەچنەوە.

بەرەی دووهەم کە منداڵانی بەرەی یەکەمن لە دنیای سیاسیی دایک و بابەکان زۆر دوورن. ئەمە بە تەواوی سروشتییە. مرۆڤ شوێنهەڵگری ئەو کۆمەڵەیە کە تێیدا پەروەردە دەکرێ. ئەو شتانە فێر دەبێ کە بۆ کار و ژیانی ئەو لەو کۆمەڵەدا پێویستە. نابێ چاوەڕوان بین بەرەی دووهەم شوێنهەڵگری بەرەی یەکەم بێ. ئەگەریش بیەوێ خەبات بکات لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا دەبێ کە تێیدا دەژی. دیارە بەرەی یەکەمیش گرنگیی بەم شتە نادا. بە دەگمەن رێکخراوێک توانیبێتی وەکوو پ.ک.ک. لاوی گەورەبوو لە ئۆروپادا بۆ پێشمەرگایەتی بنێرێتەوە کوردستان.

پەنابەرانی بەرەی سێهەم (لە ساڵی ١٣٨٠ بەملاوە) بەتەواوی لەگەڵ بەرەی یەکەمدا بێگانەن. بیست، سی ساڵ مەودا و دووربوون لە کۆمەڵ، بووەتە هۆی ئەوە کە بەرەی یەکەم لەنێو کەلووی خۆیدا قەتیس بێ. بەرەی سێهەم لەگەڵ پەروەردەی کۆماری ئیسلامیدا گەورە بووە و هەڵسەنگاندنێکی دیکەی لە سیاسەت و رەوتی خەبات هەیە. دیارە ئەگەر خەباتێک لە ئارادا بێ. راستییەکەی ئەوەیە بەرەی سێهەمی پەنابەرانی ئێرانی بە توندی دژە سیاسەتن. هێندێک بە هاوسەرگری مەسڵەحەتی هاتوون، هێندێک بە هۆی خزم و کەسەوە و بڕێکیش

پەروەندەی قورسی سیاسی بۆ خۆیان ساز دەکەن کە پەنابەری وەرگرن، بەڵام هەر کە پاسپۆرتەکەیان وەرگرت سەفەری ئێران دەکەن.

لە ساڵەکانی ٧٠ بەملاوە کارنامەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە سەڵتەنەتخوازەوە بگرە هەتا ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی چەپ، پڕە لە دابەشبوون. هەموویان هەواڵەکانی دوێنێیان بە خائین، دواکەوتوو و نۆکەری ئیمپڕیالیسم و... تاوانبار دەکەن. دیارە هەمووشیان دروشمی یەکگرتن دەدەن و جارجار هێندێ هەوڵی بێ ئاکام وەکوو یەکێتیی چەپ و یەکێتیی کۆمارخوازانی لائیک و... ڕوو دەدا. بەڵام ڕەوتەکە بەگشتی بەرەو لێکداوەشانە. لەو هێزانە کە کاتی خۆی لە کوردستان چالاک بوون، حیزبی کۆمۆنیست (کۆمەڵە) و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە دەیەویست کرێکاری هەموو دنیا ڕێک بخا، خۆیان تووشی دابەشبوونی یەک بە دوای یەکدا بوون. دەستەیەک (بەرەی موهتەدی) گەڕانەوە بۆ کۆمەڵەی سەرەتا و دروستکردنی حیزبی کۆمۆنیستیان بە هەڵە زانی.

حیزبی دێمۆکرات دەستەویەخەی دژوازییەکانی نێوخۆ بوو و توانای بەرەنگاری و لێکدانەوەی هەلومەرجی تازەی کوردستانی نەبوو، ئاخری جارێکی دیکەش لە ساڵی ١٣٨٥(٢٠٠٦) دا دابەش بوو. بە بێ هیچ جیاوازییەکی سیاسی شایانی باس. بەگشتی دابەشبوونەکان لە زۆربەی ڕێکخراوەکاندا بەر لەوەی سیاسی بن، ڕێکخراوەیین.

دانانی ڕادیۆ و تلەڤزیۆن و کەڵکوەرگرتن لە ئینتێرنێت ئاسانە. ئەمە جگە لە لایەنی خەڵافاندنی ڕێکخراو یان هۆگرانی ڕێگایەک، ئامرازێکە بۆ خۆنیشاندان و پڕکردنەوەی بۆشایی بێکردەوەیی. هەموو ئەمانە ئەگەر لەپاڵ یەکتر دانێن، لەباری سیاسییەوە بە ئەندازەی ڕادیۆە پڕ لە پارازیتەکەی حیزب و کۆمەڵە لەو ساڵانەدا کە لە شاخەکانی کوردستان بوون، کاریگەریی نییە، چونکە بیسەرانی ئەو ڕادیۆانە خەباتێکیان لە دەوروبەری خۆیاندا دەدیت و دەیانەویست لە چەند و چۆنی ئاگادار بن، بەڵام ئێستا دووپاتکردنەوەی هەواڵنێرەکانی دیکەیە. ئەندامانی خودی ڕێکخراوەکان تەواشای تلەڤزیۆنەکانی خۆیان ناکەن. لە ماڵی کوردەکانی باشووردا هیچ کاتێک نەمدیت تلەڤزیۆنێک لەسەر کەناڵی حیزبی دێمۆکرات یان کۆمەڵە بێت. ئەوانی تر کە هەر هیچ.

# سۆڤیەت

نەختێک لە ڕەوتی ڕووداوەکان پێش کەوتم. دەگەینە ڕوخانی دیواری بەرلین (١٩٨٩) کە بوو بە هۆی جێژن و شادیی ڕۆژئاوا و پێشەکییەک بۆ ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەت. بەڵام ئاڵمانییەکانی بەشی ڕۆژئاوا بەسەر دیوارەکانەوە نووسییان: برای ئاڵمانیم بەخێر بێت، بەڵام کارەکمم لێ مەستێنە.

هاتنەسەرکاری "میخائیل گۆرباچف" لە سۆڤیەتدا نەک هەر شەڕی سەردی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بڕاندەوە، بەڵکوو گۆڕانێکی قووڵی لە بەرانبەرکێ و هاوسەنگیی سیاسیی دنیادا پێک هێنا. سۆڤیەت (سەرزەوینی دایکی سوسیالیزم- بە وتەی توودەییەکان) هەڵوەشایەوە. من ئەو ڕوخانەم لە نزیکەوە بە چاوی خۆم دیت.

ساڵی ٩٠ بوو. ئێمە لە سوید دەژیاین. سوید پێی دەگوترێ وڵاتی کۆمەڵەکان. هەرکەس بیەوێ بە هەر بیانوویەک و بۆ هەر ئامانجێک دەتوانێ کۆمەڵەیەکی کولتوری ڕێک بخا و پارەیەک لە بنیاتەکانی سویدی وەرگرێ. جاری واشە ئەم کۆمەڵە هێندێ ئەرکی سیاسی بۆ خۆی دادەنێ، وەکوو یارمەتیدانی پەنابەران و ڕێکخستنی خۆپێشاندانی مافی مرۆڤی و... ئێمەش کۆمەڵەیەکمان پێک هێنابوو بە نێوی کۆمەڵەی سینەماکارانی کورد. بەڵام هیچ پارەیەکمان وەرنەگرت. تەنیا سینەماکاری ئەو کۆمەڵە من بووم. باقییەکەیان هەر کام بە جۆرێک لەگەڵ هونەر سەروکاریان بوو. یەک گۆرانیبێژ بوو، یەک خوێندکاری بەشی سینەما بوو و هتد... یەک لەوانە کە لە مۆسکۆ سینەمای دەخوێند (مەهدی ئومێد) لەو ڕەوەدا کە پەنابەرانی کوردی بەرەی سۆڤیەت ڕوویان لە ئورووپا کردبوو، ئەویش هاتبووە سوید، بەڵام لە مۆسکۆ دەیخوێند. ئەو، بۆ تەواوکردنی ساڵی یەکەمی خوێندنی کە سەناریۆنووسی بوو، پێویستی بە فیلمێکی دە خولەکی هەبوو. هەوڵێکمان بۆی دا فیلمێک لە کایەی منداڵانی کورد ساز کەین، بەڵام فیلمەکە لە ئۆتۆمۆبیلدا دزرا.

دواتر باس کرا کە مەهدی چیرۆکی "گەلەگورگ"ی حوسێن عارف بکا بە سەناریۆ و منیش وەکوو دەرهێنەر کاری تێدا بکەم. داوای یارمەتیمان لە ئەنستیتۆی فیلمی سوید کرد، یارمەتییان نەداین. مەهدی پێشنیاری کرد پارە کۆ کەینەوە بچین لە سۆڤیەت ئەو فیلمە ساز کەین کە لەوێ زۆر هەرزانتر دەکەوێ. خوێندکارێکی سینەما بە ناو فەتحی کەریم هاوڕێیەتی کردین. من بە زەمانەتی دۆستێک پارەم لە بانک قەرز کرد. مەهدی لەگەڵ شەریکەیەکی ئەهلی لە قەزاقستان پێک هاتبوو کە ئەو فیلمە بە شەریکی بکرێ. بڕیار وا بوو سەناریۆکە مەهدی بینووسێ، سێ جاری نووسی، هەر بە کار نەهات. بە بڕوای من کە دەرهێنەری فیلمەکە بووم عەقڵی سینەمایی پێوە نەبوو. دراماکەی خاو و نەگەنجاو بوو، دواتر تێگەییشتین کە خوێندگە و فێرگەکانی سۆڤیەت ئەو بار و دۆخەی نەبوو کە کەس شتێکی لێ فێر بێ. بۆیە لە دێکوپاژکردنەکەدا زیاتر لە شەست لە سەدی سەناریۆکەم گۆڕی و ناردم بۆ مەهدی لە مۆسکۆ کە تەرجەمەی بکاتەوە و هەتا وەڵامی ڤیزای من و فەتحی دێتەوە، لەگەڵ شەریکەکەی دیکەدا کار بۆ ئامادەکردنی فیلمەکە بکا. باسی ئەم فیلمسازکردنە نەختێک بە شێنەیی دەگێڕمەوە، یەک لەبەر ئەوە کە ئەخلاقی هێندێک لە ئێمەی کورد تەسویر بکەم و هاوکات لە ڕێگای ئەم چیرۆکی کارەوە نەهامەتییەکانی داڕزانی سۆڤیەت بگێڕمەوە کە بە بڕوای هێندێک دەبوا لە هەشتاکانەوە چووبایە قۆناخی کۆمۆنیسم کە لەوێ بە قسەی مارکس مرۆڤ بێ نیاز دەبێ و هەموو شتێک لە کۆمەڵدا ئامادەیە.

کاتێک "گۆرباچۆڤ" هاتە سەر کار و "پروسترویکای" نووسی یەکێک لەوانە کە دۆستی دەورانی زیندان بوو و دواتر ببوو بە "ئەکسەرییەت" باسی دەکرد کە ئەوە سۆڤیەت ئێستا دەکەوێتە قۆناخی گەشەکردن و تا ئێستا لایەنی کۆن نەیدهێشت پەرە بستێنێ و ئیتر بە شان و باڵی گۆرباچۆڤدا هەڵگوتن. گوتم براڵە ئێوە ئەودەمیش هەر بە شان و باڵی ڕێبەرانی سۆڤیەتدا دەهاتن و ئێستاش هەر وا دەکەن. بۆ پێش ئەوە کە خۆیان ڕەخنە لە خۆیان بگرن ئێوە یەک وشەتان بە زاردا نەهات. ئەگەر دەتانزانی وا خراپ بوو، بۆ جارێک لە جاران باستان نەکرد.

بـۆ ئەگـەر کەسـێک رەخنەیـەکی گرتبـا، دەسـتبەجێ دەتـانگوت ئـەوە نۆکـەری ئەمپریالیسمە؟

زستانی ١٩٩٠ ڤیزا هات و چووینە مۆسکۆ. پێشتر بۆ وەرگرتنی ویزایـەک دەبوا یەکێک لە حیزبەکانی برادەر بۆی نووسیبای دەنا هەر وەڵامیشیان نەدەدایەوە.

لە فڕۆکەخانە دوو کەس لە شەریکە قەزاقییەکە و مەهدی هاتبوونە پێشواز. کامێرایـەکی ڤیـدیۆمان پـێ بـوو، لـە کۆنترۆڵی فڕۆکەخـانە گلیـان داوە. قەزاقـەکان چوون بە بەرتیل وەریان گرتەوە. ئەمە یەک. کە هاتینـە دەرێ بـۆ لای ئۆتۆمۆبیـل، شـۆفێرەکە دوو ئاوێنـەی تەنیشـتی ئۆتۆمۆبیلکـەی لـە گیرفـانی دەرهێنـا و لـە جێـی خۆی قایمی کردن. پرسیمان بۆ وایە، گوتیان : دەنا دەیدزن. ئەمە دوو. ئێوارە بوو، هەتا گەییشتینە هوتێل تاریک داهات. گوتیان ئێستا لە هیچ کوێ خـواردن دەست ناکـەوێ، هـۆتێلیش بـا هـوتێلی بیانییـەکان بـوو و لـە تەنیشـت مەیـدانی سـوور بـوو، بەڵام رەستورانی لێ نەبوو. رویشتن بـە بـەرتیل لـە خزمـەتکارەکانی هۆتێـل هەنـدێ نـان و ماسـت و کاڵباسـیان بـۆ پەیـدا کـردین. ئەمـە سـێ. تـەختی خـەوەکان هێنـدە کورت بوون منی کورتەباڵا دەبوا پێم لـە دەرێ دانـم، ژوورەکـەش ئەوەنـدە گـەورە نـەبوو پێخەفەکـەم لـە زەوی راخـەم. ئـەم هۆتێلـە نـاوی هۆتێـل مۆسـکۆ بـوو، فرۆشـگایەکی لـێ بـوو کـە پـڕ بـوو لـە سـەماوەر و چـادان و کەرەسـەی چینیـی جۆربەجۆر و جوان. بە دۆلار دەیانفرۆشت. دۆلاریش بـۆ خـۆی چیرۆکێـک بـوو. لـە بانـک، رۆبڵێـک (پـارەی رووس) بـە شـەش دۆلار بـوو، (ئـەم فرۆشـگایەش چـونکە دەوڵەتی بوو هەر وای بۆ دەژماردی) بەڵام لە بازاڕی رەش دۆلارێـک بـە ١٨رۆبـڵ بوو. یەک بە سەدوهەشت. بۆیـە نـەدەکرا ئێمـەی بێ پارە لـەوێ شت بکـڕین. لـە بازاڕیش ئەو شتانە پەیـدا نـەدەبوون. ئیتـر گوتمـان ئەگـەر هاتینـەوە و پارەمـان پـێ مـابوو دەکـڕین. کـە پـاش سـێ مانـگ هاتینـەوە مۆسـکۆ یەکدانـە لـەو فرۆشـگایانە نەمابوون و لەباتی سەماوەر و چینی، بووکۆکەی پلاستیک دانرابوون کە لـە بێچمـی پاڵەوانەکانی کارتۆنی ئەمریکی بوون وەکوو باربی و سوپرمەن و....

بە هەر مەینەتێک بوو، سێ شەو لە هۆتێـل مۆسـکۆ ماینـەوە، دوایـە هوتێلەکـەیان گـۆڕین و بردیانینـە هـۆتێلێکی هـەرزانتر. سـەد خۆزگـە بـە ئـەوی یەکـەم. خـەرجی

هۆتێل و مانەوەی ئێمە لە ئەستۆی ئەو شەریکە بوو. وا ڕێک کەوتبوون کە خەرجی فیلمەکەش لە ئەستۆی ئێمە بێ. دواتر تێگەییشتین بۆ وایان داناوە.

کێشەی سەرەکیی ئێمە (من و فەتحی) نەزانینی زمانی رووسی بوو. رووسەکانیش جگە لە رووسی هیچ زمانێکی دیکە تێنەدەگەییشتن. پێویستیان پێی نەببوو. چاوساق و وەرگێڕی ئێمە مەهدی بوو کە ئێستا ئیتر خۆی لێمان گۆڕیبوو. وەکوو سەرکردە دەجووڵایەوە و رۆژێ جارێک سەرێکی لێ هەڵدێناین. وەکوو سەر لە هەتیوان بدا. هیچ شتێکیش بۆ فیلمەکە ئامادە نەکرابوو. تەنانەت ڕێککەوتننامە واژوو نەکرابوو. ئەمە دەری خست ئەوەی مەهدی بە تلەفوون بە ئێمەی ڕاگەیاندووە، ڕاست نەبووە و تەنیا بە تەمای پارەکە ئێمەی کێشاوە بۆ ئەوێ. گەرچی بۆ خۆشی هێندێ پارەی بە ناو بۆ فیلم لە ئەم و ئەو قەرز کردبوو، کە ئێمە رەنگمان نەدیت، دواتر کە هاتینەوە سوید بەرۆکیان گرتین بۆ دانەوەی ئەو پارانە کە ئەو وەری گرتبوو. ڕاستییەکەی دەبوا هەر لە مۆسکۆ گەڕابایینەوە، بەڵام ئەوە دابی منە کە کارێکم دەست پێ کرد، لێی پەشیمان نابمەوە مەگەر بە هیچ شێوەیەک ڕێگا دەستم نەمێنێ.

هەرچۆنێک بێ، هێندێ فیلمی خاومان بە قاچاخ کڕی و چووین بۆ "ئالْمائەتا" پاتەختی قازاقستان. لەوێ تێگەییشتین کە ئەم شەریکەیە یەکێکە لەو کئوپراتیوە ئەهلییانە کە تازە (دوای روخانی دیوار) پێک هاتوون و لە کەرەسە دەوڵەتییەکان کەڵک وەردەگرن و بەرهەم پێک دێنن و پارەکەشی لەگیرفانی خۆیان دەنێن. یانێ ئێمە خەرجێکمان بۆ خانەخوێیەکەمان نەبوو.

ئەوەی کەرەسەی ستۆدیوی قازاق فیلم بوو کە ئێمە بە کارمان دەهێنا، هەمووی لە دەورەی ستالینەوە نەگۆڕدرابوو. وێرانەیەک بوو. وێنەگرتنەکە درا بە کابرایەکی فارس، دۆستی مەهدی کە گوایە شەش ساڵە لەوێ وێنەگری دەخوێنێ. بۆ من باش بوو چونکە لانی کەم لە زمانی ئەو تێدەگەییشتم. یەک دوو رۆژ کارمان کرد. بۆم دەرکەوت کە ئەو کابرایە تەنانەت نازانێ فیلمەکە لە کامێراکە دانێ. دانانی رووناکی و ناسینی حساسەی فیلم و... هەر هیچ. ئەوە بەناو خەریک دوکتورا بوو. بۆ من زۆر سەیر بوو کە لە سۆڤیەت بۆ هەموو بوارێک دوکتورا هەبوو. بۆ نموونە لە بواری وێنەگریدا لە هیچ کوێی دنیا دوکتورا نییە، پێویستیش

نییه. چار نەبوو، دەبوا هەموو ئەم جۆرە کارانە بۆ خۆم بە یارمەتیی یاریدەدەری وێنەگر ئەنجامی بدەم و ئەو بەس چاو بە چاویلکەی کامێراکەوە بنێ.

بۆ کڕینی دێکۆر و ئەکسێسوار چوینە بازاڕ. بۆ من دژوار بوو باوەڕ بکەم. هیچ شتێک لەو وڵاتەدا پەیدا نەدەبوو. بۆ کڕینی چوار دانە باتری دەبوا شناسێک پەیدا بکەی کە بە قاچاخ بۆت پەیدا بکا. بۆ چوار دانە ئیستکانی چای ناردمانە مۆسکۆ لە چایخانەی تورکان بکڕن. پێڵاو هەر ئەوانە بوون کە لەسەردەمی ستالینەوە بێچمی نەگۆڕابوو و خەڵک لە پێی دەکردن. باش بوو من چەند دەست جلی کوردیم لەگەڵ خۆم بردبوو، کردمە بەر ئاکتەرەکان. کە ئەویش نیوەی دزرا. من نازانم پێشتر ئەو وڵاتە چۆن ببوو، بەڵام ئەوە کە من دیتم، کورد گوتەنی، هەردی بەسەر بەردەوە نەبوو.

لە مۆسکۆ سواڵکەرم نەدیت، لە "ئاڵمائەتا" یەکەم سواڵکەرێک کە دیتم ژنێک بوو منداڵێکی پێ بوو. کە دیتی ئێمە کوردی دەدوین ئەویش بەکوردی قسەی کرد. داخەکەم. دواتر لەناو بازاڕی دەستفرۆشان دیتم بەشی هەرە زۆری ماست و پەنیر فرۆشەکان ژنە کوردن. بە هۆی خوێندکارێکی کوردی سووریەوە کورد ئاگادار بوون کە ئەوە چەند کەسی کورد هاتوون فیلم ساز دەکەن. چەند کەسێکیان هاتنە سەردانمان و لە کار و بارەکەشدا یارمەتییان دەداین. کچێکی کوردیش لە فیلمەکەدا دەوری بینی. بۆ زەماوەندێکیش بانگیان کردین. زۆر ڕێزیان گرتین و خزمەتێکی فروانیان کردین. ئەمانە کوردی لای سووریە بوون. کاتی خۆی کۆچیان دابوونە ناوچەی ئیرەوان. لەسەردەمی ستالیندا بۆ قازاخستان کۆچیان پێ کردبوون و لە دەوروبەری ئاڵمائەتا نیشتەجێ بوون. دێهاتەکەیان زۆر جیاوازیی لەگەڵ دێهاتی لای خۆمان نەبوو، داب و نەریتەکەشیان زۆر نەگۆڕابوو. هێشتا هەر ژنان جێگایان لە ئاشپەزخانەدا بوو و پیاوان پاڵیان دەداوە و دەیانخواردەوە. لە ماڵی سەرکردەیەکیان، کە چووینە ژوورێ، ژنەکەی و کچەکەی هاتن هەرکام تایەک لە پێڵاوەکەیان لە پێ دەرهێنا. سفرەیەکی جوان و ڕازاوەیان ڕاخستبوو. هەر خواردنەوەیەک گڵاسی تایبەتی خۆی لە پاڵ دانرابوو. کە ویستم بچمە دەسئاو، مەسینەیەکیان دامێ و چراگازێک. خزمەتکارەکە چراکەی لە

بیابانەکە گرت و گوتی: لە هەر کویٚ دانیشتی جیٚ خۆیە. هەشتاد ساڵ سوسیالیزم نەیتوانیبوو توالێت بۆ ئەو کوردە ساز بکا. یان فێریان بکا خۆیان سازی بکەن.
سەبارەت بە کوردکانی ئەو وڵاتە بەشێک لە گوتاری پرۆفسۆر نادرئوف دێنمەوە کە خۆی لە کوردەکانی ئاڵمائەتایە و بەرپرسی رێکخستنی کۆنفرانسی کوردەکانی سۆڤیەت بوو.

*"لە ساڵانی داپڵۆسیندا، توانەوەی کورد زۆر بە خێرایی دەستی پیٚ کرد. یەکێک لە هۆیەکانی پرژوبڵاوبوونەوەی بە زۆری ساڵی ١٩١٣ لە ئەرمینیا و ئازەربایجان بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٤ لە گورجستانەوە بۆ کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و کازاقستان. زۆر لە پیرەکانمان تا ئێستا لە بیریانە چۆن بە شەو پیاوەکانیان لە گوندە کوردنشینەکانەوە لە ژێر پاسەوانییەکی توندوتیژدا بۆ ئیزگەی شەمەندەفەر دەبردن و لەناو فارگۆنی کەلوپەلدا بۆ شوێنی نەناسراو و نەزانراو رەوانەیان دەکردن و بە دوای ئەمانیشدا ژن و منداڵەکانیان دەناردن. بە مەرجێک کاتێکی زۆر کەمیان بۆ خۆ ئامادەکردن دەدانیٚ و تەنانەت خەڵکی نەدەپەرژا هیچ کۆ بکاتەوە و ماڵ و ئاژەڵ و هەرچی بژیویان هەبوو بە جێی دەهێشت. لە دواییشدا چەندان ساڵی دەویست تا ژنان چارەنووسی مێرد و منداڵ و کەسوکاری خۆیان دەزانی.*
*کوردەکان هەتا کۆتایی پەنجاکان لەوپەڕی بێچارەیی و سووکایەتی پێکردندا دەژیان. لەو شوێنانە نیشتەجیٚ کرابوون کە بیٚ گومان لە ناوچەی ئاوەدانەکراوی کازاقستان و ئاسیای ناوەڕاست بوو — حوکمی عورفی- هەبوو. هەموو شتێک قەدەغە بوو. کەس نەیدەوێرا لە سنووری تایبەتی نیشتەجیٚ دەر بچێت... کوردەکان لە نۆ کۆماردا بڵاو کرداونەتەوە کە ئەمە زیان بە مانەوە و بوون و ژیانی سروشتیی نەتەوەکە دەگەیەنیٚ وەکوو ئێتنۆس بەرەو فەوتاندنی تەواوی دەبات. خەڵکی کولتور و زمان و خوو و نەریتیان لە بیر دەچێتەوە. ئێستاش لە سەردەمی گلاسنۆستدا دەمانەوێت باسی داپڵۆسین و لەناوچوون و تیرۆری ئەو ساڵانە بکەین کە خەڵک نەیدەوێرا ناوی راستەقینەی نەتەوەکەی خۆی بێنێت. ئەمانەوێت ئەوە بۆ خەڵک باس بکەین کە چۆن فرێیان داینە ناوچە و کۆمارە جیاجیاکانی سۆڤیەت و چۆن منداڵەکانمان پێش ئەوەی نەک فێری خوێندنەوە بە زمانی زگماکی خۆیان بەڵکوو گوتنی ببن، ناچار دەکران زمانێکی تر بە باشی فێر ببن... هەرچەند راستییەکەی زۆر تاڵە بەڵام چی*

*بکەین وایە. زۆر کوردی سۆڤیەت لە ساڵانی داپڵۆسیندا ناچار بوون ناوی خۆیان و نەتەوەکەیان بشارنەوە. تەنیا بۆ ئەوەی لە جێی دوورخستنەوە رزگاریان بێت و مافی خوێندن بە دەست بهێنن و تەنانەت بچن بۆ بەرەکانی شەڕ لە جەنگی مەزنی نیشتمانیدا."* *

لە سۆڤیەت زۆر جار لە خۆمم دەپرسی: چ بوو پڕۆلتاریای حیزبی لینینی ئەم رۆژگارەی بەسەردا هات؟

تەنیا یەک وڵامم هەبوو: دەسەڵاتیان لە پڕۆلتاریا و خەڵک ئەستان و دایان بە حیزب. حیزب بوو بە هەمەکارە، پاشان بەرە بەرە خۆی لە خەڵک دوور خستەوە و لە گۆمی بوروکراسی و گەندەڵیدا خنکا و لە کار کەوت.

کاتێک لەگەڵ هەلومەرجی خۆمان بەراوردم دەکرد، بیرم دەکردەوە بەرەی دووهەمی رێکخراو و حیزبەکانی ئێمە کە لە ئۆردوگاکاندا گەورە بوون، چ وێنەیەکیان لە "پێشمەرگە" و "شۆڕش" و رۆژەکانی رابردوو هەیە، جگە لە چەند فیلمی بەڵگەیی و نووسراوی رەنگپەڕیو؟ ئەوان "حیزب" بەو کەسانە دەزانن کە لە دەوریانداون و هەموو دەسەڵات، تەنانەت نان، لە دەست ئەواندایە. بۆیە لانی هەرە باشی دەبێتە ئەوە کە هەوڵ بدەن ببنە "مەکتەبی ناوەندی و لەوێشەوە بۆ مەکتەبی سیاسی و ببنە خاوەن هێز و بارەگا. ئەمە نەخۆشیی ئەوڕۆی کۆمەڵگای ئێمەیە. دواتر دەبینین کە لە وڵاتێکی وەکوو سویدیشدا هەر ئەم دیاردەیە دووپات دەبێتەوە.

کاری فیلمەکە زۆر بە شێنەیی دەڕویشت. نەدەکرا بەرنامەی رێکوپێک دابنێی. ئاکتەری سەرەکیمان "ئانا سمۆخینا"، لە مۆسکۆ دەژیا و لە فیلمی دیکەشدا بەشدار بوو. دەبوا ماتڵی رۆژانی بەتاڵی ئەو بین.

سەناریوەکەش بەو شێوە من دامنابوو، نەکرا. شتومەک پەیدا نەدەبوو. خانوویەکمان لە لاپاڵێکی کوێستاندا ساز کردبوو، کە بڕێک لە دیمەنەکانی دەرەوەی ماڵ لە پێشی ئەو خانووەدا بگرین. پاش سێ رۆژ وێنەگرتن، پشووی شەممە و یەکشەممەی کەوتە بەین. کە رۆژی دووشەممە گەڕاینەوە، خانووەکە نەمابوو. دار و بەردیان دزیبوو. بزمارەکانیان بۆ بە جێ هێشتبووین. نەکرا سازی بکەینەوە، بەشێک لە سەناریۆکەمان لا برد.

---

*) وەرگیراو لە «چەپ لە رۆهەڵاتی کوردستان»، ئەیوب ئەیوبزادە. انتشارات نیما، ۲۰۰۲.

دەستەیەک هاتبوون پێشنیاریان دەکرد ئێمە دیمەنی شەڕی کاراتەیی و لە سەربان فڕیدان و لەم کردەوانە لە فیلمەکەدا دابنێین و ئەوان خەڵکی ئەو کارەیان هەیە. نە و سپاس.

فیلمە تازەکانی ئەو کاتەی وڵاتی "ئایزنیشتێن و پۆدوفکین و کۆلزنیتسێڤ" پڕ بوو لە دیمەنی بێ مانای کوتان و لێدان و بە هەر بیانوویەک ئاکتەرە ژنەکە رووت کردنەوە. سێکس و توندوتیژی. بە بێ هیچ پەیوەندییەکی دراماییی. کۆمەڵی نەخۆش و فیلمی نەخۆشتر.

ئەو ساڵە کە ئێمە لەوێ بووین یەکەم ساڵ بوو کە ئیزن درابوو خەڵک نەورۆز بگرن، پێشتر بە جێژنێکی بورژوایی دەژمێردرا و قەدەغە بوو. خەڵکی شار هەموو هاتبوونە پارکی ناوەندیی شار و چەند پاتیلی گەورەی گوشت لەسەر نرابوو و هەرکەس کاسەی خۆی دێنا و گۆشتیان بۆ تێدەکرد و هەتا لای ئێوارە گۆرانی و هەڵپەڕکێ بوو. بە گشتی خەڵک روویان دەکردە ئەو شتانە کە قەدەغە کراوبوون. لە موزیکی پاپ و راکەوە بگرە هەتا جلوبەرگ و شتومەکی رۆژئاوایی و تەنانەت وێنەی ستالین و دانانی سمێڵی ستالینی. لە مۆسکۆ دیتم بەرگی پاسور کە وێنەی ژنی رووتی پێوە بوو، بەرگ بەرگ دەفرۆشرا، بەرگێک بە دوو روبڵ و خەڵک سڕەی بۆ گرتبوو. نەزانی و پڕۆپاگەندەی رۆژئاوا (لە رێگای بڵاوکردنەوەی ویدئوی گلاموری) و تینوویی خەڵک، قەناعەت پێنەکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە و گەندەڵی و سنووره داخراوەکان، دەستیان دابووە دەستی یەکەوە بۆ روخاندنی ئەو شتەی کە هەشتا ساڵ بوو هەوڵیان دەدا بینای بکەن. راستیەکەی گەرچی خەڵک بە گشتی دەستکورت بوون، بەڵام برسی نەبوون، بێکار نەبوون (بێکاری شاراوە زۆر بوو- کارێک کە یەک کەس دەیتوانی بیکا بە شەش کەس درابوو)، مەکتەب و دوکتور و دەرمان بە خۆڕایی بوو. خانووەکان باش نەبوون بەڵام کەس بێ خانوو نەبوو. زۆر نەبوون ئەوانە کە سەلاجە و فریزریان لە ماڵ هەبوو، ئەگەریش هەیانبا دەبوا شەو بیکوژێننەوە، چونکە هاڕەهاڕێکی وای دەهات نەتدەتوانی بخەوی. "برێژنێف" گوتبووی ئێمە نامانەوێ کۆمەڵی مەسرەفیمان هەبێ. هەرچۆنێک بێت، ئەو شتە کە بەرهەم دەهێنرا ئەگەر باشتر بوایە چ دەبوو؟ مەکینەی ریشتراشی کیلۆیەک دەبوو. کە کارت پێی دەکرد وەها گەرم دەبوو، پێستی دەسووتاند. بەڵام

ئەگەر فرێت دابا نەدەشکا! ئەمانە نموونەن بۆ هەموو ئەو شتانە کە هەبوون، لە ئۆتۆمۆبیلەوە بگرە هەتا کاغەزی توالێت کە کاغەزی رۆژنامە بوو. بۆیە خەڵک پێی وا بوو ئەگەر دەرکەکان کراوە، ئەوە هەر کەس دەبێتە خاوەن مرسێدێسێک و ڤیلایەک و جلی جوان لەبەر دەکا. ئەگەریش گوتبات ئەوە راستیی ژیانی رۆژئاوا نییە کە ئێوە لە فیلمەکاندا دەیبینن، باوەڕیان پێ نەدەکردی. هەتا خۆیان هاتن و دیتیان. رۆژئاوا جگە لە دەرکەی فاحشەخانەکان هیچ دەرکەیەکی بۆ نەکردنەوە. بۆ وەبیرهێنانەوە پاش روخان، مۆسکۆ لە رادەی مندالانی وێڵدا پێشبڕکێ لەگەڵ بەرازیلدا دەکا. لە خۆفرۆشی و مرۆڤفرۆشیدا بووە بە نموونە. ژمارەی ملیاردێرەکانی رووسی شان لە شانی ئەمریکا دەدا. وڵاتێک کە لەوێ کەس نەیدەتوانی دوو ئۆتۆمۆبیل یان دوو خانووی هەبێ، بووەتە رەپەڵگای مافیاکان. مەبەستم، ئەوە کە هاتە جێگای ئەو خراپە، زۆر خراپتر بوو.

دوای سێ مانگ، وێنەگرتن تەواو بوو، بە پێداگریی من مۆنتاژەکەمان هێناوە مۆسکۆ بە هیوای ئەوە کە لە مۆسکۆ کەرەسە و مۆنتۆری باشتر هەبێ و لە ژێر چاودێریی شەریکە قەززاقییەکەش بێینە دەرەوە. لە مۆسکۆ من و فەتحی مانگێک لە کولانەیەکدا ژیاین، لە ماڵی پیرەژنێکدا کە یەک ژوور و نیوی هەبوو. نیوەکەی دابوو بە ئێمە. هێندە چکۆلە بوو، سەد خۆزگە بە تاکەکەسییەکانی زیندانی ئەوین. ژنەکە بۆ خۆی خوێندەوار بوو، توکە توکەیەک ئینگلیسی دەزانی و باسی پوشکین و داستایۆڤسکی دەکرد.

پاسپۆرتەکانیشیان بە بیانووی ڤیزاوەرگرتن لێ ئەستاندبووین. مەهدیش خۆی لێمان نەبان کردبوو. ئاخری من مەهدیم بانگ کرد و گوتم ئەوە دەچم بۆ سەفارەتی سوید و دەگەڕێمەوە، بۆ دەبێ من لەم وڵاتە بە قاچاخ بژیم. مەهدی کە پێداگریی منی دیت، پەیوەندیی لەگەڵ قەزاقەکان گرت و هۆتێلیان بۆ گرتین و پاسپۆرتەکانیشیان داینەوە. من هەستم کرد ئەگەر رۆژێک ئێمە بکوژن و فڕێمان بدەنە شوێنێکەوە کەس بە کەس نییە. لە چنگی مافیایەکداین و مەهدیشیان لەگەڵە. لە ئاڵمانیا کورد پێیان گوتبووم هەر کارێکت بەسەر هات مەچووە لای پۆلیس، ئەوان لە هەموو مافیایەک خراپترن. رووتت دەکەنەوە.

ئەو هۆتێلەمان نزیک خانووی خوێندکارانی زانکۆ بوو، لەگەڵ چەند خوێندکاری کورد ببووین بە ئاشنا و هاتوچۆمان دەکرد. شەوێک دەمەویست بگەڕێمەوە بۆ هۆتێل. کات دەوری دە بوو. کورەکان گوتیان لەگەڵت دین. گوتم هەتا هۆتێلەکە ٥٠٠ متر نابێ، خۆم دەڕۆم. گوتیان کورە چاکەتی چەرمت لەبەرە. ئەگەر نەتکوژن، رووتت دەکەنەوە و دوایەش پێت دەفرۆشنەوە. باسی پۆلیسیش مەکە. هەموو شەریکەدزن. بە کورتی ئەوەی لە دەسەڵاتدا بوو، مافیایەکی بۆ خۆی ساز کردبوو. قومارخانە و کلوبی جۆربەجۆر دانرابوون. دۆلار ببوو بە هەشتا روبڵ، کەچی مانگانەی کرێکارێکی کارخانە هەر نەوەد روبڵ بوو، بۆیە لەسەر دۆلارێک دەیانکوشتی. تاکسییەکان شەوانە مسافریان سوار نەدەکرد. کە دەستت هەڵدێنا نوکە تورمزێکی دەکرد و دەیپرسی چەند بۆتڵت دەوێ؟ ئارەقفرۆشی قاچاخ.

کارخانەکان یان ئیشیان نەدەکرد، یان بەرهەمەکەیان لە لایەن بەرپرس و تەنانەت کرێکارەکانەوە دەدزرا و بە رەش دەفرۆشرا. دوکانە دەوڵەتییەکان بەتاڵ بوون. کئوپراتیڤەکان کە بازاڕی نێو شەقامیان بە دەستەوە بوو، پڕ بوون لە شتومەک، بەڵام شووتییەک بە چل روبڵ بوو. یانێ پارەی ١٥رۆژی کاری کرێکارێک. کەسێک دەیگێڕاوە رۆژێک لەگەڵ دوو کەسی دیکە ویستوویانە بچن بۆ شوێنێک کە نەیانزانیوە لە کوێیە. لە شۆفێری ئۆتوبووسی شاری دەپرسن، دەڵێ شتێکم بدەنێ خۆم دەتانبەم. پێنج دۆلاری دەدەنێ، پاسەکە رادەگرێ هەموو مسافرەکان دادەبەزێنێ و ئەوان دەبا بۆ ئەوپەڕی شار. دیاردەیەک دەبیندرا کە ئێستا کاری کردووەتە سەر وڵاتانی دیکە، مامۆستاکانی زانکۆ لەبەر هەژاری، بە پارەیەکی کەم شەهادەیان دەفرۆشت. کوردیش ریزیان گرتبوو، دەیانکڕی و بە شەوێک دەبوون بە دوکتۆر. ئێستا لە کوردستانی باشوور هەموو لە رووس گەڕاوەکان دوکتۆرایان هەیە. ئەوەی لە سۆڤیەتی ئەم ساڵانەی ئاخرەوە هاتبێتەوە دەبێ گومانی لێ بکەی. لە کوردستان بووم، لەگەڵ دۆستێک چووبووینە ژووری پڕ لە مێز و مۆبلی یەکێک لەو بەرپرسە دوکتۆرانە. دۆستەکەی من بە جەنابی بەرپرسی نەدەگوت دوکتۆر، ئاخری دوکتۆر هاتە دەنگ و گوتی: ئەرێ تۆ بۆ بە من نالێی دوکتۆر! ئەویش نە هەڵی گرت و نە داینا گوتی: منیش پێت بڵێم؟ ئەی پێکەوە نەبووین کڕیت بە سەد و پەنجا دۆلار.

ئەمە حاڵی پاتەختی دووهەم هێزی دنیا بوو کە توودەییەکان دەیانگوت ئینسانی شەورەوی تێیدا تەربیەت کراوە. ئاخۆ هی ئێمە چی لێ بێ.

زۆر جار لەگەڵ خەڵکی ئاسایی قسەمان دەکرد وەکوو هێزی داگیرکەر باسی حیزبی کمونیستیان دەکرد. راست وەکوو ئەو دیاردەی کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشدا هەیە. تەنانەت کاتێک باسی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامیمان دەکرد، ئەوان دەیانگوت کە وا بوو لەوێش کۆمۆنیستان هاتوونەتە سەر دەور. گۆرباچف لە وتارێکیدا گوتی: ئێمە لەمەبەدواوە راستییەکان بە خەڵک دەڵێین. خەڵک پێی دەکەنین و دەیانگوت یانێ هەتا ئێستا هەر درۆمان کردووە. دواتر یەکێکی دیکە دێ و ئەویش هەر وا دەڵێ!

بە کورتی: من پێم وایە سەرەڕای هەموو تئوری و باسەکانی تر، ئەو شتەی کە ئەم ئەزموونە گەورەی سوسیالیزمی گەیاندە قۆناخی شکان، تا ئەو رادەیە کە کەسانێکی وەکوو "یێلتسین" لە دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبەدا دانیشن، ئەوە بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، لە حیزبی خەڵکەوە بوو بە حیزبی دەسەڵات بەسەر خەڵکەوە. هۆکەشی ناخۆشیی دەسەلاتدارییە. ناخۆشییەک کە مرۆڤ هێشتا دەرمانی بۆ نەدیتووەتەوە.

لەگەڵ فەتحی رێک کەوتین کە ئەو بگەڕێتەوە بۆ سوید و بێ هۆ لەوێ ماتڵ نەبێ و من بمێنمەوە بەڵکوو مونتاژی فیلمەکە جێبەجێ بکەم. لەوێ تێگەییشتم کە بەشێک لەو فیلمانە کە گرتوومانە رەش بووەتەوە. جەنابی وێنەگر نەیزانیوە ئەوە نێگاتیف نییە و پۆزتیفە و لە لابراتواریش هەر تێنەگەییشتوون و بە دەرمانی نێگاتیف شۆردوویانەتەوە. ئەو بەشانەشمان نەما و نەشدەکرا دیسان ئەو وێنانە بگرینەوە. بوو بە شێری بێ یاڵ وکلک و ئەشکەم.

لەکاتی مونتاژدا وەرگێڕم نەبوو، بە ئیشارەتی دەست و چاو و رەسمکێشان و چوار وشەی رووسی ئەرێ و نەرێ و باشە و خراپە، لەگەڵ مۆنتۆرێک کە لەگەڵ بەردەستەکەی ٢٥٠٠ رۆبلیان لێ وەرگرتبووم، مۆنتاژەکەم تەواو کرد. هەر لێرە سپاسی مەرزیەی فەریقی بکەم کە بۆ دوبلاژی فیلمەکە لەگەڵ کچەکەی خۆی و کچێکی برادەرێک لە سوێدەوە هاتنە مۆسکۆ و یارمەتیی دام و دەنگی ئەو و کچەکانە کە لەسەر ژن و کچەکانی فیلمەکەن. من کارێکم نەمابوو، دەبوا فیلم بۆ

کارەکانی لابراتوار جارێکی دیکە ببردرێتەوە بۆ قازاقستان و منیش هەڵاتم، هاتمەوە سوید.

ساڵ و نیوێک چاوەڕێی هاتنەوەی فیلم بووین. ئەگەر ئەو فیلمە - سەرەڕای هەموو کەم و کووڕییەکانی، لە کاتی خۆیدا تەواو بیایە و لەو کاتەدا نیشان درابا کە خەڵکی کوردستانی باشوور ئاوارە ببوون و هەموو دنیا سەرقاڵی ئەو کردەوەی سەدام بوو، ئێمە سەرکەوتنێکی باشمان بە دەست دێنا، بەڵام کاتێک هێنرایەوە کە دەست ماچکردنەکە کرابوو. رای گشتی گۆڕابوو و کورد بایەخی نەمابوو.

مەهدی هەتا پێنج هەزار کرۆنی لە کۆمەڵەی سینەماکاران وەرنەگرت فیلمەکەی تەحویل نەدا. کە سەیری فیلم دەکەم یەکدانە لە ئێفێکتەکان نەکراون و ئەوەش کە داویانە بە مەهدی کۆپیی سفرە. دیارە ئەو شتانەی نەدەزانی و تێنەگەییشتبوو. سەرەڕای ئەوە خەریک بوو فیلمی دیکە ساز بکا.

فیلمەکە لە چەند شوێن لە ئۆروپا نیشان درا و دوایە من و فەتحی ناردمانەوە کوردستان. داهاتەکەشمان پێشکەشی منداڵانی هەژار کرد. ئەو کەسە کە دەبوا ئەرکەکە راپەڕێنێ، پارەکەی بۆ خۆی هەڵگرت و بە گوتەی خۆی ژنی پێ هێنا. ئەمە چیرۆکی ئەو گەلەگورگە بوو کە گورگ خواردی. هەرچەند بمانەوێ و نەمانەوێ، یەکەم فیلمی دراماییی کوردییە. گەرچی ساڵەکانی دواتر هەرکەس هەستا و فیلمێکی دروست کرد، گوتی ئەمەی من یەکەم فیلمی کوردییە. تەنانەت مەهدی بۆ خۆی فیلمێکی (ئەگەر بکرێ ناوی بنێی فیلم) دیکەی لە رووسیە ساز کرد و ئەویش گوتی ئەمە یەکەم فیلمی کوردییە. دواتر کە چووەوە کوردستان گەلەگورگیشی بە فیلمی خۆی لە قەڵەم دا. کورد گوتەنی شاری بێ خاوەن!

روخانی سۆڤیەت بۆشاییەکی سەیری لە نێو رووناکبیراندا پێک هێنا. دیواری برلین بە سەری لایەنگرەکانیدا روخابوو. ناهومێد ببوون و نەیاندەزانی چۆن لێکی بدەنەوە و لە راستیدا با بدەنەوە. هێندێ رێکخراو و تاقمی دیکەش کە پێشتر کاریان تەنیا دژایەتیکردن لەگەڵ سۆڤیەت بوو، وەکوو ترۆتێسکییەکان و مائوئییەکان، ئامانجەکەیان ون ببوو و بابەتەکەیان کۆتایی هاتبوو، ماوەیەک گوتیان نەمانگوت ئەوە سوسیالیزم نییە! ئەی دوایە؟ ئێستا چی؟ هیچ ئەوانیش نەمان. رێکخراوە چەپەکانی ئێمەش — با لایەنگری سۆڤیەتیش نەبووبێتن- بەرە بەرە

وشەی سوسیالیزمیان لەنێو دوو کەوان نا و باسیان بوو بە باسی دیمۆکراسی و کرێکاریان بوو بە خەڵک. تەنانەت هێندێ لە شاعێرە کوردەکان وشەی سوسیالیزمیان لە شێعرە کۆنەکانیاندا سڕییەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، بمانەوێ یان نە، مرۆڤ بە گشتی، هیچ ئاڵترناتیڤێکی تیئۆریکیی دیکەی جگە لە سوسیالیسم، بە مانای بەرانبەری بە دژی ئەم هەموو نابەرانبەری و چەوساندنەوەی کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا هەیە، نەدیتووەتەوە. بەڵام بە کردەوە چۆن دەبێ، جارێ ئەم یەکەیان نەبوو، شانی لە ژێر بارەکەدا شکا. هێندەی پێ نەچوو چینیش - ڕەنگە لە ترسی روخان- خۆی دا بە دەم لافاوی سەرمایەدارییەوە و خەریک خۆ بڵاوکردنەوەیە. ئەمەیان باسێکی دیکەیە، ئەوەندەی کە بەکار ئێرە دێ، ئەوەیە کە ڕێکخراوە مائۆییەکانیش جەمسەر و قیبلەیان نەما و هەموویان وەکوو وەهابییە سەلەفییەکان بەس دەقەکانیان بە دەستەوە ماوەتەوە.

# کوردستانی باشوور

پێشتر باسم کرد کە هەلومەرجی نالەباری کوردستانی باشوور کاری کردبووە سەر کار و ژیانی کوردە پەنابەرەکانی ئەوێیش. دانانی هێڵی سوور بەسەر کوردستاندا بۆ فڕۆکەکانی عێراق گەرچی خەڵکی لە مەترسیی فڕۆکەکانی سەدام نەجات دا، بەڵام لە لایەکی ترەوە، سەدامیش گەمارۆی ئابووریی بەسەر کوردستاندا سەپاند. مانگانە و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان نەدەگەییشتە کوردستان. خەڵک پارەی نەبوو، ئەگەریش هەیانبا شت بۆ کڕین پەیدا نەدەبوو. دەگوترا باشترین دیاری بۆ دۆستان لیترێک نەوتی سپی یان کیلۆیەک ئارد بوو. هەموو عێراق لەژێر زەختی گەمارۆی ئابووریی وڵاتانی رۆئاوادا بوو. دواتر، رێکخراوی نێو نەتەوەیی پێکهاتەیەکی ساز کرد بەناو "نەوت بەرانبەر خۆراک". بنەماڵەکان بەپێی سەرژمێر، هێندێک خواردن و سووتەمنییان پێ دەدرا، کە هێشتاش درێژەی هەیە. پەنابەرە ئێرانییەکانیش وەری دەگرن.

لەساڵی ١٩٩١دا لە کوردستان هەڵبژاردن کرا و پارلمان نیوە بە نیوە لە نێوان دوو حیزبی "یەکێتی نیشتمانی" و "پارتی دێموکراتی کوردستان"دا دابەش کرا، کە ئەمە بۆ خۆی بە مانای نەبوونی بڕیاردان بە پێی زۆر و کەمی بوو. دەوڵەتێکی نمادی هەبوو، بەڵام ئیدارەکردن لە دەست حیزبەکاندا بوو. سەرۆک وەزیر ئەندامی یەکێتی نیشتمانی بوو. هەموو شتێک لە رێبەرایەتییەکاندا رێککەوتنی لەسەر دەکرا و پاشان دەدرا بە پارلمان. سەرەڕای ئەمانە دەتگوت کەس باوەڕی بەوە نییە کە لەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە و ئەم بارودۆخە درێژەی دەبێ. حیزبەکان لە فکری پڕکردنی خەزێنەکەی خۆیاندا بوون کە ئەگەر جارێکی دیکە هەڵاتن گیرفانیان بەتاڵ نەبێ.

خەڵک بەڵام پەیجۆری ڕێگاچارەی دیکە بوون. ئەوانە کە منداڵێکیان هەبوو کە بتوانی خۆی بگەینێتە ئۆروپا و لە یارمەتی سۆسیاڵ یان کار، بڕیک پارە بۆ بنەماڵەکەی بنێرێتەوە، رێگای ئۆرۆپایان گرتە بەر. لەو ساڵانەدا پاپۆڕی پڕ لە کوردی باشوور لە

ڕێگای رووسیەوە دەهاتنە سکاندیناوی. ئەوانەی کە خـزم و کەس، یان دۆستێکیان لە دەرەوە هەبوا و توانیبان رازییان بکەن کە یارمەتییان بۆ بنێرن ئەوە سـەری بێ شێویان نەدەنـایەوە. لە لایەکـی تـرەوە، کەمتـر داگیرکەرێـک وڵاتێکـی چەپـاو کـردووە کە کوردەکـان وڵاتـی خۆیانیـان رووتانـدەوە. لە تێلـی کارەبـاوە بگـرە هەتـا کەرەسـەی نەخۆشـخانە و تەنـانەت توربینەکـانی ئاوبەنـدەکان و ماشـین و ئۆتۆمـۆبیلی سـووک و قورسی ئیدارەکان و یارمەتی و پێشکەشی وڵاتەکانی تر دزران و لە ئێران و تورکیە فرۆشران. تێدەگەم کاتێـک کە خەڵـک برسییە، نـاکرێ باسی ئەخـلاق و ڕەوشـتی بـۆ بـکەی، زکـی منـداڵی برسی بە پەنـد و مەتەڵ تێـر نـابێ. بەڵام ئەوانەی کە ئیمکـان و توانایان هەبوو بۆ دەبێ ئەمە شێوەیان بێ.

*لەو سـاڵانەدا دۆسـتێک چووبـووەوە کوردسـتان و داوای لە مـن کـرد بـۆ بەرهەمهێنـانی فیلمێـک یـارمەتی بـدەم. گـوتم زۆر باشـە بەڵام مـن خەڵکـی کوردستانی رۆژهەڵاتـم و رژیمـی ئێـران لە سـەری بـڕاوم دەگەڕێ، پێـت وا نیـیە ئەگەر سـەد دۆلار بە کەسـێک بـدەن، نـامکوژێ؟ گـوتی: سـەد دۆلاری چـی، بە پێنج دۆلاریش دەتکوژن".*

پاسدار و بەکرێگیراوی ئێران (کە بە داخەوە لەنێو حێزبە سیاسییەکانی کوردستانی باشووریشدا کەسانێکیان هەبوو) دەستیان بە تێرۆرکردنی ئەندامانی هێزە سیاسییەکانی پەنـابەری ئەوێ کـرد. هەتـا ئەو رادەیە کە لە سـاڵی ١٣٧٠ەوە هەتـا ١٣٧٨، لە حـدکا ٦٧ کەس و لە کـۆمەڵە ١٣ کەس لە خـاکی کوردسـتانی باشـووردا تێـرۆر کـراون. بە چاولێکردن لە "شەهیدنامە"کانی هەردوو ڕێکخراو دەبیندرێ کە ئەم تیرۆرانە هەمـوو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدا کراون. ناتوانین بڵێین کە یەکێتی ئاگای لێی نەبووە، نەشبیسـترا گازنـدەیەکیان کردبێ. جارێـک پاسـداران لـۆریی قەفەسـدار لەگەڵ خۆیـان دەهێـنن کە هەمـوو ئۆردوگـاکەی حێزبـی دێمـۆکرات ئەسـیر بـکەن و لەگەڵ خۆیـان ببەن. پێشمەرگەکان لەسەر ڕێگایان دادەمەزرێن. یەکێتی کە دەبینێ کارەکە وای لێ هـات، دەکەوێـتە نێـوان و پاسـدارەکان هەتـا سـنوور لەژێـر چـاوەدێریی پێشـمەرگەکانی خۆیدا بەڕێ دەکاتەوە.

هەلـومەرجی نالەبـاری ئـابووری و ئەمنـی و ئـاوارەیی، بـوو بە هـۆی هـاتنی لافـاوی

پەنابەرانی عێراقی بۆ وڵاتانی هاوسا و بۆ ئۆروپا. ئەمە ئەرک و کارێکی تازەی بۆ کوردەکانی دانیشتووی ئۆروپا هێنایە پێشەوە.

کۆمەڵەکانی کوردی نیشتەجێی ئۆروپا بە هەموو توانای خۆیانەوە، لە هەرکوێ بوون لە دوو بواردا چالاک بوون: یەکەم کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ ئاوارەکان و منداڵانی بێ دایک و باب. دووهەم گەیاندنی هەواڵەکانی کوردستان لە ڕێگای پەیوەندیگرتن بە کاربەدەستان و بڵاوکردنەوەی پەخشان و سازدانی ڕێپێوان و شەوی نەورۆز و کۆنفرانس و سمیناری جۆربەجۆر.

لەم چالاکییانەدا هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باکوور زۆر خۆپاریز بوون و کەمتر خۆیان تێکەڵ دەکرد. ڕەنگە لەبەر گرێدراوی بە ڕێژیمەکانی ئێران و عێراقەوە. بەڵام نەدیترا تاکەکەسە بێلایەنەکانیان و ڕێکخراوە چەپە ئێرانییەکان بە شێوەی پێویست (کە ئەنترناسیۆنالیسم!! دایناوە) لەم چالاکییانەدا بەشدار بن.

چاوپێکەوتنی نێوان سەدام و ڕێبەرانی کورد و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی لەلایەن تلەڤزیۆنەکانی دنیاوە، ئاوی سەردی کرد بەسەر چالاکوانانـدا. گەرچی ئەوان کاریان بۆ خەڵک دەکرد، بەڵام کارکردی خراپی لەسەر ورەی هەموومان هەبوو.

دوای دانرانی هێڵی سوور بۆ فڕۆکە شەڕکەرکان و لە قورچەقینی پاپۆڕی شەڕکەری سەدام، زۆربەی خەڵک گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئێستا بەشێکی گەورە لە خاکی کوردستان لە بەردەستی دوو حیزبدا بوو و دەبوا بە شێوەیەک لە نێوان خۆیاندا دابەشی بکەن. بە تایبەت داهاتی گومروگی سنووری باکوور کە زۆربەی پێداویستیی خەڵک لەوێوە دەهات. گەرچی پارلمان پەنجا/ پەنجا دابەش کرابوو، دیسانیش ڕێک نەکەوتن و لە ساڵی ١٩٩٤ (١٣٧٣)دا دووبەرەکی گەییشتە قۆناخی شەڕ.

ئەوەی سەدام نەیتوانیبوو بە خەڵکی بکا، ئەمان کردیان. ئەو هەواڵانەی کە بڵاو دەبوونەوە، ترسێنەر بوون. یەکێتی نیشتمانی بە یارمەتی سپای پاسدارانی ئێران بەشێکی زۆری ناوچەکەی بە هەولێریشەوە خستە ژێر ڕکێفی خۆی. ئاخری پارتی - دەگوترێ بە ڕەزامەندی ئەمریکا- هێزەکانی سەدامی هێنایە هەولێر(٩٦/٨/٣١) و ئەوان لە ماوەی شەش سەعاتدا هەولێریان گرت و دایانە دەست پارتییەوە.

ئەم شەڕە کە هەتا ١٩٩٨ درێژەی هەبوو، برینێکی وەهای لەسەر جەستە و گیان و کولتوری ئەو خەڵکە داناوە هەتا چەند بەرە بەردەوام دەبێ. هێشتاش پاش تێپەڕبوونی

بیست ساڵ، سەرەڕای هاوپەیمانیی ستراتیژی و قەول و قەرارەکان، هاوکارینەکردنی ئەندامانی دوو هێزەکە لە ئیدارە و ئەرتەش و زانکۆ و...دا نیشاندەری قووڵبوونی ئەو برینەیە. ئەوان تەنانەت دوای ئاگربەسیش دیلەکانی یەکتریان لەنێو بردووە. بەپێی ئامار ٢٦٨ کەس بێ سەروشێنن و ئێستا پاش ١٧ ساڵ دەڵێن نەماون. یانێ هەموویان کوشتوون!

*شەڕی نێوخۆ، بێبەزەیی، دەمارگیریی ئایدۆلۆژی، پیلان و سەرکوتکردنی تێکەڵ بە قەڵاچۆ، بەشێک لە هەلومەرجی ئینسانییە؛ لە راستیدا، خۆراکی رۆژانەی زۆربەی خەڵکی ئاساییە جگە لە کەمایەتییەکی خاوەن دەسەڵات.** 

کوردەکانی دەرەوەی وڵات جگە لە هەناسەساردی کارێکی دیکەیان لە دەست نەدەهات. هێندێ کردەوەی وەکوو خۆپێشاندان و مانگرتنی خواردن هەم لە ژوورەوەی وڵات و هەم لە دەرەوە لە لایەن رووناکبیران و کەسە بێلایەنەکانەوە کرا، بەڵام هەر وەکوو جاری جاران گوێ بە قسەی خەڵک نەدەدرا. هەتا - دەگوترێ- ئەمریکا هۆشداری بە هەردوو لا دەدا و وسکوتیان دەکا.

لە تەواوی ماوەی ئەم شەڕەدا، کۆمەڵەکانی دەرەوەی وڵات لە بەردەستی لایەنگرانی ئەم یان ئەو حیزبەکەدا بوو و بێلایەنەکانیش ئەوانیان بایکۆت کردبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٠دا دیسان پارلمانی کوردستان لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دابەش کرا. گەرچی دەنگیان لە خەڵک وەرگرتبوو، بەڵام هیچ لایەک ئامادە نەبوو کەمایەتیی پارلمانی بێ. ئاخری، بە رێککەوتنی سەرۆکەکان کێشەکە چارەسەر کرا. سەرۆک وەزیر لە پارتی بێ و جێگرەکەی یەکێتی. وەزیرکانی دەوڵەتیش دابەش بە دوو و هەر کام لە ناوچەی خۆیان.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەپێی رێککەوتنی هەردوو لا، ٤٦ وەزیر دانرا. هەر وەزارەتێک و دوو وەزیر: یەک لە ناوچەی یەکێتی و یەک لە ناوچەی پارتی یا بڵێین یەک لە سلێمانی و یەک لە هەولێر. کوردستان بە فەرمی دوو لەت کرا.

---

* کریس هێجز، هەمان.

له ساڵی ٢٠٠٨دا کاتێک سەرۆک وەزیری بەپێی نۆبە، گەیشتە یەکێتی، دوو سەرۆکەکە (جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی) بڕیاریان دا وەزارەتەکان بەرە بەرە تێک بخرێنەوە. هەتا ساڵی ٢٠١٢، هێشتا وەزارەتی ئابووری و وەزارەتی پێشمەرگە لێک جیان. سوپا لە ناوچەی یەکێتی کڵاوی سەوزی لەسەرە و لەناوچەی پارتی کڵاوی سوور، بەڵام پارەی هەردووک لا لەیەک ڕەنگە! پێویست بە گوتن نییە کە بۆ سەبارەت بە وەزارەتی ئابووری ڕێک ناکەون. ڕاستییەکەی ئەوەیە تەواوی ئیدارە و بنیاتەکان، تەنانەت بنیاتە ئەهلییەکان، سەر بە یەکێک لەو دوو حیزبەن و هاوکارییان زۆر دژوارە.

براکوژیی ئەو هەموو ساڵە ناکرێ بە پەند و بزەی سەر لێوان و وێنەی یادگاری پێکەوە گرتنی ڕێبەران، لە زەینی خەڵکدا بسڕدرێتەوە.

*ئەمن لەم ساڵانەدا، جگە لە چالاکی لە کۆمەڵە کوردییەکانی بێلایەندا، زمانی سویدیم (بۆ گوزەرانی ژیان) دەخوێند و هاوکات هەوڵم دەدا لەگەڵ زمان و مێژوو و کولتوری ناوچە کوردەوارییەکاندا زیاتر ئاشنا بم. ئێمە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، مافی خوێندن و نووسین بە زمانی خۆمانمان نەبوو. ئەستەمە ئەو کەسەی کە ئەم کێشەیە نەبووە تێی بگا کە گوتنەوەی هەستەکان بە زمانێکی جگە لە زمانێک کە ئەو هەستانە تێدا پەڵپی بەستووە چەند دژوارە و چەند لەگەڵ وێژەر و نووسەردا نامۆیە. بە گوتەی ئیبراهیم یوونسی: ئێمە بە فارسی لێمان دەدرا و بە کوردی دەگریاین؛*

*بە هەر گیانکەنێشتێک بوو ئەم دوو زمانەم پێکەوە بردە پێشەوە. بەرهەمی زمانی کوردی ئەو کتێب و وەرگێڕان و نووسراوانەیە کە گەیشتووەتە دەستی خوێنەران. بەرهەمی زمانی سویدیش پەیداکردنی کاری مامۆستایی سینەما و تەلەڤزیۆن لە یەکێک لە مەدرەسە باڵاکانی شارەکەماندا بوو. ئەم کارەم کە هەتا ساڵی ٢٠٠٦ درێژەی هەبوو، درکەی دنیایەکی تازەی بۆ کردمەوە. لە هەموو گرینگتر ئاشنابوون لەگەڵ لاوانی سکاندیناوی و ڕەنگە ئۆروپادا بوو؛ چونکە قوتابییەکانی من هەموو لاو بوون و دوای دیپلۆم دەهاتنە ئەو پۆلانە. تێکەڵێکبوون لە ئانارشیست (ئاژاوەگێڕ)، ئاکتیویست (چالاکوان) و هۆگرانی فیلم و سینەما. کە دەیانزانی منیش چالاکوانی سیاسی بووم، زیاتر هۆگر دەبوون و بە بێ پەردە کێشەکانیان بۆ باس دەکردم. منیش*

*لەگەڵ ئەوان گەشەم دەکرد و لەگەڵ ناتەباییەکانی کۆمەڵدا زیاتر ئاشنا دەبووم.*

بەگشتی، کێشەی گەنجەکانی ئەم وڵاتانە دەکرێ لە دوو خاڵدا دیاری بکرێ. یەکەم بێکاری کە بۆ خۆی بنەمایە بۆ تاوانکاری و قوربانیبوونی مادە هۆشبەرەکان. دووهەم ناباوەڕی بەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە و نەبوونی جەمسەری سیاسیی جێگای باوەڕ.

لەم بوارەدا، نابەجێ نییە چاوێک بگێڕین بە سیستەمی دیمۆکراسی ئۆروپیدا، شتێک کە بووەتە قیبلەی هێندێک لە رووناکبیران و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ئێمە. لە نێو هەموو ئۆروپاشدا گوایە سوید هەر ئەو مەدینەی فازڵەیە کە ئەوان تامەزرۆی بوون؛ سویدێک کە سەد ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی سۆسیالدیمۆکراتەکاندا بووە.

با بزانین بۆ لاوەکانی خۆیان باوەڕیان پێی نییە.

سیستەمی دیمۆکراسی سوید بەپێی هەڵبژاردنی حیزبییە. هەر حیزبێک کە چوار لە سەدی دەنگی دەنگدەران وەربگرێ، نوێنەر بۆ پارلمان یان کۆمیتەی کارگێڕی کۆمۆن (شارەداری- شارەوانی) دەنێرێ. بەم پێیە حیزبە بچووکەکان نە تەنیا دەنگیان نییە، بەڵکوو بودجە بۆ پڕۆپاگەندەش وەرناگرن. ئەمانە زۆربەیان حیزبە چەپەکانن کە هەروا لە دەرەوەی بازنەی سیاسیدا دەمێننەوە.

شێوەی هەڵبژاردن وایە کە هەر حیزبێک لیستەیەک لە نوێنەرانی خۆی دەنووسێتەوە. ئەم لیستە لە کۆمیتەی هەڵبژاردنی حیزبدا دیاری دەکرێ. خەڵک بەس دەتوانن دەنگ بۆ یەکێک لەو لیستانەی حیزبەکان بدەن. بە کردەوە، ئەو چەند کەسە کە لە کۆمیتەی هەڵبژاردنی حیزبدا دانیشتوون نوێنەرانی خەڵک دیاری دەکەن. ئەوانیش دیارە ئەو کەسانە لە لیستەدا دادەنێن کە بۆ حیزبەکەیان لەوانی تر بە ئەمەکترن و قازانجی حیزب زیاتر لە بەرچاو دەگرن. لە لایەکی ترەوە، لانی هەرە زۆر حەفتا لە سەد کەسانی خاوەن دەنگ، دەنگ دەدەن. سی لە سەدەکەی دیکە باوەڕیان بەو نیزامە نییە. حیزب یان کۆمەڵە حیزبێک کە پەنجا و یەک لەسەدی دەنگەکانیان هەبێ، کە لە راستیدا نوێنەری ۳۶ لەسەدی دەنگدەرانن، دەوڵەت پێک دێنن. بەرپرسی حیزب خۆ بە خۆ دەبێتە سەرۆک وەزیر. ئەویش لە نێوان کادرەکانی حیزبدا وەزیرەکانی دیاری دەکا. وەزیرەکانیش بەرپرسی بنیادە هەستیارەکان دادەنێن و ئەوانیش مودیرەکانی ئیدارە و مەدرسە و... دیاری دەکەن. مودیرەکانیش ئەندامانی

حیزب بە نێو کارمەند و کاریگەرەکاندا بڵاو دەکەنەوە کە ئاگایان لە کار و کردەوەی رەقیبەکان بێ و لە مەیدان وەدەریان نێن.

دەگوترێ خەڵک دەنگ بە بەرنامەکەیان دەدن. گەرچی بەرنامەکانیان جیاوازییەکی بەرچاوی پێکەوە نییە. هیچ کاتیش نەدیتراوە ئەو قەول و قەرارانەی کە لە کاتی هەڵبژاردندا دەیدەن دوایە بە ڕێوە برابێ.

دەوڵەتەکانی ئەوڕۆ لە راستیدا نووسینگەی خاوەن سەرمایەکانن. ئابووری وەها دابین کراوە کە بە گوتە "پۆل ئا باران" ئابووریزانی ئەمریکی: سەرمایەدار هەموو کاتێک جووت شەش دێنێ و کرێکار جووت یەک" دەوڵەتەکان (حیزبەکانی خاوەن دەسەڵات) بەس تاسەکان هەڵداوێن.

گەنجانێک دەبنە لایەنگری ئەم حیزبانە کە بیانەوێ لە نەردیوانی حیزب بۆ هەڵکشان کەڵک وەرگرن نەک باوەڕیان بە بەرنامە و ئایدۆلۆژییان هەبێ. لێرە ئەگەر کەسێک ئاواتی ئەوەی هەبێ رۆژێک ببێ بە نوێنەری پارلمان یان وەزیر یان تەنانەت ئەندامی شەورای شار، هیچ رێگایەک جگە لە نەردیوانی حیزب نییە. کارزانی و لێهاتوویی و تەنانەت بلیمەتبوون یارمەتی نادا. دەبێ ئەندامی حیزب بێ و ساڵەها ئەمری حیزب بە ڕێوە بەرێ و دەنگی پێوە نەیە هەتا بگاتە ئەو ئاواتە. زیرەکبوون لە چوونەسەرەوەی پلەکانی حیزبیدایە نەک زانابوون و ئینسانبووندا.

لەم ساڵانەی دواییدا، لەم شێوە هەلپەرەستییانە لە نێو ئێرانییەکانیشدا زیادی کردووە. بۆ نموونە کۆمۆنیستی پێشوو دەبینی نێوی لە لیستەی حیزبی راستی ئەوپەڕگردایە.

کرێکار و کارمەندی ئەم وڵاتە هەموو لە سەندیکادا رێک خراون. لەم بوارەدا سوید رێکخراوترین وڵاتی دنیایە، بەڵام هەموو ئەم سەندیکایانە (جگە لە سەندیکالیستەکان کە سەندیکایەکی بچووکن) لە یەکێتییەکی سەرانسەریدا کۆکراونەتە کە لە دەستی سۆسیالدێمۆکراتەکاندایە. بەرپرسی یەکێتی لە مەکتەبی ناوەندیی حیزبدا ئەندامە. کاتێک سۆسیالدێمۆکراتەکان دەوڵەتیان بە دەستە، ئەم یەکیەتییە ئیزنی هیچ کردەوەیەکی دژ نادا. ئەم رێکخراوەیە کە پەیوەندیی نێوان کرێکار و کارمەند و خاوەنکار دیاری دەکا و هەرجۆرە نارەزاییدەربڕینێک دەبێ لەلایەن ئەوانەوە پەسند بکرێ. کە سەندیکاش وەکوو سەرۆک وەزیرانی مۆدێرات دەڵێ: ئێمە دابی مانگرتنمان

نییە.

بە درێژایی سەدەی بیستەم یەک جار لە سوید مانگرتنێکی جیددی رووی داوە. مانگرتنی کرێکارانی کانی ئاسن لە ١٩٦٩دا کە ئەویش بە دژی سەندیکاکەی خۆیان بووە کە لایەنگری لە خاوەنکار کردووە. هێشتاش پەیوەندیی نێوان سەندیکا و خاوەنکار چ دەوڵەتی، چ ئەهلی، هەر بەو شێوەیە. پێشتر پارەی قەرەبووی بێکاریش لە دەستی سەندیکادا بوو؛ یانێ ئەگەر کرێکاریک ئەندامی سەندیکا نەبوایە پارەی کاتی بێکارییان نەدەدایێ. لەم ئاخرانەوە ئەم دوو شتە لێک جوێ کرانەوە، کە بوو بە هۆی جیابوونەوەی بەشێکی بەرچاو لە کرێکار و کارمەندان لە سەندیکا.

ئەمەش دێمۆکراسیی سەندیکایی. دیارە هەموو زەحتە نارەواکان بە رووکارێکی رازێنراوە و گوتەی ژیرانەوە دەکرێ و عەبا و نەعلەین و ئایەتە ئاسمانییەکان بەکار ناهێنرێ.

ئاماژە بەمەش بکەم کە رادەی دەسەڵاتی شارەوانییەکانی سوید لە ناوچەی خۆیان زۆر زیاترە لەو خودموختاری و فیدراڵییەی کە ئێمە داوای دەکەین. سەرەڕای ئەوەش بە جیاوزیخواز تاوانبارمان دەکەن.

# داگیرکردنی عێراق

ئەورۆ لە خوێندکارانی پۆلەکەم کە هەموو دەرچووی پەیمانگای ڕاگەیاندنن و بۆ فێربوونی زیاتر و ئامادەبوون بۆ کار هاتوونەتە ئێرە، داوام کرد هەرکەس چیرۆکێک بە چەند دێڕێک بنووسێ کە دوایە لە نێوان ئەو چیرۆکانەدا چەند چیرۆک بکەین بە سەناریۆ بۆ کورتە فیلم. جێ باوەڕ نەبوو. یەکەم هەموو چیرۆکەکان سەبارەت بە شەڕ بوون؛ کەچی دوازدە ساڵە هیچ شەڕێک لەم هەرێمەدا رووی نەداوە و ئەمانە هیچکامیان بیست ساڵ زیاتر تەمەنیان نییە. ڕەنگە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان- کە هەروا درێژەی هەیە- لە لایەن بەتەمەنترەکانەوە زەینیانی پڕ کردووە، یان بیر دەکەنەوە - بە لاساییکردنەوەی رادیۆ و تلەڤزیۆنە خۆماڵییەکان- ئەمە تەنیا بابەتێکە کە دەبێ لە خوێندنگەکانیشدا باس بکرێ. دووهەم نووسراوەکان لە ئاستی پۆلی سێهەم و چوارەمی سەرەتاییدا بوون. لێیانم پرسی: ئاخۆ چیرۆکیان خوێندووەتەوە؟ تەنیا یەک کەس دەستی هەڵێنا و گوتی چیرۆکێکی لە دەرسی ئینگلیسیدا خوێندووەتەوە. بیرم لەو ئەرکە دژوارە کردەوە کە لە پێشمە. لە پێشدا دەبێ بزانم بۆ وای لێ هاتووە؟

لەگەڵ داهاتنی تاریکی و بێدەنگبوونی مەلیچکەکاندا بیرم لە ڕۆژگاری منداڵیی خوێندکارەکان دەکردەوە. سەرەتای ١٩٩٠ەکان، هێرشی سوپای سەدام بۆ کوردستان و ئاوارەبوونی خەڵک لە کێو و بەندەن و وڵاتانی هاوسێدا. بێگومان مەکتەب لە ئارادا نەبووە. دوای ئەوەش شەڕی نێوخۆ و نەبوونی دەوڵەت و بودجە بۆ مەکتەبەکان. منداڵان لە هەوای شەڕدا گەورە دەبن و نەخوێندەوار دەمێننەوە. لە ساڵی ٩٧ بەملاوە شەڕ لانی کەم لە کوردستاندا تەواو بووە، بەڵام عێراق بە گشتی لە ژێر گەمارۆی ئابووریدا بووە و پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا پچڕاوە. کتێب نەبووە، مامۆستا مانگانەیان پێ نەدراوە و ناوەندێک بۆ ڕێکخستنی فێرکردن و بارهێنان نەبووە، بەڵام کارنامەیان بە منداڵان داوە. شەهادەی بێ ناوەڕۆک. دوای ئەوەش عێراق داگیر کرا

*و... هەتا ئەو شەپۆلە دامرکێتەوە، ئەوانەی کە لە ساڵەکانی ٩٠دا هاتوونەتە دنیاوە، بیست و چەند ساڵەن. بە دەستی بەتاڵ و مێشکی هەژار و کۆڵوانەیەک پڕ لە بیرەوەریی شەڕ.*

*خەساری گەورە کە شەڕ و بە تایبەت شەڕی نێوخۆ لە کۆمەڵگەیەک دەدا، ژمارەی کوژراو و بریندارەکان نییە. هەژاریی ماددی و لەنێوچوونی سەرمایەکانیش نییە. بەڵکوو نەخوێندوار مانەوەی ئەو بەرەیە کە میراتبەری بەجێماوەکانی شەڕە.*

*لە ماوەی ئەم چەند ساڵە ئارامییەی دواییدا، زەرەرە مادییەکان بە خێرایی قەرەبوو کراونەتەوە، بەڵام قەرەبووی دواکەوتن کار و کردەوەیەکی دیکەی دەوێ کە دەڵێی کەس خەمی ئەوەی نییە. حیزبە دەسەڵاتدارەکان کە دەوڵەتیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە لە ڕۆژنامە و رادیۆ و تلەڤزیۆنەکانیاندا هەر خەریک خۆشکردنی ئاوری هەستە نەتەوەیی/ نیشتمانییەکەن و ئەمە راست ئەو شتەیە کە لاوەکان لێی هەڵدێن، چونکە یادگاریی شەڕ و رابردوویەکە پەیوەندیی بەوانەوە نییە.*

*ئەوان کەناڵیکی بێ ئەژماری ساتەلایتیان لە بەردەستدایە. ئەمە بۆ خۆی بووەتە هۆی سەرلێشێواوی، لاساییکردنەوەی کوێرانە لە مۆدێلەکانی وڵاتانی دیکە کە هیچ وێکچوونێکیان لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا نییە. بۆیە لە دەوروبەری خۆیان نامۆ دەبن. ئاکامەکەی دوورکەوتنەوە لە بیر و باوەڕ و نەبوونی ئایدۆلۆژییە. راست بە پێچەوانەی ساڵەکانی لاوەتیی ئێمە.*

ساڵی ٢٠٠٣ م ساڵی روخانی سەدام بوو. ئەمریکا پاش شەڕی کوەیت لە ئامادەکردنی هێرش بۆ عێراقدا بوو. جگە لە گەمارۆی ئابووری و کار لەسەر جێگرەکان، گەلاڵەی هێرشی لە پێشدا ئامادە کردبوو. سەدامی وەکوو شەیتانی راستەقینە و دیکتاتۆری نموونەیی لە زەینی خەڵکدا جێگیر کردبوو. هەر لە کتێب و نووسراوەکانی ئەم سویدەدا، سەدام وەکوو خراپترین دیکتاتۆر بە نموونە هێنرابووەوە. لێدانی جمگەبورجەکانی نیویۆرک دەرفەتێکی رەخساند کە پاکانە بۆ ئەم هێرشە ساز بێ.

ناڕەزایی دەربڕینی میلیۆنها ئینسان لە سەرانسەری دنیادا کەڵکی نەبوو. ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو. لە فیلمێکدا کە خاتونێکی سوئدی سەبارەت بە شەڕی عێراقی

ساز کردووە، بە روونی دەردەکەوێ کە مانگێک پێش هێرشەکە رۆژنامەوانانی ئەمریکی لە هۆتێلەکانی بەغدادا جێگیر ببوون. ئەو لە هەواڵنێری سی.ئن.ئن دەپرسێ ئێوە پێتان وایە کەی شەڕ دەست پێ دەکا؟ وەڵام دەداتەوە سێهەمی مارس. ئەمە هێشتا ئەو کاتەیە کە نوێنەرانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ و چی و چی لە هاتوچۆدان و بە رواڵەت خەریک وتووێژن. هێرش لە کاتی خۆیدا دەستی پێ کرد. کوردەکان روخانی بەغدایان کرد بە جەژن و هەڵپەڕکێ لە شەقامەکاندا.

ئەمریکا دوو شتی لەگەڵ خۆی هێنایە کوردستان. یەکەم دۆلارێکی زۆر کە خرایە گیرفانی سەرۆکعەشیرەت و رێبەرانی سیاسییەوە. دیارە خەڵکیش بەهرەیەکی لێی وەرگرت. دەزانین کە هەتا ساڵی ۲۰۰۳ باری ژیانی خەڵک زۆر خراپ بوو و شەڕیش خراپتری کردبوو. لەم کاتە بەولاوە ژیان لە سەرانسەری عێراقدا بوو بە دۆلاری و ئاکامەکەی گۆڕانی ئەخلاقیی کۆمەڵ بوو. راست هەر ئەو شتە کە لە ئێران رووی داوە. پارە بوو بە پێوانەی بایەخەکان. بابێک باشە کە پارەی هەیە. برایەک دڵنەرمە کە پارە دەبەخشێتەوە. قەوم و خوێشی و دۆستی و برادەری کاتێک نرخی هەیە کە پارە لە نێواندا بێ. رێکخراوی سیاسی بە ئایدۆلۆژی و مێژوو و کردەوە ناناسرێتەوە، بەڵکوو بە دەرەتانی دامەزراندن و رادەی مووچەی مانگانەوە ئەندام و لایەنگر پەیدا دەکا. ئەو بەرپرسە دەوڵەتییە رێزی هەیە کە لەو پارەیەی دەیخانە گیرفانی خۆیەوە، هێندێکیشی بە ژێردەستەکانی دەدا یاخۆ چاوپۆشی لە دزییەکانی ئەوانیش دەکا. گەڵاڵە و پرۆژەیەک بۆ ئەنجامدان دەبێ کە بەشێک لە بودجەکەی بە بەرپرس و واژووکەر بگا؛ دیاردەیەک کە رەنگە بە ئاشکرایی و زۆری بەشەکانی دیکەی عێراق یان ئێران و تورکیە و تاجیکستان نەبێ.

دووهەمین هاوردەی ئەمریکییەکان بۆ کوردستان، پاراستنی ناوچەکە لە دەستدرێژیی ئێران و عەرەبەکان بوو. چونکە کوردستان لە باری سامانی ژێرزەوی و نەوتەوە زۆر دەوڵەمەندە و هەموو خۆیان ئامادە کردبوو دەستی بەسەردا بگرن. بەر لە هێرشی ئەمریکا و شەریکەکانی، کوردەکان هێزی چەکداری خۆیان ئامادە کردبوو و لە راستیدا ناوچەکە لەژێر رکێفی ئەواندا بوو، لە سێبەری ئەم داڵدەدانەی ئەمریکادا بوو کە توانییان فۆرموولی "عێراقی فێدراڵ"بخەنە نێو یاسای بنچینەیی عێراقەوە و حوکوومەتی فدراڵی خۆیان بە فەرمی رابگەیەنن.

بەپێـی ژمـارەی دانیشـتوان، ١٧ لەسـەدی بـودجەی گشـتیی عێـراق بە هـەرێمی کوردستان دەگا. بەغدا هەشت لە سەدی هەڵدەگرێتەوە بۆ "خەرجی ئیداری فێدراڵ" و باقییەکەی دەنێرێتە کوردستان. لەم پارەیە (کە بە تەلیس دێ) لە پێشدا بەشی شێر هەڵدەگیرێ. یانێ حیزب و ڕێکخراوەکان بەپێی ژمارەی نوێنەریان لە پارلمان نزیکەی شەست لە سەدی دەبەن. پاشماوەکەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو وێرانەیـەیە کە ڕژیمی بەعس و خۆیان پێکیان هێناوە.

بەڵام کار بەم هاسانییە نەبوو. کوردستان لە گەمارۆی وڵاتانێکدا بوو کە دژی ئەم ئازادییە نێوە و ناتەواوە بوون. چونکە دەترسان ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ کوردستانەکانی وڵاتەکانی ئەوانیش. نە ئێـران و نە تـورکیە و سـووریە و نە بەشـی عەرەبـی عێـراق ڕێگایان نەدەدا کەلوپەلی قورس بێتە کوردستان. تەنانەت ماتۆر کارەبای چوار کیلوات دەبـوا بە قاچـاخ بهێنـدرێ. ئەو کتێبـانەی لە دەرەوەی وڵات بـۆ مەکتەبەکـان چـاپ کرابوون لە هیچکام لە سنوورەکانەوە، تەنانەت لە بەسرەوە ئیزنی هێنانیان وەرنەگرت. موسـافرەکانی کوردسـتان ئەگەر لە سـنووری تـورکیەدا کتێبـی کـوردی (لە هەر جۆرێک)یـان پـێ بـوایە، لێیـان وەردەگیـرا. ئەمریکـا کـاری بەم کـارانە نەدابـوو. ئـاخری کوردەکان ڕێگاچارەیەکیان دیتەوە. ئاوەدانکردنەوە و تەنانەت خواردنیان دایە شـەریکە تورکی و ئێرانییەکان. بۆنی دۆلار سیاسەتی دایە دواوە. کوردستان پڕ بوو لە شـەریکە و کرێکـاری ئێرانـی و تـورکیەیی. بەڵام عەرەبەکـان بـێ بەش مـانەوە، جـگە لە دەوڵەمەندەکانیان کە بۆ پشوودانی هاوین دێنە کوێستانەکانی کوردستان.

لە بەشی تەندروستیدا، کورەیی و ئیتالییەکان نەختێک یارمەتیی مرۆڤدۆستانەیان کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٤دا هێزێکی تازە لە کوردستانی ئێراندا هاتە مەیدانی خەباتەوە. "پژاک" حیزبـی ژیـانەوەی ئـازادی کوردسـتان. دەزانـین کە "پ.ک.ک" دوای دەرچـوون لە سـوورییە، بەشـێک لە بـنگە و بنەمـاڵەی ئەنـدامەکانیان بەرەو ئێـران نـارد. ئەمـانە لە شارەکانی ورمێ و سنە و...دا نیشتەجێ کران. لەم ساڵانەدا لاوێکی زۆر لەم شارانەدا بـوون بە لایەنگری ئەم ڕێکخـراوە. کاتێـک کە پەیوەنـدی پ.ک.ک لەگەڵ ئێـران کـز بوو، ئەم هێزانە هاتنە هەرێمی کوردستان، بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم بە هۆی هەڕەشـەی تـورکیەوە لە شـەڕێکی خوێناویـدا ئەوانیـان لە شـارەکان وەدەر نـا و بەرەو

کوێستانەکان پاڵیان پێوە نان. پ.ک.ک ڕێکخراوێکی بۆ لایەنگرە کوردە ئێرانییەکانی ساز دا کە سەربەخۆ لە بەشی ڕۆژهەڵاتدا خەبات بکەن. ڕێبەرایەتیشی درا بە رەحمان حاجی ئەحمەدی کە لە ساڵەکانی زوو کادری ناوەندیی حدکا بوو.

پەژاک پاش یەکەم کۆنفرانسی لە ٢٠٠٤دا وەکوو حیزب راگەیەندرا و دەستبەجێ لەگەڵ هێزەکانی ئێران کەوتە شەڕەوە. ئایدۆلۆژیی ئەم حیزبە لە بیرۆکەکانی عەبدوللە ئۆجەلان پێرەوی دەکا. یان وەک خۆیان دەڵێن ئاپۆئیسم. ئەوان بە یارمەتیی پ.ک.ک لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستاندا جێگیرن و هەر بەم بیانووەشەوە ئەم ناوچانە لە لایەن هێزەکانی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی ئێرانەوە تۆپباران دەکرێن و خەڵکی ناوچەکە ئاوارە دەبن. لەم ئاخرانەوە بە ناوبژیوانیی پارتی، هەردوو لا بەرواڵەت هێرشیان راگرتووە. پەژاک دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی هەڵنەگرتووە، بەڵکوو دەیەوێت دین لە سیاسەت جوێ بێت. ئامانجی سەرەکیی حیزب "خۆمودیریی دێمۆکراتیکی کوردستان" گوتراوە و بۆ گەییشتن بەو ئامانجە "بەرگریی رەوای چەکدارانە" هەڵدەبژێرێ. ئەم ڕێکخراوە لە ماوەیەکی کورتدا، سەرنجی خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵاتی راکێشا و دەکرێ بڵێین لە داهاتوودا یەکێک لە هێزە جێباسەکانی جووڵانەوەی کوردستانی رۆژهەڵات دەبێ. هۆی سەرەکیی بەرچاوبوونی چالاکیی ئەم حیزبە، بێ کردەوەی و چاوەڕوانی داهاتووی نادیاری باقیی هێزەکانی دیکەیە.

یەکێک لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە پاش رۆخانی رژیمی سەدام زیاتر لە هەموو لایەک تووشی کێشە بوو، ڕێکخراوی موجاهێدینی خەڵک بوو. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩٣دا هاوڕێی هێزەکانی سەدام بەشداریی لە سەرکوتکردنی کوردستان و شیعەکانی باشووردا کرد. بە تایبەت لە ناوچەی بەردەستی یەکێتیی نیشتمانیدا. (ویدئۆکانی لە کوردستان دەستاودەست دەگەڕا و پێم وایە لە تلەڤزیۆنەکانیشدا نیشان دران) بیانووی ئەم کردەوە رەنگە ئەوە بووبێ کە چونکە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانی یارمەتیی ئێران دەدەن و ئێمەش لەگەڵ ئێران شەڕمان هەیە کە وا بوو ئێمە بە دژی گرێدراوەکانی ئێرانیش شەڕ دەکەین. هەر چۆنێک بێ، ئەم کردەوە بوو بە هۆی دژایەتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوان و نەیانتوانی لە سنوورەکانی کوردستاندا بمێننەوە و لە ئۆردوگایەک لە نزیک بەغدا کە نێویان نابوو "شاری ئەشرەف"

نیشتەجێ بوون و خەریک راهێنان و ساقکردنەوەی هێزەکانی خۆیان بوون. پاش داگیرکردنی عێراق ئەوانیش وەکوو لایەنگرانی رژیمی بەعس لە لایەن ئەمریکاوە چەک کران و هەر لەو ئۆردوگادا گەمارۆ دران. ئەم کردەوە سەبارەت بە هێزە کوردەکانی پەنابەری عێراق رووی نەدا. لە لایەکی ترەوە، ئێران گوشاری خستبووە سەر حوکوومەتی هەرێم کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە خاکی خۆی دەر بکا. یەکێتی و پارتی بە هۆی راگرتنی پێناسەی نەتەوەییەوە ئەم کارەیان لەگەڵ کوردەکان نەکرد و نەچوونە ژێر بار، بەڵام رێک کەوتن کە کوردەکان مافی کردەوەی چەکدارانەیان لە نێو ئێراندا نەبێ. هێزە غەیرە کوردەکان پێشتر ناوچەیان بە جێ هێشتبوو. حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش بە ناوی "کۆمەڵە" و لەبەر کوردبوون لەوێ ماوەتەوە. دەکرێ بڵێین ئێران بە ئامانجەکانی گەییشت. هێزە کوردەکانی زەوینگر کرد و موجاهێدی لە سنوورەکانی دوور خستەوە.

سیاسەتی ئەمریکا وای لێ هات کە دەیەویست ئاسایشی عێراق بداتە دەست هێزەکانی عێراقەوە. کە هەم خۆی کەمتر تێکەڵ بێ و هەم بتوانێ چەک بە ئەرتەشی عێراق بفرۆشێ. لەم بوارەدا، سەرەتا دەبوا ئەرتەشەکە ساق بکەنەوە. دوو سێ ساڵ خەریک ئەم کارە بوون و دوایە لە بەرێکەوە ناوچەکانیان پێ ئەسپاردن. یەک لەوان پارێزگاری ئۆردوگای موجاهێدین بوو. گوێ لە مستی دەوڵەتی شیعەی عێراق بەرانبەر بە ئێران و داوای ئێران سەبارەت بە دەرکردن یان بەدەستەوەدانی موجاهێدین بوو بە هۆی گێرەوکێشە لە نێوان موجاهێدین و ئەرتەشی پارێزگای ئۆردوگادا. ئاخری بە نێوانگری ئەمریکا و سپاردنی چارەنووسی ئۆردوگا بە رێکخراوی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠١٢دا موجاهێدینیان بردە ئۆردوگایەک لە فرۆکەخانەی بەغدا کە لەوێوە بیانبەنە دەرەوە.

## سەفەری کوردستانی باشوور

*چەند رۆژ لەمەوبەر رۆیشتبوومە ماڵی یەکێک لە پێشمەرگەکانی راپەڕینی ۷۵/۷۰ کوردستانی باشوور. لە ژوورێکی بچووکی بلۆکبەندا دانیشتبوو. بەڕەیەکی کۆن نیوەی ژوورەکەی داپۆشی بوو. هاوژینەکەی لە سووچی ژوورەکەدا لە لای سەماوەرێکی کارەباییدا کزی کردبوو. پیرەمێرد گوێقورس بوو، دەبوا هەر رستەیەک دووجار دووپات بکەیەوە. پرسیم: لە کوردستانی ئازاد رازیت؟ گوتی: هەموو شتێکی ژیانی ئێمە ئیجبارە. ئازادییەکەشمان ئیجبارییە. هەر وەک ئەوکاتەی کە هیچ رێگایەک جگە لە پێشمەرگایەتی نەبوو. لە مردن لە زیندانی بەعسدا باشتر بوو. خۆزگە بەو دەورە... لانی کەم بۆ خۆمان کەسێک بووین. ئێستا بۆ چواردینار مانگانە، دەبێ سەعاتێک دەست بە سینگ لە پێش کابرایەکی فوکول لە مل ترنجاو بوەستم. ئێستا هەر کارێکیش بکەم هەر دەڵێن ئەتۆ پێشمەرگە بووی دەبێ تەحەمولت هەبێ. بەڵێ، ئەگەر پێشمەرگە نەبوایەم ئێوەش نەدەهاتن بۆ لام. دەڵێن ئێستا ئێوە حاکمن. ئەمەش حاکمیەتەکەی ئێمەیە کە دەیبینی. ئەوانەی ئەو رۆژانەیان نەدیوە، لە کۆشکەکانیاندا بە سڵامەتی ئێمە ویسکی دەخۆنەوە. ئەگەر کاسبیم کردبا، ئێستا تاجرباشی بووم.*

*چایەکەی پیرەمێرد رەش و تاڵ بوو.*

لە ساڵی ۲۰۰۶دا بە پێشنیاری دۆستێک و بە داوای ناوەندێک لە کوردستانی باشوور، بۆ کاری راهێنان لە بواری تلەڤزیۆن و سینەمادا چوومە هەولێر. دوو ئامانجم لەم سەفەرە رەچاو دەکرد:

یەکەم: ژیان و کار لە کۆمەڵی هاوزمان و هاوکولتووری خۆم و ئەنجامدانی خزمەتێک ئەگەر لە دەستم بێت. لەم بابەتەوە پێم وایە سەفەرەکە زۆر بەکەڵک

بـوو. لە مـاوەی چـوار سـاڵ و چەنـد مانگـدا، نـزیکەی دووسـەد و پەنجـا کەس لە دەورەکانی ڕاهێنانی تلەڤزیۆن و ڕاگەیاندندا بەشدارییان کرد و بەپێی بۆچوونەکانی خۆیـان کە لە ئـاخری دەورەکانـدا دەیاننووسـی، زۆر ڕازی بـوون. هاوکـات بـۆ ئامـادەکردن و ڕاهێنـانی کـادر بـۆ پرۆژەیەکـی گەورە کـارم دەکـرد. بڕیـار بـوو ناوەندێک بۆ ڕاگەیاندن دروست بکرێ کە شەش تلەڤزیۆن و سێ ڕادیۆی تێدا دابـمەزرێ. ئەم گەڵاڵە بە یـارمەتی چـاودێرە فەرانسـەییەکان بە ڕێـوە دەچـوو. بیناکەی بە سێ ساڵ دواکەوتنەوە ئامادە کرا و هێندێ ئامرازیش کڕدرا، بەڵام بە هـۆی کۆسـپێکەوە کە بـۆ مـن روون نەبـووەوە، پـرۆژەکە ڕاگیـرا و ئەمە بە مانـای کۆتاییهاتن بە کاری منیش بوو.

دووهەم: دیـتن و تێگەییشـتن لە هەلـومەرجی سیاسـی/کۆمەڵایەتی کوردسـتانی باشـوور. هەڵسـەنگاندنی لەگەڵ گوتە و خەونەکانی ئێمەدا بـۆ ئـازادی و پێکهێنـانی دەوڵەتی نەتەوەیی. پێوەراندنی ئاکامی خەباتی دژواری ئەم هەمـوو ساڵانە... بـزانین بەرهەمی ئەم هەموو قوربانیدانە چییە و چۆنە.

هێندێک لە دیمەنەکانم هەتا ئێرە نووسیوەتەوە، کۆی گشتی بە کورتی ئاوایە:

لە سـاڵەکانی نێـوان ١٩٩١ تـا ٢٠٠٣ هەروا کە پێشـتر گـوتم، هەژاری ئەژنـۆی خەڵکی شکاندبوو. گوتەیەک بەسەر زارانەوە بوو کە: "ئـازادی نـابێتە پێخـۆری نـان. ئازادی بە زگی برسی بێ مانایە." و هەموو کاتێـک سێبەری ڕەشی ڕژیمی بەعس دەبووە هۆی دڵەڕاوکێ سەبارەت بە داهاتوو. ئێستا کە ئەو ڕژیـمە نەمـاوە و نـان لە سفرەکاندا پەیـدا دەبـێ، خەڵـک لەگەڵ ئـازادی چ دەکەن؟ بـۆ ئـێمە کە زامـداری شۆڕشـی ١٣٥٧(١٩٧٩)ی ئێـرانین ئەمـانە ئەو پرسـیارانە بـوون کە مـن بە دووی وەڵامەکەیاندا دەگەڕام و دیسانەوە کەشکۆڵم هەڵگرت و وەڕێ کەوتم.

ساڵەکانی پێش داگیرکردنی عێراق بە هۆی هێڵی سوورەوە، فـڕۆکەی موسافری بۆ هەولێر و سلێمانی نەبـوو. موسافرەکان دەبـوا لە ڕێگای تـورکیە یـان سووریيەوە خۆیـان بگەیـنـە کوردسـتانی باشـوور. ئەوانەی کە بە تـورکیەدا دەچـوون، لەگەڵ هەموو جۆرە گیروگرفتێک لە چەتەی نێو ڕێگای دیاربەکرەوە بگـرە هەتـا جنێـودانی ڕێگـەوان و سـنوورەوانی تـورک بەرەوڕوو دەبـوونەوە. ئەوانەی کە لە سـوورییەوە دەڕۆیشتن، پێویست بوو ئاشنایەکیان لە یەکێک لە حێزبە کوردستانییەکاندا هەبێ

کە لە فڕۆکەخانەوە بیانباتە سنوور. دەنا تووشی کێشەی دەزگای ئەمنیی سوورییە دەبوون. هەردووک ئەم وڵاتانە پێیان ناخۆش بوو خەڵک هاتوچۆی کوردستان بکا. لە سنووری تورکیەدا دەیانپرسی: بۆ کوێ دەچی؟ موسافر دەبوا نێوی شارێک بڵێ یان بڵێ عێراق. ئەگەر گوتبای: دەچمە کوردستان. دەگێڕدرایەوە یان جەریمە دەکرا. دیارە لە هەردوو وڵاتدا دەکرا بە دانی بەرتیل رزگار ببی.

لە ساڵی ۲۰۰۴ەوە فڕۆکەی چارتێر لە سویدەوە بۆ هەولێر و دواتر بۆ سلیمانی دانرا. بازرگان و کادرە سیاسییەکان لە رێگای نەمساوە سەفەریان دەکرد کە زۆر گران بوو و بۆ خەڵکی ئاسایی دەستی نەدەدا. کادری حیزبە سیاسییەکان لە رێگای تارانەوە هاتوچۆیان دەکرد.

فڕۆکەی چارتێر کە لە لایەن شەریکەیەکی کوردستانییەوە بە کرێ دەگیرا، جار یۆنانی بوو و جار بۆلغاری. بەرنامەی فڕین لە تابلۆی فڕۆکەخانە نەدەنووسرا. یانێ لە بەرنامەی فڕینە فەرمییەکانی فڕۆکەخانەدا نەبوو. دەتگوت بە قاچاخ دەفڕێ. جاری واش هەبوو دەیاننووسی "ئاتێن" یان "ستانبووڵ". فڕۆکە بە دواکەوتنێکی زۆرەوە کە جار وا بوو دەگەییشتە ۲۴ سەعات دەفڕی و لە یۆنان یان تورکیەدا ماوەیەک دەوەستا. موسافرەکانیان بە ژێر زەویدا و لە دەرکەی پشتەوە دەبردە دەرێ و بە پێی لیستە سواریان دەکردن. نێوەکان لە هیچ کامپیوتێرێکدا تۆمار نەدەکرا. ئەگەر فڕۆکە تووشی رووداوێک هاتبا، کەس نەیدەزانی چەند کەس و کێ بوون. هەرچۆنێک بێ لە مەترسیی رێگا و سووکایەتی پێکردنی سنوورەوانی تورک و عەرەب باشتر بوو.

لە فڕۆکەخانەی هەولێردا، مۆری هاتنەژوورەوە و (ئەگەر پاسپۆرتەکە عێراقی نەبا) یەک حەفتە ڤیزایان لە پاسپۆرتەکە دەدا کە بە کوردی و عەرەبی نووسرابوو. پاش پشکنینی جانتاکان و هاتنەدەرەوە بۆ نێو مەیدانی پێش فڕۆکەخانە، کەسانێک کە ئاشنا یان خزم و کەسی بەرپرس یان کاربەدەستیان هەبوو هەر لە شوێنی ترانزیت، سواری ئۆتۆمۆبیلی ئاخر سیستەمی تۆیۆتا دەبوون کە چاوەڕوانیان بوو. باقیی موسافرەکان دەبوا چاوەڕوانی پاس بن کە بیانبا بۆ دەرەوەی فڕۆکەخانە. لەوێ خزم و کەس دەهاتنە پێشواز. دەکرا بژمێردرێ کە لەباتی هەر موسافر دە کەس لە شوێنی خۆڵەپۆتی راوەستانی ئۆتۆمۆبیلدا چاوەڕوان بوون و بە هاتنی هەر

پاسێک شاڵاویان دێنایە بەر پاسەکە و هەر لەبەر دەرکە دەستەملانێ و ماچکردن دەستی پێدەکرد.

ئەگەر خەڵکی کوردستانی باشوور نەبووی و دەتەویست زۆرتر لە حەفتەیەک بمێنیتەوە دەبوا بڕۆی داوای ڤیزای تازە بکەی. ئەگەر لە هۆتێلدا مابایەوە ئەوە هەر شەوی یەکەم پاسپۆرتەکەت دەچووە ئاسایش و سبەینەکەی نۆبەی پرسیار و وەڵام لە ئاسایش بوو. سیستەمی ئیداریی کاتی بەعس هەر مابوو کە ئێستا یاسای تیرۆری لێ زیاد ببوو.

کاری ئیداری جگە لە فڕۆکەخانە کە بۆ ناونووسی پاسپۆرتەکان لە کامپیوتێر کەڵک وەردەگیرا، هێشتا کامپیوتێری نەبوو. هەتا ساڵی ٢٠١٢ کە من بۆ ئاخرجار کارم بە ئیدارەکان بوو، هێشتا هەر کاغەز بوو کە لەم مێزەکەوە دەبرایە ئەو مێزەکە و واژوو پاش واژوو دەکرا. بۆ نووسینی وەکاڵەتنامەیەک دەبوا سەری نۆ ژوور بدەم. یەکێک بەڵگەکەی دەفرۆشت، ئەوی دیکە پارەکەی وەردەگرت. لە ژووری دووهەم، یەکێک بەڵگەکەی بۆت پڕ دەکردەوە، یەکی دیکە مۆری دەکرد. لە ژووری دواییدا پوولی لێ دەدرا و واژوو دەکرا و ژوور بە دووی ژووردا. هەتا دەگەییشتیە ژووری کۆنترۆڵ و لە ئاخر ژووریشدا رەئیس (خاوەن مەحزەرەکەی خۆمان) دانیشتووە کە دەبێ هەموو ئەمانە پەسند بکا. لە پێش هەموو ژوورەکانیش ریز گیراوە و لە هەموو ریزەکان درێژتر ریزی ئاخرە کە دەبێ پارە بدرێ. ئەم هەموو هاتوچۆە بۆ وەکاڵەتنامەیەکی سادە بوو کە رۆژێکی دەویست. ئێستا بیرکەوە بۆ وەرگرتنی ویزایەک چ باسە. ئەگەر بە حەفتەیەک کارەکە جێبەجێ بێت دەبێ کڵاوی بۆ هەڵاوی. دیارە دەکرێ بە دانی پارەیەک لەم هەموو ماتڵبوونە قوتار ببی، بە مەرجێک دەڵاڵەکە ببینییەوە یان نووسراوەی کەسێکی ناسراو یان ئیدارەیەکت پێ بێ.

هۆی سەرەکیی ئەم شێوە بۆروکراسی (ئیدارە سالاری)یە کە تایبەت بەم جۆرە وڵاتانەیە و لە سۆڤیەتیش دیتمان، بێکاریی بەربڵاو لە کۆمەڵگادایە. دەبێ خۆ خڵافاندنێک بۆ بەشێک لە خەڵک بدۆزنەوە هەتا لەو ریگاوە پاروەنانێک پەیدا بکەن، دەنا کۆمەڵەکە دەتەقێتەوە. بەڵام لەم شێوەشدا کێشەی بێکاریی لاوەکان چارەسەر نەکراوە. بۆ ئەوان ریگایەکی کاتیی دیکە دۆزراوەتەوە. خوێندن.

پەیمانگای فەننی، کۆلێج و زانکۆی ئازاد و دەوڵەتی، هەرە زۆرن. هەرکامیان چاو لێ دەکەی دوو بەرانبەری گونجاوی خۆیان خوێندکاریان وەرگرتووە و زۆربەش بە سفارشی دەوڵەت ئەو کارەیان کردووە. بە خوێندکارانی زانکۆ یارمەتیی مانگانە دەدرێ. کە خوێندنیان تەواو کرد ئەگەر بێکار بوون، مانگانەی بێکاری وەردەگرن. رەنگە ئەمە هۆی ئەوە بێ کە خوێندکارانی پۆلی (دواناوەندیی) ئاخری سانەوی مامۆستای تایبەت دەگرن کە بتوانن نومرەی باش بێنن، چونکە وەرگرتن لە زانکۆ بەپێی نومرەیە. دەگوترێ نرخی مامۆستا بۆ هەر وانەیەک گەیشتووەتە دەفتەرێک (دە هەزار دۆلار)

زانکۆیەک بە داوای سەرۆک وەزیران و بە هیمەتی پرۆفسۆر "عەباس وەلی" لە کوردستان کرایەوە کە لەوێ بە زمانی ئینگلیسی وانە دەگوترایەوە. مامۆستاکانی کورد لە زانکۆکانی ئۆروپا و ئەمریکاوە هاتن. لە هەڵبژاردنی خوێندکاریشدا راسپێرییان قبوڵ نەدەکرد. دەبوا نومرەکان بە تایبەت نومرەی ئینگلیسی خوێندکارەکە باش بێ. پاش ماوەیەکی کورت، سەرۆکان و دەست و پەیوەندەکانیان کە ئەم قەرارەیان پێ نەگونجاو بوو، پیلانێکیان گێڕا و بەرپرس و مامۆستاکانی لایەنگری ئەویان وەدەرنا و ژەنراڵێکی خانەنشینی ئینگلیسییان لە جێ دانا، کە ئەویش پاش ماوەیەکی کورت بە جێی هێشت. زانکۆیەک کە بڕیار بوو پەیوەندیی لەگەڵ زانکۆیەکی ئینگلیسیدا هەبێ، گەڕاوە بۆ ئەو دۆخە کە لە زانکۆکانی دیکەدا هەیە؛ مامۆستاکانیش هەر ئەوانە بن کە زانستەکەیان پەنجا ساڵە نەگۆڕاوە و نەزمێک کە لە کاتی نیزامی دیکتاتۆریی بەعسدا فێرکراون. جیاوازییەکەی ئەوەندەیە کە ئەوکات حیزبی بەعس بوو راسپاردەی دەنارد، ئێستا حیزب و کەسانی عەشیرتی خۆماڵی.

پاش زانکۆ جگە لە مامۆستایی مەکتەب و ئەرتەش و پۆلیس، کارێکی دیکە لە ئارادا نییە. بەپێی ئاماری رێکخراوێکی ئەمریکی، ٧٤%ی خەڵکی کوردستان مووچەگری دەوڵەتن. ئەم ئامارە خۆبەخۆ نیشانەی ئەوەیە کە رادەی بەرهەمهێنان بە تایبەت بەرهەمی پیشەیی زۆر لاوازە. بەرهەمی خۆماڵی توانای پێشبڕکێ لەگەڵ بەرهەمی هاوردەدا نییە. خاوەن کارخانەیەک کە بۆڕیی گاڵوانیزەی پێک دێنا دەیگوت: ئەم بۆڕییانە لێرە بۆ من شاخەیەک ١٢ دۆلار دەکەوێ. هەر ئەم بۆڕییە

لەسەر سنوور بە ٧ دۆلارە. من چۆن دەتوانم کارخانەکەم راگرم؟

لە بەشی کشتوکاڵدا تەنیا گەنم هەیە و باقی شتەکان زۆر کەمن و هاوردە دەکرێن. هۆی سەرەکیی وەدەرنانی وەرزێڕان لە گوندەکان و نیشتەجێکردنیان لە شارۆچکە و ئۆردوگاکاندا لە ساڵانی سەرکوتکردنی کوردستاندایە. چاوگەکانیان کوێر کردەوە و زەوینەکان وێڵ کران و وەرزێڕکان پشتیان سەرد بووەوە. گەڕانەوە بۆ باخداری و تەڕەکاڵی و...ئاسان نییە. کێڵان بە تەراکتۆر و گەنم پاشین ئاسانترە.

کە هەلومەرجی بەرهەمهێنان بەم شێوە بوو، سەرمایەکان روو دەکەنە دوو بەش. خانووکردنەوە و بازاڕ.

لە سەردەمی بەعسدا، هەموو زەوینەکانی عێراق کرا بە مۆڵکی دەوڵەت. کە وا بوو دوای رۆخانی رژیمی سەدام، ئەو زەوینانەی کە تاپۆ نەبوون خۆبەخۆ بوو بە موڵکی دەوڵەتی هەرێم. دەوڵەتی هەرێم (حیزبەکان) زەوینەکانی دابەش کرد و هەر بنەماڵەیەک برە زەوینێکی وەرگرت. دیارە بەرپرس و مودیر و وەزیرەکان باشترین و زۆرترینیان وەبەرکەوت. کەسانێک لەم زەوینانەدا خانوویان بۆ خۆیان کردەوە. ئەو بنەماڵانە کە دوو یان سێ زەوینیان وەرگرتبوو، یەکیان رادەگرت و باقییان دەفرۆشت. بەرپرسەکان بە شێوەی دەستکرد نرخی زەوییان زیاد کرد کە زەوینەکانی خۆیان بە گرانتر بفرۆشن. سەوداکردن لەسەر زەوی گەییشتوەتە رادەیەک کە زەوی لە شارەکانی کوردستانی باشووردا لە نیۆیۆرک گرانترە و لەم رێگاوە کەسانێک پارەیەکی خەیاڵی کۆ دەکەنەوە. بێگومان نرخی خانوویش هەر بەو شێوە بەرز بووەوە. داراکان کۆشکیان کردەوە و نەداریش بە کرێنشینی قەناعەتی کرد. هۆتێلکردنەوە و مۆڵ (راستە بازار) دایرکردن بوو بە باو. لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە هەتا ٢٠١٠ ژمارەی هۆتێل و چێشتخانە لە هەولێر و سلێمانی چوار قات زیادی کردووە.

ئێستا (٢٠١٢)، پازدە شەریکەی نێونەتەوەیی لە کوردستانی باشووردا خەریک دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوتن. سێ پاڵاوتگەی دەوڵەتی و سەدو سی پاڵاوتگەی گەورە و بچووکی ئەهلی دایر کراون کە خاوەنەکانیان لە بەرپرسانی حوکوومەت و سەرۆکە حیزبییەکانن. زۆرترین نەوت بۆ تورکیە دەنێردرێ. نەوتی پاڵاوتە زیاتر لە نێوخۆدا دەفرۆشرێ. هێشتاش نە خەڵک و نە پارلمان نازانن داهاتی نەوت

چەندە و چۆن خرج دەکرێ. یان دەچێتە گیرفانی کێیەوە. تەنیا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆک حیزبەکان دەزانن، ئەوانیش حساب بۆ کەس ناکەن. لە ساڵی ٢٠٠٧دا پارلمان بڕیاری دەرکرد کە حسابێک لە بانک بکرێتەوە بۆ داهاتی نەوت هەتا دەخڵ و خەرجەکەی دیار بێ. بەڵام ئەم حسابە هێشتاش نەکراوەتەوە. کێشەی یاسای نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدادا هەر بەردەوامە.

بازار لە دەستی سەرمایەداری بازاڕیدایە و بە توندی پشتی بە هاوردەیە. هاوردەش لە پاوانی ئەو شەریکە و بازرگانانەدایە کە خۆیان یان بەرپرسی حیزبین یان نوێنەر پارلمان و وەزیر و مودیر عامن، یان کەسوکاری ئەمانەن. کاڵا لە دەرەوە، ئێران و تورکیە و لە هەموو زیاتر چینەوە دێ. کۆفرۆش یان هەر ئەو بازرگانانە، بە دوکانەکاندا دابەشی دەکەن. گەرچی هەموو شار بووەتە بازاڕێکی گەورە و لە هەر کوچە و کۆڵانێکدا، چەند بەقاڵی و دوکانی جۆربەجۆر هەیە و هەر کەسە گاراژی ماڵەکەی کردووەتە دوکان، بەڵام هەموو هەر یەک جۆرە کاڵایان هەیە. تەنیا نرخەکان بە پێی شوێن و ئینسافی فرۆشیار جیاوازە. ئەگەر لە جلفرۆشییەکدا کراسی دڵخوازت نەدیتەوە، بێخۆ لە دوکانێکەوە دەچیتە دوکانێکی دیکە. هەموویان هەر ئەوەیان هەیە کە لە هەموو دوکانەکاندا هەیە و وەک یەکە. هاوردەکان لە شیر و ماست و هەنگوینەوە بگرە هەتا ماتۆری کارەبا و تلەڤزیۆن و ماشینی جلشۆری و کامپیوتێر، هەموو کۆپی کراون. لەو بێنزینەیدا کە جاران لە دەستفرۆشییەکاندا دەفرۆشرا میز تێکەڵ دەکرا. لە هەموو مەترسیدارتر دەرمانی ساختەی ئێرانییە. بە قەولی خۆیان کۆپی کراوە. زۆربەی ئەم کۆپیکراوانە لە چینەوە دێ. خواردن و جل لە تورکیە و ئێرانەوە. کاڵاکانی تورکی نەختێک باشترن و کەمتر ساختەن، بەڵام ئەوەی لە ئێرانەوە دێ جێگای باوەڕ نییە. زەعفەران بۆنی نییە، پەنیر گەنیوە و سەوزە پڕە لە ئەشغاڵ... خواردنەوەی ئەلکولی لە تورکییەوە دێ و هەرزانتر لە خودی تورکیە لە بازاڕی کوردستان دەفرۆشرێ. ئەگەر چوار بوتڵ ویسکیی جۆراوجۆر بکەیەوە. دەبینی هەرچواریان یەک تامیان هەیە و لە هەرزانترین ویسکی پڕ کراونەتەوە... دەگوترێ بە تانکەر دەیهێنن و لە شارێکی سەرسنووردا بوتڵی جۆر بە جۆر و مارکی جیاوازی لێ پڕ دەکەنەوە. ئەم خواردنەوانە لە کوردستانەوە بۆ ئێران قاچاخ دەکرێ و لەوێ کڕیاری زۆرە. لە

باتی لە ئێرانەوە تریاک و حەبی سەرخۆشکەریان بۆ دەنێرن. گەرچی تاوانێکی قورسی بۆ دانراوە. بەڵام هەر کە کەسێک دەگرن، سپای پاسداران نامەیەک دەنووسێ کە ئەوە فەرمانبەری ئێمەیە و دەبێ بەریدەن. دەزانین کە لە سەردەمی بەعسدا نە یەک موعتاد لە عێراق پەیدا دەبوو نە یەک گرەم ماددەی تێکدەر. بازرگانی سپای پاسداران خەریکی موعتادکردنی لاوەکانی عێراقە و لەم بوارەدا کەم سەرکەوتوو نەبووە. دەبیسترێ کە کەسانێک لە رادەی بەرپرسانی کوردستانیش لەم بازرگانییەدا بەشدارن.

جگەرەش "کۆپی"یە بەڵام ئەمەیان لە نێوخۆی کوردستاندا کۆپی دەکرێ. هەموو جگەرەکان بۆنی تووتنەکەی کوردستان دەدەن. گەرچی یەیکی "کێنت"ە و ئەویتر "وینستۆن". جگەریەک کە تەمغەی تورکییەی پێوە بێ، بە پێنج قاتی جگەرەی کۆپی دەفرۆشرێ. دەکرێ کامپیوتێر بە نرخی ئۆروپا، بەبێ زەکات، بکڕدرێ، بەڵام تەنیا قاوخەکەی لە کامپیوتێری ئۆروپا دەچێ، ناوەخنەکەی لە چین یان لە کوردستان پڕکراوەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە کۆمەڵگە دەسووڕێ و سەرمایە کۆ دەبێتەوە و ئاوسانی ئابووری رۆژ لە دوای رۆژ زیاد دەکا. نەدارەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرانی، منداڵەکانیان دەنێرنە دەستفرۆشی یان شاگردیی دوکانەکانی بازاڕ. کاری منداڵان بە پێی رادەی دانیشتوان و لە براورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا زۆر نییە، بەڵام جێگای سەرنجە.

بەشی تەندروستیی دەوڵەتی بە خۆڕاییە. بەڵام نەخۆشخانە دەوڵەتییەکان وەڵامدەرەوەی ژمارەی نەخۆشەکان نین. دوکتوری ئەهلی بە پێی داهاتی خەڵکی هەژار زۆر گرانن و لەبەر نەبوونی یاسای نیزامی پزیشکی، هەواڵی ئاڵۆزی و چاوچنۆکی و بێبەزەیی زۆر دەبیسترێ. ئەوانەی کە باری داهاتیان باشترە، بۆ چارەسەر دەچنە ئێران و تورکیە.

خوێندن بە خۆڕاییە، بەڵام بە هۆی نەبوونی خانوو بۆ قوتابخانە، پۆلەکان دوو نۆبەیین. دەستەیەک بەیانی دەچنە مەکتەب و دەستەیەک دوای نیوەڕۆ. ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ئەوەدا کە هەر کۆڵانێک مزگەوتێکی تێدایە شتێکی سەرنجراکێشە. مزگەوتەکان حیزبە ئیسلامییەکان بە پارەیەک دەیکەنەوە کە لە

وڵاتە ئیسـلامییەکان وەری دەگـرن. جـاری واش هەیە سـەرمایەدارێک دەیەوێ چرایەک بۆ ئەو دنیای خۆی هەڵکا خەرجی مزگەوتێک دەدا. بەڵام کەس هیمەتی بینـاکردنی قوتابخانەیـەکی نیـیە. دەوڵەتـیش گەرچـی لەم سـاڵانەی ئـاخردا زیـاتر گرنگیـی بەم کـارە داوە بەڵام بەس نیـیە. ژمـارەی دانیشـتوان ڕۆژ لە دوای ڕۆژدا زیاد دەکا و کۆمەڵ لە بـاری نێوەنجیی تەمەنەوە زۆر لاوە؛ کێشـەیەک کە زۆربەی وڵاتانی گەشەسێن هەیانە.

کـۆمەڵی عێـراق هەر وەک جـاران عەشـیرەتی مـاوەتەوە. سـەدام پشـتیوانیی ئەو دۆخەی دەکرد. حێزبەکانیش لە لایەن بنەماڵە و عەشـیرەتەکانەوە بە ڕێوە دەچـن. لە پرسیارنامەی هەویە لە ئیدارەی پۆلیسدا هێشتاس ناوی عەشیرەت دەنووسرێ. کاتێک من گوتم ئێمە عەشیرەتمان نییە پۆلیسەکە بە سەرسووڕمانەوە گوتی: هەر چۆنێـک بـێ مـن دەبـێ شـتێک لێـرە بنووسـم. گـوتم: بنووسـە سـۆران. خـۆمم کـردە ئەندامی گەورەترین عەشیرە. سروشتییە هەر عەشیرەیەک گەورەتر بێ جێگایەکی زۆرتر لە کۆمەڵدا داگیر دەکا.

دابەشـکرنی دەسـتکردی (کورد/شـێعە/ سـوننە) لە لایەن ئەمریکـاوە کە کەوتە سـەر زمانـان، مانـایەکی روونـی لە کـۆمەڵی عێراقـدا نیـیە. دەوڵەت بە دەسـت شـێعەکانەوەیە، بەڵام زۆرن ئەو گـرووپە شـێعانە کە دژی ئەم دەوڵەتە شـێعەی لایەنگری ئێرانن. کوردەکانی شێعە دەنگیـان بە نـوێنەرە کوردە سوننەکان نەدابـوو. سـوننەکانی سـەلەفی دژی دەوڵەتـی کوردسـتانن. خـودی کوردەکـانیش دەزانـین لە سیاسەتدا تەبا نین. دانیشتوانی کەرکووک کە بووەتە هۆی کێشە لە نێوان دەوڵەتی کوردسـتان و دەوڵەتـی بەغـدادا، لە کـورد و عەرەب و تورکەمـان پێـک هـاتووە. کە هەرکـام لایەنێکـی دەسـەڵات پشـتیوانیی دەکـات و ناخۆشـییان پـێکەوە هەیە، بەڵام هەر سێکیان سوننەن.

لە ڕاستیدا ناوچەی وەک کوردسـتان و تەنـانەت عێـراق و ئێـران نـاکرێ بە پێـی بـاوەڕی ئـایینی دابەش بکـرێ. لایەنگـری عەشـیرەیی و قەومـی و نەتەوەیـی زۆر بەهێزتـرە لە ئـایین. گەرچـی ئـایینیش بنەمـایەکە کە دەبـێ لە بەرچـاو بگیـرێ. بـۆ نموونە ئەو کەش و هەوا ئیسلامییە کە ناوچەی گرتووەتەوە، کاری کردووەتە سـەر کۆمەڵی ئەوێش. جگە لە دوو حێـزبە ئیسـلامییەکە کە نوێنەریـان لە پارلمـان هەیە

و یەکیان لایەنگری سعوودییەیە و ئەوی تر لایەنگری ئێران، حیزبە سەلەفییەکانی جۆرە تالبان لە شارەکانی سەرسنوور، جێیان خۆش کردووە. دەستەیەکیان لە تەوێڵی یاسای شەرعیان بە ڕێوە دەبرد و خەڵکیان لە پێش جەماوەر شەلاخکاری دەکرد. ئاخری پێشمەرگە بە یارمەتیی ئەمریکا مەقەڕەکەیانیان بەسەریاندا روخاند. بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە پێگەیان لە نێو جەماوەردا نەماوە. ئێستا لە کوردستان مەلاکان لەژێر تۆڕی وەزارەتی ئەوقافدان و مووچە وەردەگرن.

لە شارەکانی کوردستانی باشووردا، یاسایەک بۆ قەدەغەی حیجاب یان خواردنەوەی مەی و ئەلکول فرۆشتن و... نییە، بەڵام زەختی خودی خەڵک ئەم کارەی کردووە. بۆ نموونە لە هەولێر، تەنیا لە گەڕەکی مەسیحییەکاندا، ئەلکول دەفرۆشرێ. ژن بە بێ چارشێو و سەرپۆش ناچنە بازاڕ. ئەڵبەت رووپۆش و مەقنەعەیان نییە. ساڵەکانی سەرەتا، گرووپی تیخکەش و ئەسیدپاشیش دروست ببوو کە لە لایەن پێشمەرگەکانەوە سەرکوت کران. زەختی کۆمەڵ و دابونەریتە ئایینی / کولتوورییەکان تا رادەیەکە کە پارلمان نەیتوانی یاسای یەکهاوسەری بچەسپێنێ. چونکە زۆربەی نوێنەرەکان و کاربەدەستەکانی سیستەمی دەسەڵات بۆ خۆیان دوو ژنیان هەیە. بۆ نموونە شاعێری فیمینیست و لایەنگری ماف و ئازادیی ژنان بۆ خۆی دەبێتە ژنی دووهەم. بەرپرسی رێکخراوی ژنان بە خۆی رەوا دەبینێ شووەکەی ژنی بەسەردا بهێنی و هتد... ئەم دیاردەیە تا رادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونی هاوسەرگیری لەنێو لاوەکاندا. بێکاری، نەبوونی داهات، نەبوونی روانگەیەکی روون بۆ داهاتوو، کەڵکەڵەی لاوەکان بۆ رۆیشتن بۆ دەرەوەی وڵات و... هەموو بوونەتە هۆی ئەم دیاردەیە کە زیادبوونی کچانی مێردنەکردووی لێ کەوتووەتەوە. هەتا ئەو رادەیە پرسی "پیرەکچان" کە کێشەی کۆمەڵی سوننەتییە، گەییشتووەتە رۆژنامەکانیش. جار جار دەوڵەت خەرجی زەماوەندی چەند کەسێک دەدا و بە پێی رێورەسمێک کە لە تلەڤزیۆنیش پێشان دەدرێ زەماوندیان بۆ دەگیرێ.

چواردیواری ماڵی دڵتەنگ هیشتاش زیندانی ژنان و کچانە. ئەگەر پێ لەم بەرە - چارەنووسی مسۆگەر- درێژ کەنەوە، لەلایەن باب، برا و تەنانەت دایکەوە سزا دەدرێن. توندی و بەربڵاویی ئەم سزادانە ئەوەندە زۆرە کە چەند ناوەند بۆ

پەنابردنی ژنانی ستەملێکراو دانراوە کە داڵدەیان دەدەن هەتا دەرفەتێک بۆ ئاشتی پێک دێ.

توندترین زەخت لەسەر ژنان دیاردەیەکە کە بە "کوشتنی شەرەف" ناوبانگی دەرکردووە و هێندێ جار لەنێو کوردەکانی ئۆروپاشدا روو دەدا. ئەگەر بڕوانینە رابردووی ئەم بنەماڵانە کە ئەم کوشتنانەی تێدا روو دەدا، دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان لە عەشیرەکانی ناوچە دوورکەوتەکانن. گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، وەکوو شەڕ، قاتوقڕی و هتد... بووەتە هۆی کۆچکردنیان بۆ شارە گەورەکان، یان هەڵاتن بەرەو ئۆروپا. ئەم بنەماڵانە بە دابونەریتی عەشایری خوویان گرتووە. لە شوێنی خۆیان کێشەیان نەبووە چونکە هەموو کەس پەیڕەوی ئەم یاسایانەی کردووە. بەڵام کاتێک دێنە نێو کۆمەڵێکی جیاواز و بەربڵاوتر، ترسیان لێ دەنیشێ. دەترسێن هێرشی کولتوورییان بکرێتە سەر. دەیانەوێ بە هەر چەشنێک بووە ئەو پەیوەندییانەی کۆنی خۆیان راگرن. بەڵام دەزانین کە ئەم هەوڵە نینۆک بە بەرددا کڕاندنە و دێر یان زوو ئەم نەریتە کۆنانە لە بەرانبەر شێوازی نوێ کۆمەڵدا شکست دەهێنن. بۆ ئەندامانی عەشیرەت راگرتنی دابونەریتی باوکسالاری و پەیوەندییە خوێنییەکان لە هەموو شتێک گرینگترە. નامووسی تاکەکەس نامووسی هەموو عەشیرەکەیە. کەس مافی ئەوەی نییە بە تەنیا تەنانەت لە مافی خۆی چاوپۆشی بکا. ئەم نەریتە لە کۆنەوە هەبووە و راگیراوە. ئەگەر بڕوانینە ئایینی ئیسلامیش، کوڕ دەتوانێ کچی غەیرە موسڵمان بهێنێ، بەڵام کچ ناتوانێ شوو بە ناموسڵمان بکا. ئەمە دابی عەرەبیی ئەو کاتە بووە کە هاتووەتە نێو ئایین و هەموو موسڵمانانی وەکوو عەشیرەیەک داناوە و بۆ بەرگریکردنیان یاسایەکی لەم شێوەی داناوە. لەم یاسایەدا ژن بەشێک لە مۆڵکی پیاوە. دیارە ئەگەر ورد بڕوانین، سەبارەت بە باقیی مۆڵکەکانی عەشیرەش هەر تاوانی قورس دانراوە. زۆر دیتراوە کە دزرانی ئەسپ یان گایەک بووتە هۆی کوشتن. دیارە ئەسپ یان گاکە ناکوژن، بەڵام ژنەکە دەکوژن کە بە قەولی خۆیان (سەرشۆڕی) بە خوێن بشۆنەوە. جار وایە ئەم کوشتنە شەرافەتییە بەس بە هۆی تانەلێدانێکەوە روو دەدا، جار زەختی دەوروبەر، تانە و تەشەری ئەم و ئەوە کە دەبێتە هۆی کوشتن. لەم بوارەدا، سەرنجڕاکێشە بزانین کۆمەڵی مەسیحیی کوردستان پاش ئیزەدی و کاکەیی،

یەکێک لە داخراوترین کۆمەڵەکانە و چاودێریکردنی ژنان لەوێ زۆر توند دەگیرێ. بەڵام زۆر بە دەگمەن کوشتنی شەرافەتی تێدا روو دەدا. لەنێو کوردەکانیشدا ئەمە هەمەگر نییە. لەنێو هێندێ لە عەشیرەکاندا، هەڵاتنی کوڕ و کچ زۆر سووک دەگیرێ و خەیانەتی ژن بە شوو بە تەڵاق کۆتایی دێ. لە کۆمەڵدا هەموو کاتێک زیادەڕۆیی هەیە بەڵام گشتی نییە.

لە عێراقی دەورانی بەعسدا، کوشتنی شەرافەتی بە تاوانێکی قورس دانەدەنرا. لە یاسای کوردستاندا، توندترین جەزای بۆ دانراوە، بەڵام بکوژەکان بە بێ دادگاییکردن لە زینداندا رادەگیرێن. دادوەرەکان ناوێرن دادگاییان بکەن. ئەمانیش هەڕەشەیان لێ دەکرێ. بۆیە دەترسێن لە لایەن ئەندامانی دیکەی عەشیرەوە بکوژرێن. ئەو ژنانە کە بۆ ئازادی و مافی ژنان خەبات دەکەن، زۆربەیان دەکەونە بەر پەلار و هەڕەشە و ناچار دەبن شار و زێدی خۆیان بە جێ بهێڵن. کۆمەڵەی ژنان زۆرن، بەڵام زۆربەیان تەنیا لەسەر کاغەزن هەرکامە و گرێدراوی یەکێک لە حێزبەکانن و چەند کەسێک پارەکەی وەردەگرن بە بێ ئەوە کارێکی بەرچاو بکەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەش ژمارەی کوشتنەکان کەم بووەتەوە. رەنگە بە شێوەیەکی دیکە دەکوژن کە دیاری نادا. بۆ نموونە دەبیسترێ کە ژنان خۆ ئاگر دەدەن، یان بە هۆی تەقینەوەی چرای چێشت لێنانەوە دەمرن. زۆربەی ئەم رووداوانە گومانی کوشتنی لێ دەکرێ. بەپێی ئاماری رێکخراوە رەسمییەکان، ژماری نێوەنجیی کوشتنی ژنان لە کوردستانی باشوور رۆژێک دوو ژنە. هەروەک ئامـاژەم پێی دا، کەموکووڕیی دادوەری و دەزگا ئیجراییەکان خۆی بەشێک لە هۆکاری ئەم توندوتیژییانەن.

راستییەکەی جیاکردنەوە و سەربەخۆیی هێزی سێیانە (پارلمان، دەوڵەت، دادوەری) بە هۆی دەسەڵاتی حێزبەکان بەسەر هەموو شتێکدا، رووی نەداوە. ئەوان لە لایەکەوە، لە ناوخۆی خۆیاندا ئەسیری پەیوەندیی عەشیرەیی/بنەماڵەیین و لە لایەکی ترەوە، توانای بەڕێوەبردنی ئەو کۆمەڵەیان نییە کە پڕە لە گیروگرفت و بە غار بەرەو دنیای مۆدێرن دەچی. ئاکامەکەی گەندەڵیی ئیداری و حێزبییە کە لە خۆیدا دەزێتەوە.

شەقامەکان پانتر دەکنەوە، ئاخر مودێلی ئۆتۆمۆبیل لەم شەقامانەدا دەبیندرێن،

بەڵام ئەخـلاق و کولتـووری لێخـوڕین نابینـدرێ. ڕۆژانە دەیـان کەس بە لێکـدانی ئۆتۆمۆبیـل دەکـوژرێن. یاسـای هـاتوچۆ هەیە، بەڵام کاتێـک بەرپرسانی دەوڵەتـی و حیزبـی بە ئۆتۆمـۆبیلی شیشەرەشـەوە و سـێ ئۆتۆمـۆبیلی سـکۆرتەوە، لە هـاتوچۆدا هەموو یاسایەک لەژێرپێ دەنێن، بۆ دەبێ خەڵک ڕەچاوی بکەن؟

مەیـدانی وەرزش دروسـت کـراوە، جـل و پـێڵاوی وەرزش دەدرێ بە لاوەکـان، بەڵام لە ئەخلاقی وەرزشوانی بێوەرین.

هەموو تلەڤزیۆنی ساتلایتیان هەیە، ئینتێرنێت و دوامودێلی تلەفوونی دەستییان پێیە، بەڵام هێشـتاش کەنـاڵێکی دەوڵەتـی دانەنـراوە. دوکانەکـان پـڕن لە کەلـوپەلی کارەبـایی مـۆدێرن، بەڵام هێشـتا کارەبـای سەرانسـەری تووشـی کـوژانەوەی درێژخایەن دەبێ و ئاو پاقژ نەکراوە و تەنیا ڕۆژێـک یەک سـەعات دەگاتە ماڵان. لە ساڵی ٢٠٠٦دا ڕۆژێک چوار سەعات کارەبا دەدرا بە هەر گەڕەکێک. لە ٢٠١٢ بـوو بە دوازدە سـەعات. ئـاو بەڵام هەر ئەوەیە وا هەبـوو. و... هەمـوو ئەمـانە لە کاتێکدایە کە پارەی فرۆشی نەوتی قاچاخ بە ئێران، پارەی گومرۆکی سنوورەکان و پـارەیەک کە لە بەغـداوە دێ ئەوەنـدە زۆرە کە بەرپرسـان جـگە لە کۆشـک و تەلاری بێژماری نێوخۆ، خەریک کڕینی هۆتێل لە بەیرووت و ئەستامبوڵن.

هۆتێـل و ڕەستوورانی شیـک وەکوو وڵاتـانی خەلیج و ئۆروپا کـراوەتەوە، کەچـی هەمـوو حەفـتەیەک سـەدان تـون خـواردنی ماوەبەسـەرچوو لە سـنوورەکان دەسووتێندرێن.

زبڵەکـان کـۆ دەکەنەوە، بەڵام دەیـبەن لە قەراخ شـار دەیسـووتێنن و دووکەڵە بۆگەنیوەکەی شار دادەگرێ.

لاوەکان لە بێکاریـدا تووشـی خەمـۆکێ دەبـن و تەنیـا بیـر لە هەڵاتـن دەکەنەوە. کەچی شەریکەکان، پارێزگاکان، فڕۆکەخانە و دوکانە گەورەکان پـڕن لە کرێکاری بەنگلادێشی، فیلیپینی و ئەفریقایی؛ ئەوان ئامادەن بە پارەیەکی کەم ئیش بکەن. ئەمەش لاساییکردنەوەی وڵاتـانی زۆر دەوڵەمەنـدی عەرەبی وەکوو "دوبەی"ـە کە خۆیـان جـگە لە کـاری بەرزی ئیـداری هـیچ نـاکەن و کارەکـان دەدەنە بێگـانە هەژارەکان. کەچـی کوردستان خـۆی پـڕە لە بێکاری هەژار. ئەوەش هەیە کە هەر ئەو لاوە کوردە کە دەگاتە ئۆروپا ئامادەیە گزک بدا و توالێت خاوێن بکاتەوە. بۆ؟

چونکه له ئۆروپا کار، کاره، هەرچی بێت. بڵاوکردنەوەی کولتووریکی وەها ئەگەر کاری دەوڵەت نەبێ کاری حیزبەکان و فێرگەکانە. بەڵام نییە و نایکەن.

ڕۆژنامە ئازادە و ئیزنی بڵاوکردنەوە لە ئیدارەیەک بۆ سانسورکردن، تێناپەڕێ. بەڵام کێ پارەی چاپی ڕۆژنامەی هەیە ئەگەر گرێدراوی یەکێک لە حیزبەکان یان دەوڵەتە هاوساکان نەبێ؟ بە تایبەت کە دەزانین خوێنەرەوە زۆر کەمە و پارەی ڕۆژنامە لە فرۆش ناگەڕێتەوە. کە وا بوو ئەو هەموو ڕۆژانامەیە کە چاپ دەبن، یان ڕۆژنامەی حیزبین یان سیاسەتی ئەوان ڕەچاو دەکەن. تەنانەت ئەگەر لەسەر بەرگەکەی نووسرابێ "پەیوەندیی بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکەوە نییە". ڕەنگە دەبێ ئەوانەی کە ئەم تایتڵەیان هەیە زیاتر جێگومان بن. یەکێک لەم ڕۆژنامە "بێلایەنانە"م یەک دوو ساڵ چاو لێ دەکرد. قەت نەمدیت هەواڵێک سەبارەت بە ئۆپۆزیسیونی ئێرانی تێدا بێ، یان جارێک لێکدانەوەیەک لەو چەشنە کە بۆ تورکیە دەنووسێ، سەبارەت بە ئێران بنووسێ. ئیدارەی سانسور بوونی نییە، بەڵام کێ دەتوانێ کتێب چاپ بکا خۆی یان خزمێکی لە کاربەدەستانی یەکێک لە حیزبەکان نەبێ. چونکە تەنیا ئەوانن کە چاپخانەیان هەیە و هەر کتێبێکیش چاپ ناکەن. ئەم بارودۆخە کەناڵە تلەڤزیۆنییەکان و وێستگە ڕادیۆییەکانیش دەگرێتەوە. لە ڕووپەڕە ئینتێرنێتییەکان و جار لە ڕۆژنامەکانیشدا، ڕەخنەی توند لە دەوڵەت و حیزبەکان دەگیرێ، بەڵام کێ گوێ دەدا؟

بودجە و کەرەسەی فیلم و چالاکی تری هونەری لە بەردەست وەزارەتی ڕۆشنبیریدایە. وەزیریش لە لایەن یەکێک لە حیزبەکانەوە لەم شوێنە دادەنرێ، کە وا بوو، پارەکە زیاتر بۆ لایەنگرانی ئەو حیزبە تەرخان دەکرێ.

چاودێریی بارودۆخی حیزبیش ڕێکخراوێک دەیکا کە ڕێکخراوی ئەمنیی حیزبە. دیارە ئەمنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دژەتێرۆریش هەر بە دەست ئەوە. ڕێبەرانی هەر دوو حیزب گرنگییەکی زۆریان بە ئەمنی حیزبی خۆیان داوە بۆ پاراستنی خۆیان لە بەرانبەری ئەوی دیکەدا. ئەم ترس لە یەکترییە ئاکامی شەڕی ناوخۆیە. هەرکام سوپا و پۆلیسی خۆی هەیە بە نیشان و جلی جیاوازەوە. ڕێکخراوە ئەمنییەکەشیان زیاتر چاودێری لە حیزبی ڕەقیب دەکەن هەتا وڵاتانی دیکە. بە پێی نووسینی یەکێک لە ڕۆژنامەکانی ئۆروپی ژمارەی سیخۆڕی ئێران لە عێراقدا

٣٤٠٠٠ کەس دەبــن کە دەکــرێ بڵێــین بەشــی هەرە زۆریــان لە کوردســتانی باشوورن.

لەبەر هەمـوو ئەمـانە عێـراق و کوردستانیشـی لەگەڵ، لـە پلـەی دووەمـی وڵاتـە گەندەڵەکانی جیهانە. چونکە تەنیا دوو حێزب فەرماندەری هەموو هەرێمن و دیارە جێگـای هێـزە چەپەکـانیش چ کـۆن و چ نـوێ بەتـاڵە. ئەم بەتـاڵاییە بە هـۆی قەدەغەبوونەوە نییە. ئازادیی حێزب و ڕێکخـراو دەپارێزرێ، بەڵکوو لەبەر کرداری نـابەجێ چەپـی کـۆن و دروشـمی دوور لە راسـتەقینەی چەپـی نـوێیە. بە تـایبەت ئەوانە کە بە لاسـاییکردنەوەی کـۆمەڵەی ئێــران نێــوی خۆیــان نــاوە "حێزبــی کۆمۆنیسـتی کرێکـاری" و پەیـرەوی مەنسـوور حـێکمەتن. ئەمـانە نیشـانیان داوە بە هـیچ شـێوەیەک هاوبەشـی لەگەڵ کەسـی دیـکەدا نـاکەن و لە راسـتیدا گـوێ بـۆ دیمۆکراسـی شـل نـاکەن. خەڵکـیش کاریـان پێیـان نەداوە. بەپێـی ئامارێـک کە لە لایەن ڕێکخـراوە ئەهلییەکانەوە گیراوە، حێزبە چەپەکان لە بیست ساڵی رابـردوودا، سێ لە چوار بەشی لایەنگرەکانیان (کە پێشـتریش زۆر نەبـوون) لە دەست داوە. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢دا حێزبی شیوعی و زەحمەتکێشان پێکەوە شەست هەزار دەنگیــان هەبــووە، بەڵام لە ســاڵی ٢٠٠٩دا حەوت حێــزب پــێکەوە، پــازدە هەزار دەنگیــــان هێنــــاوەتەوە.* خۆیــــان ئەم پاشەکشــــە لەبەر تاکجەمســــەریی دنیــــای سـەرمایەداری ئەوەڕۆ دەزانـن. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە هـیچ بیرێکـی نـوێ و بەدیلێکی جیاوازیان نەخستووەتە بەردەست خەڵک.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا یەکێتیی نیشتمانی تووشی کەرتبـوون هـات. ڕێکخراوێکـی نـوێ کە نـاوی "گـۆڕان"ی بـۆ خـۆی هەڵبـژارد لەگەڵ دوو حێزبـی ئیسـلامیدا "بـەرەی ئۆپۆزیسیۆن"ـی پێک هێنا. گۆڕان بیسـت و پێـنج ئەنـدامی لە پارلمـان هەیە. ئەگەر ئەم حێزبە لە هەڵبژاردندا بەشداری نەکردبا، ئیسلامییەکان دەبوونە سێیەمین هێـز و تەنیـا ئۆپۆزیسـیون دەبـوون. خەڵـک کە لە سیاسـەتی حێزبەکـانی حـاکم نـاڕازین، هەر دژێک بێتە مەیدان رووی تێدەکەن. بەڵام چەپ لەم کایەشدا بەشی نەبوو.

روونـاکبیرانی راسـتەقینە کە دەبـوا ویژدانـی هۆشـداری کـۆمەڵ بـن سـەریان

---

* رۆژنامەی هاوڵاتی خەزەڵوەری ٢٠١٢

بـردووەتە پـۆڕدا، بەڵکـوو ئەم شـەپۆلەش تێپەڕێ و ئەوان ئیمکـانی بڵاوکـردنەوەی بیروبـاوەڕی خۆیـان پەیـدا بـکەن. ئەوەی وەک ئەمـان قەراخگـر نەبـێ، خەریـک وەرگێـــڕان و دووپـــاتکردنەوەی نووســـراوە سانســـورکراوە بـــێکەڵکە فارســـی و عەرەبییەکانن، یان بە مزە کاری قەڵەم دەکەن و لە کۆبـوونەوە و رۆژنامە و بـاقیی راگەیاندنەکاندا سینگ دەدەنە پێشەوە و هەر کات حیزبەکەیان بە پێویستی بزانێ ئەوان دەنێرێتە مەیدانەوە.

لەگەڵ هەمـوو ئەمـانە، ئێسـتا پێـنج ملیـۆن لە چـل و پێـنج ملیـۆن کـورد کە لەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەدا دەژین ئەم دەرفەتەیـان بـۆ رەخساوە کە بە زمـانی کـوردی بخوێنن، بنووسن، زانست وەربگـرن و بە کـوردی بیـر بـکەنەوە. ئەوان هەستێک لە ئـازادی تـاقی دەکەنەوە کە پێشتر هیچکـات نەیـانبووە. ئیتـر کێشـەی نەتەوەیـی بـۆ ئەوان کێشەی رۆژانە نییە. ئێستا نۆبەی کێشەی چینایەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسـییە؛ گیروگرفتێـک کە لەو وڵاتـانەی بە قەولـی خۆیـان رابـردووی دەوڵەتـی ٢٥٠٠ ساڵەیان هەیە، هێشتا چارەسەر نەبووە.

*شاری ئاگری (ئـاکرێ*[*]*) لە داوێنـی چـوار کێـودایە. خانووەکان بە شێوەی پلێکان پشـتیان داوەتە پشـتی یەکتـرەوە و سـەربانی هەر ماڵێـک، حەوشـی مـاڵەکەی پشـتەوەیە. شـەوی نەورۆزە. لە تەپکـی بەرانـبەر شـاردا ژن و پیـاو و پیـر و لاو لە چەند ریزدا شان بە شانی یەکتـر، دەستیان لێـک هاڵانـدووە و بە دەور خەرمـانێکی ئـاگردا هەڵـدەپەڕن. لە بەرانـبەرەوە، لەسـەر هەمـوو بانەکـان ئـاگر کـراوەتەوە. دەورتادەوری هەر بانێک، تۆپەڵە خیزی نەفتاویکراو دەسووتێ کە ئاگرە گەورەکەی ناوەڕاسـتیان وەکـوو نەقیمێـک دەورە داوە. شـار یەکپـارچە وەکـوو چلچـرایەکە کە تـاریکیی شـەو دەشـکێنێ. سـەدان لاو مەشـغەڵ بە دەسـت، لە ئـاخرین کـوچەی شارەوە بەرەو لووتکەی شاخەکە رێگایەکی پێچاوپێچ دەبڕن. لە سـەر لـووتکە، لەوێ کە کەلاوەکـانی ئـاگردانی کەونـارا هەر مـاون، لە پێشـدا کۆمەڵیـک دار و تەگەری لاستیکی کۆن ئامادە کراوە. لەپڕ، لەسەر هەر چوار لـووتکەوە، لە شـوێنی هەر چـوار*

[*] شک نییە کە ئاگر بووە لە گوتەی عەرەبدا بووەتە ئاکر

*ئـاگردانه کۆنه‌کـانه‌وه، بڵێسـه‌ی ئـاگر به‌رز ده‌بێـته‌وه. هه‌ر له‌م کـاته‌دا له‌ داوێنـی به‌ره‌ڕووی ته‌پـکه‌ی گه‌ڕی شـادییه‌که‌وه به‌ ئـاگر ده‌نووسـرێ "بـژی کوردسـتان" و خه‌ڵک به‌ نه‌زمی گۆرانی "بژی، بژی کوردستان" هه‌ڵـده‌په‌ڕن و دووپاتی ده‌که‌نه‌وه. من ده‌که‌ومه‌وه بیر شه‌وی نه‌ورۆزی ئه‌و ساڵانه که پێشمه‌رگه به‌ هه‌زار زه‌حـمه‌ت خۆیانیان ده‌گه‌یانـده لووتکه‌ی کێوه‌کانی ده‌ور شار و ئاگریان ده‌کـردوه. خه‌ڵکیش هه‌مـــوو دڵخۆشـــییان ئه‌مه بـــوو که له دووره‌وه ده‌یانـــدیت و ده‌یـــانزانی هێشـــتا پێشمه‌رگه هه‌یه و ئاگرێک ده‌سووتێ.*

ئاگری شه‌وی نه‌ورۆز ده‌ڵێی به‌شێک له پێناسـه‌ی نه‌ته‌وه‌یی ئـێمه‌ی کورده. هه‌ر بۆیه ئه‌وانه که له ئێران ئه‌م ئاگره‌یان لێ قه‌ده‌غه کراوه، دێنه کوردستانی باشـوور که له‌وێ، له‌م ڕێوره‌سـمه‌دا به‌شـدار بـن. به گـوته‌ی ڕۆژنامه‌کـان و موسـافره‌کان، شـه‌وی نه‌ورۆزی ١٣٩١(٢٠١٢)، نـزیکه‌ی دووهه‌زار ئۆتۆمـۆبیلی گه‌ردشـگه‌ران له پشت سنوور مـابوونه‌وه و ته‌نگه‌به‌ری جاده ڕێگای نه‌دا بگه‌نه ته‌واشای نه‌ورۆزی شاره‌کانی کوردستانی باشوور. ئه‌مه بۆ خۆی نیشانه‌ی ئاره‌زووی ئازادییه.

ئـاخۆ کوردسـتانی ئـێمه‌ش چاره‌نووسـێکی وه‌هـای ده‌بـێ؟! ئه‌م پرسـیاره ئـاواتێکه هه‌زاران گه‌ردشـــگه‌ر که ڕۆژانه له کوردســـتانی ڕۆژهه‌ڵاته‌وه دێـــنه کوردســـتانی باشـوور له خۆیـان ده‌پرسـن. بـۆ یارمه‌تیـدان به وه‌ڵامـی ئه‌م پرسـیاره وه‌سـتانێک پێویسته. ئه‌م ڕه‌وته مێژووییه‌ی کوردستانی باشوور ده‌رسگه‌لێکی بۆ ئێمه هه‌یه.

# چاوهەتەری کێشەی نەتەوایەتی

من پێم وا نییە کە سەناریۆی ٢٠٠٣ عێراق لە ئێران دووپات دەبێتەوە. گەرچی کەسانێک و هێندێک لە هێزە سیاسییەکان بەو هیوایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دەوڵەتی ئێران بروخێنن و ئەوان بە سەلام و سەڵەوات بگەڕێنەوە. بۆ بەدیهاتنی ئەم ئارەزووە کاریشیان کردووە. رۆیشتنی ڕێبەران بۆ خزمەتی کوڕی شای گۆرین و چاوپێکەوتنی کەسی دەستە پێنجەمی ڕێکخراوی ئەمنیی ئەمریکا لەم جۆرە هەوڵانەن. (بڕواننە سایتی حدکا و کۆمەڵە).

بە پێویستی نازانم لێرە باسێکی دابی رۆژ بکەمەوە، بۆیە کورتی دەکەمەوە: بۆ گەییشتن بە مافی نەتەوایەتی و ئازادیی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی و ... تەنیا ڕێگا بۆ خەڵکی ئێمە شۆڕشە. ئەوەش بە شێوەی راپەڕینی گشتیی خەڵک دەبێ. ئەرکی حیزب و ڕێکخراوەکان سەوداکردن و چاوەڕوانبوونی مۆجیزە نییە، بەڵکوو ئامادەکردنی خەڵک و لە هەموو گرینگتر هێزەکانی خۆیان بۆ هەستانێکی لەم شێوەیە. کەی و لەکوێ و چۆن؟ ئەوە دەبێ بڕۆن فێری بن. دیارە بە هۆی نەبوونیان لەنێو کۆمەڵدا، قسە و بەڵێنی بێکردەوە کار ناکا و هیچ کاردانەوەیەکی لای خەڵک نابێ. قسەی خۆشی بێ کردار ناڕوا. خەڵک روو لە هێزێک دەکەن کە لە رۆژانی ئەستەمدا و لەکاتی هێرش بۆ گیان و ماڵیان، بە کردەوە پشتیوانیان بێ.

لە خەباتی راستەقینەدا، دیاریکردنی ئامانج (کە لێرە کێشەی نەتەوایەتییە) یەکەم هەنگاوە. خەڵک دەبێ بزانێ ئەم راپەڕینە چی بەسەر دێ و چی دەستەبەر دەکا و هەنگاوی دوایی چییە؟ بەڵام ئەوە کە من لە بەرنامەی حیزبەکاندا دەیبینم، نەبوونی ستراتیژییە. تەنیا رووناکایی مۆمێکە بۆ روونکردنەوەی بیابانێکی تاریک.

دوای ئەمە، هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە لە چالاکییەکاندا. هیچکام لە هێزەکان بە تەنێ ئەوەندەیان لە باردا نییە کە بتوانن ئەوی تر لە بەرچاو نەگرن. ئەمە بۆ پێشگرتن لە شەڕی نێوخۆیی دواییش، لەو شێوە کە لە کوردستانی باشوور رووی دا، پێویستە.

هەر لە ئێستاوە دەبێ لە بیری هێنانە مەیدانی مرۆڤی کارلێهاتوو و تایبەتکاردا بن. با لایەنگری ئەوانیش نەبن. ئەوان کادری ئەم میللەتەن، دەبێ رێ و مۆڵەتیان پێ بدرێ و تەنانەت داوایان لێ بکرێ بێن لە شۆڕشدا بەشدار بن. هێزەکان دەبێ بزانن کە بە هێنانەوەی چەند دەنگی خۆماڵی و بوون بە سکرتێری حیزب نایانکا بە زانای هەموو زانیارییەکانی دنیا. ئەمەش بۆ بەرگری لە دانانی بەرپرسی کارنەزان لە شوێنە سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتییەکاندایە و پێشگرتن و کەمکردنەوەی گەندەڵییە لە وڵاتانی وەکوو وڵاتی ئێمەدا. رێگاکانی بە دێموکراتیکردن دەبێ بخوێندرێنەوە و گرنگییان پێ بدرێ، دەنا سەرەڕۆ و سەرەڕۆیی دەگەڕێتەوە؛ هەروا کە لە حیزبی خۆشیاندا بە تاقییان کردووەتەوە.

دێمۆکراسی گوتەی جوان و رازاوەی شاعێرانە نییە. دێمۆکراسی بە مانای هاوسەنگیی هێزە. بە بێ هێز بەش بە کەس نادرێ. لە زۆربەی گوتار و نووسراوەکاندا دابەشکردنی دارایی (بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە داراییەکان لەژێر خاکەوە دەردەهێنرێ.) لە بیر دەکرێ. ئەم بەشە لە هەموو مێژوودا و لە دێمۆکراتترین سیستەمدا لە دەستی خاوەن هێزەکاندا بووە و هەرواش دەبێ و ئەگەر خەڵکێک ئەو هێزەی نەبێ کە بەشی خۆی (بە هەر شێوەیەک دەگونجێ) وەربگرێ، یان شەریکەبەش بێ، بە دەست پانکردنەوە و سواڵکەری ناگاتە دێمۆکراسی.

بە کورتی، زۆرن ئەو جووڵانەوانەی کە حەقبەدەست بوون، خەباتیان کرد، گەییشتنە لووتکە، بەڵام دامرکان و لە بیر چوونەوە؛ چونکە لە خاڵێکی کاتیدا هەڵەیان کرد.

ئێستا ئەم دنیا و بە تایبەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە قەیرانێکی بنچینەیی دایە. کاتی ئەوە هاتووە باسە کۆنەکان نوێ بکرێنەوە بە بۆچوونەکاندا بچنەوە. بەشێک لە ئەتیۆپیا بە دەنگی خەڵک جیا بووەوە. دیکتاتۆرییەکانی دنیای عەرەب یان رۆخان یان خەریکی روخانن. فەلەستین خواستی سەربەخۆیی بردووەتە رێکخراوی نێونەتەوەیی.

کوردستانی باشوور ناوچەی فیدراڵیی خۆی سامان داوە، گەرچی هێشتاش دوژمنی هەیە، بەڵام ئەمری واقعە و ڕێگای گەڕانەوەی نییە. ئێران لە گێژاوی قەیرانی نێونەتەوەییدا چەقیوە و گۆڕانی قووڵی لێ چاوەڕوان دەکرێ. کە وا بوو، هێزەکانی کوردستان دەبێ زۆر بە وردی و هۆشیاری، هەلومەرجەکە لێک بدەنەوە و بەپێی ئەوە بەرنامە و گەڵاڵەی خەباتی خۆیان دابڕێژن.

گیرە و کێشەی ئێمە لە کوردستاندا جگە لە کێشە گشتییەکان کە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا هاوبەشین، کێشەی نەتەوەییە.

خواستی میللی کێشەیەکی سیاسییە کە لە کات و شوێنی دیاریکراودا دێتە پێشەوە و پێویستی بە چارەسەری سیاسییە.

لە پێناسەکردنی میللەتەوە دەست پێ بکەین: کۆمەڵێک دەگاتە ئاگابوونی هاوبەش لە کەسایەتی و کیانی خۆی و پێناسەیەکی جیاگانەی نەتەوەیی بۆ خۆی دیاری دەکا. پێکهاتنی ئەم باوەڕە بە هۆی داگیرکردنی خاکەکەوە بێ یان زوڵم و زۆری نەتەوەی دەسەڵاتدار، یان دیکتاتۆری پاوانخواز، جیاوازیی زۆری نییە، گرینگ ئەوەیە کە ئەو خەڵکە پێیان وایە ڕێگاچارەی کێشەی نەتەوەییان ڕێگا بۆ چارەکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە خۆش دەکا. لە ڕاستیدا کاتێک ئەم کێشە دەکەوێتە مەیدانی خەباتەوە و قوربانی و وێرانی بە جێ دەهێڵێ، ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە دادەخا. لەم کۆمەڵگایانەدا هەتا ئەم کۆسپە لا نەبرێ، گرفتی دیکەی وەکوو کێشەی چینایەتی، دێمۆکراسی و لابردنی داب ونەریت و کولتووری خراپ، ڕەنگی نابێ و بەگرینگ ناگیرێ. بەڵام خودی کێشەی نەتەوەییش دەبێ بە شێوەیەک چارەسەر بکرێ کە دوایە، وەکوو زامی کۆن هەڵنەداتەوە. لەم بوارەدا، فاکتەری وەکوو زمان، ئابووری، ڕەگەز، ئایین و هتد... گەرچی کاردانەوەیان هەیە، بەڵام بنیادی نین. ئیرلەند زمانی وەکوو ئینگلیسە بەڵام داوای جیابوونەوە دەکات. عەرەب یەک زمان و یەک قەوم و یەک ئایینیان هەیە، بەڵام بیست و چەند وڵاتیان هەیە. پێداگرتن لەسەر ئەم گرفتانەی ناسەرەکی، شێواندنی پرسی نەتەوەییە. گرنگ داواکاریی هاوبەشی خەڵکە. زۆرجار گوتراوە و نووسراوە کە ئێمە کێشەی نەتەوەییمان نییە و بە گوتنی وشەی قەوم لە باتی نەتەوە ئینکاری کێشەکە دەکرێ. بەڵام پرسەکە دەبێ وەڵام بدرێتەوە و ڕێگاچارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

له سـەرەتای جـووڵانەوە میللییـەکانی کـوردەوە هەتـا ئەم ئـاخرە، ئەم داخـوازییە بە دروشـمی "خودموختـاری"یەوە گـرێ درابـوو. گەرچـی جـار هێزێـک دروشـمی دیکەی هەبووە، بەڵام چونکە کاری جیددیی بۆ نەکراوە، نەبووەتە دروشمی خەڵک.

لەو وڵاتانەی کە کوردی لێ دەژین، لە شەڕی دووهەم بەملاوە شێوەیەکی نوێ لە سەرمایەداری حاکم بووە کە هەمـوو کاتێـک دیکتـاتۆری ناوەنـدی کۆسـپی سـەر ڕێـی بەدیهێنـــانی مـــافی کولتـــووری، ئـــابووری و سیاســـی کەمینـــەکان بـــووە. تەنـــانەت پێشگیرییان لە بەشداریکردنیان لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا کردووە. بۆ نمـوونە کۆمـاری ئیسلامی سی و چەند ساڵە دەسەڵاتی بە دەستە، بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، یەک وەزیـر یـان بەرپرسـی پـایەبەرزی کـورد یـان بەلـوچ، تـورکەمەن و سـوننەمەزهەب نەدیتراوە. هەموو دەسەڵاتەکە لە پاوانی شێعە و مەلاکاندا بووە. ئەمە هەستی خـۆ بـە بێگـانە دانـانی لای کەمینـە نەتەوەییـەکان ورووژانـدووە و ناچـاری کـردوون داوای بە ڕەسمی ناسینی پێناسەی میللی خۆیان بکەن.

سەردێڕی ئەم خواستە سیاسییە "مافی چارەنووس"ـە کە لە خواستی دابەشکردنی هێزی ناوەندییەوە (وەکوو وڵاتانی سکاندیناوی) هەتا "سەربەخۆیی" دەگرێتەوە.

لە جووڵانەوەکانی کوردستاندا هەموو کاتێـک شـێوەی "خودموختـاری" خـراوەتە بەر باس کە ئەمیش هەر بە کەمترین خواست لە "مافی چارەنووس"دا دەژمێردرێ.

نەکرا، نەمـانتوانی ئەوەش دابین بکەیـن. چـۆنیەتیی ئەم نەتـوانینەم بـاس کـردووە. هێزەکانمـان لاواز و پەرت و بـڵاو بـوون، ڕێبەرایەتیـی کـارامە نەبـوو، خەڵکەکەمـان هەژار و نەکردەکار بـوون. خواسـتەکەمان لەبـاری حقـوقیی نێـونەتەوەییەوە پشـتیوانی نەبـــوو، چـــونکە بە کێشـــەی نێوخـــۆیی وڵات دەناســـرا، دوژمنەکەمـــان پـــاوانخواز و شوینیست بوو و لەم بوارەدا لە هیچ کردەوەیەکی نائینسانی درێخی نەدەکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەگەر وا نەبا و سـەرکەوتباین دیسـانیش کێشـەکە دوایـی نەدەهـات، بۆ؟ چونکە لە هەموو گەڵاڵەکـانی "خودموختـاری"دا (هەر لە سـەرەتاوە تـا ئێسـتا) سـێ هێزی بنیادی لە دەست حوکوومەتی ناوەندیـدا دەمێنێـتەوە و لە هەمـوو وڵاتـانی دنیـا، پێگەی دەسەڵات هەر ئەم سێ بەشـەن: سوپا، ئابووری و سیاسـەتی دەرەوە. هێنـدێ دروشمی لاوەکیی وەکوو "دێمۆکراسی" و "ئازادیی مەدەنی" و هتد... کە لە گەڵاڵەکانـدا هـــاتووە، بە هـــیچ جۆرێـــک داهـــاتوو دەســـتەبەر ناکـــا. سیســـتەمی ئـــابووریی وڵات

دیاریکەری سیستەمی ئیداری و دەسەڵاتی چینایەتییە. ناوچەی خودموختار بیەوێ یان نە، شوێنهەڵگری حوکوومەتی ناوەندی دەبێ. یاسا زۆرینە دایدەنێ، زۆرینەش دیتمان بە رەزای خۆی خومەینی و یاسای شەریعەتی پەسند کرد. تەنانەت ئەگەر فێدراڵیش بێ، یاسای سەرەکی یاسای فێدراڵە و دەبێ پێرەوی بکرێ. لە باری ئابووریشەوە دەبێ ناوچەی خودموختار چاوەڕوانی کەرامەت و لوتفی حوکوومەتی ناوەندی بێ. قسەی لاریش بکا سوپا بۆ سەرکوتکردن ئامادەیە. ئەگەر دێمۆکراسیی پارلمانی راستەقینەش دامەزرابێ، کەمینە هیچ کات دەنگی زۆرینە ناهێنێتەوە و ئەوان هەرکات بیانەوێ، دۆخەکە دەبەنەوە سەرتا و ناوچەی خودموختاریش کەرەسەی بەرگریکردنی نییە و هیچ کارێکی لە دەست نایێ، جگە لە گەڕانەوە بۆ شاخەکان. بە کورتی دروشمی خودموختاری لانی کەم لە وڵاتی ئێمەدا وەڵامدەرەوەی "مافی چارەنووس" نییە و هیچ دەرفەتێک بۆ لەناوبردنی چەوسانەوە پێک ناهێنێ.

ئەگەر دێمۆکراسیی راستەقینە دابمەزرێ، پێویست بە خودموختاری نییە. دەورانێکی دیکە لە مێژووی خەڵک دەست پێ دەکا کە ستەمی میللی نابێ مابێ. بەڵام بەو ناسینەی من لە کۆمەڵی ئێران و ئێرانیم هەیە، باوەڕ ناکەم کە لەم خولەی مێژوودا دێمۆکراسی و موجزەیەکی لەم چەشنە لە ئێراندا پێش بێت.

رژیم لە ئێراندا هەموو کاتێک دەوڵەت/سەرزەوین بووە کە ئەم شێوە حوکوومەتە بە تایبەت لە ئاسیادا بۆ خۆی بنەمای دیکتاتۆرییە. تەواوی مێژووی ئێران شایەتی لەسەر ئەمە دەدات. لە "ساتراب"ـەکانی سەربەخۆی هەخامەنشییەوە هەتا "ممالک محروسە"ی دەورانی قاجار، هەموویان شێوەیەک لە "لامەرکەزی" هاوڕێ لەگەڵ دیکتاتۆریی ئێمپراتۆرەکاندا بوون. پەهلەوی یەکەم هەوڵی دا نەتەوە/سەرزوین پێک بێنێ. میللەتێک بە پێناسەی هاوبەشەوە. گەرچی بەم مەبەستە خوێنێکی زۆر رژا، بەڵام بە ئاکام نەگەییشت. ئەگەر گەییشتبا پرسی کۆماری ئازەربایجان و کوردستان، خوزستان و خوراسان و کۆماری گیلان نەدەکەوتەوە.

دوای گەڵاڵە و پەسندکردنی فێدرالیسم لە کوردستانی باشووردا، ئەم دروشمە سەرنجی حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتیشی راکێشا. بە بێ هیچ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ و جیددی کە خەڵک رازی بکا. راستییەکەی ئەوەیە لە عێراقیشدا

حوکوومەتی ناوەندی هێشتاش دەستەواژەی "عێراقی فیدرالّ" بە کار نابا، گەرچی بە کردەوە چەسپاوە و کاری پێ دەکرێ. ئەمە دیارە ئاکامی هەلومەرجێکی تایبەتی بوو کە هاوپەرایی توانای هێزەکان ئەم دەرفەتەی رەخساند. چەندە درێژە دەکێشێ و چی بەسەر دێ، باسێکی دیکەیە.

بۆ دەبێ بیرکەینەوە کە ئەم هەلومەرجە لە ئێرانیشدا پێک دێ؟ یەکەم جیاوازی ئەوەیە کە عێـراق، دوو نەتەوەی تێیـدایە (کـورد و عەرەب)، بەڵام ئێـران لانـی کەم شەش مللیەتی لە خۆ گرتووە.

پێکهـاتەی فێـدراڵی لە دنیـای ئەورۆدا سیسـتەمێکی بە تەواوی ئاسـاییە. چـل لە سـەدی جەمـاوەری دنیـا لە بیسـت و شـەش وڵاتـدا خـاوەنی پێکهـاتەی فێـدراڵین. هێندێک دیکتاتۆرین و هێندێکیش دێمۆکراتین. ئەگەر دەورانـی فێئـودالی لە بەرچاو نەگرین، فێدرالیسم سەرەتا لە ئەمریکاوە دەستی پێ کردووە. ئەیالەتە سـەربەخۆکانی ئەو سـەرزەوینە لە ساڵی ١٧٧٧دا لێک کۆ بـوونەوە و بەپێـی بەیانێـک یەکگرتـوویی خۆیان راگەیاند. هەر بەو هۆیەش نێویان نرا "ئەیالەتە یەکگرتووەکان". پاش شـەڕی یەکەمی جیهانی، ئەو وڵاتانە کە سەربەخۆ بوون یان دوایە سەربەخۆییان وەرگرت لە یەکێتییەکدا کۆ بوونەوە و نێویـان نـا "یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەت". کاتێکیش ئەم یەکێتیـیە تێـک چـوو، کۆمارەکـان لە شـوێنی خۆیـان مـانەوە. لە ئاڵمـان و سـویس، ئەیاڵەتەکان بۆ خۆیان سەرۆک کۆماریان هەیە و...

ئەگەر بـڕوانینە رابـردوو و چـۆنیەتیی پێکهـاتنی وڵاتە فێـدراڵەکان، دوو لایەنـی هـاوبەش دەبینـین: یەکەم پێکهـاتنی فێدرالیسـم لە خواسـت و خەبـاتی سـەربەخۆی ناوچەکانەوە دەسـتی پـێ کـردووە. دووهەم هەمـوو لایەنەکـان ئـازادیی هەڵبژاردنیـان هەبـووە و یەکێـک خـۆی بەسـەر ئەوانـی دیـکەدا نەسـەپاندووە و هیچکـام بە زۆر نەهێنـراوەتە نێـو سیسـتەمەکەوە. کە وا بـوو، ئـازادیی هەڵبـژاردن لە چـۆنیەتیی مـافی چارەنووسدا یەکەم مەرجە و سەربەخۆیی پێشەنگی پێکهاتەی فێـدراڵییە. لەم بـوارەدا خواستی راشکاوی خەڵک و خەباتی ئەوان بۆ بەدەستهێنانی بڕیاردەرە.

بە لەبەرچـاوگرتنی رادەی خەبـاتی گەلانـی دیـکەی ئێـران، ئامادەکـاری بـۆ فێدرالیسـمێکی سەرانسـەری لە قسـەی پشـت مێـزی روونـاکبیرانی دەرەوەی وڵات تێناپەڕێ و هاودەنگی لەلایەن خەڵکەوە پێک نەهاتووە. رەنگە دەبێ کاری بۆ بکرێ.

بەشـێکی بەرچـاوی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی بەو مەرجە لەگەڵ کـورد سـەبارەت بە فێدرالیسم دەدوێن کە پێشمەرجی "یەکپارچـەیی خـاک" درزی تێـنەکەوێ. بەداخەوە هێـزە کوردییەکـانیش ملکەچـی ئەم پێشـمەرجەن و لەگەڵیـان هـاودەنگی دەکەن. قەبـووڵی ئەم مەرجە بە مانـای باوەشـکردنەوە بـۆ شووینیسـمی گشـتخوازی ئێـرانییە. ئەمە یانێ گەڕانەوە بۆ خودموختـارییەکە. نـاوەکەی گـۆڕاوە، بەڵام نـاوەرۆکەکەی هەر هەمانە. بۆ پێشمەرجی ئازادیی هەڵبژاردنیش هەر لە ئێستاوە تێخیان لە هەسان داوە.

بەر لە هەر دروشمێک سـەبارەت بە فێـدراڵی دەبـێ دروشـمی سـەربەخۆیی بـدرێ. هەر میللەتێـک دەوڵەتێـک. ئەم خواسـتە پشـتیوانیی یاسـایی نێودەوڵەتیشـی لەگەڵە. خەڵک خۆی نەتەوەبوونی خۆی دیاری دەکا. کاتێـک ئـێمە خۆمـان بە نەتـەوە زانـی و ئامادە بووین سەربەخۆ بین و باقیی گەلەکانیش ئامـادەی بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی خۆیان بوون، ئەودەم دەکرێ دانیشین و یەکێتیی فێدراڵ یان کۆنفێدراڵ پێـک بێنـین. یان شتێک وەکوو بازاڕی هاوبەشی ئۆروپا.

لە سیاسەتدا، هیچ شتێک پیرۆز نییە. ئەو سنوورانەی کە ئەوڕۆ هەن، پەنجا ساڵ لەمەوبەر نەبوون. سی سـاڵ پـێش ئێسـتا، زۆربەی وڵاتـانی ئەوڕۆیـی ئەفریقا لە هـیچ نەخشەیەکدا نەبوون، ئەوڕۆ ئەندامی ڕێکخراوی نێونەتەوەیین.

گـوتەیەک هەیە کە زۆرجـار دووپـات بـووەتەوە. دەڵـێن "دنیـا خەریـک سـڕینەوەی سنوورەکانە (مەبەست ئۆروپایە) ئێوە دەتانەوێ سنووری نوێ دانێن؟"

ئەمە خەڵک فریـودانێکی منـداڵانەیە. کاڵبوونەوەی سـنوورەکان لە ئۆروپا لە نێـوان وڵاتانی سەربەخۆدایە و ئەوان هێشتاش سەربەخۆیی خۆیان ڕاگرتووە. بە ئێمە دەڵێن نـابێ لەگەڵ عەرەب و تورکـدا سـنوورمان هەبـێ، بەڵام سـنووری نێـوان ئـێمە و بـرا کوردەکانی هاوسێمان بە تێلی دڕودار و دیواری بتۆن هەڵچنراوە.

کێشە سنوور نییە. گرینگ ئەوەیە خەڵک خۆی بڕیار بۆ خۆی بدا.

ڕەنــگە بگــوترێ: "ئەمە پێشــینەی مێژوویــی هەیە و ڕەوتــی مێــژوو وای هێنــاوە" هێندێکیش دەڵین: "هەموو ناوچە کوردییەکان خاکی ئێرانن"

منیش دەڵێم کاری شۆڕش دووبـارە نووسینەوەی مێژووە. ئێـوەش ئەگەر دەتـوانن

هەموو ناوچە کوردییەکان بکەنە هی خۆتان و ئێمپراتۆری ساسانی زیندوو بکەنەوە.

ئەمە بە مانای خواستی کوردستانی گەورە نییە، گەرچی ئەمە مافی خۆمانە و ئاواتی هەموو کوردێکە. ئەم ئاواتە سێسەد ساڵە لە شێعر و گۆرانییەکاندا دەگوترێتەوە. بەڵام با چوار کوردستان بێ. گرفت نییە. بۆ هەر بەشێک کە دەرفەت برەخسێ دەبێ کەڵکی لێ وەرگیرێ.

هەرچۆنێک بێ، من باسی ئەمڕۆی کوردستانی رۆژهەڵات دەکەم و پێم وایە کاتی ئەو دروشمە هاتووە. خەڵکی ئێمە زیاتر لەوە کە بیری لێ دەکەینەوە ئامادەیی هەیە.

بۆ ئەوەی گیروگرفتەکانی ئێستای کوردستانی باشوور لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، لای ئێمەش دووپات نەبێتەوە و پاش بیست ساڵ نەگەڕینەوە سەرەتا و هەڕەشەی "سەربەخۆیی" بکەین، هەر لە ئێستاوە تەنها دروشمی دروست، دروشمی "سەربەخۆیی"ـە، ئەمە تەنیا رێگای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندییە. جارێک بۆ هەتاهەتایە ئەم مۆتەکەی دیکتاتۆرییە لا دەین و خۆمان بۆ دنیایەک کە ئینسانەکان لەوێ یەکسانن، ئامادە بکەین. ئەوەش بزانین کە بە هۆی دانی ئەم دروشمەوە هەر ئەوەندە دوژمنایەتیمان لەگەڵ دەکرێ کە هەتا ئێستا کراوە. ئەوانەش کە لەگەڵمان نین، با هەر لە ئێستاوە دەرکەوێ، نەک سبەی بە هۆی جۆراوجۆرەوە بە جێمان بهێڵن.

گرفتەکە چییە؟ بۆ کاتێک باسی فێدرالیسم دەگاتە ئێمە (وەکوو زۆر شتی دیکە) سەر و گوێلاکی دەشکێ؟ ئایا نەزانینی رێبەرەکانمانە؟ لاساییکردنەوەی بێ لێکدانەوەیە؟ خۆ بە کەم زانییە؟ لێکدانەوەی هەڵە لە هەلومەرجە؟ یان دەسخەڕە کراوین؟ هەر کام لەمانە بێ، یەک شت روونە؛ ئەویش ترس لە ئاشکراکردنی دروشمی سەربەخۆییە؛ ترسی بە تەنێ مانەوە، ترسی لاوازی لە بەرەوپێشبردنیدا... هەر بۆیەش لە هاوپەیمان دەگەڕین. هەرچەند دەزانین کە ئەوانە هەواڵی ئەم رێگایە نین. ئەمڕۆ پێویستیان پێمانە دەنا ناویشمان لە بیر دەکەن. گومان لەوەدا نییە کە ئێمە خۆمان دەبێ داخوازییەکانی خۆمان بە دی بهێنین. گەلی کورد دەبێ بزانێ ئەگەر ئەو رۆژە هات، تەنیا خۆی بە کاری خۆی دێ. ئێمە دەبێ ئەو باوەڕبەخۆکردنەی پێ بدەینەوە. باوەڕبەخۆیەک کە لە ساڵانی سەرکوت و

ژێردەستەبوون و ڕێبەری هەڵەدا لێی ئەستێندراوەتەوە. لە ئاخری هەموو ئەمانەوە دەبێ بزانین ئەوە بوونی توانایی و هێزە کە چارەنووس دیاری دەکا. دێمۆکراسی لە هاوسەنگیی هێزەوە دابین دەبێ نە قسەی خۆشی پشت مێزی کۆبوونەوەکان. دەبێ هێزەکانمان بگەنە ئەو رادەی کە بتوانن خواستەکان بسەلمێنن.

لە هەر یەکگرتنێکی شۆڕشگێڕانە بۆ روخاندا، ئێمە دەبێ پێشمەرجی خۆمان کە "کێشەی نەتەوەیی"ـە لە دەستووردا دابنێین. هێندێ بابەت هەن کە لە هەر شۆڕشێکدا "پێشمەرج"ن و ناکرێ بخرێتە دەنگ و پەسەندی یاساوە. بۆ نموونە: لە شۆڕشی داهاتووی ئێراندا، یەکسانیی ژن و پیاو، یاسای شەریعەت و... لەو پێشمەرجانەن. ناکرێ بگوترێ ئەگەر خەڵک دەنگیان بە یەکسانیی ژن و پیاو نەدا، ئەوە با یەکسان نەبن. دیتمان کە خومەینی پێشمەرجەکەی ئیسلام (دیارە بە تەفسیری خۆیەوە) بوو و هەر بەپێی ئەوە شۆڕشەکەی بردە پێشەوە. کەسیش لەم بابەتەوە دەنگی دەرنەهات. تەنیا کوردەکان بوون کە "خودموختاری"یان کردە مەرج. بەڵام ئەم جارە دەبێ پێشمەرجی شۆڕش "کێشەی میللی" و "مافی سەربەخۆیی" بێ.

هەرچۆنێک بێ، چ دروشم "سەربەخۆیی" بێ یان "فێدراڵی" یان "خودموختاری" هەر لە ئێستاوە دەبێ لە بیری دانانی دەوڵەتێکدا بین کە لە داهاتوودا ئیدارەی وڵات بە دەستەوە بگرێ. کارێک کە دەبوا زۆر لە مێژەوە کرا با. ئەگەر نەمانەوێ دیسانەوە شەڕی نێوخۆ داگیرسێتەوە، هاوئاهەنگیی هەموو ئەو هێزانە کە باوەڕیان بە مافی نەتەوەیی هەیە، پێویستە. هاودەنگی لە ستراتێژیی خەباتدا. ئەمەش پێویستی بە وتووێژێکی هەمەلایەنەی ئەم هێزانەیە کە هیوادارم درەنگ نەبووبێت. مەرجی ئەم وتووێژەش وەلانانی پاوانخوازی، ڕێبەریخوازی و تاکەڕۆییە. ئەوانەش کە دەیانەوێ بە خەرجکردنی خوێنی کورد حوکوومەتی تاران بڕوخێنن، با لە خەونی خۆشی خۆیاندا بن.

بە هیوای ئەو ڕۆژە.

دێسامبەری ٢٠١٢

**بڵاوکراوەکانی ئەم قەڵەمە**

**کوردی:**

- گەلاوێژ: (چیرۆک، سەناریۆ بۆ فیلم)
- ژیان بەدەم زریانەوە: (چیرۆک)
- مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا: (توێژینەوە)
- رۆژنە/ فیلمگرتن (راهێنانی فیلم)
- رۆژنامەگەری تەلەڤزیۆن (راهێنانی تلەڤزیۆن)
- کوێستانی بێ هەڵۆ (سەناریۆ)

**وەرگێڕان بۆ کوردی**

- باخەنەمامە/ حسێن دەوڵەت ئابادی (چیرۆک. لە فارسییەوە)
- تۆماری شێخ شەرزین/ بەهرام بەیزایی (شانۆ. لە فارسییەوە)
- ئەوەی گوتی ئەرێ، ئەوەی گوتی نە/ بێرتۆلێت برێشت (شانۆ. لە فارسییەوە)
- نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم/ شێل سونستێد (راهێنانی درامایی. لە سوئدییەوە)

**فارسی**

ـ آقای چوخ بخت یوخ (تەنز)
ـ از آنچە بر ما گذشت (چوار رەوایەت)
ـ زندگی در باد (چیرۆک)
- سفر خیال /از کُرسان تا کردستان. (بیرەوەری و لێکدانەوە)

**وەرگێڕان لە سوئدییەوە بۆ فارسی:**

ـ دارا و نەدار لە دنیادا. / ستفان روسیلیوس (راهێنان. ئابووری)

لینکی کتێبخانەی کوردستانی سوور
https://t.me/Red_Kurdistan_Library